# کۆبانێ
# بەرگریی نەتەوەیەك

## چیرۆکی نەبەردی و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان

چەند توێژینەوەیەك لە نووسینی:

د. ئیسماعیل حەساف – د. سەنگەر حاجی – عەدنان مەجید محەمەد

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٣

**ناوی کتێب**

کۆبانێ بەرگریی نەتەوەیەك، چیرۆکی نەبەردی و یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان

**توێژینەوەکانی**

د. ئیسماعیل حەساف - د. سەنگەر حاجی - عەدنان مەجید محەمەد

**هەڵەچنی و ئامادەکردنی**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)

**دیدار و چاوپێکەوتن**

سەفەر یوسف میرخان ژاژووکی

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)

**شوێن و ساڵی چاپ**

هەولێر ٢٠٢٣

**چاپخانە**

دانیشفەڕ

**تیراژ**

٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٩٢٩) ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە.**

## لەبارەی ئەم پەرتووکەوە

ئەم پەرتووکە، بڕیاربوو لە ساڵیادی ڕزگارکردنی کۆبانێ بڵاوببێتەوە بەڵام بەهۆی هەندێ کاری تایبەت بە نووسین و پێداچوونەوە، دواکەوت، لە بنەڕەتەوە ئەم پەرتووکە بە پێنووسی د. ئیسماعیل حەساف و مامۆستا عەدنان مەجید محەمەد نووسراوەوە و دیمانەکانی تەوەری سێیەمیش کە تایبەت بەم پەرتووکە ئەنجامدراون، لەلایەن سەفەر ژاژۆکی کراون، دواجار د. سەنگەر حاجی دایڕشتوونەتەوە، ئەوەی لێ وەبەرهات کە لەبەر دەستتانە. هیوادارم بەم کارە توانیبێتمان خزمەتێکمان بە پەرتووکخانەی کوردی کردبێت.

# ناوەڕۆك


## دەروازەیەك بۆ توێژینەوەکان

**سەرۆک مەسعود بارزانی و بڕیارێکی نەتەوەییانە**

**پاژی یەکەم:** هزری بەهاناوەچوون لای کورد ———— ٣

**پاژی دووەم:** خاڵەکانی پەیامەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان — ٧

**پاژی سێیەم:** ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هەولێری کرد، بۆ کۆبانێشی کرد ———— ١١

## توێژینەوەی یەکەم

**بەشی یەکەم: مێژووی کۆبانێ و دیرۆکی ڕزگارکردنی لەدەستی داعش**

**پاژی یەکەم:** کورتە باسێکی مێژوویی ———— ١٥

**پاژی دووەم:** ڕۆڵی عەشیرەتەکانی بەرازیی لە کۆبانێ و حەما بەرامبەر بە ئینتیدابی فەرەنسی ———— ١٩

**پاژی سێیەم:** گرنگیی ستراتیژیی کۆبانێ ———— ٢٧

**پاژی چوارەم:** کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ———— ٤٤

**بەشی دووەم: ڕۆڵ و بەرگرییەکانی پێشمەرگە لە کۆبانێ**

**پاژی یەکەم:** گەیشتنی پێشمەرگە بە کۆبانێ لە ڕێگەی تورکیاوە — ٦٣

**پاژی دووەم:** کۆنترۆڵکردنەوە و ڕزگارکردنی کۆبانێ ———— ٧٠

**پاژی سێیەم:** ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕزگارکردنی کۆبانێ — ٧٧

**بەشی سێیەم: تاوانەکانی داعش و ئاڵۆزی و نارەزایەتییەکان**

**پاژی یەکەم:** نارەزایەتییە مرۆییەکان و ئاوەدانکردنەوە ———— ٨٩

**پاژی دووەم:** ئاڵۆزییەکان لەسەر سنووری تورکیا ———— ٩١

**پاژی سێیەم:** ئاوارەبوونی دانیشتوانی کۆبانێ ———— ٩٤

**لیستی سەرچاوەکان** ———— ٩٨

## توێژینەوەی دووەم

### ڕەهەندە سیاسییەکانی پشت ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ

**پاژی یەکەم:** دڵسۆزی و ئینتیمای نەتەوەیی لە نێوان تاکەکان و پارچەکانی کوردستان ١٠٩
**پاژی دووەم:** بارودۆخی سیاسی کورد لە سوریا ١٩٦٣ تا ٢٠١١ ١١١
**پاژی سێیەم:** ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی سوریادا- ٢٠١١ ١٢١
**پاژی چوارەم:** ڕەهەندەکانی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ ١٤٨
**پاژی پێنجەم:** ڕۆڵی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ ١٥٣
**پاژی شەشەم:** چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی دەوڵەتان ١٦٠
**ئەنجام** ١٦٤
**لیستی سەرچاوەکان** ١٦٥

## توێژینەوەی سێیەم

### قۆناغەکانی چوونی هێزی پێشمەرگە و چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان

**پاژی یەکەم:** قۆناغەکانی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ ١٧١
**پاژی دووەم:** ڕۆژژمێری ئازادکردنی کۆبانێ لە بیرەوەریی پێشمەرگەیەکدا ١٨١
**پاژی سێیەم:** ڕۆڵی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هاوکاریکردنی خەڵکی کۆبانێ ١٩٢
**لیستی ناوی هەر چوار کاروانی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ** ١٩٨
**لیستی چاوپێکەوتنەکان** ٢١٥
**ئەلبۆمی وێنە** ٢١٧

هەولێرنامەی کتێب

## دەروازەیەك بۆ توێژینەوەكان

نووسینی د. سەنگەر حاجی

### • سەرۆک مەسعود بارزانی و بڕیارێکی نەتەوەییانە

#### پاژی یەکەم: هزری بەهاناوەچوون لای کورد

ئەگەر ئەو دەستەواژەیەی دەڵێ: (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە) لای خەڵک و میللەتانی دیکە بە تەواوی نەپێکابێ، ئەوا لای کورد تاڕادەیەکی زۆر وەڕاست گەڕاوە، چونکە مێـژووی داگیرکارییەکانی دوژمنان و بەرگری کوردستانیان لە خاک و نیشتمانی خۆیـان و ماڵوێرانییەکـان و کوشـتن و بـڕین و لە بەرانبەریشـدا هەوڵ بـۆ ئـازادیی هەمیشـە دووبـارەبوونەتەوە. ئەم دووبارەبوونەوانە وایانکردووە، ئەگەر هەموو کاتێکیش نەبێ، بەڵام گەلێک جاران کوردستانی سـەودای جیـاواز لەگەڵ ڕووداوە دووبارەکـان بـکەن و بەمەش ئەنجـامی جیاوازیـان وەدەستخسـتوون. ئەمەش دەمـانگەیەنێتە سـەر ئەو قنیـاتەی کە پەنـدوەرگرتن لە ڕووداوە دووبارە و چەندبارەکان ئەنجامی دروستی دەبن و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

بەهانـاوەچوون و بەپیـر هـاوار وەچـوونی براکـان یەکـێکە لەو سـیفەتانەی کـوردی پـێ دەناسرێتەوە، جا ئەو بەهاناوەچوونە بۆ بەرگری و ڕەتکردنەوەی داگیرکاریی بێ، یـان لەکـاتی لێقەومان و کارەساتی گەورەی سروشـتی. هەنـدێکجار سـەرکردەی کـورد گەیانـدوویانەتە ئەو ئاستەی کۆمپیالە و بەڵێننامە بۆ یەکدی مۆربکەن، تا ئەو کـاتەی کە پێویسـتیان بە یەک بـوو، بەهانای یەکدی بچـن و یەکـتری لە تەنـگ و چەڵەمە و داگیرکـاری بپـارێزن. بـۆ نمـوونە میـر بەدرخـانی گەورە لە سـاڵی ١٨٢٩ پەیماننـامەیەک ئامـادە دەکـا و نـاوی دەنـێ (پەیماننـامەی پیرۆز) کە نـاوەرۆکەکەی بـریتییە لەوەی هەمـوو سـەرکردە و میـرانی کـورد پێویسـتە لەکـاتی داگیرکاری و لێقەومان بە پیر یەکدییەوە بچن و زۆرینەی هەرە زۆری میرەکانیش بەمە قایل دەبن و بەڵێننامەکە مۆردەکەن.

بیـری بە پیرەوەچـوون بەردەوامـی دەبێـت و لەسـەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی یەکەم دەبێتە یەکێک لە بنەماکانی دروسـتکردنی ڕێبازێـک کە (ڕێبـازی بـارزان)ە. بەهانـاوەچوون و هاوکاریکردنی غەدرلێکراوان و لێقەوماوان لەم ڕێبازەدا بەشێوەیەک ڕەگی داکوتـاوە تـا ئێسـتا بەردەوامە و پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە لەسەری دەڕۆن.

کاتێک لە مایسی ١٩١٩دا شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیا هەڵگیرسا، شێخ ئەحمەدی بارزانی هاوکاری لەگەڵدا کرد و نامەی بۆ شێخ و سەرۆک هۆزەکان نارد لە ناوچەی بادینان و هانی دان هاوکاریی شێخ مەحموود بکەن. هەروەها بۆ یارمەتیکردنیان ژمارەیەک چەکداری بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای برایدا نارد بە ڕێی (دۆڵی بیاو) و ژمارەیەکیش بە ڕێی (ناوچەی باڵەک) دا، ئەم دوو هێزە لە ڕێگەیاندا کەوتنە ناو زۆر تەڵەی بەکرێگیراوانی ئینگلیزەوە و هەندێکیشیان لێ شەهیدبوون[1].

نموونەی زۆر و بەرجەستە هەن بۆ پاڵشتی و هاوکاری کوردان، بە تایبەتی پەیڕەوکار و شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازەی کە ناوی ڕێبازی بارزانییە، بەڵام هەرە بەرجەستەکەیان و دیارترینیان بەرگری و فیداکاریی بارزانییانە لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد بە سەرکردایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی و تا ڕووخانی کۆماریش بەرگریکردن بەردەوام بوو.

هەموو ئەو هەڵوێستانەی لەسەرەوە باسیانکراوە و ئەوانەی کە باسیش نەکراون، درەختێک لای کوردستانیان دەڕسکێنن کە ناوی داری پاڵپشتی و بەهاناوەچوونی یەکدییە، ئەو بەهاناوەچوونەی سەرەڕای ئەوەی لەکاتی پێویست پاڵپشتییەکی گەورەی مادییە، دواتر دەبێتە هۆکارێکی گرنگی مەعنەوی و دووبارە و وەک هەمیشە کوردستانیان یەکدەخاتەوە، ئەو یەکانگیری و یەکگرییەی دوژمنانی کوردستان بە درێژایی مێژووی داگیرکردنی کوردستان هەوڵی تێکدانیان داوە و ویستوویانە دووبەرەکی نێوان کوردستانیان بکەنە خاڵی لاوازییان و خاڵی لەناوبردن و سڕینەوەشیان.

لە نوێترین هەنگاو و دوایین قۆناغی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کورد، ساڵی ٢٠١٤ لە گەلەکۆمەکیی نێوان چەند لایەن و دەوڵەتێکدا، ڕێکخراوێکی تیرۆرستیی خوێنڕێژ و دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤانە هاتە ناوەوە و ڕێک وەک ئەوەی بۆ دژایەتی کورد و کوردستانیان دروستبووبێ، دەستی بە پەلاماردانی ئەو شوێنانە کرد کە کوردنشینن و "ئەوانەی دیش" کە هەموو ئومێدیان لەناوبردنی خەڵکی کوردستانە، کەوتنە هاوکاریکردن و دنەدانی "داعش" تا مەرامە نامرۆییەکانی خۆیان و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکە ئاوێتەی یەک بکەن و هاوکار و هاریکاری یەک بن بۆ سڕینەوەی ئەو نەتەوەیەی هەزاران ساڵە بەرگەی دەیان هەوراز و نشێوی گرتووە.

لەو گەلەکۆمەیە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کە لەلایەن عیراق و سووریا داگیرکراوە،

---

١. مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، ٢٠٢٠، ل٢٤.

کەوتە بندەستی تیرۆرستانی داعش و داعش هەوڵی داگیرکردنی بەشەکەی دیکەشی دەدا. باشووری کوردستان لە شەڕێکی سەخت و بەرگرییەکی نەبەردانە بوو لەگەڵ تیرۆرستان و بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژئاواش لەدەست داعش بوو و خەریک بوو کۆبانێ کە بەرگرییەکی سەختی تێدا کرابوو، بکەوێتە دەست تیرۆرستان و بە کەوتنی کۆبانێش، لایەنی کەم ورەی خەباتکارانی ڕۆژئاوا دادەتەپی و کاریگەریی نەرێنیشی لە باشووری کوردستان دەکرد. تا ئەمە ڕوو نەدا و بارودۆخەکە لە کەوتنەوە بەرەو سەرکەوتن بگۆڕێ، دووبارە کوردستانی پێویستیان بە هاوکاری و هەماهەنگی یەکدی بوو.

بارودۆخەکە زۆر ناهەموار بوو و سنوورە هەرێمییەکان، ئەوانەی کوردیان لە یەک جوداکردووەتەوە، بەربەستی گەورەبوون لەبەردەم گەیاندنی هاوکارییەکان و سەخت بوو مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە، ئەوانەی خاکیان داگیرکردووی هاوکارت بن بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان. لێرە لە باشووری کوردستان خاڵێکی زۆر ئەرێنی هەبوو کە دەکرا کوردستانیانی باشوور بە تەواوی پشتی پێ ببەستن و وەک خاڵی بەهێزی خۆیان چاوی لێبکەن، ئەویش بوونی سێ شوێنکەوتەی ڕێبازی بارزانی بوو لە سێ پێگەی هەستیاری هەرێمی کوردستاندا کە بریتین لە سەرۆک مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی کە ئەوکات ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو.

ئەوانەی لەسەرەوە ناویان هات بە سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی و ڕێنوێنییەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی کەوتنە جووڵە بۆ گەیاندنی هاریکاریی پێویست بۆ کوردانی ڕۆژئاوا کە ئەمە لەسەرەتادا و پێش ئەوەی بارزانییەکان بکەونە جووڵە، نە بە مێشکی کەس دادەهات و نە کەسیش پێیوابوو کارێکی وا کردەنییە.

لە دیدارێکی سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ڕاستیی ناردنی پێشمەرگە و چەکی بۆ کۆبانێ بەمشێوەیە ڕوونکردەوە:

فەرموویان، "کۆبانێ خەریک بوو دەکەوت و هەموو جیهانیش تەنیا سەیرکەر بوو، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێک بنێن بۆ بەرگرتن لە کەوتنی و پاراستنی خەڵکەکەی لە تیرۆرستانی داعش، بۆیە ئەمە منی زۆر دڵگران کردبوو و دەبووایە شتێک بکەم، هەرچەندە خۆشم لەسەر ئەو باوەڕبووم کە هەوڵەکان زۆر شوێنی خۆیان ناگرن، چونکە خاکی ڕۆژئاوای کوردستان وەکو باشووری کوردستان نییە هەمووی بەسەر یەکەوە بێ و لەلایەک تورکیا

هاتووەتە پێش و لەلایەک داعش بەشێکی دابڕیبوو، بۆیە ناردنی هاوکاری لە ڕێی دەروازەی سێمێلکا بێ سوود بوو".

تورکیا و خاکی باکووری کوردستان تاکە ڕێگا بوو کە دەتوانرا لە ڕێیەوە هاوکاری بگەیەنرێتە کۆبانێ و ئەمەش ئەستەم بوو، چونکە پەیوەندی تورکیا و پەیەدە لەوپەڕی خراپیدا بوو و تورکیا بەوە قایل نەدەبوو و چەکی قورس بگاتە دەست پەیەدە، بۆیە من پەیوەندیم بە (جۆن کێری) وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکاوە کرد تا بەیەکەوە ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و هەم لە ڕووی خۆراک و پێداویستییەکانی ڕۆژانە و هەم لە ڕووی دابینکردنی چەکیشەوە هاوکاری کۆبانیان بکەین، ئەوەبوو لە ڕێی پەرەشووتەوە چەند بارێکیان بۆ خەباتکار و خەڵکی کۆبانێ هەڵدا کە سەرەڕای ئەوەی هاوکارییەکی باش بوون، بەڵام وەک پێویست نەبوون، چونکە ژمارەکە کەم بوو و جارێکیش یەکێک لە پەرەشووتەکان کەوتە دەست چەکدارە تیرۆرستەکانی داعش. هەروەها هەر لەو پەیوەندییەی نێوان من و وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا، جۆن کێری بەڵێنیدا کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا قسە بکا تا ڕازییان بکا چەک و تەقەمەنی و تەنانەت پێشمەرگەش بچنە ڕۆژئاوای کوردستان.

هەوڵەکەی ئێمە لە ڕێی جۆن کێرییەوە سەرکەوتوو بوو و دەسەڵاتدارانی تورکیا قایل بوون کە پێشمەرگە بە چەکەوە بچن و هاوکاریی خەڵکی کۆبانێ بکەن، تا کۆبانێ وەک و هێمای بەرگری بمێنێتەوە و نەکەوێ. ئەوەبوو من نامەیەکم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نارد تا دابنیشن و بڕیار لەبارەی پرسی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ بدەن، چونکە ڕەزامەندنی جوڵاندنی هێز بۆ هەر ناوچەیەک کە دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندایە. دوابەدوای ئەمە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی خۆی تایبەتکرد بەم پرسە و ڕەزامەندیدرا کە پێشمەرگە بچێتە کۆبانێ و ئێمەش دەستمان بە ئامادەکارییەکان کرد.

## پاژی دووەم: خاڵەکانی پەیامەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرۆک مەسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، لەبارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆبانێ و ئەو نەفیرعام و دوژمنکارییەی تیرۆریستان لەدژی گەلی کوردستان ئەنجامی دەدەن پەیامێکی بۆ تەواوی کوردستانیان بڵاوکردەوە:

**"هێرشی دڕندانەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر خوشك و براکانمان لە کۆبانێ بەشێکە لە ئەو نەفیرعام و دوژمنکارییەی تیرۆریستان لەدژی گەلی کوردستان ئەنجامی دەدەن. وەحشیگەری و پەلاماری تیرۆریستانی داعش بۆسەر کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان هەڕەشەیە بۆ هەموو گەلی کوردستان و شەرەف و کەرامەت و مان و نەمانی گەلەکەمانی کردۆتە ئامانج، داوا لە هەموو لایەنە کوردستانییەکان دەکەم هەموو ناکۆکییەکانیان وەلا بنێن و بەیەکەوە بەرگری لە کەرامەت و خاك و ژیانی هاووڵاتیانی کۆبانێ بکەن. بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان ئەرکێکە لەسەر شانی هەموومانە و لەسەرووی هەموو ئەرکێکی دیکەیە،داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش دەکەم بە زووترین کات هەموو ڕێوشوێنێك بگرنەبەر بۆ پاراستنی کۆبانێ و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لە دەستی تیرۆریستان. چونکە تیرۆریستانی داعش لە هەر شوێنێك بن دەست لە تاوان و کارەسات ناپارێزن و دەبێ لە هەر شوێنێك بێت لێیان بدرێت و تێکبشکێندرێن".**

**مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٤**

ئەم پەیامە وەک لەسێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، سێ پەیامی گرنگ و بنیاتیشی تێدان کە بریتین لەوەی هێرشی داعش نەفیرعامێکە بۆ سەر تەواوی خەڵکی کوردستان، هەروەها داوا لە تەواوی کوردستانیان دەکا لە یەک سەنگەری بەرگریدا کۆببنەوە و خاک و کەرامەتیان بپارێزن و وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکا بە هانای خەڵکی کۆبانێوە بچن، چونکە ئەو لە هەمووان پتر لە مەترسییەکانی دوای کەوتنی کۆبانێ دەگەیشت و دەیزانی ئەگەر تیرۆرستانی داعش سەرکەوتوو بن، ئیدی شوێنێک ناهێڵنەوە کە پەلاماری نەدەن.

ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ کۆبانێ گەیشتە ئەنجام و یەکەمین هاوکاریی سەربازی لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە و لە ڕێی فڕۆکەی هاوپەیمانانەوە گەیەندرایە هێزەکانی ڕۆژئاوا. لەوبارەیەوە هەمان ڕۆژ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا چۆنیەتی گەیشتنی ئەو کۆمەکانەی

ڕاگەیاند کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**ڕاگەیێندراوێك لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان لە بارەی گەیاندنی چەك و هاوكارییەكانی هەرێمی كوردستان بۆ كۆبانێ:**

**دوابەدوای هەوڵە بەردەوامەكانی هەرێمی كوردستان بۆ پاڵپشتكردنی كۆبانێ و ڕۆژئاوای كوردستان و هەروەها بڕیاری بۆردومانكردنی مۆڵگەكانی داعش لە كۆبانێ لەلایەن هێزە هاوپەیمانەكانەوە، بەرەبەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە ٢٠١٤/١٠/٢٠ چەك و تەقەمەنی و هاوكارییەكانی هەرێمی كوردستان بە هۆی فڕۆكەی ئەمەریكییەوە گەیشتە شاری كۆبانێ.**

**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان سوپاسی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەكات بۆ گەیاندنی چەك و تەمەقەمەنی و هاوكارییەكانی هەرێمی كوردستان لە ڕێی ئاسمانەوە بۆ كۆبانێ. بۆ ئەوەی ئەو قارمانانەی لە كۆبانێ بەرگری دەكەن بتوانن سوود لەو چەك و هاوكارییانە وەربگرن.**

**سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان**

**٢٠١٤/١/٢٠**

لەم ڕاگەیەنراوەشدا دوو خاڵی گرنگ و ستراتیژی هەن، یەکەمینیان ئەوەیە سەرۆک بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە هاوکارییەکانیان لە ڕێی فڕۆکەی ئەمریکییەوە بگەیەننە کۆبانێ، ئەمە واتای ئەوەیە کە هەم هەرێمی کوردستان پشتەوانی سەتاسەتی خەڵکی کۆبانێە و هەم ئەمریکاش هاوپەیمانێکی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانە و هەمیش ئامادەیە هاوشێوەی باشووری کوردستان، هاوکاریی ڕۆژئاوای کوردستانیش بکا.

خاڵی دووەمیش ئەوەیە لە ڕاگەیەنراوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا ئەوانەی بەرگری لە کۆبانی دەکەن ناویان بە (قارەمان) هاتووە، ئەمەش مانای وایە لای سەرۆک بارزانی بڕیارێکی نەگۆڕ هەیە کە بریتییە لەوەی هەرکەس بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان بکا قارەمانە و ئەو ئامادەی هەموو جۆرە هاوکارییەکە بۆ ئەو قارەمانانە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە واشنتۆن ئەو هاوکارییانەی هەولێر بۆ کۆبانێی دانابوو، گەیاندییە کۆبانێ:

شایانی باسە ئەو چەك و تەقەمەنییەی کە ڕەوانەی کران بریتی بوون لە ٢١ تۆن و هەمووی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بار کرابوون و بە ٢٨ پەڕەشووت لە سەر کۆبانێ فڕێ دران. (سەرچاوە: کتێبی کوردستان، پەڕینەوە بەرەو هەرمان لە نووسینی بەختیار شاخی، ساڵی



هەواڵنامەی کتێب

٢٠١٩).

هێزی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕۆڵێکی گەورەیان لە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و هەروەها بۆردوومانکردنی تیرۆریستان هەبوو، بۆیە لە دیدارێکدا کە ڕۆژی پێنجشەممە لەشاری دهۆك لە نێوان سەرۆك بارزانی و تۆنی بلینکێن جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و برێت مەکگۆرك یاریدەدەری ئەو کاتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق و ستیوارت جۆنر باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە عێراق و ژمارەیەك دیپلۆمات و ڕاوێژکار، بەڕێوەچوو، سەرۆك بارزانی سوپاسگۆزاریی خۆی پێشکەشی ئەمەریکا کرد کە بەدەم داواکارییەکەیەوە هاتن بۆ پێشکەشکردنی پشتیوانیی هێزی ئاسمانی بۆ شاری کۆبانێ و ڕێگەیان نەدا کۆبانێ بکەوێتە دەست تیرۆیستانی داعش، جەختیشی کردەوە کە لێدانی تیرۆریستان لە ناو خاکی سوریا زۆر گرینگە بۆ ئەوەی تیرۆریستانی لە ناو عێراق نەتوانن سوریا وەك پەناگە بە کار بهێنن. (سەرچاوە: کتێبی کوردستان، پەڕینەوە بەرەو هەرمان لە نووسینی بەختیار شاخی، ساڵی ٢٠١٩)

دوای ناردنی هاوکاریی لە ڕێی فڕۆکەوە، قۆناغی زەمینیی گەیاندنی هاوکارییەکان دێ و ئەمەش ئەو مەحاڵە بوو کە کرایە کارێکی کردەنی.

وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوشئوغلۆ ئاشکرای کرد کە هەماهەنگی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ ڕێگادان بۆ چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ.

چاوشئوغلۆ هەروەها ئاماژەی دا کە بۆ پشتگیریکردن لە کۆبانێ، هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین بۆ چوونیان بۆ ئەو شارە و بۆ ئەو مەبەستەیش گفتگۆکانمان بەردەوامن.

لە گەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەماهەنگیداین بۆ هاوکاریکردنی کۆبانێ، ئێمەش هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکەین بۆ چوونە ناوەوەیان بۆ کۆبانێ، لەو ڕووەوە هەماهەنگی بەردەوامان دەبێت. (ژمارەی (٤٦٦٦) ڕۆژی (٢٠١٤/١٠/٢٢) ڕۆژنامەی خەبات ل١، ڕۆژی چوارشەمە)

ئەوەی چاوشئۆغلو دەیڵێ، کورد گوتەنی تەنیا بە زار خۆشە، چونکە وەک گوترا سەختە باوەڕ بەوە بکرێ، وڵاتێکی وەکو تورکیا ڕێگر نەبێ لەبەردەم ناردنی هێزی پێشمەرگە، بگرە هاوکار و ئاسانکارییش بکا، گەلێک جاران کە خەڵکی کوردستان باسی حیکمەتی سەرۆک بارزانی دەکەن، ناحەقیان نییە، چونکە ئەمە بەرهەمی بیرکردنەوە و حیکمەتی جەنابیانە.

دوای قایلکردنی تورکیا و دوای ئەوەی بارودۆخی کۆبانێ ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو،

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ لە زوممار بەسترا، سەرۆک بارزانی کە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان بوو، فەرمانی بە فەرماندەکانی پێشمەرگە کرد بەتایبەتی فەرماندە سیهاد بارزانی کە فەرماندەی هێزی پشتەوانی یەکە تا هێزێک ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی بیاننێرنە کۆبانێ. ئەوەبوو هێزی پێویست لە میحوەری زومار پاشەکشێی پێکرا و نێردرایە کۆبانێ، بێگومان ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان سەخت بوو، چونکە هەرێمی کوردستان بە درێژایی ١٥٠٠ کیلۆمەتر لەگەڵ داعش لەشەڕدا بوو و هەم پێشمەرگە و هەم چەک و جبەخانەی زۆری پێویست بوو. لەم بڕیارەوە دەردەکەوێ کە کۆبانێ و هەر بستێک لە خاکی کوردستانی چوارپارچەکراو لەلای کوردان بە گشتی و لەلای سەرۆک مەسعود بارزانی بەتایبەتی چەند گرنگە.

هەواڵنامەی کتێب

## پاژی سێیەم: ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هەولێری کرد، بۆ کۆبانێشی کرد

لە سەروبەندی ناردنی هێز بۆ کۆبانێ کە بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێردران، هەندێک لەوخەڵکانەی زەروو ئاسا لەسەر خوێن و ماندووبوونی خەڵک دەژیێن، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان هێزیان بۆ کۆبانێ ناردووە و پاڵپشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەوێیان کردووە. لەمبارەیەوە مەسرور بارزانی کە ئەوکات ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو، ئەم ڕاستییانەی لە ڕاگەیەندراوێکدا خستەڕوو:

"بەندە هەقم بە لایەنیتر نییە ئەوان خۆیان چی دەڵێن، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لە سەر ئەرزی واقع چ دەکات. ئێمە وەك خۆمان وەك شەخس، وەکو حزب و هەرێم و وەك پێشمەرگەش ئەوەی توانیومانە کردوومانە و بەردەوامیش دەبین بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەین، بەلای ئێمە هەر بستێکی خاکی کوردستان ئەرکی ئیمەیە بیپارێزین و ئەوەی پێشمان بکرێت دەیکەین، جەنابی سەرۆك خۆی فەرمویەتی ئەوەی بۆ هەولێرمان کردووە بۆ کۆبانێش دەیکەین، نەك تەنیا بۆ کۆبانێ، بەڵکو بۆ شوێنەکانیتریش کە خوشك و برایەکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاری پێشمەرگە هەبوو، هاوکاریەمان پێشکەش کردووە. هەروەها بۆ کۆبانێ بڕیاری ئەوە دراوە ژمارەیەك پێشمەرگە بۆ پشتیوانی ئەو قارەمانانەی لەوێ شەڕ دەکەن، بە هانای ئەوانەوە بچن و یارمەتیان بدەن، لە سەر داوای خۆیان ئەو هاوکاریە پێشکەشکراوە و لێرەدا ناچمە ناو وردەکاری چۆنیەتی ناردن و شێوەی ناردنیان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی بۆمان بکرێت ئینشائەڵا بە زووترین کات ئەو پێشمەرگانە دەچنە ئەوێ.

بڕیار ئەوەیە پێشمەرگە بچێتە کۆبانێ، بەندە نەمگووتوە پێشمەرگە چووتە کۆبانێ، بەڵکو گوتومە دەچنە ئەوێ، بڕیارەکە ئەوەیە ئەو هێزە پشتیوانییە بچێتە ئەوێ، کێشەی کۆبانێ وەك شنگال ئەوەیە کە شوێنێکی دابڕاوە، یانی ئەوە نییە کە پەیوەندی زەمینی هەبێت لە نێوان سنوورەکانی تری کوردستان لە گەڵ کۆبانێ، لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆبانێ گەمارۆ دراوە، تەنیا ڕێگە دەتوانێت بەو هۆیەوە هاوکاری پێ بگەیەندرێت بە ڕێگەی تورکیایە، ئەمەش پێویستی بە ڕێککەوتن و تێگەیشتن هەیە، تا ئێستەش هەیە، تا ئێستەش بە هەوڵی سیاسەتی سەرکەوتووانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم ئەو شتە کراوە، کە ئێمە بتوانین ئەو ڕێگەیە بکەینەوە و ئەو هاوکاریەیان پێ بگەیەنین و ئیتر

دەتوانن چی بکەن دەمێنێتەوە سەر ئەوەی برادەرانی دەچنە ئەوێ پشتگیری دەکرێن و تا چەند ڕێگامان پێدەدرێت بۆ بەردەوامبوونی ئەو پشتگیرییە و هەروەها تا چەند دوژمن هەوڵی ئەوە دەدات هێز لەو ناوچەیە کۆبکاتەوە و شەڕەکە بەردەوام دەبێت.

بە فەرمانی جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو هاوکاریەك پێشکەش دەکرێت، ئەو فەرمانە ڕۆڵی خۆی هەبووە، تەنانەت لەو هاوکارییانەی هێزەکانی هاوپەیمانان پێشکەشیان کردووە بە هەماهەنگی بووە. لە کاتی هەر ئامانج گرتنێك پێویستە هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان پێشوەختە چاودێریان هەبێت بۆ ئەوەی شوێنی دوژمنان دەست نیشان بکەن و پاشان بۆردومانی بکەن، جەنابی سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە ئەو هاوکارییە ئاسمانییە لە باشووری کوردستان پێشکەش دەکرێت بۆ کۆبانێش پێشکەش بکرێت.

شەڕکردن دژی تیرۆر خۆی گرینگە، لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ هاوخوێن و هاوڕەگەزین، ئێمە یەك نەتەوەین، ئەوان کەوتوونەتە ژێر هەڕەشەی تیرۆریستان کە سنووریان بەزاندووە و هیچ ڕێزێکیان بۆ سنوور نەهێشتووەتەوە، ئەوان لە زۆر وڵاتانی دنیا هاتوون و شەڕی ئێمە دەکەن، ئەمەش هەستی هەر مرۆڤێکی ئازاد دەجووڵێنێت بەرگری لە نەتەوەکەی بکات و بەرگری لە دیموکراسی و ئازادی بکات. چوونی هێزی پێشمەرگە لەڕووی مەعنەوییەوە کاریگەری هەیە و دەکرێت لە مێژوودا بەبێ وێنە وەسف بکرێت. هەرچەندە پێشتریش لە مێژووی کورددا ئەمە کراوە، بەڵام بەم شێوەی کە ئیستا هەیە، ئەم یەکدەنگی و پشتگیرییە لە ناو ڕیزەکانی کوردا نەبووە. کاتی خۆی جەنابی بارزانی بە هێزیکەوە بە هانای کۆماری کوردستان لە مەهاباد چوو. لە لایەنی دیکەوە لە ڕووی سەربازییەوە لە هەر شوێنێك بەرەی دوژمن لاواز بوو لە شوێنیکی دیکە بەرەی خۆت بە هێز دەکەیت. ئەگەر ئێمە بتوانین لە کۆبانێ گورزی زیاتر لە دوژمن بدەین کەواتە ئەم دوژمنە لێرەش لاوازتر دەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیار بوو هێزێکی زۆر بۆ کۆبانێ بنێرێت، بەڵام ئەو داواکارییەی لە بەرگریکارانی کۆبانێ پێمان گەیشت، ئەوان گوتیان هێزی شەڕکەریان ناوێت، تەنیا هەندێك هێزیان دەوێت کە بتوانن چەکی قورس بەکاربهێنن، ئەگەرنا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستایش ئامادەیە هێزی زیاتر بنێرێت".

هەوراز نامەی کتێب

ئەم وتارە تێروتەسەل و هەمەلایەنە، زۆر ڕوونکردنەوەی گرنگی تێدان کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا پوخت بکرێتەوە:

یەکەم: بەلای خەڵکی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پاراستنی هەر بستە خاکێکی کوردستان ئەرکە و دەبێ خەڵک و خاکی کوردستان بپارێزرێن.

دووەم: خاکی ڕۆژئاوای کوردستان هەمووی بەسەر یەکەوە نییە و لەیەک دابڕاوە، بۆیە ناتوانرێ لە ڕێی دەروازەی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان هاوکارییەکان بنێردرێن، ئەم کارە یان دەبێ لە ڕێگەی فڕۆکەوە بێ، یان ڕێگەی وشکانی باکووری کوردستان.

سێیەم: هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای پەلاماردانی کۆبانێوە هەوڵی ئەوەیداوە هاوپەیمانان هەمان ئەو هاوکارییە ئاسمانییەی پێشکەشی هەرێمی کوردستانی دەکەن لە دژی داعش، هەمان کاریش بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بە گشتی و کۆبانێ بە تایبەتی بکەن و دواجاریش سەرۆک مەسعود بارزانی لە هەوڵەکانی بۆ ئەم کارە سەرکەوت و وەک خۆی بڕیاری دابوو "ئەوەی بۆ هەولێر دەکرێ، پێویستە بۆ کۆبانێش بکرێ"، کردی و بۆمبارانکردنی تیرۆرستانی داعش لە ئاسمانەوە، هاوکارێکی زۆرباشی بەرگریکارانی کۆبانێ بوو.

چوارەم: مەسرور بارزانی، بێجگە لە لایەنە مرۆڤایەتییەکە، هۆکارە جەوهەری و سەرەکییەکەی هاوکاریکردنی کۆبانی دەخاتەڕوو و دەڵێ: "ئێمە لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ هاوخوێن و هاوڕەگەزین، ئێمە یەک نەتەوەین"، ئەمە باوەڕی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و شتێکی نامۆ نییە، بەڵام کاتێک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش دەیڵێ پرسەکە چوارچێوەیەکی فەرمی وەردەگرێت و بۆ دەرەوە زیاتر لەناوەخۆ دەبێتە ڕۆژەڤ و دەبێتە پەیامێکی گرنگ کە ئەگەرچی کوردستان پارچەکراوە، بەڵام کورد هاوخوێن و هاوڕەگەزی یەکن و پارچەکردنی کوردستان نەبووەتە هۆی پارچەکردنی نەتەوەی کورد.

پێنجەم: گورز وەشاندن لە تیرۆستانی داعش لە کۆبانێ و شکستپێهێنانیان لە ڕووی سەربازیشەوە ستراتیژییە و شکستیان لەوێ کاریگەریی بەسەر ئێرەش دەبێ و لێرەش شکست دەهێنن.

شەشەم: وێڕای ئەوەی بەرگریکارانی کۆبانێ تەنیا داوای هێزی پشتەوانی و چەکی قورسیان کردووە، بەڵام هەرکات پێویستیان بە هێزی زیاتر بێ، ئەوا ئێمە ئامادەین هێزیان بۆ بنێرین.

هەواڵنامەی کتێب

# توێژینەوەی یەکەم

## نووسینی پ. د. ئیسماعیل حەساف

## • بەشی یەکەم: مێژووی کۆبانێ و دیرۆکی ڕزگارکردنی لەدەستی داعش[1]

### پاژی یەکەم: کورتەباسێکی مێژوویی

کۆبانێ پێشتر سەر بە ئورفا[2] بوو، دواتر بووە شارۆچکە و لە سەردەمی ئێستادا نزیکەی ٣٨٤ گوند و هەندێك شارەدێ لەوانە (صرين و شيووخی) لەخۆگرتووە. کۆبانێ لە سەردەمی ئینتیداب (mandate)[3]ی فەرەنسی نەخشەی بۆ دانرا، پاشان دوای دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و سووریا، بە یەکجاری چووە سەر سنووری سووریا و بووە بەشێك لە خاکی ئەو وڵاتە[4].

---

١. ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە و لەلایەن عەبدولستار باغەمرەیی بە کوردی کراوە.

٢. ئورفا، یان ڕوها یان شانلی ئورفا کە ناوە فەرمییەکەیەتی، شارێکی مێژوویی و دێرینە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان). پێشتر پایتەختی شاهانشای ڕوها بووە کە دانیشتوانەکەی بە شێوەزاری سریانی لە زمانی ئارامی قسەیان کردووە. ساڵی ٢١٢ زایینی چووەتە پاڵ ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، دواتر دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی بووەتە ناوەندێکی گرنگی ئایینی و ڕۆشنبیری مەسیحی سریانی. پاشان بێزەنتییەکان و دواتریش ساسانییەکان تێیدا دەستڕۆیشتوو بوونە و ساڵی ٦٣٨ز موسڵمانان بە سەرکردایەتی عیاز بن غەنەم چوونە ناو شارەکە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Akalin, Müslüm (1997): Urfa'nin Kurtulusuyla Ilgili Belgeler. SURKAV. Sanliurfa.

٣. بە واتەی سەرپەرشتیکردن یان ڕاسپاردن دێ. لە بنەڕەتدا سیستمێکی داگیرکارییە بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی دواکەوتوو لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان تا ئەو کاتەی دەگەنە ئەو ئاستەی خۆیان توانای خۆبەڕێوەبردنی خۆیانیان دەبێت و سەربەخۆیی بەدەست دەهێنن. سەرەتا ئینتیداب بیرۆکەی هەر یەك لە فەرەنسا و بریتانیا بوو، کە لە ڕێگەی (کۆمەڵەی گەلان - نەتەوەکان)ـەوە ڕەوایەتیان پێدرا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانی و دەوڵەتی عوسمانی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە وەرگیرابوونەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Callahan, Michael D. Mandates and empire: the League of Nations and Africa, 1914–1931 (Brighton: Sussex Academic Press, 1999).

٤. The Kurdish center for studies, 14-5-2015.

هەواڵنامەی کورد

کۆبانێ بچووکترین ناوچەی کوردییە لە ڕۆژئاوای کوردستان و دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عەفرین لەسەر سنووری تورکیا. کۆبانێ بە ڕێژەیەکی زۆر بە شارۆچکەیەکی تەواو کوردی دادەنرێت، جگە لە بوونی هەندێك دانیشتوانی عەرەب لە هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای. لە لایەکی تر هەریەك لە گرێسپی[1] و جەڕابلووس[2] ڕووبەڕووی پرۆسەی بەعەرەبکردن بوونەتەوە، کە هەر دوو نەتەوە و پێکهاتەی کورد و عەرەب بە یەکسانی بەسەر هەر دوو شارۆچکە دابەش و نیشتەجێ بوونە[3]. بە پێی دوایین ئامارەکان ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی کۆبانێ کە زۆرینەیان کوردن لە سەرووی ٣٥٠ هەزار کەس دەبێت.

کۆبانێ دەکەوێتە دووری ٣٠کم لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوڕات و نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتریش لە دووری باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەبە. گرنگترین گوندەکانی سنووری کۆبانێ بریتین لە: شیران، بوراز، حەلەنچە، تەعلەك، تەل غەزال، شەددادی و بیندەر، کە بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە ٦٦ هەزار کەسە و ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانیشی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس دەبێت. کۆبانێ بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی سووریا لە ساڵی ٢٠١١ ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤٥٠٠٠٠ هەزار کەس بوو کە زۆرینەیان بە ڕێژەی ٩٠٪ کورد بوون، هاوکات لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لە پێکهاتە و نەتەوەکانی تری وەك عەرەب، تورکمان و ئەرمەن[4].

کۆبانێ بەو شێوازەی ئێستا ساڵی ١٨٩٢ هاتووەتە دامەزراندن، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی هێڵی خێرای شەمەندەفەر لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی لە نزیك تەل شەعیر و تەل مشتە نوور لە دەوروبەری نێوان ساڵانی ١٩١١-١٩١٢ کۆبانێ بووە ناوچەیەکی گرنگی دانیشتوان. بنەچەی ناوی کۆبانێ بۆ وشەی (company)ی ئینگلیزی

---

١. شارێکی سوورییە دەکەوێتە ناوچەی جزیرە لە باکووری ئەو وڵاتە و لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر پارێزگای ڕەققەیە و بە پێی ئامار و سەرژمێرییەکانی ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ١٤٨٢٥ کەس بووە کە پێکهاتوون لە کورد، عەرەب، تورکمان و ئەرمەنی.

٢. شارێکی سوورییە (١٢٥)کم لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری حەلەب دوورە.

٣. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، معهد كوردستان وآسيا الصغرى للدراسات الإستراتيجية روسيا الفيدرالية - موسكو - فرع كردستان - أربيل، ٢٠١٧، ص١٤٧.

٤. ويكيبيديا الموسوعة الحرة.

دەگەڕێتەوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کۆمپانیا ئەڵمانییەی کە کاری لە هێڵی ئاسنینی ناوچەکە دەکرد[١] و دروستکردنی بەشێك لە هێڵی ئاسنینی نێوان قۆنیه[٢]-بەغدای لە ئەستۆ گرتبوو لە ساڵی ١٩١١دا[٣]، پاشان ناوەکەی تەعریب کرا بۆ (عين العرب) وەك ناوی کانیاوێك لە نێو کۆمەڵێك کانیاو کە ناوچەکە پێی ناسراوە.

## شاری کۆبانێ

شاری کۆبانێ گوزارشت لە ناوەندی شارەدێی ناوچەی کۆبانێ دەکات کە سەر بە پارێزگای حەلەبە و دەکەوێتە دووری ٣٠کم لە ڕۆژئاوای ڕووباری فوڕات و ١٥٠ کیلۆمەتریش لە باکووری خۆرهەڵاتی حەلەب دوورە، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٤ دانیشتوانەکەی ٤٤ هەزار کەس بووە.

وەك لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کۆبانێ ساڵی ١٨٩٢ دامەزراوە کە ئەو کاتەی کۆمپانیا ئەڵمانییەکە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان قۆنیە-بەغدای لە ئەستۆ گرتووە و پاشان بووەتە ئەو ناوەندە گرنگەی دانیشتوان.

چەندین ئەشکەوتی دێرین لە ناوچەی کۆبانێدا هەیە کە لە سەردەمانی ڕابردوو وەك شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوە بەکارهاتووە. کۆبانێ لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە (عرب ثينار) ناسراو بووە، هاوکات کورد بە کانی عەرەبان ناوی بردووە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك کانیاو لە ناوچەکەدا هەبووە، لەوانە: کانیاوی تەمەڕشەد ثينار و کانیاوی عەرەب ثينار. لە سەردەمی دەسەڵاتی هاشم ئەتاسی بڕیار درا بە دامەزراندنی ناوچەی عەینولعەرەب بۆ ئەوەی ببێتە شارۆچکەی (عەرەب ثينار) وەك ناوەندی ناوچەکە. بۆیە سەرجەم ئەو بڕیارانەی لە دوای ساڵی ١٩٣٧ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی سووریا سەبارەت بە کاروباری ناوچەکە دەرچوون، بە ناوی عەینولعەرەبەوە دەرچوونە.

کۆبانێ لە ڕووی جوگرافیاوە دەکەوێتە دەشتایی سرووچ لە باشووری شاری ئورفا لە باکووری

هەواڵنامەی کتێب

---

١. Hürriyet Daily News,19-7-2020.

٢. شارێکی تورکییە دەکەوێتە ناوەڕاستی باشووری ئەنادۆڵ. بەر لە هێرشی داگیرکاری پایتەختی دەوڵەتی سەلجووقی بووە و ناوەندی جەنگی نێوان سوپای میسری و عوسمانییەکان بوو لە ساڵی ١٨٣٢ کە تێیدا سوپای میسر بەسەر عوسمانییەکان سەرکەوت.

٣. The Independent, 7-10-2014.

کوردستان لە وڵاتی تورکیا، لە لایەکی ترەوە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵاتی ناوچەی حەسەکە لە ڕۆژئاوای ناوچەی عەفرین لە سووریا. لە بواری پەروەردە و فێرکردنەوە دوو ناوەندی گشتی و ناوەندێکی پیشەسازی تەکنیکی و ناوەندییەکی تایبەت بە هونەری ئافرەتان و ناوەندییەکی کشتوکاڵ و پەیمانگەیەکی تایبەت بە خوێندنی ئیسلامی بۆ کوڕانی لێیە. کۆبانێ بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەتایبەت بەرهەمهێنانی گەنم، جۆ، پەمۆ، فستقی حەلەبی، گوێز و چەندین بەروبومی تری کشتوکاڵی بەناوبانگە، لە لایەکی ترەوە وەك ناوچەیەکی تایبەت بە پیشەسازی ئامێرە کشتوکاڵییەکان نەخاسمە دەڕاسە، حەفارە و مەکینەی ئاو و پارچە و کەلوپەلە کشتوکاڵییەکانی تر دێتە هەژمار کردن.

وەك پێتریش ئاماژەی بۆ کرا، کۆبانێ ٣٤٨ گوندی لەخۆگرتووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی کە زۆرینەیان کوردن زیاتر لە ٣٥٠ هەزار کەس دەبێت[١]، هاوکات لە هەندێك ناوچەدا هەندێك لە گوندەکانی کۆبانێ و گوندەکانی گرێ سپی تێکەڵ بەیەك دەبن[٢].

کەواڵنامەی کتێب

١. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣.

٢. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، مصدر نفصه، ل٢٨٠.

## پاژی دووەم: ڕۆڵی عەشیرەتەکانی بەرازیی لە کۆبانێ و حەما بەرامبەر بە ئینتیدابی فەرەنسی

عەشیرەتەکانی بەرازییە (Berazan) وەك عەشیرەتە کوردییەکانی کۆبانێ و حەما هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکاری فەرەنسی لە ناوچەکە نیشان دا و دژایەتیان کرد و شانبەشانی هێزە نیشتمانییەکانی تری ناوچەکە ڕووبەڕووی بوونەوە. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٩، عەشیرەتی بەرازی بە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی هەردوو برا نەجیب و ئەحمەد ئاغا بەرازی لە حەما لە نزیك تەل کەلخ دژی داگیرکاری فەرەنسی ڕاپەڕین، کە بەهۆیەوە فەرەنسییەکان تاوەکو ساڵی ١٩٢٠ نەیانتوانی بچنە ناو ئەو شارە، بەڵام دوای شەڕ و پێکدانێکی سەخت لەگەڵ بەرازییەکانی ئینجا چوونە ناو شارەکە[١].

نەجیب ئاغا ساڵی ١٨٧٨ لە شاری حەما لە دایك بووە، دواتر بووەتە یەکێك لە دیارترین کەسایەتییەکانی ناوچەکە، بە تایبەت کە ڕۆڵی گرنگی لە مێژووی سیاسی سووریادا هەبووە، نەخاسمە بەهۆی ئەوەی سەرۆکی زۆرینەی ماڵباتی بەرازی بووە و مامی هەر یەك لە حوسنی بەگ بەرازی سەرۆکوەزیرانی سووریا لە ساڵی ١٩٤٢ و موحسین بەگ بەرازی سەرۆکوەزیرانی سووریا لە ساڵی ١٩٤٩ بووە. هەروەها لە ڕووی توانای داراییەوە خاوەنی نیو ملیۆن لیرەی لوبنانی و سووری بووە و سێزدە گوند و ناوچەی بەناو بووە.

نەجیب ئاغا لە بواری سیاسی و کارگێڕیدا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٥ لەگەڵ مەلیك فەیسەڵی یەکەم شای عەرەب و نەتەوەگەرای عەرەب مامەڵەی دەکرد. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢١ سەرۆکی شارەوانی بووە، هاوکات لایەنگری شۆڕشی گەورەی سووریا بووە لە ساڵی ١٩٢٥، کە دواتر بەهۆیەوە بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیر کرا و بۆ لوبنان دوورخرایەوە. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٨ چووەتە پاڵ ڕیزەکانی نیشتمانپەروەرانی سووری. لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ بەشدارییەکی بەرفرەوانی کرد لە هەڵبژاردنەکان لە دژی حوسنی بەگی برازای و محەمەد نووری گەیلانی، کە لە ئەنجامدا وەك ئۆپۆزسیۆن و دژە حکومەت هەڵبژێردرا. ساڵی ١٩٣٦ هانی مانگرتووانی دژ بە داگیرکاری فەرەنسی دا[٢]، لە هەمان کاتدا ئەحمەد ئاغا بەرازی کە لە پێشەنگەکانی

---

١. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، ل١٩٨.

٢. د. محمد علي الصويركي الكردي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، المجلد السادس، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠، ص٢٧٧ - ٢٧٨.

شۆڕشگێڕانی حەما بوو، داوای خۆڕادەستکردن و دانانی چەکی لە گەنجان و لاوان دەکرد[1]!

ماڵباتی شاهین بەگ لە ناوچەی کۆبانێ دەرکەوتن کە ڕۆڵێکی ئەرێنیان لە ژیانی سیاسیدا گێڕا، بە شێوەیەك بۆزان بەگی کوڕی شاهین بەگ ١٨٩٠-١٩٦٨ سەرکردایەتی خەباتی دژ بە داگیرکاری فەرەنسی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢ی لە دەشتایی سرووچ کرد، کە لە ئەنجامی ئەو خەبات و تێکۆشانەدا ساجۆ (Sago) فەرماندەی سەربازی فەرەنسی لەسەر ڕێگەی ئورفا-سرووچ کوژرا، کە دواتر ژەنەڕاڵ هێنری گۆرۆ (Henri Gouraud)[2] ساڵی ١٩٢٠ فەوجێکی زیاتری بۆ هێزەکانی لە ناوچەکەدا نارد کە لە وێستگەی شەمەندەفەری کۆبانێ دابەزین و لەگەڵ گەیشتنیشیان شەڕ لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا، کە ئەو شەڕە بە شەڕی قۆناغ ناسراوە و بەهۆیەوە دوو شۆڕشگێڕ کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون، هاوکات دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچەیە ماڵەکانیان بەجێهێشت و سوپای فەرەنسا کۆشکەکەی بۆزان بەگ شاهین بەگیان سووتاند، لە بەرانبەردا بۆزان بەگ خەڵکی لە مزگەوت کۆکردەوە و داوای لێکردن و هانی دان بۆ ئەوەی دژ بە داگیرکاری فەرەنسی بوەستنەوە. ژەنەڕاڵ گۆرۆ لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی بۆزان بەگدا بڕیاری دا بە دوورخستنەوەی بۆزان بەگ و مستەفا بەگ حەرچۆ (١٨٩٠-١٩٥٣) و خالید دەروێش بەرازی، هەرچەندە ئینگلیزەکان ڕۆڵی نێوەندگیریان لە بارەی دوورخستنەوەیان بینی، بەڵام ئەوان لە بەرگریکردن بەردەوام بوون کە ئەم هەڵوێستەیان فەرەنسییەکانی ناچار بە دانوستان کرد لەگەڵ هەر یەك لە بۆزان بەگ، مستەفا بەگ حەرچۆ، خالید دەروێش و ئیبراهیم هەنانۆ. فەرەنسییەکان پێشنیازی دروستکردنی میرنشینێکی کوردییان کرد کە سنوورەکەی لە باکوورەوە لەگەڵ هێڵی ئاسنینی

١. أدهم الجندي، تاريخ الثورات السورية في عهد الإنتداب، دمشق، ١٩٦٠، ص٥٩٤.

٢. Henri Joseph Eugène Gouraud (١٨٦٧-١٩٤٦): لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە دایك بووە. فەرماندەی هێزی سوپای فەرەنسا بووە لە جەنگی نێوان فەرەنسا و تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٣، پاشان بووە مەندووبی سامی فەرەنسا لە لوبنان و فەرەنسا و ساڵی ١٩٢٠ سەرپەرشتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی گەورەی لوبنانی کرد دوای ئەوەی بە پێی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ لە سووریا جیا بووەوە. لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢١ لە لایەن ئەدهەم خەنجەر هەوڵی کوشتنی درا، بەڵام ڕزگاری بوو و بە ڕزگاربوونیشی ئەدهەم خەنجەر کە کەسایەتی و قارەمانی میللی دەستگیر کرا، بە دەستگیرکردنیشی شۆڕشگێڕانی سووری بە تایبەت شۆڕشگێرانی درووز دژی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی زیاتر چالاك بوون و کاردانەوەیان دروست کرد.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Philippe Gouraud. Le general Henri Gouraud au Liban et en Syrie (1919–1923) (Comprendre le Moyen-Orient). L'Harmattan (1993).

شەمەندەفەر بێت، لە ڕۆژئاوا و باشووریشەوە بکەوێتە سەر ڕووباری فوڕات، هاوکات لە ڕۆژهەڵاتیش بکەوێتە سەر سنووری عێراق، بەڵام لە بەرانبەردا ئەم بیرۆکە و پێشنیازە لە لایەن عەشیرەتەکانی ناوچەکە ڕەت کرایەوە، هەروەها سەربارى ئەوەی فەرەنسییەکان زۆر هەوڵیان دا دانیشتوانی ناوچەکە ڕازی بکەن، بەڵام عەشیرەتەکان و دانیشتوانی ناوچەکە دەستبەرداری ماف و داواکارییەکانیان نەبوون و بەردەوام بوون لە هەڵوێستی دژایەتیکردنی داگیرکاری[1]. ئاشکرایە تورکیا تا ڕادەیەك هانی ئەو بزووتنەوە و جووڵانەوە عەشایەرییانەی دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە وەستانەوە بەرانبەر بە داگیرکاری فەرەنسی، چونکە مستەفا کەمال[2] پێیوابوو کە دەبێت ناوچەکانی کیلیکیا، ئەسکەندەرۆن، کورداغ و جزیرە وەك بەشێك لە خاکی تورکیا لە دەستی داگیرکاری دەرەکی ڕزگار بکرێن[3].

## بەرازی و بەرازییەکان

لە کۆمەڵە عەشیرەتێکی هاوپەیمان پێکدێت کە گرنگترینیان ئەمامەن: عەلادینان، بێجان یان بێزان، شەددادان، زۆران، دنان، قورە کیچان یان کیان، موعافان و دیدان. ژمارەیان نزیکەی بە ٩٠٠٠ ماڵ دادەنرێت، زۆربەیان لە شارۆچکەی کۆبانێ نیشتەجێن و پێشتر مستەفا بەگ شاهین سەرۆکی عەشیرەتەکە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی سووریا بوو لە شارۆچکەی کۆبانێ. لێرەدا گرنگترین و دیارترین عەشیرەتەکانی بەرازییە دەخەینە ڕوو:

عەشیرەتی خەلجان: سەرۆکەکانی، ئەم عەشیرەتە بۆ بنەماڵە (ئال بەیت)ی پێغەمبەر ئیسلام (د.خ) دەگەڕێننەوە، زۆربەیان لە ناوچەکانی دەوروبەری گوندی خەراب نیاز و دەشتاییەکان لە نێوان ڕووباری فوڕات و بەلیخ جێگر بوونە و ژمارەیان ٣٥٠ ماڵ دەبێت، پێشتر شێخ نووح سەرۆکی عەشیرەتەکە بوو.

---

١. محمد قباجيق، علاقات إبراهيم هنانو بتركيا في فترة ثورة الشمال، في الندوة التكريمية للزعيم إبراهيم هنانو، إدلب ١٩-٢٠ تشرين الثاني، دمشق، ٢٠٠٩، ص ٢٥٨ - ٢٦٢؛ أدهم الجندي، مصدر الصابق، ص٥٩٥- ٥٩٦.

٢. مستەفا کەمال ناسراو بە ئەتاتورك (١٨٨١-١٩٣٨): یەکەم سەرۆککۆماری تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٣٨، هەروەها فەرماندەی بزووتنەوەی نیشتمانی تورکیا و فەرماندەی گشتی سوپای تورکیا بوو لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیا.

٣. رشيد حمو، ثورة جبل الأكراد (حركة المريدين) دراسة حول مقاومة الجبل وحركة المريدين ضد الإستعمار الفرنسي ١٩٢١-١٩٤٦، حلب، ٢٠٠١، ص١٣.

عەلائەددین یان (عەلادینان) مستەفا بەگ شاهین سەرۆكی ئەو عەشیرەتە بوو، ئەندام و خێزانەكانی عەشیرەتەكە بەسەر ٣٦ گوند دابەش بوونە و زۆربەیان سەرقاڵی كشتوكاڵ و ژیانی ئاژەڵدارین، گوندی مكتلە ناوەندی بارەگای سەرۆكی عەشیرەتەكەیە كە لە نەوەكانی بەگ شاهینن.

زۆران: ئەم عەشیرەتە لە ڕۆژئاوای كوردستان خاوەنی ٥٠٠ گوندن، كە ئەحمەد مالیك سەرۆكایەتی عەشیرەتەكە دەكات و لە سنوورەكانی حەما نیشتەجێن.

بێجان: هەریەك لە ئەحمەد مەحمود و مەحجان عەلی وەك دوو سەرۆكی عەشیرەتەكە لە ناو سووریادا سەرۆكایەتی عەشیرەتەكەیان دەكرد و ئەندامانی عەشیرەتەكەش بەسەر بیست ناوچەدا لە باكووری ڕۆژئاوای كۆبانێ دابەش بوونە، هاوكات بەشێكی تری عەشیرەتەكە كەوتوونەتە ناو سنوورەكانی توركیا و مستەفا بەگ غالیب بەگ سەرۆكایەتیان دەكات.

شەددادان: پێشتر شێخ فەیاز خەلیل ئاغا سەرۆكی عەشیرەتەكە بوو، لە ناو ئەو عەشیرەتەدا تیرەیەك هەیە بە ناوی ئۆخ كە پێیان دەوترێ تیرەی شەددادییەی ئۆخ و ژمارەیان ٣٠٠٠ هەزار كەس دەبوو لە سنوورەكانی كۆبانێ و گرێ سپی نیشتەجێ بوون و بەسەر چەندین گوند دابەش بوونە[1].

شێخان: لە ٦٧ گوندی ناوچەی مەخفەر جەبەلییە و خەرابنبیار جێگرن، شێخ نووح شێخ بۆزان كە لە گوندی تەرمك دادەنیشێت سەرۆكایەتی عەشیرەتەكە دەكات، دیارترین تیرەكانی ئەم عەشیرەتە بریتین لە: سەیفەددین، شێخ جەعفەر و شێخ شەوكەت[2].

جگە لەم دابەشبوونە جوگرافییە، هاوكات عەشیرەتی بەرازییە بەسەر ترپەسپی و قامیشلۆش دابەش بوونە و گوندی تەل خاتوون لە جزیرە ناوەندی جێگیربوونیانە. وەك پێشتریش ئاماژەی بۆ كرا هاوكات لەگەڵ جێگیربوونیان لە كۆبانێ و لە ڕەققە[3]، دیمەشق،

١. البروفیسور الدكتور إسماعیل محمد حصاف، تاریخ كردستان سوریا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، مصدر الصابق، ل١٩٨.

٢. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: أحمد وصفي زكريا، عشائر الشام، ج٢، ط٣، دار الفكر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧، ص٢٧-٢٧٢.

٣. شارێكی سوورییە و دەكەوێتە سەر كەناری خۆرهەڵاتی ڕووباری فورات و نزیكەی (١٦٠)كم لە خۆرهەڵاتی شاری حەلەب دوورە. مێژوونووسان بۆچوونیان وایە ڕەققە لە نێوان ساڵانی (٢٤٤-٢٤٢پ.ز) لە لایەن سلۆقسی یەكەم یەك لە فەرماندە سەربازییەكانی ئەسكەندەری مەقدۆنییەوە دروست كراوە

حەما و حمسیش جێگیرن و لە شاری حەما لە ناوەندی شاری صوران جێگیر بوونە کە ئەم شارە ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی لە سووریادا گێڕاوە، بە تایبەت کە چەندین کەسایەتی لە شارەکە ڕۆڵی بەرچاو و گرنگیان هەبووە لەوانە موحسین بەرازی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری سووریا (١٩٠٤-١٩٤٩) و حوسنی زەعیم سەرۆککۆماری پێشووتر (١٨٩٧-١٩٤٩) و چەندینی تر لە کەسایەتییەکانی شارەکە کە ڕۆڵیان لە مێژووی هاوچەرخی سووریادا هەبووە و بوونەتە ناوی دیار لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

## کیتکان

لە لایەن بەسڕاوی ئاغاوە سەرۆکایەتی کراوە، پێش ئەویش موختار ئەسوەد سەرۆکایەتی کردووە هەر بۆیە بە سەودە ناو نراوە و دوو تیرەی بە ناوەکانی کریشان و تەبانلی لێ بووەتەوە. ژمارەی ئەو عەشیرەتە نزیکەی ١٣٠٠ ماڵ دەبێت و لە ناوچەکانی نزیك لە کۆبانێ جێگیرن، نەخاسمە لە شارەدێکانی ئیلیجق و سرین کە ٤٥کم لە کۆبانێ دوورە. عەشیرەتی کیتکان خاوەنی نزیکەی ٥٠ گوندە کە دیارترینیان لە سنوورەکانی کۆبانێ بابا ڕووس و خەربە بارکیرە، هەروەها لە منبجیش خاوەنی هەر دوو گوندی موحسەنە و عەسیلەیە، هەروەها لە شارۆچکەی (ئەلباب)[1] خاوەنی گوندی سابویران و لە ئەعزازیش

---

بۆیە ڕەققە پێیشی دەگوترێ کالینیکۆس. ساڵی (٧٧٢ز) مەنسووری خەلیفەی عەباسی لە نزیك ڕەققە شارێکی گەشتیاری خەلافەتی عەباسی دروست کرد. پاشان هاروونە ڕەشید لە نێوان ساڵانی (٧٩٦-٨٠٨ز) وەك پایتەختی دەسەڵاتەکەی خۆی بەکاری هێنا، بەو شێوەیە ئەو شارە بووە ناوەندێکی گرینگی زانستی و ڕۆشنبیری، بەڵام کاتێك مەغۆلەکان هاتن لە ساڵی (١٢٥٨ز) وەك چۆن بەغدایان وێران کرد، بە هەمان شێوە ڕەققەیشیان وێران کرد. زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارە عەرەبی سوننەن، کورد و مەسیحیش تێیدا دەژین. داعش لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا وەك یەکەمین شەش گەورە شارەکەی سووریا دەستی بە سەر تەواوی شارەکەدا گرت، هاوکات لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا ئەو شارەی وەك پایتەختی خۆی هەڵبژارد.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمد عبد الحي شعبان، (١٩٨١). الدولة العباسية الفاطميون ١٣٢-٤٤٨هـ، دار الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ص١٢٥.

١. شارێکی سوورییە (٣٨)کم لە پارێزگای حەلەب دوورە. یەکێکە لە شارە مێژووییەکان و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، (١٩٩٥). معجم البلدان، دار صادر، بيروت، لبنان، ط٢، ج١، ص٣٠٣.

گوندی قەعر قابین گوندی ئەو عەشیرەتەیە[١].

عەشیرەتی کیتکان پێشتر لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسا لە سووریا لایەنگری فەرەنسییەکان بوو[٢]. لە ئێستادا ئەم عەشیرەتە لە لایەن نەجیب بەسراوییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی عەشیرەتی کیتکان لە شۆڕشی ئاگری داغ بە سەرۆکایەتی ئیحسان نووری پاشا، لە ڕاستیدا هەندێك زێدەڕۆیی لە گێڕانەوەکاندا لە بارەی قەبارەی بەشداریکردنی کۆمەڵەی خۆیبوون لە شۆڕشەکەدا هەیە. ڕاستە هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون ئارەزوویان دەکرد پشتیوانی پێشکەش بە شۆڕشەکە بکەن و بەرەیەکی تر بە درێژایی سنووری تورکیا-سووریا بکەنەوە بە ئامانجی کەمکردنەوەی گوشاری سەر شۆڕشگێڕان.

خۆیبوون لە ئێواری ٤ی ئابی ١٩٣٠ بڕیاری دا لە ڕۆژئاواوە بەرەو باکوور هێرش بکات، کە ناوچەیەکی بەرفرەوانی دەگرتەوە، بە شێوەیەك لە جەڕابلووس کە دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات دەستپێدەکات تا دەگاتە سەر عەین دیوار لەسەر ڕووباری دیجلە کە شەش بەرە یان دەروازەی لێ دەبووەوە و لەلایەن ئەندامانی خۆیبوون بەم شێوەیە سەرکردایەتی دەکران.

ناوچەی کۆبانێ لە ژێر فەرمانی بۆزان شاهین بەگ و مستەفا شاهین بەگی برایدا بوو کە هەردووکیان سەرۆکایەتی عەشیرەتی بەرازانیان دەکرد و دەبوو لە ژێر سەرکردایەتی ئۆسمان سەبری بەرەو ئورفا و مەرعەش بۆ لای عەشیرەتی مێردیسان (Merdîsan) بڕۆن[٣].

لە ماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆدا حکومەتی فەرەنسا بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ شارل

---

١. أحمد وصفي زكريا، عشائر الشام، ج٢، ط٣، دار الفكر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧، ص٢٧٢.

٢. الملازم الأول محمد طلب هلال رئيس الشعبة السياسية بالحسكة، دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية-الاجتماعية-القومية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل، ٢٠٠١، ص٥٤.

٣. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، مصدر الصابق، ل٣١٣.

دیگۆل (Charles de Gaulle)[1] دانوستانی لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی بە سەرکردایەتی شوکری قوەتلی[2] کرد، کە لە ئەنجامدا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی سووریا لە ماوەیەکی کەمدا[3]، ئەوە بوو لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٤٢ هەڵبژاردن لە تەواوی پارێزگاکانی سووریا بەڕێوەچوو کە بەهۆیەوە کورد توانی ١٣ کورسی ئەنجومەنەکە بەدەستبهێنێت کە یەکێك لەوان مستەفا شاهین بوو وەك نوێنەری شارۆچکەی کۆبانێ[4].

ساڵی ١٩٦٠ی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە سووریا ساڵێکی یەکلاکەرەوە بوو، بە شێوەیەك هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی سووریا لە ١٢ی ئابی ئەو ساڵەدا هەڵمەتێکی دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی ئەندامان و کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا[5]یان دەستپێکرد کە لە قۆناغی یەکەمدا ٧٢[6] کەسیان دەستگیر کرد کە هەریەك لە نوورەددین زازا سکرتێری پارتی و ئۆسمان سەبری و ڕەشید حەمۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی تێدا بوو. هەڵمەتەکە بەرفرەوان بوو و زۆربەی ناوچەکانی وەك دیمەشق، حەلەب، عەفرین، کۆبانێ و جزیرەی گرتەوە و لە ماوەی دوو ڕۆژدا ٤٠٠ کەس لە چینوتوێژە

هەوالنامەی کتێب

---

١. Charles de Gaulle (١٨٩٠-١٩٧٠): ژەنەڕاڵ و پیاوی دەوڵەتی فەرەنسا لە شاری لیل لە دایك بووە، سەرەڕای ئەوەی دەرچووی قوتابخانەی سان سیری سەربازییە لە ساڵی ١٩١٢ هاوکات نووسەریش بووە و چەندین کتێب و دانراوی هەیە، بە تایبەت لە بوارەکانی ستراتیژی و بۆچوونی سیاسی و سەربازی.

٢. شُكري بن محمود بن عبد الغني القُوَّتلي (١٨٩١-١٩٦٧): سەرۆککۆماری سووریا لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٩ و جارێکی تر لە ١٩٥٥ - ١٩٥٨. ناوبراو سەرکردەی بەرەی نیشتمانی دژ بە داگیرکاری فەرەنسی بوو.

٣. Williams, Charles. The Last Great Frenchman: A Life of General De Gaulle (1997), 560pp.

٤. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، ص٤٦٥.

٥ . پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا ساڵی ١٩٥٧ بە هەوڵی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیر و سیاسی کوردی سووریا دامەزراوە لەوانە: ڕەشید سەبری، ئۆسمان حەمۆ، حەمزە حەنان، فەیسەڵ یووسف، عەزیز داوود، مستەفا حەنیفی، ئەحمەد قاسم، خەیروددین موراد، مەشعەل تەمۆ، شەوکەت نوێران، خەلیل عەلی خۆجە و محەمەد ئەحمەد.

٦. ئەم ژمارەیە لە پارچە قەسیدەیەکی محەمەد عەلی حەسۆ هاتووە، کە یەکێك بوو لە دەستگیرکراوەکانی قۆناغی یەکەمی هەڵمەتەکە.

جیاجیاكان دەستگیر كران و زیانێكی گەورەی بە پارتی دیموكراتی كوردستان گەیاند[1].

دوای ئەوەی لە شاری ڕەققە كاروباری خەڵك ڕاوەستا و حكومەتی سووریا چاكسازی لە زەویوزاردا كرد، كۆچی هاووڵاتیانی كورد لە كۆبانێوە بەرەو شاری حەلەب بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٩٠ زیاتر پەرەیسەند[2].

هەواڵنامەی كتێب

١. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الثالث ١٩٦٣-١٩٧٥، ص٥٤.

٢. البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، مصدر السابق، ص٢٩٥-٢٩٦.

## پاژی سێیەم: گرنگیی ستراتیژیی کۆبانێ

لە ڕاستیدا داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی کۆبانێ لە لایەن ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)[1] دەستکەوتێکی گەورە دەبوو بۆ ئەو ڕێکخراوە، چونکە لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی شارەکە دەیتوانی دەست بەسەر ڕووبەرێکی دانەبڕاو لە ڕەققەی پایتەختی ڕاگەیانراوی ئەو ڕێکخراوەدا بگرێت کە زیاتر لە ٦٢ میل بوو. کۆبانێ خاوەنی ناوچەیەکی ستراتیژییە، بە شێوەیەك ئەگەر داعش دەستی بەسەردا گرتبا دەیتوانی دەست بەسەر سێ دەروازی فەرمی سنووری نێوان تورکیا و سووریادا بگرێت کە درێژییەکەی ٦٠ میل بوو لەسەر سنووری تورکیا. دەستبەسەرداگرتنی کۆبانێ بۆ داعش بایەخێکی زۆر و ستراتیژی هەبوو، نەخاسمە کە ئامانجی بوو لەم ڕێگەیەوە گورز لە پرۆژەی نەتەوەیی کورد بدات[2]. بە گوێرەی ڕاپۆرتی کەناڵی (CNN) ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا ئەو کات ڕایگەیاندبوو کۆبانێ بۆ ئەمریکا نا، بەڵکو بۆ تورکیا خاوەنی پێگەیەکی ستراتیژییە[3].

ئاشکرایە کۆبانێ جگە لە پێگە ستراتیژییەکەی بە تایبەت لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە، هاوکات شارێکی مێژووییە و چەندین پاشماوە و ئاسەواری دێرینی لەخۆگرتووە کە بۆ سەردەمی هەر دوو شارستانی ئارامی و ئاشووری دەگەڕێتەوە. تەنانەت وەك لە پێشوودا

---

١. ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی جیهادییە، لە لایەن ئەبووبەکر بەغدادی سەرکردایەتیی دەکرا، کە پاشان لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا لە پرۆسەیەکی تایبەتی سەربازیی ئەمریکادا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، کوژرا. ئامانج لە دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە بونیاتنانی خەلافەتێکی نوێی ئیسلامی بوو، کە سەرەتاکەی لە عێراق و سووریا دەستپێبکات. داعش لە بنەڕەتدا لە ناواخنی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق پەیدابوو، کە ئەبوو موسعەب زەرقاویی ئوردنی لە ساڵی ٢٠٠٤ سەرکردایەتیی دەکرد و چەندان چالاکیی چەکداریی دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و حکوومەتەکانی عێراق ئەنجام دا، لە دیارترین کردە چەکدارییەکانی ئەو ڕێکخراوە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی یەکی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ بوو، کە دوو تەقینەوەی خۆکوژی لە هەردوو بارەگای لقی دووی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێوڕەسمی یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا ئەنجام دا و بە هۆیەوە دەیان شەهید و بریندارى لێکەوتەوە، کە بەشێکیان سەرکردە و فەرماندەی دیار و ناسراوی هەر دوو حزبەکە بوون.

٢. ڕۆژنامەی الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٧.

٣. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٢١.

ئاماژەمان بۆ کرد، بۆ خودی فەرەنسییەکانیش لە سەردەمی ئینتیدابدا خاڵێکی گرنگ و جێی بایەخ بووە. لە پاڵ هەموو ئەمانەدا گرنگییە ستراتیژییەکەی کۆبانێ لەوەدایە کە لە دوای قامیشلۆ و عەفرین سێیەم شاری کوردییە، بۆیە بە کەوتنی ڕووبەرێکی گەورە بە درێژایی سنووری نێوان سووریا و تورکیا دەکەوتە دەست چەکدارانی ڕێکخراوی داعش و بەهۆیەوە دەیتوانی تەواوی ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بە درێژایی کۆبانێ بە تێپەڕبوونی شاری ڕاعی[١] تا دەگاتە شاری ئەعزاز[٢] بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەمەش واتە بەدەستهێنانی زنجیرەیەکی جوگرافی سنووری لەگەڵ تورکیا. نەخاسمە کە کۆبانێ لە لایەکی ترەوە بە خاڵی بەیەکبەستنەوەی چەند ناوچەیەکی تری سنووری تورکیا یانیش عێراقی دادەنرێت بە تایبەت لە دەروازی یەعریبییە تەنانەت لە قووڵایی سووریا بەهۆی ئەو پەیوەندییە جوگرافییەی لەگەڵ ڕەققە و حەلەب هەیەتی، بەڵام ئەو هەموو گرنگییە ستراتیژییە لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە لە گرنگییە مەعنەوییەکەی ناوچەکە بۆ کورد کەم ناکەنەوە، بە تایبەتتر کە کۆبانێ ناو و سیمبۆڵێکە لە ویژدانی نەتەوەی کورد، بەهۆی بوونی ململانێی تورکی - کوردی[٣].

## هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانێ

لە ماوەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا لە ساڵی ٢٠١١، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە ١٩ی تەمموزی ٢٠١٢دا[٤] توانیان دەست بەسەر کۆبانێدا بگرن، بەڵام لە ئابی ٢٠١٣دا داعش، بەرەی نوسڕە (جبهة النصرة)[٥]، ئەحرار شام[١]، لیواکانی صقور الشام[٢] و

١. شارێکی سوورییە و سەر بە پارێزگای حەلەبە و ٦٠کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەوە دوورە.

٢. شار یان ناوچەیەکی سووریایە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای حەلەبە.

٣. المیادین، ٢٠١٤/١٠/٨.

٤. More Kurdish Cities Liberated as Syrian Army Withdraws from Area, 20-7-2012.

٥. بەرەی نوسڕە یان بەرەی نوسڕەی ئەهلی شام یانیش بەرەی فەتحی شام کە دواتر ناوەکەی بۆ هەیئەی تەحریری شام گۆڕا، ڕێکخراوێکی چەکدارییە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ لە ماوەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا هاتووەتە دامەزراندن. ئەم ڕێکخراوە باڵی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوو لە سووریا هەروەها ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ئەم ڕێکخراوەی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق بەستبووەوە. بەرەی نوسڕە لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢، یەکەمین ڕاگەیانراوی خۆی بڵاوکردەوە و داوای لە سوورییەکان کرد دژ بە حکومەتی سووریا بە سەرۆکایەتی بەشار ئەسەد چەك هەڵبگرن.

لیوای تەوحید[٣] رایانگەیاند کۆبانێ گەمارۆ دەدەن، بەڵام لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا بەریەککەوتن و ئاشووب لە نێوان خودی ئەو گروپە چەکدارییانە سەریهەڵدا، بە شێوەیەك هەندێکیان لە ژێر ناوی بەرەی رزگاریخوازی فوڕاتی ئیسلامی خۆیان لەگەڵ (YPG) گونجاند. لە لایەکی ترەوە لە ئاداری ٢٠١٤دا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەستی بەسەر سرین و چەند شارۆچکە و گوندێکی ژێر دەسەڵاتی (YPG)ە و بەرەی ڕزگاری فوڕاتی ئیسلامیدا گرت و شەڕ لە نێوانیان تاوەکو ئاباری هەمان ساڵ درێژەی کێشا.

لە پڕ کۆبانێ بووە یەکێك لە دیارترین ناوەکان و بووە باسوخواسی میدیا جیهانییەکان و پێگەیەکی هەرە دیاری سەر نەخشەی ستراتیژی و سەربازی و بووە ئامانجی فڕۆکەوانەکان و شەڕکەران و ناوەندی گۆڕەپانی شەڕی گەرمی نێوان داعش و هێزەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)[٤] بوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵمەتێکی چڕی گوشارخستنەسەر تورکیای دەستپێکرد، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە کەوتنی کۆبانێ، کە ئەمریکا لەو هەڵمەتەدا پێشبینی دوو پرس و بابەتی دەکرد: تورکیا یان کورد لە کۆبانێ پڕ چەك بکات و پشتیوانی لۆجستی پێویستی بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی داعش لە شارەکە بکاتە دەرەوە، یان سوپای خۆی بنێرێتە شارەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش[٥].

لە ٢ی تەمموزی ٢٠١٤ کۆبانێ و گوندەکانی دەوروبەری لە پڕ کەوتنە بەر لێشاوی هێرشەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و توانیان بەربەستی

---

١. گروپێکی چەکداری ئیسلامییە لە هەر یەك لە کەتیبەکانی ئەحرار شام، حەرەکەی فەجری ئیسلامی، جەماعەتی تەڵیعەی ئیسلامی و کەتیبەکانی ئیمان پێکهاتووە و لە ئایاری ٢٠١١دا دامەزراوە و لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا خۆی ڕاگەیاندووە.

٢. ڕێکخراو یان بزووتنەوەیەکی هەڵگەڕاوەیە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن ئەحمەد ئەبوو عیسا بۆ دژایەتیکردنی حکومەتی سووریا هاتووەتە دامەزراندن.

٣. لە کۆمەڵێك کەتیبەی چەکداری سەر بە سوپای سووریای ئازاد پێکهاتووە کە یەکیان گرتووە و لە ١٨ی تەمموزی ٢٠١٢دا بە فەرمی دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاندووە لە حەلەب یەکەمین چالاکییە چەکدارییەکانی دژی حکومەتی سووریا ئەنجام داوە.

٤. پارتێکی سیاسی کوردی سوورییایە لە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە و لە رووی ئایدۆلۆژی سیاسییەوە لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پەکەکە) نزیکە.

٥. ترك برس، كوباني عاصمة العالم، ١١ اكتوبر ٢٠١٤.

چوونە ناو شارەکە بشکێنن، بە تایبەت دوای ئەوەی بە جلوبەرگی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)[١] و گرووپێکی تری شەڕکەری عەرەبی بچنە ناو شارەکە و لە چەند خاڵێك جێگیر بوون[٢] و بە گوێرەی ڕاگەیانراوی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ (المرصد السوري لحقوق الإنسان)[٣] و چالاکوانانی سیاسی، دانیشتوانی ئەو ناوچانەی تێیدا جێگیر ببوون وەك بارمتە و قەڵغانی مرۆیی بەکاریان هێنان[٤].

چەکدارانی داعش لە ١٣ی ئەیلوولی ٢٠١٤دا هێرشی سەرەتاییان بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکرد، وەك لە پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد کە شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)دا بوو، بەڵام دوای دوو ڕۆژ و لە ١٥ی ئەیلوولدا هێرشی بەرفرەوانیان ئەنجام دا بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی کۆبانێ و ناوچەکانی دەوروبەری و پاشان بەرەو ئاراستەی گوندەکانی هەر دوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی شارەکە[٥]. چەکدارانی داعش لە ١٦ی ئەیلوول توانیبوویان دەست بەسەر پردێکی ستراتیژیدا بگرن لەسەر ڕووباری فورات، بەهۆیەوە ڕێگەی بەردەمیان کراوەتر بوو بۆ ئەوەی پێشڕەوی زیاتر بۆ ناوەندی کۆبانێ و ناوچەکانی دەوروبەری بکەن، لە ئەنجامدا ڕۆژی ١٧ی ئەیلوول چەکدارانی ڕێکخراوەکە هێرشێکی بەرفرەوان و پڕچەککراو بە تانك، زرێپۆش، مووشەك و تۆپیان بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکرد و لە ئاکامدا توانیان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢١ گوندی دەوروبەری شارەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

---

١. هێزێکی کوردی سووریایە و باڵی سەربازی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)ـەیە. لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ەوە لە مەیدانی سەربازی ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا چالاکی چەکداری دەکات. پێشتر لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١دا ئەو هێزە لە ژێر ناوی دەستەی باڵای کوردی وەك باڵی سەربازی (PYD) چالاکییەکانی ئەنجام دەدا، بەڵام پاش ئەوەی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی سووریا دەستی بەسەر ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندا گرت، ناوەکەی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل گۆڕی. هەروەها ئەو هێزە بڕبڕەی سەرەکی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)ەیە، کە لە ژێر هاندانی ئەمریکا لە پێکهاتەکانی کورد، عەرەب و کەمینەکانی تری سووریا لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٥ دامەزرا.

٢. "What's happening in Kobane?"، Kurdish Question. 6-7-2014.

٣. نووسینگەیەکی ڕاگەیاندنە لە بریتانیا و ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی سووریایە و لە ١ی ئایاری ٢٠٠٦ دامەزراوە و لە لایەن ڕامی عەبدولرەحمان بەڕێوەدەبرێت، کە یەکێکە لە بەرهەڵستکارانی حکومەتی سووریا و لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە بریتانیا نیشتەجێیە.

٤. Swissinfo.ch, 27-6-2015.

٥. The New York Times. 28-10-2014.

بەم شێوەیە داعش توانی بە ڕێژەیەکی زۆر گەمارۆی شاری کۆبانێ بدات، بەمەش چەکدارانی سوپای سووریای ئازاد کە لە باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ مابوونەوە، ناچار بوون بەرەو ناوەندی شارەکە پاشەکشێ بکەن[١]. پاشان دوای دوو ڕۆژ داعش توانی دەست بەسەر ٣٩ گوندی تری سنوورەکانی کۆبانێدا بگرێت، بەم شێوەیە تەنیا ٢٠کم لە کۆبانێوە دوور بوو.

ئاشکرایە لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی داعش بۆ سەر گوند و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە، دانیشتوانێکی زۆری ئەو گوند و ناوچانە بەرەو تورکیا هەڵاتن، بە شێوەیەك لە سەرەتادا ٤٥٠٠٠ کەس پەڕینەوە ناو سنوورەکانی تورکیا، هاوکات ژمارەیەکی تر لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیا لەسەر سنوور ڕێگریان لێ کرا بپەڕنەوە ناو خاکی ئەو وڵاتە و فەرمانیان پێ کرا بگەڕێنەوە شارەکەیان. هەڵاتن و ئاوارەبوونی دانیشتوانی کۆبانێ بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعش بەردەوام بوو، بە تایبەت کە دانیشتوانی ١٠٠ گوند دوای مووشەکبارانکردنی بەردەوام لە لایەن چەکدارانی داعش ماڵ و شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشت و دەیان هاووڵاتی مەدەنی و شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کوژران و بریندار بوون، لە بەرانبەریشدا چەکدارانی داعش لە پێشڕەوی کردن بۆ چوونە ناو کۆبانێ بەردەوام بوون.

چەکدارانی داعش لە درێژەی هەڵمەتی پێشڕەوییەکانیان ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤ زیاتر لە کۆبانێ نزیك بوونەوە کە بە دەستبەسەرداگرتنی ٣ گوندی تر تەنیا ١٥کم لە دووری شارەکە بوون و بۆردوومانی هەموو ئەو ناوچانەیان کرد کە ١٠کم لە ناوەندی کۆبانێوە دوور بوون. ئەو کات ٣٠٠ گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە ناو خاکی تورکیاوە خۆیان گەیاندە ناو کۆبانێ، لە لای خۆیەوە موڕاد قەرەیلان فەرماندەی ناوەندی پاراستنی گەل (NPG) بانگەوازێکی ئاراستەی گەنجان و لاوانی کورد کرد بۆ ئەوەی بچنە پاڵ ڕیزەکانی شەڕڤانانی کورد لە سووریا بە ئامانجی پاراستنی کۆبانێ لە چەکدارانی داعش. هەمان ڕۆژ واتە ٢٠ی ئەیلوول سێ مووشەك لە ناوەندی شاری کۆبانێ کەوتنە خوارەوە کە بەهۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو دانیشتوانی شارەکە دروست بوو. هاوکاتی ئەم پشێوییانە لە سەرەتای هێرشەکانەوە ٣٤ هاووڵاتی سڤیل کوژرابوون و ژمارەی ئاوارەکانیش گەیشتبووە ٦٠٠٠٠ هەزار کەس.

چەکدارانی داعش تا ڕۆژی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٤ توانیان دەست بەسەر ٦٤ گوندی

---

١. VOA, 3-10-2014.

دەوروبەری کۆبانێدا بگرن و لە ماوەی ڕۆژانی ١٩ تاوەکو ٢١ی ئەیلوول بە گوێرەی ڕاگەیانراوەکان ٣٩ چەکداری داعش و ٢٧ شەڕڤان لە میانی شەڕ و پێکدادانەکان کوژرا بوون[١]. دیارە تاوەکو ڕۆژی ٢١ی ئەیلوول شەڕڤانان تەنیا ١٠٠ گوندی کۆبانێیان لە بەری لای سووریا لە دەست مابووەوە[٢]. چەکدارانی داعش لە پێشڕەوییەکانیان بەردەوام بوون و ١٠کم لە دەوروبەری کۆبانێ بەرەو ناوەندی شارەکە هەنگاویان دەنا، بە شێوەیەك لە بەرەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە و لە دووری ١٣کم شەڕ و پێکدادانەکان لە نێوان چەکدارانی داعش و شەڕڤانانی کورد چڕ بووبووەوە[٣].

ڕۆژی ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١٤ بەرپرسانی باڵای سەربازی شەڕڤانانی کورد ڕایانگەیاند کە توانیویانە شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی ئەیلوول هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانێ ڕابگرن[٤]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا داعش بەردەوام بووە لە مووشەکباران و تۆپبارانکردنی شارەکە و شەڕ و پێکدادانی سەخت لە گوندی موچەك کە دەکەوێتە دووری ٦کم لە ڕۆژئاوای کۆبانێ و گوندی عەلی شار لە دووری ٧کم لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بوو[٥]. هەمان ڕۆژ نوعمان کۆرتوڵموش (Numan Kurtulmuș) جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند ١٣٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی کۆبانێ و ناوچەکانی دەوروبەری لە ترسی پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو سنوورەکانی تورکیا هەڵاتوون[٦].

ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش لە بەرەی باشووری کۆبانێ بۆ ناوەندی شارەکە لە پێشڕەویدا بوون کە لە ئەنجامدا لە بەرەی باشووردا تەنیا ٨کم مابوو بگەنە شارەکە. ئەمەش ئەوپەڕی نزیکبوونەوەی داعش بوو لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانیان بۆ سەر شارەکە[٧].

داعش بۆ ئەوەی لە شەڕ و پێکدادانەکان سەرکەوتوو بێت هێزەکانی لە بەرەی باشووردا

١. SyriaHR, 3-10-2014.

٢. Al Akhbar English, 3-10-2014.

٣. The Washington Post, 11-6-2015.

٤. The Daily Star, 22-9-2014.

٥. ARA News, 3-10-2014

٦. The Daily Star ،Lebanon, 3-10-2014.

٧. Newsweek, 3-10-2014.

بۆ ٤٠٠٠ چەکدار زیاد کرد و لە ئەنجامی پێشڕەوییە خێراکانیدا توانی دەست بەسەر هەر دوو گوندی ڕۆبی و تەل غەزال و سایلۆیەکی گەنم و دانەوێڵەدا بگرێت، هاوکات ژێدەرەکانی داعش ڕایاندەگەیاند کە توانیویانە دەست بەسەر ژمارەیەك گوند لە بەری ڕۆژئاوای کۆبانێدا بگرن. بەم شێوەیە ناوچەی ڕۆژئاوای کۆبانێ کە خۆی لە چەند گوندێك بە ناوی سیفتەك دەبینێتەوە، بووە هێڵی پێشەوەی شەڕ و پێکدادانەکان، کە داعش لەوەتەی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولەوە هێزی زیاتری لێ جێگیر کردبوو[١].

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول چەکدارانی داعش لە میانی هێرشەکانیادا پێشڕەوی زیاتریان کرد، بە شێوەیەك تەنیا ٢کم لە دووری کۆبانێ بوون و شەڕ و پێکدادانەکانیش بەردەوام بوون. بەم جۆرە داعش توانی بە ڕێژەی ٧٥٪ی ناوچەی کۆبانێ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لە بەرانبەریشدا شەڕڤانان تەنیا کۆبانێ و شارۆچکەی شێرەی بچووك و نزیکەی ١٥ گوندی نزیك لە شارەکەیان بە دەستەوە مابوو[٢].

ڕۆژی ٢٦ی ئەیلوول چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر گردۆڵکەیەکدا گرت کە بە دەست شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ەوە بوو و ١٠کم لە ڕۆژئاوای کۆبانێوە دوور بوو، هاوکات داعش توانی دەست بەسەر گوندێکی تردا بگرێت کە تەنیا ٧کم لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێوە دوور بوو[٣].

### گەمارۆدانی کۆبانێ و بۆردومانی ئاسمانیی هاوپەیمانان

فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش (The international coalition against the Islamic State)[٤] دژ بە داعش ڕۆژی ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠١٤ بۆ یەکەم

---

١. Newsweek, 3-10-2014.

٢. AJE Live Events, 3-10-2014.

٣. Reuters, 3-10-2014.

٤. ئەو هاوپەیمانییەتییە بوو بە سەرکردایەتی ئەمریکا کە بیست وڵاتی جیهانی لەخۆگرتبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە ناو چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانییەتییەدا بۆ یەکەم جار ڕۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٤ دەستیان بە هێرشەکانیان بۆ سەر چەکدارانی داعش دەستپێکرد، دوای ئەوەی باڕاك ئۆباما سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا لە وتارێکدا ڕایگەیاند: "خراپی بارودۆخ لە عێراق و هێرشە دڕندانەکەیان بۆ سەر ئێزدییەکان باوەڕیان بە ئەمریکا هێنا کە هێزەکانیان دەستوەردان بکەن بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی ئەمریکی لە ناوچەکە و کەمینەی ئێزدی و

جار بۆردوومانی ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانێیان کرد و چەند شوێنێکیان لە گوندی عەلی شار لە دووری ٤کم لە ناوەندی کۆبانێ بە ئامانج گرت، کە داعش وەك ناوەندی سەرکردایەتی خۆی سوودی لێ وەردەگرت[١].

سەرەڕای ئەوەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆردوومانی ئەو شوێنە هەستیارانەی ڕێکخراوی داعشیان لە هێڵی پێشەوەی جەنگدا کرد، بەڵام داعش بەردەوام بوو لە مووشەکبارانکردن و تۆپبارانکردنی ناوەندی کۆبانێ کە لە ئەنجامدا ژمارەیەك بریندارى لێ کەوتەوە[٢]. هەندێك پێیان وابوو جدینەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بۆردوومانکردنی چەکدارانی داعش و هێشتنەوەی ئەو بۆردوومانانە تا ڕادەیەك بە شێوەی نهێنی و بە داخراوی، هۆکارەکەی ئەوە بوو کە ئەمریکا ئامادە نەبوو تورکیا نیگەران بکات، چونکە تورکیا هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی لەم بارودۆخەدا کورد شکست بهێنێ[٣].

ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوول ١٥٠٠ چەکداری کورد لە باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا)وە گەیشتنە کۆبانێ[٤]. ڕۆژی دواتر واتە ٢٩ی ئەیلوول چەکدارانی داعش لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ نزیکتر بوونەوە بە شێوەیەك تەنیا ٥کم لە دووری کۆبانێ بوون و بەردەوامیش ناوەندی شارەکەیان مووشەکباران و تۆپباران دەکرد[٥]. هەروەها ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوول هێزەکانی داعش لە بەرەی ڕۆژهەڵات پێشڕەوییان کرد، بە شێوەیەك نزیکەی ٢ بۆ ٣کم لە کۆبانێ نزیك بوونەوە[٦]. ژێدەرەکان لە میانی شەڕ و پێکدادانەکانی ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوول بڵاویان کردەوە کە شەڕڤانانی کورد توانیویانە دوو تانکی داعش تێکبشکێنن،

---

بەرگرتن لە پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوە بەرەو هەولێر". هەروەها ئۆباما ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤ ڕایگەیاند: "فەرمانم بە فڕۆکەکانی ئەمریکا کردووە هێرشەکانیان بۆ سەر پێگەکانی داعش لە سووریا ئەنجام بدەن بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی کۆنگرێس، هەروەها فەرمانم کردووە هێرشەکانیان لە عێراقیش چڕ بکەنەوە". فەرەنسا، ئیماراتی عەرەبی، بەحرێن، ئوردن، سعوودییە، بەلژیکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، دانیمارك، هۆڵەندا، نیوزلاندا، ئیسپانیا، تورکیا و پورتوگال دیارترینی وڵاتانی ناو هاوپەیمانییەتییەکە بوون.

١. Cihan News Agency, 3-10-2014.

٢. ReuterS, 27-9-2014.

٣. The Independent, 28-9-2014.

٤. The New Indian Express, 3-10-2014.

٥. The Daily Telegraph, 29-9-2014.

٦. SyriaHR, 30-9-2014.

هاوکات چەکدارانی داعش لە بەرەی ڕۆژئاوای کۆبانێ دەستیان بەسەر گوندی سەفتیکدا گرت و کردیانە ناوەندێکی نوێ بۆ هێرشکردنە سەر کۆبانێ، هەمان ڕۆژ گوندی کازکانیشیان دەست بەسەردا گرت[١].

ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو بەری باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆبانێ پێشڕەویان کرد، لە بەرانبەردا هێزە کوردییەکان زیاتر کشانەوە، کە لە ئەنجامدا چەکدارانی داعش توانیان دەست بەسەر گوندێکی نزیك لە کۆبانێدا بگرن و لە دەروازەی سنووری شارەکە لەگەڵ تورکیا بە دووری ١کم نزیك ببنەوە[٢]. لێرەدا شەڕڤانانی کورد پێگەکانی خۆیان لە ناوەندی کۆبانێ زیاتر قایم کرد وەك ئامادەکاری بۆ شەڕێکی سەخت و کۆڵان بە کۆڵان لە ناوەندی کۆبانێ[٣]. ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزە کوردییەکان بەهۆی کەمی چەك و تفاقی سەربازی ناچار بوون لە دەوروبەری کۆبانێ بکشێنەوە، کە هاوکات چەکدارانی داعش خێراتر بەرەو ناوەندی شارەکە پێشڕەویان دەکرد[٤]. بە گەیشتنی چەکدارانی داعش بۆ دەوروبەری شاری کۆبانێ بڵاو کرایەوە کە چەکدارەکانی ئەو ڕێکخراوە ئەشکەنجەی هاووڵاتیانی مەدەنییان داوە کە هەڵاتوون و سووکایەتییان پێ کردوون و دەستدرێژییان کردووەتە سەر ئافرەتەکان و ژمارەیەك لە پیاوەکانیان کوشتوون[٥]، تەنانەت سەری بەشێك لە پیاوەکان و چەند ئافرەتێکیان بڕیوە و لە جەستەیان کردوونەتەوە[٦].

ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش لە کۆی ٣٥٤ گوندی دەوروبەری کۆبانێ دەستیان بەسەر ٣٥٠ گونددا گرت[٧]، پێشڕەوییەکانیان هێندە خێرا بوو تەنانەت لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە چەند مەترێك دوور بوون[٨]. ئەو ڕۆژە شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا کە لە ئەنجامدا ٥٧ چەکداری ڕێکخراوی داعش لە بەشی ڕۆژهەڵاتی

١. The Huffington Post, 3-10-2014.
٢. ABC News (Australia), 3-10-2014.
٣. Bloomberg BusinessWeek, 1-10-2014.
٤. ARA News, 3-10-2014.
٥. The Guardian, 4-10-2014.
٦. International Business Times UK, 3-10-2014.
٧. Reuters, 5-10-2014.
٨. SOHR, 3-10-2014.

کۆبانێ کوژران، هاوکات لە بەشی باشووردا سەرکردەیەکی عێراقی ڕێکخراوەکە و هەشت چەکداری تریان لە لایەن شەڕڤانانی کورد کوژران.

ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەم چەکدارانی داعش تێیدا دەستیان بەسەر دەروازەکانی چوون و هاتنی بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆبانێدا گرت، هەروەها بەرزاییەکی ستراتیژیی و تاوەرێکی ڕادیۆیان دەست بەسەردا گرت. هەر هەمان ڕۆژ لە لایەن شەڕڤانانی کوردەوە پشتڕاست کرایەوە کە چەکدارانی داعش چوونەتە ناو چەند بەشێکی باشووری ڕۆژئاوای شارەکە و شەڕیش تێیاندا بەردەوام بوو[١].

مایەی ئاماژەبۆکردنە فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ماوەی ٢٨ی ئەیلوول تاوەکو ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ واتە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لانی کەم حەوت جار بەسەر ئاسمانی کۆبانێدا سووڕانەوە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش، لە کاتێکدا لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا هیچ پێگەیەکی چەکدارانی ڕێکخراوەکە بە ئامانج نەگیرا و بۆردوومان نەکرا[٢]، بەڵام ڕاپۆرتە هەواڵەکان بڵاویان کردەوە لە درەنگانی ئێوارەی ٣ی تشرینی یەکەم چەند پێگە و جێگەیەکی چەکدارانی ڕێکخراوەکە لە لایەن ئەمریکاوە بە ئامانج گیراون[٣]. شەوی ٣ لەسەر ٤ی تشرینی یەکەم توانرا بەر لە هەوڵێکی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش بگیرێت بۆ چوونە ناو کۆبانێ[٤]، بۆ بەیانییەکەی واتە ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەم، فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دووبارە بۆردوومانی چەند پێگە و جێگەیەکی چەکدارانی ڕێکخراوەکەیان کرد کە بەهۆیەوە ناوەندی پرۆسەکانی گواستنەوە و گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ چەکدارانی ڕێکخراوەکە و یەکە چەکدارییەکان و تۆپخانەکان و ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوە و شوێنگۆڕکێپێکردنی چەکدارەکانی بە ئامانج گیران[٥]. بەم شێوەیە کۆبانێ بە ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی چۆڵ کرا، جگە لەوانە نەبێت کە بەرگریان دەکرد ئەوانی تر بەرەو تورکیا هەڵاتن[٦]، هەروەها

١. The Daily Star, 6-10-2014.

٢. The Guardian, 3-10-2014.

٣. Agence France-Presse, 4-10-2014.

٤. Daily Mail, 6-10-2014.

٥. US Department of Defense, 5-10-2014.

٦. Daily Mail, 6-10-2014.

ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەم دوایەمین ڕۆژنامەنووسی بیانی ئەو شارەی بەجێهێشت[١] و ٩٠٪ی دانیشتوانی شارەکەش بۆ دەرەوە گوازرانەوە[٢].

کۆبانێ بە گوێرەی ئامارە کوردییەکان بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ دانیشتوانەکەی بە ٦٠٠٠٠ هەزار کەس هەژمار دەکرا، هەروەها لە کاتی هێرشی گروپە جیهادییەکاندا نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ هەزار کەسی لەخۆگرتبوو کە لە شەڕەکانی پێشوو خۆیان گەیاندبووە شارەکە، بەڵام وەك باس کرا چەکدارانی داعش لە ٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا توانیان دەست بەسەر ٣٥٠ گوند و شارەدێ و شارۆچکەی کوردی نزیك لە کۆبانێدا بگرن[٣]، ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوون و بێشوێنبوونی نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد کە لە سووریاوە چوونە پارێزگای شانلی ئورفا لە کوردستانی تورکیا[٤]. هەروەها لە سەرەتاکانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥دا ئەو ژمارەیە بۆ ٤٠٠٠٠٠ هەزار کەس بەرز بووەوە[٥].

یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بە پشتیوانی ژووری هاوبەشی ئۆپەراسیۆنەکانی بورکانی فوڕات و هەندێك هاوکاریی سوپای سووریای ئازاد و هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی توانی دەست بەسەر کۆبانێدا بگرێتەوە. بە شێوەیەك کورد توانیان چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە کۆبانێ دەربکەن کە ماوەی دوو ڕۆژ بوو چووبووە ناو شارەکە، بەڵام لە دوای خۆیان لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا زیاتر لە ١٧٠ هاووڵاتی مەدەنیان کوشتبوو، کە هەندێکیان بەهۆی بۆردوومان و هەندێکی تر بە قەناس و هەندێکی دیکەیان بە چەکی تر کوژرابوون[٦].

مایەی سەرنجە چەکدارانی داعش دەستیان لە ئازاردان و ئەشکەنجەدانی کەس نەدەپاراست، بە گوێرەی ئەوانەی شایەتحاڵ بوونە، چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە ژمارەیەك منداڵیان لە کۆبانێ دەستبەسەر کردبوو و لە میانی دەستبەسەرکردنیاندا بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردبوون و ئەشکەنجەیان دابوون، تەنانەت چوار منداڵ کە دواتر بۆ میدیاکان

١. BBC News, 4-10-2014.

٢. Al-Akhbar English, 6-10-2014.

٣. International Business Times, 10-2014.

٤. The Daily Star,14-10-2014.

٥. Mother Jones, 15-7-2015.

٦. Swissinfo.ch, 27-6-2015.

قسەیان کردبوو ئاماژەیان بەوە کردووە کە ماوەی چوار مانگ لەگەڵ نزیکەی ١٠٠ منداڵی تر لە لایەن چەکدارانی داعش دەستبەسەر کرابوون کە زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان ١٤ بۆ ١٦ ساڵ بووە و ڕووبەڕووی چەندین ئازار و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە. ئەو منداڵانە کە دواتر ئازاد کرابوون، سەرنجیان بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کە لە ماوەی مانەوەیان لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش بە سۆندە و کێبڵی کارەبا ئەشکەنجە دراون و ناچار کراون ئەو گرتە ڤیدیۆییانە تەماشا بکەن کە چەکدارانی داعش چۆن هێرش دەکەن و چۆن سەری خەڵك دەبڕن[1]!

چەکدارانی ڕێکخراوی داعش هەر زوو لە ٢٩ی ئایاری ٢٠١٤دا نزیکەی ٢٥٠ قوتابی کوردی خەڵکی کۆبانێیان دەستگیر کرد کاتێك لە هۆڵی تاقیکردنەوەکانی پۆلەکانی ناوەندی لە شاری حەلەب دەگەڕانەوە کۆبانێ، لە لایەکی ترەوە چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە ١٥٣ مێردمنداڵی تریان لە قوتابخانەیەکی شاری منبج کە ٥٥کم لە باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ دوورە، دەستگیر کردبوو کە دواتر ٥٠ مێردمنداڵ لە ماوەی نێوان حوزەیران بۆ ئەیلوولی ٢٠١٤ ئازاد کران و ١٥ی تریش لەگەڵ ژمارەیەك لە چەکدارانی ڕێکخراوەکە کە لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) دەستگیرکرابوون، ئاڵوگۆڕیان پێ کرا. دواتر داعش ٧٥ مێردمنداڵەکەی تری ئازاد کرد. یەکێك لەو مێردمنداڵانە کە هیومان رایتس ووچ (Human Rights Watch)[2] دیمانەی لەگەڵ کردووە باسی لەوە کردبوو کە پاسەوانەکانی داعش پێ و سك و پشتیان بە کێبڵی کارەبایی ئەشکەنجە داون، بە شێوەیەك باس لەوە دەکات کە یەکێك لە مێردمنداڵەکان کاتێك ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان بووەتەوە هاواری دایکی کردووە، بەڵام بەم هۆیەوە سزاکەی سەری قورستر بووە و بردوویانەتە ژوورێك و هەر دوو دەستیان لە پشتی بەستاوەتەوە و پێیان وتووە لە کاتی ئازار لە بری ئەوەی هاوار بۆ دایکت بکەیت، هاوار بۆ خودا بکە[3]. ئەو مێردمنداڵانە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەزۆر و بە ناچاری ڕۆژانە پێنج نوێژیان پێکردوونە و فێری زانستە ئیسلامییەکانیان کردوون و مامۆستاکانیان هانیان دەدان و ناچاریان دەکردن کە ئەو دیمەنانە سەیر بکەن کە چەکدارانی داعش چۆن

---

١. رویترز، تشرين الثاني ٢٠١٤.

٢. ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مەدەنییە و ئەرکی بەرگریکردنە لە مافەکانی مرۆڤ و بارەگاکەی لە نیویۆرکی ئەمریکایە. ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە بۆ دڵنیابوونەوە لە یەکێتی سۆڤیەت کە ئایا ڕێز لە ڕێککەوتننامەکانی هلسنکی دەگرێت.

٣. رویترز، تشرين الثاني ٢٠١٤.

شەڕ دەکەن و چۆن سەری دیلەکان لە جەستەیان لێ دەکەنەوە[1].

بە گوێرەی گێڕانەوەی ئەو مێردمندالآنە، پاسەوانان و مامۆستایانی ئایینی لە قوتابخانەکانی سەر بە ڕێکخراوی داعش تێکەڵەیەك بوونە لە عەرەبی سووری، ئوردنی، سعوودی، لیبی و توونسی، بەڵام سوورییەکان لە هەمووان زیاتر توندوتیژتر بوونە نەخاسمە ئەبو شەهید ناوێك لە قوتابخانەیەکی نزیك لە حەلەب ئەوپەڕی توندوتیژی دژ بە مێردمنداڵەکان بەکار هێناوە. یەکێك لە مێردمنداڵەکان کە تەمەنی ١٦ ساڵ بووە باسی لەوە کردووە کە چەند جارێك بە دەستی مامۆستاکانی ئەشکەنجەی سەخت دراوە بە تایبەت کە بۆ ئەشکەنجەدانیان لقەداری تەڕ و جۆرە کێبڵێك کە بە ماددەی ئاسن و فافۆن ناوپۆش کرابوو بەکار دەهێنرا، هەندێك جاریش ئەشکەنجەدانیان لە ناو ئۆتۆمبێل بووە، بە شێوەیەك لە هەندێك کاتدا بۆ ڕەوایەتیدان بە ئەشکەنجەدانیان تۆمەت و پاساوی ناڕاستیان بۆ هەڵبەستوون. مێردمنداڵەکان باسیان لەوە کردووە کە مامۆستاکان و پاسەوانەکانی داعش بەزۆر قورئانی پیرۆزیان فێرکردوون و ئەوانەشی فێری نەدەبوون، سزایەکی توند دەدران و تەنانەت ژەمی نانخواردنیان لەسەر کەم دەکردنەوە[2]. ژمارەیەك هاووڵاتی ناوچەکانی کۆبانێ کە لە ئایاری ٢٠١٤دا لە لایەن چەکدارانی داعش دەستگیر کرابوون قسەیان بۆ ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ کردووە و وتوویانە کە ئەوان لەگەڵ ژمارەیەك منداڵ و ژمارەیەك هاووڵاتی تر لە پیاوان و ئافرەتان لە گوندێکی نزیك کۆبانێ لە لایەن چەکدارانی داعش دەستگیر کرابوون، کە بەشێکیان وەك بارمتە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا بۆ ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) دیلەکانی داعش ئازاد بکات[3].

ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و هاوپەیمانەکانی بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شانبەشانی یەکتری هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنەوەی کۆبانێیان دەستپێکرد، بۆیە چەکدارانی داعش پاشەکشەیان کرد، بەم شێوەیە ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەم تەواوی ناوەندی شارەکە لە داعش پاك کرایەوە، بەڵام هێشتا زۆربەی گوندەکانی سەر بە شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعشدا

---

١. رويترز، تشرين الثاني ٢٠١٤.

٢. ئەو مامەڵە و ڕەفتارەی مامۆستایان و چەکداران و پاسەوانەکانی داعش لەگەڵ ئەو مێردمندالآنە بۆ فێربوونی قورئانی پیرۆز بە ناچاری و بەزۆر، پێچەوانەی دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆزە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ((لآ إكراه في الدين)) البقرة/ ٢٥٦. واتە زۆرلێکردن و ناچارکردن لە ئاییندا نییە.

٣. رويترز، تشرين الثاني ٢٠١٤.

مابووەوە[1]. گروپە چەکدارە کوردییەکان و هەندێك لە گروپە چەکدارە عەرەبییەکان کە هاوپەیمانی یەکتری بوون هاوکات بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش توانیان هەڵمەتێکی بەرفرەوان بۆ دەکردنی داعش لە سنوورەکانی دەوروبەری کۆبانێ دەستپێبکەن، بە شێوەیەك توانیان تاوەکو ڕۆژی ٢ی شوباتی ٢٠١٥ چەکدارانی داعش لە ڕیفی دیمەشق بە درێژایی ٢٥کم دوور بخەنەوە[2]. هەروەها لە کۆتاییەکانی نیسانی ٢٠١٥دا داعش نزیکەی تەواوی ئەو گوندانەی کۆبانێ لە دەست دا کە داگیری کردبوون، بەڵام هەندێك لە گوندەکانی بەشی باکووری ڕۆژئاوای لە پارێزگای ڕەققەی پایتەختی لە ژێر دەستدا مابوو. چەکدارانی داعش لە کۆتاییەکانی تەممووزی ٢٠١٥دا هێرشی نوێیان بۆ سەر کۆبانێ ئەنجام دا کە لانی کەم بووە هۆی کوژرانی ٢٣٣ هاووڵاتی[3]، بەڵام هەر زوو وەڵامی هێرشەکەیان درایەوە و شەڕڤانان توانیان لە ڕێگەی تەقاندنەوەوە بچنە ناو ئەو قوتابخانەیەی کە چەکدارانی داعش وەك دوامۆڵگەی خۆیان لە باشووری ڕۆژئاوای شارەکە بەکاریان دەهێنا[4]. ڕێدوور خەلیل، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لەم بارەیەوە ڕایگەیاندبوو چەکدارانی داعش کە ژمارەیان نزیکەی ٣٥ کەس دەبوو لە بەری باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ بە پێنج ئۆتۆمبێل، کە ئاڵای سوپای سووریای ئازادیان هەڵکردبوو هێرشەکەیان ئەنجام دا. سەرەتا کە گەیشتنە نزیك دەروازەی سنووری شارەکە لەگەڵ تورکیا یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکانیان تەقاندەوە، دواتر دەستیان بە تەقەی هەڕەمەکی کرد لە ئەنجامدا ژمارەیەك هاووڵاتی کە ئافرەت و منداڵیشیان لە ناودا بوو، بوونە قوربانی، بە شێوەیەك سەرچاوە پزیشکییەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە بەهۆی ئەو هێرشەوە ١٥ هاووڵاتی گیانیان لە دەست دا و ٧٠ی تریش بریندار بوون. هەر لە بارەی ئەو هێرشەوە ڕۆژنامەنووس مەحموود بالی کە ئەو کات لە کۆبانێ بوو، باسی لەوە کردبوو کە ٩ چەکداری داعش خۆیان تەقاندەوە، لە ئەنجامیشدا ٢٣ هاووڵاتی کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون کوژران، لە لایەکی تر بەشێك لە شایەتحاڵەکان بە ئاژانسەکانی هەواڵیان ڕاگەیاندبوو کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە خۆکوژییەدا ٥٠ کەس بوونەتە قوربانی، هەروەها داعش لە هەمان کاتدا ٢٥

---

١. BBC News, 26-1-2015.

٢. "Islamic State in Syria withdrawing from Kobani outskirts: monitor" ،Reuters، 2-2-2015.

٣. Islamic State kills at least 145 civilians in Syria's Kobani " ،Reuters. 26-6-2015.

٤. Swissinfo.ch, 27-6-2015.

هاووڵاتی تری لە گوندی بەرخ بۆتان لە بەشی باشووری کۆبانێ سەر بڕی بوو[1].

ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥ دوای چەند مانگێك لە ئازادکردنی کۆبانێ لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل و بە پشتیوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، داعش هێرشێکی بەربەرییانە و هەڕەمەکی بۆ سەر شارەکە ئەنجام دا، کە بەهۆیەوە سەدان قوربانی لێ کەوتەوە و زۆربەیان هاووڵاتیانی بێتاوان بوون، ئەو تاوانەی چەکدارانی داعش لە ئاستی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی بوو! مایەی سەرنجە دوای حەوت ساڵ کە بەسەر ئەو کوشتارگەیە کە بە (شەوی ستەم) ناو دەبرێت تێدەپەڕێت، بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی ورد و بێگەرد لە بارەیەوە نەکراوە کە ئایا چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش چۆن توانییان بەو هەموو چەك و تفاق و ئۆتۆمبێلە سەربازییانە بگەنە ناو شارەکە و چۆن لە لایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە چاودێری نەکران و بە ئامانج نەگیران؟ هەروەها جێی پرسیارە کە چەکدارانی داعش چۆن توانیان بچنە ناو ماڵەکان و دەست بۆ کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی درێژ بکەن، لەو کاتەی کۆبانێ بە تەواوەتی لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)دا بوو و بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئاسایشی شارەکە و دانیشتوانەکەی لە ئەستۆی ئەودا بوو[2]؟

بە بۆچوونی حەسەن دوغێم، شارەزا لە کاروباری گروپە ئیسلامییە توندئاژۆکان، ئەو هێرشە نوێیانەی داعش بۆ سەر کۆبانێ مایەی سەرسوڕمان نین، نەخاسمە کە ڕێکخراوی داعش لە بنەڕەتدا ئامانجی تەقاندنەوەی ناوچەکەیە و مەبەستییەتی ململانێ و پێکدانان لە نێوان سوننە، شیعە و کورد بهێنێتە ئاراوە[3]. هاوکات ڕێدوور خەلیل سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کە چەکدارانی داعش بە ناو هەندێك لە گەڕەکەکانی کۆبانێ بڵاوەیان کردبوو، سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ دەستگیرکردنیان دەستپێکردبوو، کە لە ئەنجامدا سێ لەو چەکدارانەی داعش بۆ سنوورەکانی تورکیا پەڕی بوونەوە، بەڵام ئەوانەی لە ناو شارەکە مابوونەوە هەماهەنگیان لەگەڵ یەکتری هەبووە و ئەو کوشتارگەیەیان دژ بە دانیشتوانی شارەکە ئەنجام دا. لە لای خۆیانەوە بەشێك لە شایەتحاڵەکان پێیان وابووە کە چەکدارانی داعش بەر

١. إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

٢. الأمانة العامة للمجلس الوطني الكردي في سوريا، ٢٠٢٢/٦/٢٥. في موقع البارتي الطليعي الكردستاني- سوريا.

٣. إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

لەوەی کوشتارگەکە ئەنجام بدەن، لە خاکی تورکیاوە خۆیان گەیاندبووە ناو کۆبانێ[١].

لە لایەکی ترەوە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کە لە لایەن سوپای سووریای ئازاد و فڕۆکەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێ دەکرا، توانی دوای کۆبانێ هەر دوو شارۆچکەی گرێسپی و تەل عیسا لە ژێر دەستی داعش دەربهێنێت و بیانخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەمەش خۆی لە ڕەققەی ناوەندی پایتەختی داعش نزیك کردەوە[٢]. لە ڕاستیدا دوای ئازادکردنی گرێسپی و چەند شوێنێکی تر لە لایەن (YPG)ـە و بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥دا، گەمارۆی سەر کۆبانێ کۆتایی هات و ناوچەکە بووە یەك ناوچەی جوگرافی[٣].

ئاشکرایە هێرشی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر ڕێکخراوی داعش زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی بە ڕێکخراوەکە گەیاند، بە شێوەیەك ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەهۆی هێرشی فڕۆکەکانی هاوپەیمان ١١٩٦ چەکداری لە کۆی ١٧٣٧ چەکداری لەو شەڕانە لێ کوژراوە.

لە ڕاستیدا هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەیانتوانی لە هەفتەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەکە ڕێگە لە پێشڕەوییەکانی هێزەکانی چەکدارانی داعش بگرن، بەڵام بە باشیان زانی شەڕەکە بۆ ماوەیەك درێژە بکێشێت، چونکە پێیان وابوو کۆبانێ نێچیرگەیەکە و ناوچەکە ناوچەیەکی نموونەییە بۆ شەڕی دژ بە چەکدارانی ڕێکخراوی داعش، کە ئەمەش بووە یارمەتیدەر بۆ لاوازکردنی پلانی چالاکییەکان لە لایەن سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە و سووربوونیان لەسەر بەردەوامیدان بە شەڕێك کە تێیدا شکست دەهێنن[٤].

---

١. إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

٢. إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

٣. إبراهيم مسلم، قصة (گرێ سپي).. أو تل أبيض بعد تعريبها، ١١ شباط ٢٠١٥، موقع (Basnews).

٤. الجزيرة. نت، ٢٠١٥/٢/١.




نەخشەی تایبەت بە بارودۆخی سەربازی کۆبانێ لە سەرەتای هێرشی داعش بۆ سەر شارەکە لە ١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٥

ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG).

ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی سووری.

ناوچەی ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش.

## پاژی چوارەم: کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان

لە ڕاستیدا کۆبانێ لەسەر ئاستی عەرەبی و جیهانی بایەخێکی زۆری پێ درا، بە تایبەت بەهۆی ئەو بەرگریی و خۆڕاگرییەی بەرانبەر بە چەکدارانی ڕێکخراوی داعش نیشان درا[1]. پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە ئەیلوولی ٢٠١٤دا، واتە لە سەرەتای هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، هەڕەشەی دەستپێکردنەوەی شەڕی لە دژی حکومەتی تورکیا کرد، چونکە پێیوابوو تورکیا پشتیوانی لە ڕێکخراوی داعش دەکات لە هێرشەکانی بۆ سەر کۆبانێ[2]. لە لای خۆیەوە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ١ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ ئەو هەڕەشانەی پەکەکەی دژ بە حکومەتی تورکیا دووپات کردەوە[3].

سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایە سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرۆشی بارودۆخی کۆبانێ بوو، بۆیە هەر دوای هێرشی یەکەمی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش بۆ سەر شارەکە داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەرگری لە کۆبانێ بکەن. لە هەمان کاتدا فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە سەرۆك مسعود بارزانی هانی ئەو وڵاتانە دەدات کە دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش شەڕ دەکەن، هاوکاری گەل و شەڕڤانانی کۆبانێ بکەن.

ئاشکرایە هەر زوو دوای بڵاوبوونەوەی ئەو لێدوانەی فوئاد حسێن ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی لە هەواڵەکانی ڕۆژانەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بارزانی داوای لە تورکیا کردووە ڕێگە بە پێشمەرگە بدات بە ناو خاکی ئەو وڵاتە تێپەڕێت بۆ ئەوەی بچێتە کۆبانێ و ڕێگری بکات لە کەوتنی ئەو شارە بە دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش. ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ فڕۆکەکانی ئەمریکا هاوکارییە سەربازی و پزیشکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان گەیاندە کۆبانێ. دوای چەند ڕۆژێك ١٥٠ پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ئامادە کران بۆ ئەوەی بەرەو کۆبانێ ڕەوانە بکرێن، ئەوە بوو لە ٣٠ی تشرینی یەکەمدا ئەو پێشمەرگانە خۆیان و چەکە قورسەکانیان گەیشتنە شارەکە.

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان نارەزایەتیان بەرانبەر بە

١. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٢. Al-Monitor, 3-10-2014.

٣. Reuters, 3-10-2014.

ناوچەی کۆبانێ و هەڵە ستراتیژییەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) دەربڕی بە تایبەت بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتیان بە شێوەی چەوساندنەوەی ئەوانی تر پیادە دەکرد و هاوکار نەبوون بۆ گەیاندنی هاوکاری و پشتیوانییەکان[١]. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکەوتی ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ڕایگەیاند هاوکاری مرۆیی و پشتیوانی سەربازیی دەگەیەنێتە کۆبانێ. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە لای خۆیەوە ئاماژەی بەوە کردبوو کە کۆبانێ سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گرنگە، بۆیە لە هیچ هەوڵێك سڵ ناکەنەوە بۆ ڕزگارکردنی[٢].

هەر لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە پێشهاتەکانی کۆبانێ دەربڕی و داوای لە وڵاتانی عێراق، ئێران و تورکیا کرد هاوکاری کورد بکەن لە کۆبانێ[٣].

لەسەر ئاستی ناوخۆی سووریادا بە هەمان شێوە هەڵوێستی جیاجیا هەبوو، سوپای سووریای ئازاد (الجيش السوري الحر)[٤] لەسەر زاری یەکێك لە فەرماندەکانی بە ناوی عەقید مالیك کوردی ڕەخنەی لە هەڵوێستی ئەمریکا گرت کە لە ڕێگەی فڕۆکەوە هاوکاری و پشتیوانی سەربازی دەگەیەنێتە هێزە کوردییەکان لە کۆبانێ. ناوبراو پێیوابوو مایەی سەرسوڕمانە کە ئەمریکا چەك بە کورد دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش کە ماوەیەکی کەم بوو لە کۆبانێ شەڕیان دەکرد، لە کاتێکدا ئۆپۆزسیۆنی ناسراو و دیاری سووری ماوەی سێ ساڵ بوو شەڕی سوپای حکومەتی سووریای دەکرد کە چەندان تاوانی جەنگی ئەنجامدا بوو، بەڵام لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە هیچ جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکی سەربازی و ستراتیژی نەکرابوو[٥].

لە لایەکی ترەوە هەر سەبارەت بە هەڵوێستی سوپای سووریای ئازاد عەقید عەبدولجەبار عگێدی فەرماندە لە سوپای سووریای ئازاد لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ وائیل حیجار نێردراوی کەناڵی (BBC) ڕایگەیاندبوو کە نزیکەی ٢٠٠ چەکداری سوپای سووریای ئازاد

---

١. Rûdaw, 6-10-2014.

٢. Financial Times., 12-10-2014.

٣. واي باك مشين موقع Iranian Diplomacy .

٤. لە ١٩ی تەمموزی ٢٠١١ لە لایەن ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپای سووریا کە دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا بوون، دامەزراوە.

٥. dailysabah.com. 23 October 2014.

چوونەتە کۆبانێ بۆ ئەوەی لەپاڵ بەرگریکارانی تر ڕێگە لە کەوتنی شارەکە بە دەستی داعش بگرن، هاوکات سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشا بوو کە دوابەدوای ئەو هێزە دووسەد کەسییە، بڕیارە هێزێکیتریش بگاتە شارەکە[١].

لە لای خۆیەوە حکومەتی سووریا نیگەرانی خۆی دەربڕی کە ناتوانێت هێرشی ئاسمانی بۆ سەر چەکدارانی داعش لە کۆبانێ ئەنجام بدات، هەروەها ڕایگەیاند کۆبانێ لەسەر سنووری تورکیا نزیکە، بۆیە فڕۆکەکانی سووریا ڕەنگە بەم هۆیەوە سنوورەکانی تورکیا ببەزێنن و بخرێنە خوارەوە[٢]. هاوکات وەزارەتی دەرەوەی سووریا لە ڕاگەیانراوێکدا باسی لەوە کردبوو کە هەر چالاکییەکی سەربازی تورکیا لە ناو خاکی سووریادا بە دوژمنکاری لە قەڵەم دەدرێت[٣]. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی سووریا تووڕەبوونی خۆی بەرانبەر بە بڵاوبوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە کۆبانێ دەربڕی و ڕایگەیاند بەشداریکردنی پێشمەرگە لە شەڕ و پێکدادانەکانی کۆبانێ بەڵگەیە لەسەر ڕۆڵی پیلانگێڕی تورکیا لە سووریا[٤].

لە ڕاستیدا ئێران پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا هەبوو و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا سووریا لەو قۆناغەی تێیدا بوو بە تایبەت لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە ٢٠١١ ڕزگاری ببێت، بۆ ئەو مەبەستەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تایبەت لە میانی گروپە ملیشیاکانەوە هاوکاری و پشتیوانی سەربازی پێشکەش بە حکومەتی سووریا دەکرد. هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانێ و کاردانەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەرانبەر بە پێشهاتەکانی شارەکە وایکرد ئێرانیش بە دەنگ بێت و هەڵوێست نیشان بدات بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر زاری مەرزییە ئەفخەم وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە پشتیوانی خۆی بۆ حکومەت و گەلی سووریا لە شەڕی دژ بە تیرۆریستان لە ناوچەکە دووپات کردەوە و داوای کرد هەر چی زووە هاوکارییە مرۆییەکان بگاتە هاووڵاتیان و ئاوارەبووانی سووری. ئەفخەم هەروەها ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرت کە بایەخ بە چارەنووسی کۆبانێ نادات و ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرفەتێکی نزیکدا و لە ڕێگەی حکومەتی سووریاوە هاوکارییە مرۆییەکان دەگەیەنێتە

---

١. BBC, 20-10-2014.

٢. Rudaw, 3-10-2014.

٣. Al Jazeera, 4-10-2014.

٤. The Washington Po, 2-11-2014.

دانیشتوان و ئاوارەکانی ناوچەکە[1]. وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەسەر زاری وتەبێژەکەیەوە ڕەخنەی توندی لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرت لە بارەی دۆخی کۆبانێ و بە هەڵوێستێکی نەرێنی لە قەڵەم دا، هاوکات بە پێویستی زانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا بکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆریستان.

مایەی وەبیرهێنانەوەیە ئەم لێدوانانەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دوای ماوەیەکی کورت لە وتارێکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا هات، کە هۆشداری دابوو لە کەوتنی کۆبانێ لە لایەن چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام[2].

لە لای خۆیەوە حەسەن ڕۆحانی سەرۆککۆماری ئێران ئامادەیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سعوودییە سەبارەت بە ڕێگە چارەسەرییەکانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا، بە مەرجێك ئەو دانوستانانە دەستەبەری ئاشتی و دیموکراسی لە سووریا بکەن کە ململانێکان ئەو وڵاتەیان پارچە پارچە و دابەش کردووە.

ڕۆحانی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ هاینز فیشەر (Heinz Fischer)[3] سەرۆکی نەمسا ئاماژەی بەوە کرد کە تاران ئامادەیە لەسەر هەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ هەر وڵاتێکی ناوچەکە و جیهان دابنیشێت کە ئەگەر ئەنجامەکەی ئاسایش و ئارامی و دیموکراسی بۆ سووریا لێ بکەوێتەوە. ڕۆحانی سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەم هەڵوێستە بەشێکە لە پابەندبوونی تاران بەرانبەر بە بەها و پێوەرەکانی مرۆیی، نێودەوڵەتی و ئیسلامی[4].

لە سەرێکی ترەوە لە زۆربەی شارە کوردییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێك لە شارەکانی تری ئەو وڵاتە بە تایبەت تارانی پایتەخت، مەشهەد و تەبریز خۆپیشاندانی پشتیوانی بۆ کۆبانێ بەڕێوە چوو، نەخاسمە خۆپیشاندەران لە بەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا لە تاران داوای پشتیوانیان بۆ کۆبانێ دەکرد. ئاشکرایە لە ناو خۆپیشاندەراندا بەشێك لە

---

١. iran-daily.com, 16-4-2017.

٢. dailystar.com.lb, 7-10-2014.

٣. Heinz Fischer: لەدایکبووی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٨ئیە. ساڵی ٢٠٠٤ بە سەرۆکی نەمسا هەڵبژێردراوە، پاشان لە ٢٥ی نیسانی ٢٠١٠ بۆ جاری دووەم وەك سەرۆککۆمار هەڵبژێردرایەوە.

٤. timesofisrael.com, 15-2-2017.

چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەشدار بوون، تەنانەت هونەرمەندی ناسراوی کورد شەهرام نازری و سدیق تەریف مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرت وەك نیشاندانی هەڵوێست بەرانبەر بە ئازارەکانی کورد لە کۆبانێ. بە هەمان شێوە شیرین عەبادی[1] خانمە چالاکوانی ئێرانی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ئافرەتانی کۆبانێ دەربڕی و نیشانی دا کە ئەوان سیمبۆڵی ڕاستەقینەی ئافرەتی بوێرن[2]. هاوکات لە پێگە هەواڵییە موحافیزکارەکانی ئێران داوا لە قاسم سولەیمانی[3] فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی کرا پشتیوانی لە کۆبانێ بکات. دیارە قاسم سولەیمانی بەهۆی پێگەکەیەوە بە شێوەیەکی گەورە و بەرچاو هەماهەنگی و ڕاوێژی لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق و گروپە میلیشیاکانی ئەو وڵاتە هەبوو نەخاسمە دوای ئەوەی چەکدارانی داعش لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤دا بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژئاوای عێراقیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. سولەیمانی بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە ماوەی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە عێراق بینی، لە زۆر شوێنی عێراقدا وێنەکانی بە هەڵواسراوی دەبینرا، تەنانەت ئێرانیش بوونی سولەیمانی لە عێراق و لە چالاکییەکانی دژ بە داعش نەدەشاردەوە. بەشێك لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە سولەیمانی بەشدار بووە لە ڕزگارکردنی شارۆچکەی ئامرلی عێراق و چەکی پێشکەش بە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش، بە شێوەیەك باس لەوە دەکرا کە قورسایی بەرگری لە ناوچەکە دژ بە داعش لە ئەستۆی سولەیمانیدا بووە[4].

---

١. لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی شاری هەمەدانی ئێرانە. پارێزەر و دادوەر و بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤە. ساڵی ٢٠٠٣ بەهۆی چالاکی و هەوڵەکانی لە بواری دیموکراسی و مافەکانی مرڤ بە تایبەت ئافرەتان، منداڵان و ئاوارە و پەناهەندەکان بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی.

٢. rudaw.net, 15.2.2017.

٣. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران لە ٣ی کانوونی ٢٠٢٠ لە لایەن ئەمریکاوە لە شاری بەغدا کوژرا. مایەی سەرنجە عەلی خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران نزیکەی دە ساڵ بوو پێشنوێژی ڕۆژی هەینی بۆ نوێژخوێنانی ئێرانی لە تاران نەکردبوو، بەڵام لە ژێر سۆز و کاریگەری کوژرانی سولەیمانی، ڕۆژی هەینی ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ پێشنوێژی کرد و لە گوتاری هەینیشدا ڕۆژی بەخاکسپاردنی سولەیمانی و ئامادەبوونی ئێرانییەکانی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی بە "ڕۆژی خودا" وەسف کرد.

٤. al-monitor.com, 8.10.2014.

سەبارەت بە هەڵویستی تورکیا بەرانبەر بە هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانێ و دەستبەسەرداگرتنی سەدان گوند لە سنوورەکانی شارەکە، ڕوونە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە وتارێکدا هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا بۆ ئەوەی کار بکەن لە پێناو پاراستنی کۆبانێ و ڕێگە لە کەوتنی بگرن لە لایەن چەکدارانی ڕێکخراوی داعش. ئەردۆغان هەروەها بە پێویستی زانی لە مەیدانی شەڕدا هاوکارییەکان بۆ کۆبانێ دەستپێبکات، چونکە هێرشە ئاسمانییەکان بە تەنیا بارودۆخەکە ناگۆڕن[١]. ئەردۆغان باسی لەوەش کردبوو کە وڵاتەی ڕێگە بە نزیکەی ١٣٠٠ شەڕکەری سوپای سووریای ئازاد دەدات بۆ ئەوەی لە ناو خاکی تورکیاوە بەرەو شاری کۆبانێ بپەڕنەوە و شانبەشانی هێزە بەرگریکارەکانی ناو شارەکە لە دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بجەنگن[٢].

ئەحمەد داوودئۆغڵوو سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕەتی کردەوە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەو دۆخە سەربازی و مرۆییەی لە کۆبانێ دروست بووە تورکیا بووبێت بەهۆی ئەوەی کە سنوورەکانی بە ڕووی شەڕکەرە کوردەکان و هاووڵاتیانی شارەکە نەکردبێتەوە. داوودئۆغڵوو بە هەمان شێوەی زۆربەی بەرپرسانی باڵای تورکیا دژی ئەوە بوو ڕیگە بە کورد بدرێت لە ڕێگەی تورکیا بۆ ناو کۆبانێ بپەڕنەوە و بەرگری لە شارەکە بکەن. هەروەها سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا بوو کە تورکیا هاووڵاتیان بە تەنیا جێناهێڵێت، بەڵکو وتبووی کە تورکەکان دەچینە سووریا، چونکە ئێمە نامانەوێت ببینە بەشێك لە ململانێکانی سووریا[٣]. داوودئۆغڵوو لە دیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی (BBC) جەختی کردبووەوە تورکیا بە هیچ شێوەیەك بەشداری ئۆپەراسیۆنی بەرگریکردن لە کۆبانێ ناکات، مەگەر بۆ ئامانجێکی لەم شێوەیە هاوپەیمانییەك بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێکبهێنرێت. ئۆغڵوو ڕوونی کردبووەوە کە "ستراتیژییەتی کامڵ بە تایبەت بە لای تورکیا، ئەوەیە لێدان لە هێزەکانی دەوڵەتی سووریاش بگرێتەوە". لە بەشێکی تری لێدوانەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە تاکە چارەسەر بۆ کۆبانێ ئەوەیە هەندێك لە وڵاتان نایانەوێت هێزەکانیان بۆ کۆبانێ بنێرن، بەڵکو بە لایانەوە چارەسەر ناردنی چەند هێزێکی کەمە ئەوانیش هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای سووریای ئازادە، کە ئەرکیان زیاتر بەرگری کردنە[٤].

١. Al-Arabiya News, 7-10-2017.

٢. BBC, 29-10-2014.

٣. Al-Arabiya News, 15-10-2014.

٤. BBC, 29-10-2014.

لە پاڵ هەموو ئەوانەدا جووڵەی تورکیا سەبارەت بە کۆبانێ لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە مەولوود چاوشئۆغلوو وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند ڕێگە بە هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانی عێراق دەدەین بە ناو خاکی تورکیا تێپەڕن تا دەگەنە شاری عەینولعەرەب (کۆبانێ)ی سووریا. لە ڕاستیدا ئەو جووڵە گەرمەی تورکیا بە لای هەندێك لە چاودێرانی تورك بۆ ئەوە بوو ئاستەنگ بۆ ئەمریکا دروست بکات لە یارمەتیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD)[١].

لە سەرێکی ترەوە بوڵنت ئارنیچ (Bülent Arınç) جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا بە گاڵتەپێکردنەوە باسی لەوانە کرد کە بەرگریان لە کۆبانێ دەکرد و پێیوابوو کە ئەوان ناتوانن لە جەنگێکدا بمێننەوە کە زۆر مەترسیدارە. هەروەها بەبێ ناوهێنانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ڕفاندنی خەڵك ئاسانە، بەڵام شەڕکردن و بەرگریکردن لە عەینولعەرەب (کۆبانێ) ئاسان نییە! ئارنیچ ڕووە و پارتی یەکێتی دیموکراتی و یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژەی بەوە کرد کە قسەی زۆری بۆیان پێیە، بەڵام نایەوێ قسەکانی درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی هەست بە نیگەرانی و بێئومێدی نەکەن[٢].

یاسین ئاکتای (Yasin Aktay) جێگری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە تورکیا بە هەمان شێوەی ئارنیچ سەرنجی خۆی سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکانی کۆبانێ خستە ڕوو و پێیوابوو ئەوەی لە کۆبانێ ڕوودەدات بریتییە لە شەڕی نێوان دوو ڕێکخراوی تیرۆریستی کە ڕێکخراوی داعش و یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ە[٣].

ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە بارەی ئۆپەڕاسیۆنە ئاسمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گەیاندنی هاوکارییەکان بۆ هێزە کوردییەکان لە کۆبانێ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕای خۆی دەربڕی و پێیوابوو ئەوەی ئەمریکا ئەنجامی دەدا هەڵەیە، چونکە بەشێك لەو چەکانەی ئەمریکا لە جۆری (C١٣٠) لە ڕێگەی ئاسمانییەوە بۆ هێزە کوردییەکانی ناو کۆبانێ دایاندەبەزێنێت، دەکەونە دەست

١. عربي ٢١، ٢٠٢٢/٦/١٧.

٢. The Daily Star, 16-10-2014.

٣. BBC, 10-10-2014.

چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش[١].

نووری مەحموود وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە سۆنگەی هەڵوێستەکانی تورکیا کە بە تەواوەتی نەیاری ئەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەر وڵات و لایەنێکی تر یارمەتیان بدات لە شەڕی کۆبانێ، ڕایگەیاندبوو کە لە سەر ئاستی سەربازیدا دوای ئەوەی بەرگرییەکی باشیان لە شارەکە کرد، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) دروست کرد، کە ئەمەش مایەی سەرنج و ئاوڕلێدانەوەیە، چونکە لە قۆناغەکانی پێشوودا بۆ نموونە کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ویستبای هاوکاری سەربازی پێشکەش بە (شۆڕشی سووریا) بکات، دەبوو لە ڕێگە و نێوەندگیری تورکیاوە بێ، بەڵام دوای شەڕی کۆبانێ هێزەکانی هاوپەیمانان هەنگاوێکی ڕاستەوخۆیان نا و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ەوە دەکەن و میکانیزمێکی کاری بەیەکەوەییان لە نێواندا هەیە، نەخاسمە کە ئەمریکا چاوی لە هەموو ئەو ڕەخنە نەرێنیانە پۆشیوە کە حکومەتی تورکیا بە ئامانجی ڕێگریکردن لەو هاوکارییانەی ئەمریکا ئاراستەی (YPG)ی دەکات[٢]. نووری مەحموود سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا بوو کە لە یەکێك لە گرتە ڤیدیۆکان دەردەکەوێت چەکدارانی داعش لە دواوە بە چڕی تۆپبارانی کۆبانێ دەکەن لە هەمان کاتدا پۆلیسی تورکیا لە پێشەوە دەستدرێژی دەکاتە سەر هاووڵاتیانی مەدەنی کورد.

لە سەروبەندی شەڕ و پێکدادانەکان و هەڵوێستە جیاوازەکان سەبارەت بە بارودۆخی کۆبانێ، ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی دەزگەی هەواڵگری تورکیا (MIT) ئەنجامدا بوو و داوای لێ کردبوون کە لە ڕێگەی تورکیاوە چەك بە تایبەت چەکی دژەتانك و زرێپۆش بگاتە شەڕڤانانی کۆبانێ. لە ڕاستیدا داواکارییەکەی موسلیم پەسند کرا، بەڵام بە چەند مەرجێك، لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە خۆجێییەکانی سەر بە (PYD) کە ناوچە کوردییەکان لە باکووری سووریا بەڕێوە دەبەن، هەروەها پچڕاندنی پەیوەندی (PYD) لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK). بەم شێوەیە تورکیا دەیویست بارودۆخی ناوچەکانی باکووری سووریا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و لەوەتەی ساڵی ٢٠١٢ەوە لە لایەن (PYD)ەوە بەڕێوە دەبرا لە ڕووی ئیدارییەوە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی تورکیا، یانیش تورکیا دەرگا بە ڕووی

---

١. The Daily Star Newspaper – Lebanon, 22-10-2014.

٢. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

کەوتنی کۆبانێ دەکاتەوە[١]. وا دەردەکەوت تورکیا وای دەبینی ڕێکخراوی داعش کە ئامانجی دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامی بوو، سنووری نەتەوەیی دەسڕێتەوە کە لەوەتەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دروست کراوە و مەبەستییەتی پشێوی و ناسەقامگیریش لە ناوچەکە بهێنێتە ئاراوە. تورکیا هەروەها پشێوی کوردی بە تایبەت لە سووریا بە مەترسی دەبینی[٢].

## شەڕی کۆبانێ

لە ڕاستیدا کۆبانێ بووە سیمبوڵی بەرگری کورد. لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەستیان بەسەر بەری باشووری تەل مشتەنوور لە دەرەوەی کۆبانێدا گرت. بەم شێوەیە وەك چاودێران و چالاکوانانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاماژەیان بۆ دەکرد، دەستبەسەرداگرتنی تەل مشتەنوور لە لایەن چەکدارانی داعش، ڕێگەی بۆ خۆش دەکردن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە کۆبانێ[٣]. ئاشکرایە شەڕ لە مشتە نوور شەڕی دەستەویەخە بوو، هەر بۆ یەکەم جار لەوێ شەڕڤانێکی کورد بە ناوی دیلار گەنج خەمیس ناسراو بە ئارین میرکان خۆی بە ناو کۆمەڵە چەکدارێکی داعشدا تەقاندەوە[٤]، کە لە ئەنجامدا ١٠ چەکداری داعش کوژران[٥].

لە بارەی بەشداریکردن و ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا بوو کە ڕۆڵ و بەشداریکردنی ئافرەتان لە شەڕی کۆبانێ لە گرنگترین یادەوەرییەکان دەبێت، چونکە ئافرەتی کورد توانی ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەر لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوەی چەکدارانی داعش ببینێت[٦]. سەبارەت بە هەمان ئەو ڕۆڵە کاریگەرە هیلاری کلینتۆن (Hillary Clinton)[٧] وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتبووی: "چیرۆکی کچانی کۆبانێ، چیرۆکێکی ئاسایی نییە سەبارەت بە

١. الإشتراكي، ٢٠١٤-١٠-١٥.

٢. الإشتراكي، ٢٠١٤-١٠-١٥.

٣. The Daily Star, 5-10-2014.

٤. Daily Mail, 4-3-2016.

٥. Agence France-Presse, 6-10-2014.

٦. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٧. Hillary Diane Rodham Clinton: ساڵی ١٩٤٧ لە دایك بووە، لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ – ٢٠١٣ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە.

ئافرەتە بوێرەکان کە لە پێناو دادپەروەری و یەکسانیدا تێدەکۆشن"، هەروەها کلینتۆن ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە کۆمپانیای هێد لایت (Head Light)یان دامەزراندووە بۆ تۆمارکردن و یاداشتکردنی کاریگەری ئەو پاڵەوانانەی کە زۆربەی جارەکان ئەو ڕۆڵەی هەیانبووە، لە یاد دەکرێت[١].

دواتر دوای ئەوەی چەکدارانی داعش توانیان بە تەواوەتی دەست بەسەر تەل مشتە نووردا بگرن، خۆیان لە تخووبەکانی کۆبانێ لە بەری باشووری ڕۆژهەڵات نزیك کردەوە، بەم شێوەیە شەڕی کۆڵان بە کۆڵان دەستپێکرد. لە ڕاستیدا شەڕڤانانی کورد بوێرییەکی بەرزیان لە خۆڕاگری بەرانبەر بە شەڕی چەکدارانی داعش نیشان دا کە تەنیا چەند مەترێك لێك دوور بوون و بەڵێنی ئەوەیان دابوو شارەکە بۆ چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە توندئاژۆیە چۆڵ نەکەن ئەگەر باجەکەی خوێنێکی زۆریشی بوێت، هەر هەمووان بە چەکی زۆر سادە و بچووك شەڕیان دەکرد، کە بە بەراورد بەو چەکانەی لە دەست چەکدارانی داعشدا بوو و لە سوپای عێراق و سووریا دەستیان کەوتبوو، چەکی پێشکەوتوو نەبوو[٢].

لە ٦ی تشرینی یەکەمدا چەکدارانی داعش توانیان نزیکەی ١٠٠م خۆ بکوتنە ناو شاری کۆبانێ و ئاڵای دەوڵەتەکەیان کە ڕەنگی ڕەش بوو و لە ناوی بە ڕەنگی سپی وشەی (لآ اِلَهَ اِلّا اللّهُ مُحَمَّدٌ رَسُوُل اللّهِ) نووسرا بوو، لەسەر باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی لە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی کۆبانێ بەرز کردەوە[٣]، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم ئاڵایەکی تریان لەسەر بەرزاییەکانی تەل مشتەنوور بەرز کردەوە کە ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەم دەستیان بەسەردا گرتبوو[٤]. هەر لەو ماوەیەدا داعش ژمارەی چەکدارەکانی لە هەرێمی کۆبانێ بۆ ٩٠٠٠ هەزار زیاد کرد[٥]، هاوکات چەکدارانی ڕێکخراوەکە هەوڵیان دا هەنگاوی زیاتر بۆ خۆ تێکوتانە ناو کۆبانێ بنێن، بەڵام کاتێك گەیشتنە شەقامی ٤٨ کەوتنە بۆسەی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و لە ئەنجامدا ٢٠ چەکداری ئەو ڕێکخراوە کوژران[٦]. لە ڕاستیدا بە درێژایی ئەو ڕۆژە شەڕ بەردەوام بوو لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی گەڕەکەکانی مەقتەلە

١. جريدة العرب الإقتصادية الدولية، ٢٠٢١/١/٣٠.

٢. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٣. Reuters, 7-10-2014.

٤. GMA News Online, 7-10-2014.

٥. Al Monitor, 2-11-2014.

٦. GlobalPost, 7-10-2014.

جەدیدە و کانی عەرەبان کە دواجار داعش توانی دەست بەسەر هەر دوو گەڕەکەکە و ناوچەی پیشەسازی کۆبانێ دابگرێت.

بەرەبەیانی ٧ی تشرینی یەکەم هێزە کوردییەکان توانیان چەکدارانی داعش لە زۆربەی بەشەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ وەدەربنێن کە لە ماوەی شەوی ڕابردوودا دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەڵام تێبینی ئەوەش دەکرا کە هێشتا چەکدارانی ڕێکخراوەکە لەو بەشانەی شارەکە مابوونەوە. لە هەمان کاتدا چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر ژمارەیەك باڵەخانە لە بەشی باشووری شارەکەدا گرت، هەروەها نەخۆشخانەیەکیشیان خستە ژێر دەستی خۆیان کە هێشتا ئەو نەخۆشخانەیە تەواو نەبووبوو و کەوتبووە بەشی ڕۆژئاوای شارەکە[١]. لە لایەکی ترەوە شەڕڤانانی کورد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە توانیان سەرکەوتوو بن دوای ئەوەی هێزە ئاسمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی شەو و ڕۆژدا چەند پێگەیەکی چەکدارانی داعشیان بۆردومان کرد کە لە ئەنجامدا زرێپۆشێك و سێ ئۆتۆمبێلی تەکنیکی و یەکەیەکی ڕێکخراوەکە تێکشکان و زیانێکی زۆریان پێگەیشت، کە لە هەمان کاتدا مووشەکهاوێژێکی ڕێکخراوەکە بەر بۆردوومانەکان کەوت و زیانی بەرکەوت[٢].

ڕۆژی ٨ی تشرینی یەکەم شەڕڤانانی کورد توانیان چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە شارەکە وەدەربنێن بە تایبەت پاش ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا گەڕێکی تری بۆردوومانکردنی پێگەکانی داعشیان ئەنجام دا[٣]، کە زیانێکی زۆری بە پێگەکانی پشتەوەی چەکدارانی ڕێکخراوەکە گەیاند[٤]، کە یەکێك لە شوێنە بەئامانگیراوەکان مزگەوتێك بوو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە، بەڵام هاوکاتی ئەو زیانانەی بەریانکەوت، چەکدارانی داعش هێرشێکی نوێیان بۆ سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە دەستپێکرد، کە بەردەوامیش هاوکاری و پشتیوانی چەکداری زیاتریان پێدەگەیشت[٥] و بەهۆیەوە توانیان ٥٠ بۆ ٧٠م بەرەو ڕۆژئاوای ناوچەی پیشەسازی پێشڕەوی بکەن و دەست بەسەر ناوچەی بازاڕدا بگرن[٦]. ئێوارەی ئەو ڕۆژە چەکدارانی داعش ١٠٠م بەرەو ناوەندی کۆبانێ پێشڕەویان کرد، لە لای

١. The Washington Post, 12-10-2014.

٢. New york times, 11-10-2014.

٣. The Columbian, 8-10-2014.

٤. Al Arabiya, 10-10-2014.

٥. NewsComAu, 11-10-2014.

٦. Syriahr.com, 10-10-2014

خۆیانەوە شەڕڤانان توانیان دەست بەسەر شەعیردا بگرن کە دەکەوێتە لێوارەکانی ڕۆژئاوای کۆبانێ[1].

ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەم، چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر زیاتر لە سێ بەشی شارەکەدا گرت کە هەر یەك لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و بەشێکی بچووکی باکووری ڕۆژهەڵات و ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی لەخۆگرتبوو[2]. لەمبارەیەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو کە ئەو کاتەی چەکدارانی داعش پێشڕەویان دەکرد، فڕۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هیچ جووڵەیەکیان نەبوو، کەچی سوپای تورکیا لە نزیکەوە، بەڵام بەبێ دەستوەردان چاودێری ڕەوشەکە و پێشڕەوییەکانی چەکدارانی داعش دەکرد[3]. هەر ئەو ڕۆژە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر بنکەیەکی پۆلیسی کوردیدا گرت، کە شەوی پێشوو بەهۆی بارهەڵگرێکی خۆکوژییەوە بەئامانج گیرابوو. شەڕ لەو ناوچەیەدا بەردەوام بوو و لە ئەنجامدا فەرماندەیەکی پلەباڵای پۆلیسی کورد کوژرابوو[4]. بەڵام دوای ئەو ڕووداوانە و دەستبەسەرداگرتنی بنکە پۆلیسییەکە، ئینجا فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان جووڵە و چالاکییەکانیان دەستپێکردەوە و بنکەکە کە لە دەست چەکدارانی داعش بوو بۆردوومان کرا و لە ئەنجامدا خاپوور کرا[5]. هاوکات ئەمریکا ڕایگەیاند هێزە ئاسمانییەکانیان توانیویانە ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەم ٩ گەڕی ئاسمانی لە بەشی باکوور و باشووری کۆبانێ ئەنجام بدەن کە چەند یەکەیەکی شەڕکەری چەکدارانی داعش بە ئامانج گیراون و چوار باڵەخانە کە بە دەست چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە بوو ڕووخێنراون[6].

چەکدارانی داعش بۆ ئەوەی خۆیان لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بپارێزن، ئاگریان لەسەر بانە بەرزەکان هەڵدەکرد کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دووکەڵی ئەو ئاگرە ئاسمانی ناوچەکە بە تایبەت ئاسمانی تەل مشتەنووری دادەپۆشی. لە لایەکی تر هەواڵی ئەوە هەبوو کە شەڕڤانانی کورد هێرشی پێچەوانەیان بۆ سەر چەکدارانی داعش لە بەشی

١. Syriahr.com, 10-10-2014.

٢. Reuters, 12-10-2014.

٣. Reuters,10-10-2014.

٤. Haaretz, 9-10-2014.

٥. ABC News, 12-10-2014.

٦. Reuters,10-10-2014.

ڕۆژهەڵاتی شارەکە دەستپێکردووە و توانیویانە پێشڕەوی بکەن، هاوکات هێزەکانی سوپای سووریای ئازاد لە دیوی پشتەوە هێرشیان بۆ سەر چەکدارانی داعش ئەنجامدا بوو و زیانێکی زۆریان پێگەیاندبوون[١]. بە گوێرەی ڕاگەیانراوی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ هێزە کوردییەکان توانیبوویان گەمارۆی ژمارەیەک چەکداری ڕێکخراوی داعش بدەن لە ناو بنکەیەکی پۆلیس[٢] و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی هەردوولا لە دەوروبەری بنکەکە، توانرا ١١ چەکداری ڕێکخراوەکە بکوژن و چواری تریشیان لێ بە دیل بگرن[٣]، بەڵام ئەوەی مایەی ناڕەحەتی بوو لەم قۆناغەدا شەڕڤانانی (YPG) ڕووبەڕووی مەترسی کەمی چەک و تفاق و یەدەگی سەربازی ببوونەوە[٤]!

ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەم، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو ناوەندی کۆبانێ پێشڕەوییان کرد[٥] و دەستیان بەسەر بارەگایەکی شەڕڤانانی کورددا گرت کە لە ئەنجامدا ڕێگەی بەردەمیان خۆش بوو بۆ ئەوەی بگەنە ناوەندی شارەکە و هێزە کوردییەکانی لێ دەربکەن. چەکدارانی داعش بە گرتنی ئەو بارەگە سەربازییەی هێزە کوردییەکان لە ڕاستیدا توانیان ٤٠٪ی شارەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان[٦] و بۆ یەکەم جار تانک و زرێپۆشەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ناو شاری کۆبانێ بینران[٧]! هاوکات شەڕڤانانی کورد و هێزە سوورییەکانی تر پاشەکشەیان لە تەل شەعیر کرد لە لێوارەکانی ڕۆژئاوای کۆبانێ کە بەر لە دوو ڕۆژ دەستیان بەسەردا گرتبوو. لە سەرێکی ترەوە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ خۆپاراستن لە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان چەندین تاکتیکی جیاوازیان بەکار دەهێنا، کە یەکێك لەو تاکتیکانەی ئەو جارەیان هەڵکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل بوو بەسەر ئۆتۆمبێلەکانیان هاوکات لەگەڵ پۆشینی جلی تایبەتی هێزە کوردییەکان بۆ ئەوەی بۆ هێڵەکانی پێشەوەی هێزە کوردییەکان

---

١. BBC News, 11-10-2014.

٢. Syriahr.com, 12-10-2014.

٣. Syriahr.com, 12-10-2014.

٤. Bloomberg BusinessWeek, 11-10-2014.

٥. Middle East Eye, 11-10-2014.

٦. Deccan Chronicle, 12-10-2014.

٧. Reuters, 12-10-2014.

دزە بکەن[1]. هەر ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو لە نزیك مزگەوتی گەورە لە ڕۆژئاوای گەڕەکی ئەمنی تەقییەوە[2] کە دوابەدوای ئەو تەقینەوەیە پێکدادان ڕوویدا و چەکدارانی داعش لەو ڕێگەیەوە هەوڵیان دەدا دەست بەسەر مزگەوتەکەدا بگرن و پاشان ئەو مزگەوتە بکەنە خاڵ و چەقی قەناسبەدەستەکانیان بۆ ئەوەی لە بەرزایی مزگەوتەکەوە کە بەسەر ڕووبەر و ناوچەیەکی فرەوانی شارەکەی دەڕوانی، ئامانجەکانیان دەستنیشان بکەن.

ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەم، چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام هەوڵیان دا بۆ ئەوەی ناوەندی کۆبانێ بەدەست بهێنن، بەڵام لە بەرانبەردا هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل بە پشتیوانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکا توانیان بەرگری بکەن و فڕۆکەکانی ئەمریکا هاوکات چەند پێگەیەکی ڕێکخراوەکەیان بۆردوومان کرد[3]، بەڵام سەرباری بەرکەوتنی ئەو گورزانە و بەرگریکردنی هێزە کوردییەکان، چەکدارانی داعش هێشتا توانیبوویان نزیکەی نیوەی شارەکە بخەنە بن دەستی خۆیان، بە تایبەت دوای ئەوەی توانیبوویان ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن کە باڵەخانە کارگێڕی و ئەمنییەکانی شارەکەی لەخۆگرتبوو و بە درێژایی ئەو شەقامە درێژ بووبووەوە کە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کۆبانێ لێك جیا دەکردەوە.

ڕۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ هەفتەی دووەمین بوو لە شەڕ و پێکدادانەکان، کە ئەو ڕۆژە ڕێکخراوی داعش هێزی زیاتر بۆ بەرەی شەڕەکان نارد بە تایبەت دوای ئەوەی ڕۆژی ڕابردوو واتە ١١ی تشرینی یەکەم گورزێکی توند بەر چەکدارەکانی کەوتبوو. ئەو ڕۆژە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر بیرە ئاوەکانی دەوروبەری کۆبانێدا گرت[4]، کە هاوکات هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە شەڕڤانانی کورد توانیویانە گوندی تەل شەعیر لە ڕۆژئاوای کۆبانێ جارێکیتر بخەنەوە بن دەستی خۆیان[5].

ڕۆژی ١٣ی تشرینی یەکەم، تا ڕادەیەك ڕۆژێکی جیاواز بوو سەبارەت بە چالاکییەکانی ڕێکخراوی داعش، بە شێوەیەك ئەو ڕۆژە ٣ تەقینەوەی خۆکوژی لە ناو پێگەی هێزە

١. Syriahr.com, 12-10-2014.

٢. The Times of India, 12-10-2014.

٣. Al Jazeera, 10-10-2014.

٤. Bloomberg L.P, 13-10-2014.

٥. Daily Mail, 4-3-2016.

کوردییەکان لە ناو کۆبانێ ئەنجام دا[1]، کە یەکێك لە تەقینەوەکان بەهۆی بارهەڵگرێکەوە بوو لە باکووری ڕۆژئاوای کۆبانێ و بە هۆیەوە ڕێگە لە بەردەم چەکدارانی داعش کرایەوە بۆ ئەوەی پێشڕەوی بکەن و دەست بەسەر ناوەندی ڕۆشنبیری نوێدا بگرن[2]، کە بەم شێوە توانییان ٥٠٪ی کۆبانێ بخەنە ژێر دەستی خۆیان[3]. خۆکوژی دووەمی داعش هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە دەروازەی سنووری کۆبانێ لەگەڵ تورکیا کە هێڵی پێشەوەی هێزە کوردییەکان بوو، بەڵام بەر لە گەیشتنی بۆ شوێنی مەبەست بۆمبەکە بە خۆیدا تەقییەوە[4]، بەمەش توانرا بەر لە هێرشی چەکدارانی داعش بگیرێت کە دەیانویست بگەنە هێڵەکانی پێشەوی هێزە کوردییەکان[5]. هەروەها خۆکوژی سێیەم و کۆتایی هێرشی کردە سەر هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای گەڕەکی ئەمنی کە توانیبوویان تا ڕادەیەك بەرانبەر بە چەکدارانی داعش لە بەرهی باشووری شارەکە پێشڕەوی بکەن[6]. ئەو کات هێزە کوردییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ئەگەر داعش توانیبای هێڵی پێشەوەی ئەوان ببڕێت کۆتایی بە هەموو شتێك دەهات، هەروەها سەرەڕای بەرگری هێزە کوردییەکان لە هێڵی پێشەوە، بەڵام ئەگەر ئەو هێڵە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە بەزێندرابایە، مەحاڵ بوو هێزە کوردییەکان توانیبایان پارێزگاری لە خاکەکەیان بکەن. ڕۆژێك دوای ئەو سێ تەقینەوە خۆکوژییە، هێزە کوردییەکان جارێکی تر توانییان تەل شەعیر لە ڕۆژئاوای کۆبانێ کۆنترۆڵ بکەنەوە[7].

لە ماوەی نێوان ١٣ تاوەکو ١٥ی ئۆکتۆبەر فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا ٣٩ هێرشی ئاسمانیان بۆ سەر پێگەکانی چەکدارانی داعش لە کۆبانێ و دەوروبەری ئەنجام دا کە ٢١ هێرشیان لە شەوی ١٣ی مانگ بوو. لە ئەنجامی ئەو هێرشە کاریگەرانەدا هێزە کوردییەکان توانیان پێشڕەوی بکەن لەو بەشانەی کۆبانێ کە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەردا گرتبوون، هەر بەهۆی ئەو هێرشە ئاسمانییانەی فڕۆکەکانی ئەمریکاوە ٣٩ چەکداری

---

١. Reuters, 24-9-2015.

٢. Syrian Observatory For Human Rights,15-10-2014.

٣. Reuters, 24-9-2015.

٤. The Huffington Post, 13-10-2014.

٥. Reuters, 24-9-2015.

٦. Syrian Observatory For Human Rights,10-10-2020.

٧. BBC News, 18-3-2016.

دەوڵەتی ئیسلامی کوژران[1]. لە لای خۆیانەوە هێزە کوردییەکان ئاماژەیان بە کاریگەری ئەو هێرشە ئاسمانییانەی ئەمریکا دەکرد و پێیان وابوو کە لە جاران زیاتر کاریگەرە بەهۆی ئەوەی سەرەتای دەستپێکردنی هەماهەنگی نێوانیان بوو بۆ بەئامانجگرتنی پێگەی چەکدارانی داعش[2]، بە شێوەیەك هێرشە ئاسمانییەکان ڕۆژی ١٧ی مانگ بۆ ٥٣ هێرش بەرز بووەوە[3].

ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەم، بەرپرسانی کورد لە کۆبانێ بڵاویان کردەوە هێزە کوردییەکان لە ناوەندی کۆبانێ لە پێشڕەویدان، کە لە ئەنجامدا توانیویانە ٨٠٪ی بەشەکانی شارەکە بەدەست بهێننەوە[4]، کە ئەمەش وا دەکات لە ئاییندەدا بە تەواوەتی کۆبانێ کۆنترۆڵ بکەنەوە[5]. لە لای خۆیانەوە بەرپرسانی سەربازی ئەمریکا ڕایانگەیاندبوو سەرەڕای ئەوەی بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە سەتان چەکداری داعش کوژراون، بەڵام تا ئێستا مەترسی کەوتنی کۆبانێ لە ئارادایە، ئەوە بوو ڕۆژی دواتر واتە ١٨ی مانگ بەرپرسێکی هێزە کوردییەکان لە کۆبانێ لە لێدوانێکی میدیاییدا ڕایگەیاندبوو چەکدارانی داعش لە زۆربەی ناوچە و بەشەکانی کۆبانێ کشاونەتەوە، بەڵام تا ئەو ڕۆژەش شەڕ و بەرگری لە دوو ناوچەی شارەکە بەردەوامی هەبوو.

ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەم، چەکدارانی داعش هێرشێکی توندیان کردە سەر بەری ڕۆژهەڵات بەرەو دەروازەی سنووری و هێڵی پێشەوەی هێزە کوردییەکان کە ئامانجیان بوو هێزە کوردییەکان لە کۆبانێ دابڕن. سەرەڕای توندی هێرشەکە، بەڵام هێزە کوردییەکان توانیان بەرگری بکەن، هاوکات داعش هێزی زیاتری بۆ بەرەکە نارد. بەم جۆرە تا ڕۆژی ١٨ی مانگ چەکدارانی داعش لە هەر دوو بەری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ مابوونەوە، کە پێشبینی دەکرا یەك لەسەر سێی شارەکەیان بەدەستەوە مابێت. دواتر چەکدارانی داعش دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویان تەقاندەوە، کە یەکێکیان لە نزیك باڵەخانەی شارەوانی کۆبانێ بوو، ئەویتریشیان لە گۆڕەپانی ئازادی بوو لە نزیك باڵەخانەی ناوەندی ڕۆشنبیری کە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەردا گرتبوو، هەر ئەو ڕۆژە چەکدارانی داعش ٤١

١. Daily Mail, 15-10-2014.

٢. Chicago Tribune ،Reuters, 15-10-2014.

٣. Al Jazeera and agencies, 23-10-2014.

٤. BBC News, 4-3-2014.

٥. The Washington Post, 12-12-2020.

مووشەکییان ئاراستەی هێزە کوردییەکان کردبوو[١].

ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم، هەفتەی سێیەمی هێرش و پەلامارەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش بوو بۆ سەر کۆبانێ، ئەو ڕۆژە هێزە کوردییەکان بەرەو ناوچەی کانی عەرەبان پێشڕەویان کرد و توانیان چەند پێگەیەکی ڕێکخراوەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان، لە هەمان کاتدا چەکدارانی داعش لە بەشی ڕۆژئاوای گەڕەکی ئەمنی بەسەر هێزە کوردییەکان پێشڕەویان کرد. لە لای خۆیەوە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ١٨ و ١٩ی تشرینی یەکەم ژمارەیەك هێرشی ئاسمانی بۆ سەر چەکدارانی داعش ئەنجام دابوو[٢]، دواتر سێ فڕۆکەی ئەمریکی ٢٧ پاکێتیان لە کۆبانێ دابەزاند کە لە کۆی ئەو ژمارەیەدا ٢٤ تۆن چەکی بچووك و کەلوپەلی سەربازی و ١٠ تۆن یارمەتی پزیشکییان تێدابوو و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە بەرگریکارانی کوردی لە کۆبانێ کرابوو[٣]. فەرماندەی ناوەندی ئەمریکا لە ڕاگەیانراوێکدا[٤] ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەو جۆرە پرۆسانە ئامانج لێیان مانەوە و هێشتنەوەی توانای بەرگریکارانی کۆبانێیە دژ بە هەوڵەکانی چەکدارانی داعش بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو شارە. هاوکات بە گوێرەی چەند ڕاپۆرتێك ئاماژە بەوە کرابوو کە یەکێك لە پاکێتەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دابەزێندرابوو کە پاشان بۆردوومان کرا، هەروەها هێزە کوردییەکان پاکێتێکی تریان گەڕاندەوە کە لە دووری ئامانجی دیاریکراوی خۆیدا دابەزێندرابوو.

ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەم، ڕێکخراوی داعش دوو ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراوی لە بەشی باکووری شاری کۆبانێ تەقاندەوە[٥]. ڕۆژی دواتر چەکدارانی داعش ڕایانگەیاند لانی کەم حەشارگەیەك و شوێنێکی تایبەت بە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکایان دۆزیوەتەوە کە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە دابەزێنراوە[٦].

ڕۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری بۆ

---

١. Syrian Observatory For Human Rights, 20-10-2014.

٢. Syrian Observatory For Human Rights, 21-10-2014.

٣. The Guardian, 22-10-2014.

٤. U.S. Central Command, 23-10-2014.

٥. Syrian Observatory For Human Rights, 22-10-2014.

٦. The Daily Star Newspaper – Lebanon, 22-10-2014.

جارێکی تر دەستیان بەسەر تەل شەعیردا گرتەوە، بەڵام ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە لایەن فڕۆکەکانی ئەمریکاوە کرایە ئامانج و لە نیوەشەودا هێزە کوردییەکان وەریان گرتەوە[1]. لە ڕاستیدا دەستبەسەرداگرتنەوەی تەل شەعیر لە لایەن چەکدارانی داعش لە ئەنجامی ئەو هێرشە توندە بوو کە شەوی پێشتر چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە تا ڕۆژەکەی بۆ سەر ناوچەکە دەستیان پێکردبوو[2]. ڕۆژی دواتر ڕاپۆرتەکان لە کۆبانێوە بڵاویان کردەوە کە ڕەنگە چەکدارانی داعش لەو هێرشەدا چەکێکی کیمیاوی نەناسراویان بەکارهێنابێ بە ئامانجی گرتنی کۆبانێ[3].

## هەفتەی چوارەم

ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەم هەفتەی چوارەمینی هێرش و پەلامارەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش بوو بۆ سەر کۆبانێ[4]، بەڵام داعش ئەو ڕۆژەش بۆ جاری چوارەم نەیتوانی لە میانی هێرشەکانیدا دەست بەسەر دەروازەی سنووری کۆبانێ لەگەڵ تورکیا بە تایبەت لە گەڕەکی گومرکدا بگرێت[5]. ڕۆژی دواتر ڕێکخراوی داعش لەسەر ماڵپەڕی تایبەتی خۆی گرتە ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا بارمتەیەکی بریتانی بە ناوی جۆن کانتلی (John Cantlie)[6] دەردەکەوت و قسەی دەکرد، بە شێوەیەك دەیوت کە کۆبانێ کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، جگە لە هەندێك پاشماوەی چەکدارانی کورد، ئەوانی تر هەمووانیان لە شارەکە یان کوژراون یانیش وەدەرنراون. کانتلی لە ژێر گوشاری چەکدارانی داعش لە قسەکانی بەردەوام بوو و باسی لەوە دەکرد کە شەڕی کۆبانێ بە

١. The Wall Street Journal, 23-10-2014.

٢. The Guardian, 23-10-2014.

٣. The Guardian, 25-10-2014.

٤. Business Insider, 26-10-2014.

٥. Syrian Observatory For Human Rights, 30-10-2014.

٦. ساڵی ١٩٧٠ لە دایك بووە. ڕۆژنامەنووس، پەیامنێر و وێنەگری بریتانییە، دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا لە ساڵی ٢٠١١دا کاری ڕۆژنامەنووسی لەو وڵاتە دەستپێکرد، ڕێکخراوی داعش لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٢دا لەگەڵ جیمس فۆلی ڕفاندی و بە دیل گرتی، پاشان بۆ یەکەم جار لە میانی بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆیەك لە ١٨ی ئەیلوولی ٢٠١٤ بە جلوبەرگێکی ڕەنگ پورتەقاڵی دەرکەوت و لەو زنجیرە گرتە ڤیدیۆییەدا لە ژێر گووشاردا قسەی لە بەرژەوەندی ڕێکخراوی داعش دەکرد.

ڕادەیەکی زۆر کۆتایی هاتووە و ڕێکخراوی داعش دوای ئەوەی شارەکەی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی ئێستا لە پڕۆسەی پاککردنەوەی شارەکە دایە، هەروەها کانتلی بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەو ئاڵایانەی تورکیا کە لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەردەکەون، ئەوا لەسەر سنووری تورکیا بووە و لە لایەن یەکێك لە چوار فڕۆکەکەی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش وێنەیان گیراوە! لە لای خۆیانەوە چاودێرانی سەربازی و سیاسی پێیان وابوو گرتە ڤیدیۆکە پڕوپاگەندەیەکی تەواوی ڕێکخراوی داعش بوو، بە تایبەت کە بەر لە هەفتەیەك وێنەی گیرا بوو. لە لایەکی ترەوە پێشبینی دەکرا کە ٢٠٠ پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە کە بە ناو خاکی تورکیا تێپەڕ دەبن، بگەنە کۆبانێ و یارمەتی شەڕڤانانی کورد بدەن[١].

ڕۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەم بوو، چەکدارانی داعش بۆ جاری پێنجەم هەوڵیان دا دەست بەسەر دەروازەی سنووری کۆبانێ - تورکیادا بگرن، لە کاتێکدا ئامادەکاری دەکرا بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەو سنوورەوە بگەنە کۆبانێ. هاوکات نووری مەحموود وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ڕایگەیاندبوو شەڕی کۆبانێ شەڕی سەلماندنی بوونە لە رووی پرەنسیپ، ئامانج و بەرپرسیاریەتی کە گەلی کورد خوازیاریەتی و لە بەرەڤانان و خەباتگێڕانی داوای دەکات. ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوە کردبوو کە شەڕی کۆبانێ بە تەنیا شەڕی کورد نییە، بەڵکو شەڕی هەموو پێکهاتەکانی سووریا و جیهان بە گشتییە[٢].

١. CNN, 30-10-2014.

٢. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

## ● بەشی دووەم: ڕۆڵ و بەرگرییەکانی پێشمەرگە لە کۆبانێ

### پاژی یەکەم: گەیشتنی پێشمەرگە بە کۆبانێ لە ڕێگەی تورکیاوە

ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەم زیاتر لە ٢٠ ئۆتۆمبێلی هێزەکانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان لە شارۆچکەی تەل شەعیرەوە چوونە ناو کۆبانێ کە ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی چوونە شارەکە نزیکەی ١٥٠ کەس دەبوو[١]، چەکی قورس و کەلوپەل و یەدەگی زۆری سەربازیشیان پێ بوو. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جار بوو تورکیا ڕێگە بە هێزێکی وشکایی بدات لە دەرەوەی سووریاوە بچێتە ناو ئەو وڵاتە، بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە کوردییەکانی ئەو شارە بدات کە بەرگرییان لە شارەکە دەکرد[٢].

گەیشتنی هێزەکانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان یارمەتیدەرێکی لۆجستیکی و مەعنەوی بوو بۆ ئەوانەی بەرگریان لە کۆبانێ دەکرد، چونکە پێشمەرگە لەگەڵ گەیشتنی بۆ شارەکە وەك لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاو دەکرایەوە، هاوشانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) مووشەکبارانی پێگەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعشیان لە ڕیفی ڕۆژئاوای کۆبانێ کرد[٣].

ڕۆژی ١ی تشرینی دووەم، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بەرەو ناوچەی مزگەوتی حاجی ڕەشید پێشڕەویان کرد[٤]، پاشان دوای دوو ڕۆژ واتە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەم عەبدولجەبار عگێدی فەرماندەی گشتی سوپای سووریای ئازاد ڕایگەیاند ٣٢٠ سەربازی سوپاکەیان لە ناو شاری کۆبانێن کە هاوکات چەکدارانی ڕێکخراوی داعش زیاتر لە نیوەی شارەکەیان بە دەستەوەیە[٥]. ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەم لە میدیاکان بڵاوکرایەوە گوندەکانی ئاربووس، مەنازە، بلوور و جقوور لە چەکدارانی ڕێکخراوی داعش پاك کرایەوە[٦].

ڕۆژی ٥ی تشرینی دووەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نهێنی ژمارەیەك بارهەڵگری

---

١. SOHR, 4-11-2014.

٢. Reuters, 3-11-2014.

٣. فرانس برس - بیروت، ٢٠١٤/١١/٩.

٤. Syrian Observatory For Human Rights, 3-11-2014.

٥. SAS News Agency, 2-11-2014.

٦. Dicle News Agency, 3-11-2014.

هاوکاریی سەربازی لە ڕێگەی تورکیاوە گەیاندە کۆبانێ، کە هاوکات بەرپرسانی سەربازی ئەوانەی بەرگریان لە شارەکە دەکرد ئاماژەیان بەوە کردبوو بە گەیشتنی هاوکارییەکانی پێشمەرگە توانراوە بەرگرییەکی باش لە شارەکە بکرێت و ڕێگە لە زۆر هێرشی چەکدارانی داعش بگیرێت، تەنانەت زیانێکی گەورە بە ڕێکخراوەکە کەوتووە[١].

## یەکینەکانی پاراستنی گەل و سوپای سووریای ئازاد هەندێك ناوچە کۆنترۆڵ دەکەنەوە

ڕێکەوتی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤، یەکینەکانی پاراستنی گەل بەرەو گەڕەکی مزگەوتی حاجی ڕەشید و شارەوانی کۆبانێ پێشڕەویان کرد[٢]، هاوکات دوو ڕۆژ دواتر واتە ١٠ی تشرینی دووەم، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش داوای لە چەکدارەکانی کرد لە بەشەکانی تری پارێزگای حەلەب بگەنە کۆبانێ. ئەم بانگەوازەی ڕێکخراوەکە لە ئەنجامی ئەو زیانانە بوو کە لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردووی شەڕەکاندا بەریکەوتبوو[٣]. ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەم یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ڕایگەیاند ژمارەیەك شەقام و باڵەخانەی لە بەشی باشووری کۆبانێ خستووەتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی[٤]، هاوکات بە پێی ڕاگەیاندراوێکی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بەرپرسێکی باڵای سەربازی ڕێکخراوی داعش ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە چەکدارانی ڕێکخراوەکە بەهۆی ئەو بەرگرییەی هێزە کوردییەکان دەیکەن تووشی زیان و بێئومێدبوون بوونە، چونکە پێیان وابوو لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا دەتوانن تەواوی شارەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان[٥]. لە لایەکی ترەوە ڕۆژی ١٢ی تشرینی دووەم، هێزە کوردییەکان دوای دەستبەسەرداگرتنەوەی چەند بەشێکی تەل مشتەنوور توانیان ڕێگەیەك کۆنترۆڵ بکەن کە ڕێکخراوی داعش وەك ڕێگەی گەیاندنی هاوکارییەکان بە کاریدەهێنا و ڕێگەی نێوان کۆبانێ-ڕەققەی بە یەکەوە دەبەستەوە[٦].

ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەم، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بەرەو ناوچەی شارەوانی

---

١. The Wall Street Journal, 6-11-2014.
٢. Syrian Observatory for Human Rights, 8-11-2014.
٣. Syrian Observatory for Human Rights, 12-11-2014.
٤. France 24, 11-11-2014.
٥. Syrian Observatory for Human Rights, 11-11-2014.
٦. International Business Times, 13-11-2014.

و باکووری گۆڕەپانی ئەمنی پێشڕەویان کرد[1]. پاشان ڕۆژی ١٨ی تشرینی دووەم، هێزە کوردییەکان توانیان شەش باڵەخانە کۆنترۆڵ بکەن کە ناوەندێکی ستراتیژی بوو لە باکووری کۆبانێ و لە نزیك گۆڕەپانی ئەمنی و نووسینگە سەرەکییەکانی شارەوانی شارەکە. هەمان ڕۆژ ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو هێزە کوردییەکان لە میانی هەڵمەت و پێشڕەوییەکانیاندا توانیویانە بڕێکی زۆر لە تفاق و کەرستەی سەربازی بەدەستبهێنن[2]. دواتر ڕۆژی ١٩ی تشرینی دووەم چەکدارانی ڕێکخراوی داعش دوو هێرشیان ئەنجام دا، کە یەکەمیان بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی شەش باڵەخانەکە بوو، دووەمیشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگای کۆبانێ-حەلەب بوو لە بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ. لە لای خۆیانەوە ڕاپۆرتە مەیدانییەکان بڵاویان کردەوە کە داعش لەو هێرشانەدا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە[3].

هەروەها ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەمیش کوژرانی ئەبو خەتاب یەك لە سەرکردە مەیدانییەکانی ڕێکخراوی داعش لە میانی بۆسەیەکی هێزە کوردییەکان لە گوندی تەل بەکر بڵاو کرایەوە[4] کە بە هەمان شێوە هەندێك لە میدیاکان بڵاویان کردبووە کە ٢٨ چەکداری داعش لە میانی شەڕ و پێکدادانەکانی کۆبانێ کوژرابوون کە دووانیان سەرکردەی گەورەی ڕیکخراوەکە بوون بە ناوەکانی ئەبو عەلی عەسکەری و ئەبو محەمەد میسری[5].

ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەم، چەکدارانی داعش هێرشێکی تریان کردە سەر تەل مشتە نوور بۆ ئەوەی بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام هێرشەکەیان بە توندی وەڵام درایەوە و شکستیان پێهێنا، هەمان کات هێرشێکی تریان کردە سەر دەروازەی سنووری تورکیا[6]. هەروەها لە ٢٥ی تشرینی دووەم یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) توانیان ناوەندی ڕۆشنبیری کۆبانێ و ژمارەیەك باڵەخانەی تر لە دەوروبەری کۆبانێ بگەڕێننەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، هاوکات توانیان بەرەو چوارگۆشەی حکومی و ڕۆژهەڵاتی گۆڕەپانی ئازادی پێشڕەوی بکەن[7].

ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەم، هێزە کوردییەکان توانیان بە تەواوەتی ناوچەی شارەوانی و

---

١. Syrian Observatory for Human Rights, 13-11-2014.
٢. Reuters, 18-19-2014.
٣. Syrian Observatory for Human Rights, 14-11-2014.
٤. ARA News, 27-2-2015.
٥. ARA News, 27-2-2015.
٦. Agathocle de Syracuse, 3-12-2014.
٧. Syrian Observatory for Human Rights, 25-11-2014.

گۆڕەپانی ئازادی و بازاڕی هال و چوارگۆشەی حکومی بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بە هەمان شێوە توانیان فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ڕێکخراوی داعش لەسەر ئاسمانی کۆبانێ بخەنە خوارەوە و لە میانی هەڵمەت و پێشڕەوییەکانیشیاندا بەشێکی باشیان لە چەك و تفاقی سەربازی داعش دەست بەسەردا گرت[١].

ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەم، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشێکی پێچەوانەیان بە تەقاندنەوەی چوار ئۆتۆمبێلی مینڕێژکراو بۆ سەر هێزە کوردییەکان ئەنجام دا. بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ لە میانی ئەو هێرش و پێکدادانەدا ٨ شەڕڤانی کورد و ١٧ چەکداری داعش کوژران[٢]. هەروەها باس لەوە کرابوو کە داعش لە میانی ئەو هێرشانەدا توانیبووی گۆڕەپانی ئازادی لە کۆبانێ کە ڕۆژی پێشتر لە دەستیدا بوو، بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی[٣]. بە هەمان شێوە ڕۆژنامەی دێر شپیگڵ (Der Spiegel)ی ئەڵمانی بڵاویکردبووەوە چەکدارانی داعش لە دەروازی سنووری تورکیادا هێرشیان کردووەتە سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)[٤]. لە لای خۆیەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندبوو کە یەکینەکانی پاراستنی گەل سنووری تورکیایان بەزاند و هێرشیان کردبووە سەر پێگەکانی داعش لە ناو خاکی تورکیا. هەر دوای ماوەیەکی کەم سوپای تورکیا توانی کۆنترۆڵی دەروازەی سنووری و ناوچەی سایلۆ لە بەری تورکیا بکاتەوە[٥]. لە هەمان کاتدا یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کاروانێکی سەربازی چەکدارانی داعشیان لە تەل غەزال لە باشووری کۆبانێ بە ئامانج گرت کە لە ئەنجامدا دوو چەکداری داعش کە یەکێکیان پلەی ئەمیری هەبوو، کوژران[٦]. هەر لەو سەروبەندەدا بوو هێزە کوردییەکان لە باشووری کۆبانێ پێشڕەویان کرد تا گەیشتنە نزیك گوندی تەرك لە ڕێگای حەلەب - کۆبانێ، بە هەمان شێوە توانیان باڵەخانەیەك لە گۆڕەپانی ئازادی کۆنترۆڵ بکەنەوە[٧]. ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەم، لە ئەنجامی چەند شەڕ و پێکدادانێکدا ٥٠ چەکداری داعش، ١٢ سەربازی

١. Syrian Observatory for Human Rights, 10-10-2017.

٢. Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.

٣. Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.

٤. Der Spiegel, 2-12-2014.

٥. المرصد السوري لحقوق الإنسان، ٢٠١٤-١١-٣٠.

٦. Syrian Observatory for Human Rights, 29-11-2014.

٧. Syrian Observatory for Human Rights, 30-11-2014.

سوپای سووریای ئازاد، ١١ شەڕڤانی کورد و ٣ چەکداری نەناسراو و لایەنگری کورد کوژران[١].

ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، هێزە کوردییەکان توانیان گەڕەکی بۆتانی ڕۆژئاوا لە بەری باشووری کۆبانێ بگرنەوە و بەرەو بەشی باکووری ڕۆژئاواش لە دەشتی مشتە نوور پێشڕەوی بکەن[٢]. لە بەرانبەر ئەو هەڵمەت و پێشڕەوییانەی هێزە کوردییەکاندا چەکدارانی داعش ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراویان لە دەوروبەری گەڕەکی بۆتانی ڕۆژئاوا تەقاندەوە[٣]، بەڵام هێزە کوردییەکان لە هەڵمەت و پێشڕەوییەکانیاندا بەردەوام بوون، بە شێوەیەك ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەم بەشێکی تریان لە بەری ڕۆژئاوای کۆبانێ خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو ڕۆژەشدا توانیان ١٠ چەکداری ڕێکخراوی داعش بکوژن و شەڕڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەلیش کوژرا[٤].

لە ماوەی ڕۆژانی ٨ تاوەکو ١٣ی کانوونی دووەم، هێزە کوردییەکان ژمارەیەك پێگەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعشیان لە بەری باشووری کۆبانێ و هەندێك خاڵی تریان لەسەر ڕێگای تەرمك کۆنترۆڵ کردەوە[٥]. هەروەها ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەم هێزە کوردییەکان توانیان بە تەواوەتی ناوەندی ڕۆشنبیری کۆبانێ بە دەست بهێننەوە دوای ئەوەی توانیان شەقامێکی دەوروبەری ناوەندەکە بخەنە ژێر دەستی خۆیان[٦]. ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەم، هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی شەست و شەشەمین گەڕی هێرشەکانیان بۆ سەر ڕێکخراوی داعش لە کۆبانێ و دەوروبەری ئەنجام دا کە بەهۆیەوە دوو ئۆتۆمبێلی ڕێکخراوەکە سووتێنرا و سێ باڵەخانە کە چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە خۆیان تێدا قاییم کردبوو، خاپوور کرا[٧].

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ، واتە ساڵی ٢٠١٥، هێزە کوردییەکان هەڵمەت و پێشڕەوییەکانیان بۆ گرتنەوەی زۆربەی ناوچەکانی ناوەندی کۆبانێ زیاتر فرەوان کرد کە لە پاڵیشیاندا هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە ئاسمانەوە هاوکارییەکی باشیان دەکردن و پێگە و حەشارگەکانی ڕێکخراوەکەیان بۆردوومان دەکرد، ئەمەش ڕێگەی زیاتری لە بەردەم

---

١. Syrian Observatory for Human Rights, 30-11-2014.
٢. Syrian Observatory for Human Rights, 2-12-2014.
٣. Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٤. Syrian Observatory for Human Rights, 4-12-2014.
٥. Syrian Observatory for Human Rights, 13-12-2014.
٦. Syrian Observatory for Human Rights, 20-12-2014.
٧. وزارة دفاع الولايات المتحدة، ٢٠١٤-١٢-٢٧.

هێزە کوردییەکان خۆش دەکرد بۆ ئەوەی بتوانن لە کۆنترۆڵکردنەوەی کۆبانێ خێراتر بن. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی ١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، واتە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی نوێ، هێزە کوردییەکان توانیان کتێبخانەی ڕەش و ناوچەی بۆتانی ڕۆژئاوا لە بەری باشووری کۆبانێ بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەم جۆرە توانرا بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە چەکدارانی داعش پاکی بکەنەوە، کە لە ئەنجامی ئەو هەڵمەت و پێشڕەوییەدا ٧٠٪ی ناوەندی کۆبانێ لە دەست چەکدارانی داعش ڕزگار کرا. ڕۆژی دواتریش بڵاو کرایەوە کە شێخ عوسمان نازیح فەرماندەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە میانی هێرشی ئاسمانی فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە کۆبانێ کوژراوە[١].

ڕۆژی ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، هێزە کوردییەکان هەر دوو گەڕەکی حکومی و ئەمنی و قوتابخانەکانی ڕیفی، پیشەسازی، سەورە و کچانیان لە چەکدارانی داعش ڕزگار کرد و بەرەو گەڕەکی مشتەنوور لە بەشی باشووری کۆبانێ پێشڕەوییەکانیان دەستپێکردەوە. بە گوێرەی ڕاگەیێنراوی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ لەو قۆناغەدا هێزە کوردییەکان لانی کەم ٨٠٪ی کۆبانێیان خستبووەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە میانی ئەو هەڵمەتانەشدا ١٤ چەکداری ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعشیان کوشتبوو[٢]. ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەم چەکدارانی داعش هێرشێکیان بۆ سەر نزیك کتێبخانەی ڕەش ئەنجام دا، بەڵام لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە وەڵام درایەوە[٣]. هاوکات لە چەند شوێنێکی تر ئۆتۆمبێلێکی چەك و تەقەمەنی ڕێکخراوی داعش لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە بە ئامانج گیرا و دەست بەسەر چەك و کەلوپەلە سەربازییەکانیدا گیرا. لە ڕاستیدا ئەو هێرشەی چەکدارانی داعش گەورەترین هێرشی شکستخواردووی ڕێکخراوەکە بوو لەوەتەی ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بۆ سەر هێزە کوردییەکان کە لە کۆی گشتیدا لەو ڕۆژەدا ٤٧ چەکداری داعش کوژران و ژمارەکیشیان بریندار بوون[٤].

ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەم، چەکدارێکی ڕێکخراوی داعش لە نزیك چوارگۆشەی حکومی خۆی تەقاندەوە، هاوکات هێزە کوردییەکان هەمان ڕۆژ توانیان بارهەڵگرێکی ڕێکخراوەکە

---

١. Rudaw, 2-1-2015.

٢. Daily Star Lebanon, 5-1-2015.

٣. Syrian Observatory For Human Rights,15-1-2015.

٤. Syrian Observatory For Human Rights,15-1-2015.

تێکبشکێنن و دەست بەسەر ئۆتۆمبێلێکی هۆمڤي (Humvee)[1]دا بگرن. هەروەها لە ماوەی ١٥ تاوەکو ١٦ی کانوونی دووەم، لە میانی شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو چەند ڕۆژەدا لە ناو کۆبانێ، ٢٣ چەکداری داعش و ٨ شەڕڤانی کورد کوژران[2].

---

١. جۆرە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ئەمریکییە و زۆر ئەرك جێبەجێ دەکات و بە زۆری لە لایەن سوپای ئەمریکاوە بەکار دەهێنرێت، بە شێوەیەك سوپای ئەمریکا لە هەر شوێنێك هەبێت، ئۆتۆمبێلی هۆمڤیش لەوێیە.

٢. Syrian Observatory For Human Rights, 16-1-2015.

## پاژی دووەم: کۆنترۆڵکردنەوە و ڕزگارکردنی کۆبانێ

ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) هەموو تەپۆڵکەکانی باشووری کۆبانێیان لە ژێر دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەرهێنا، دوای شەڕ و پێکدادانێك کە تێیدا ١١ چەکداری ڕێکخراوەکە کوژران، هەروەها شەڕڤانانی (YPG) هەمان ڕۆژ تەپۆڵکەیەکی تریان گرتەوە کە بە تەپۆڵکەی یەکینەکانی پاراستنی گەل ناسراوە. لە ڕاستیدا گرتنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەو تەپۆڵکانە لە لایەن شەڕڤانانی (YPG)ـەوە گورزێکی کوشندە بوو بۆ چەکدارانی داعش بەهۆی ئەوەی تەپۆڵکەکان ناوچەیەکی ستراتیژییان هەیە، نەخاسمە کە لە لایەك ڕێگای نێوان حەلەب-ڕەققە بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە لایەکی تریش داعش وەك ڕێگای سەرەکی بۆ گەیاندنی هاوکارییە سەربازییەکانی خۆی بەکاری دەهێنا[١]. هەروەها شەڕڤانانی (YPG) ڕۆژی دواتر خۆیان گەیاندە ناو نەخۆشخانەی نیشتمانی و دواتریش گەیشتنە باشووری ڕۆژئاوای دەروازەی کۆبانێ[٢].

ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەم، شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە چەند هەڵمەت و پێشڕەوییەکدا توانیان خۆ بگەیەننە ناو دوو گەڕەکی کۆبانێ کە چەکدارانی داعش خۆیان لێ حەشاردا بوو، هەروەها دواتر توانیان بازاڕی هال و بەشێکی زۆری بەری باکووری ڕۆژئاوای گەڕەکی ئال سینا کۆنترۆڵ بکەن[٣]. بەم شێوەیە شەڕڤانانی (YPG) توانیان ڕێژەی ٧٠٪ی کۆبانێ بخەنەوە بن دەستی خۆیان. لە لایەکی ترەوە ڕۆژی ٢٤ی کانوونی دووەم هێزەکانی (YPG) قوتابخانەی شەریعە و مزگەوتی سەیدان-یان لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش دەرهێنا، هەروەها هەڵمەتێکیان بۆ سەر گوندی تەرماك لە ڕیفی باشووری کۆبانێ دەستپێکرد. لەمەوبەدوا تا دەهات چەکدارانی داعش لە ناو کۆبانێ کەم دەبوونەوە و لە پاشەکشەدا بوون، بە جۆرێك تەنیا دوو گەڕەکیان لە دەستدا مابوو و زۆربەیان خۆیان لێ قاییم کردبوو[٤].

ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەم، شەڕڤانانی (YPG) بە پشتیوانی سوپای سووریای ئازاد گوندی (مەمید)یان خستەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی ئەو

١. Syrian Observatory for Human Rights, 19-1-2015.
٢. Syrian Observatory for Human Rights, 20-1-2015.
٣. Syrian Observatory for Human Rights, 10-1-2015.
٤. Syrian Observatory for Human Rights, 26-1-2015.

ڕۆژەدا ١٢ چەکداری دەوڵەتی داعش کوژران[١]. هەمان ڕۆژ هێزەکانی (YPG) ئەو ڕێگەیان گرت کە چەکدارانی داعش دەیانویست لێیەوە بگەڕێنەوە کۆبانێ[٢]. لەم قۆناغەدا کە نزیك بوو لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش تەنیا ١٠٪ی شارەکەیان بە دەستەوە مابوو، هەروەها سەرەڕای ناردنی ١٤٠ چەکداری خوار تەمەن ١٨ساڵی بۆ ناوچەکانی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی (YPG)، بەڵام نەیانتوانی پارێزگاری لە پێگەکانیان بکەن و بە شێوەیەکی پلەبەندی لە کۆبانێ کشانەوە[٣].

ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەم، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بۆ ناوچە دوورەدەستەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ پێشڕەوییان کرد، هاوکات چەکدارانی ڕێکخراوی داعشیان ناچار کرد بەرەو دواوەتر پاشەکشێ بکەن[٤]، لە ئەنجامیشدا توانرا هەموو کۆبانێ بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان و دوای ئەوەش دەستیان کرد بە پرۆسەی پاککردنەوەی شارەکە لە پاشماوەکانی ڕێکخراوی داعش، نەخاسمە کە هێشتا ژمارەیەك چەکداری ئەو ڕێکخراوە خۆیان لە ناوچە دوورەکانی سنوورەکانی کۆبانێ حەشاردا بوو و لە چەند کاتێکی جیادا هەوڵیان دا لە بەری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ هێرش بۆ سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ئەنجام بدەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی خۆیان بۆ هێرشێکی لەم شێوەیە کۆ بکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەی کۆبانێ بە تەواوەتی لە چەکدارانی داعش پاککرایەوە، بەڵام کۆڵۆنێل ستیڤ وارن (Steve Warren) وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: "هێشتا ئامادەنیم ددان بەوەدا بنێم شەڕی کۆبانێ کۆتایی پێهاتووە، چونکە تا ئێستە شەڕ بەردەوامە، بەڵام هێزە دۆستەکانمان توانای ئەوەیان هەیە یەکلایی بکەنەوە". هەروەها جەختی کردەوە کە هێزە کوردییەکان بە پشتیوانی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی توانیویانە کۆنترۆڵی ٧٠٪ی کۆبانێ و دەوروبەری بکەنەوە[٥] کە ٩٠٪ی شارەکە دەگرێتەوە[٦]. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەم ڕایگەیاند تەواوی

١. Syrian Observatory for Human Rights, 26-1-2015.

٢. Daily Mail, 24-1-2015.

٣. Syrian Observatory for Human Rights, 26-1-2015.

٤. BBC News, 26-1-2015.

٥. Syrian Observatory For Human Rights, 27-1-2015.

٦. The New York Times, 2-1-2015.

کۆبانێ لە چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش پاککراوەتەوە[١]، پاشان دوای سێ ڕۆژ واتە ٣٠ی کانوونی دووەم، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە ڕاگەیانراوێکدا شکستی خۆی لە شەڕی کۆبانێ ڕاگەیاند، بەڵام بەڵێنیشی دا سەرلەنوێ هێرش بکەنەوە سەر کۆبانێ[٢].

## کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانێ

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ کۆبانێ لەدەست چەکدارانی داعش دەرهێنرا، یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و سوپای سووریای ئازاد بەرەو گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێ پێشڕەویان کرد کە چەکدارانی ڕێکخراوی داعش دەستیان بەسەردا گرتبوو[٣]. شەڕڤانانی (YPG) هەمان ڕۆژ هێرشیان کردە سەر گوندی حلنچ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ و چەکدارانی داعشیان لێ وەدەرنا، هەروەها گەمارۆی چەکدارانی ڕێکخراوەکەیان دا لە ڕیفی باشووری کۆبانێ[٤]. بۆ ڕۆژی دواتر شەڕڤانانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد گوندی کۆلاما و مۆڵی سیران و هۆڵی نەورۆزیان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان[٥].

هێزەکانی پاراستنی گەل (YPG) بە هاوکاری سوپای سووریای ئازاد توانییان تا ڕۆژی ٦ی شوباتی ٢٠١٥ زیاتر لە ١٠٠ گوندی دەوروبەری کۆبانێ لە ژێر دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەربهێنن[٦]، تەنانەت (YPG) ڕایگەیاند لە میانی ئەو پێشڕەوییانەدا ڕووبەڕووی هیچ جۆرە بەرگرییەکی چەکدارانی داعش نەبوونەتەوە، نەخاسمە کە چەکدارانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ پێشڕەوییەکانی (YPG) بەردەوام هێزەکانی پاشەکشە پێ دەکرد[٧]. لە لایەکی ترەوە بە گوێرەی هەندێك لە ڕاپۆرتەکان، زۆربەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش لە ڕۆژئاوای کۆبانێ بە نەژاد تورك بوون، هەر ئەو کات بەشێك لەو چەکدارانە خۆیان

---

١. شفق نیوز، ٢٠٢١/١/٢٦.

٢. CTV News ،Associated Press. 31-1-2015.

٣. Rudaw. 17-4-2015.

٤. Syrian Observatory For Human Rights, 28-1-2015.

٥. Syrian Observatory For Human Rights. 28-1-2015.

٦. Syrian Observatory For Human Rights. 9-2-2015.

٧. Yahoo News. 7-2-2015.

ڕادەستی پاسەوانانی سنووری تورکیا کردەوە[١].

ڕۆژی ٨ی شوبات، لەو کاتەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش گوند بە گوند بەرەو باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ دەکشایەوە، بەڵام لە گوندەکانی بەری ڕۆژئاوای شارەکە بە توندی ڕووبەڕووی شەڕڤانانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد بوونەوە و دەیانویست دەست بەسەر خاکەکەیان لە پارێزگای حەلەبدا بگرنەوە[٢]. لەو سەروبەندەدا چاودێران و شارەزایانی بواری سەربازی و ستراتیژی نیگەرانی خۆیان بەرانبەر بە گەڕانەوەی چەکدارانی ڕێکخراوەکە دەردەبڕی کە پێیان وابوو ڕێکخراوەکە هێزێکی دڵڕەق و تۆڵەسێنە و هاوکات لە هێرشی لە ناکاو و پێچەوانەدا ئەزموونێکی باشی هەبوو[٣].

ڕۆژی ٩ی شوبات ڕێکخراوی داعش لە چوارچێوەی ستراتیژ و تاکتیکی سەربازیدا هەندێك لە چەکدار و چەك و کەلوپەلە سەربازییەکانی لە هەندێك گوندەکانی پارێزگای حەلەب کشاندەوە، کە ئامانج لێی بەهێزکردنی هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆبانێ بوو[٤].

ڕۆژی ١٥ی شوبات دوای شەڕێکی خوێناوی لە نێوان شەڕڤانانی (YPG) و چەکدارانی ڕێکخراوی داعش کە بووە هۆی کوژرانی ٣٥ چەکداری ڕێکخراوەکە و چوار شەڕڤان، هێزەکانی (YPG) توانیان تەل بەغداك و تەل چارقلی بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. هەروەها ڕۆژی دواتر شەڕڤانانی (YPG) بە پشتیوانی یاخیبووانی دژ بە داعش توانیان تەل خوندان لە باشووری خۆهەڵاتی کۆبانێ کۆنترۆڵ بکەنەوە، بەم ئەنجامە هێزەکانی (YPG) توانیان ٢،٠٠٠کم چوارگۆشە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕیفی حەلەب بگەڕێننەوە ژێر ڕکێفی خۆیان[٥]. هەروەها ڕۆژی ١٧ی شوبات هێزەکانی (YPG) و یاخیبووانی دژ بە داعش ڕێگەی حەلەب-حەسەکە و حەوت گوندی تریان لە پارێزگای ڕەققە خستەوە بن دەستی خۆیان، کە لە میانی ئەو هەڵمەت و پێشڕەوییەدا شەڕڤانێك و ١٠ چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی کوژرابوون[٦].

ڕۆژی ٢٦ی شوبات، بڵاو کرایەوە کە هێزەکانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد لە میانی

١. Syrian Observatory For Human Rights. 9-2-2015.
٢. The Daily Star Newspaper – Lebanon. 8-2-2015.
٣. Syrian Observatory For Human Rights. 8-2-2015.
٤. Reuters. 9-2-2015.
٥. Syrian Observatory For Human Rights. 16-2-2015.
٦. Syrian Observatory For Human Rights. 19-2-2015.

چەند ئۆپەراسیۆنێکیاندا بەشێك لە دوایەمین پێگەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیان لە ڕۆژئاوای ڕیفی کۆبانێ کۆنترۆڵ کردووەتەوە و لە ئەنجامی ئەو هەڵمەت و ئۆپەراسیۆنانەشدا توانیویانە ٢٣ چەکداری ڕێکخراوەکە بکوژن، کە لە هەمان کات و ڕۆژیشدا هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هێرشێکی ئاسمانیان بۆ سەر ناوەندی فەرماندەی ڕێکخراوەکە لە ناوچەی شویوکی ڕۆژئاوا ئەنجامدا بوو، کە لانی کەم ٨ چەکداری ڕێکخراوەکە، کە سەرکردەی دیاریشیان تێدا بوو، کوژران[١].

هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بە هاوکاری و پشتیوانی سوپای سووریای ئازاد لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانگی ئاداری ٢٠١٥دا توانیان ٢٩٦ گوند بخەنەوە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیان. لە لایەکی ترەوە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە بەشەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی کۆبانێ بڵاوەیان کرد کە مەبەستیان بوو ڕێگە لە هێزەکانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد بگرن بەرەو ڕەققەی پایتەختیان پێشڕەوی بکەن[٢]. لە هەمان کاتدا بڵاوکرایەوە هێزە کوردییەکان سەرقاڵی پلان دانان بوون بە مەبەستی پێشڕەویکردن و گرتنەوەی گرێسپی و پاشانیش بەیەکەوبەستنەوەی کانتۆنی کۆبانێ بە کانتۆنی جزیرە[٣].

لە ماوەی ڕۆژانی ١ تاوەکو ٦ی ئادار، هێزەکانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گەمارۆی کارگەی پیشەسازی چیمەنتۆی لیفارگە-یان دا و دەستیشیان بەسەر ١١ گونددا گرت، لەوانە: گوندی شویخی تانی و شویخی فەوقانی کە تاکە دوو گوندی بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ بوون لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات بە دەست چەکدارانی داعش مابوونەوە. لە ئەنجامدا چەکدارانی داعش ناچار بوون بەرەو جەڕابلووس پاشەکشێ بکەن، کە دوای پاشەکشەکردنیشیان، دیوی ڕۆژئاوای پردی جەڕابلووسیان تەقاندەوە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هێزە کوردییەکان لە گەیشتنیان بۆ ناو جەڕابلووس. هەروەها لە میانی شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو چەند ڕۆژەدا ٩٨ چەکداری داعش و ١١ شەڕڤانی (YPG) کوژران[٤]. لە لایەکی ترەوە باس لەوە دەکرا چەکدارانی داعش لە گرێسپییەوە پەڕیونەتەوە سنوورەکانی تورکیا و پاشان لە گوندەکانی دەوروبەری ڕۆژئاوای

١. ARA News. 28-2-2015.
٢. SOHR. 1-3-2015.
٣. EA WorldView. 25-3-2015.
٤. SYRIA and IRAQ NEWS. 9-3-2015.

گرێسپی دەرکەوتوونەتەوە و خۆیان بۆ هێرشی سەر گوندەکانی بەری ڕۆژهەڵات ئامادە کردبوو[١].

ڕۆژی ٩ی ئادار بەهۆی دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی هێزە کوردییەکان و پێشڕەوییەکانیان بەرەو سایلۆی دانەوێڵەی سرین، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەوڵیان دا هێرشی پێچەوانە لە سرین لە بەشی باشووری کانتۆنی کۆبانێوە ئەنجام بدەن و دەست بەسەر گوندەکانی جیل و خان مامیتدا بگرن، هەروەها هێرشیان کردە سەر ژمارەیەك گوندی تر لە باکووری سرین، بەڵام هێرشی ئاسمانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕێگەی لە پێشڕەوییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوەکە گرت و بەهۆی ئەو هێرشانەوەش پاڵاوگەیەکی نەوتی لە مونبەتیج لە باکووری ڕۆژئاوای گرێسپی تەقییەوە[٢]، کە لە ئەنجامدا ٣٠ چەکداری ڕێکخراوەکە و ژمارەیەك کرێکاری پاڵاوگەکە کوژران[٣]. هاوکات ١٣ شەڕڤانی (YPG) لە میانی شەڕ و پێکدادانەکان لە ناوچەی ماندیك لە ڕۆژئاوای گوندی چەلەبییە کوژران[٤]. لە سەرێکی ترەوە بڵاوکرایەوە هێزەکانی (YPG) و هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تۆپباران و بۆردوومانی شاری جەڕابلووسیان لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری فورات کرد[٥]. هەروەها ڕۆژی دواتر لە میانی شەڕ و پێکدانێکی سەختدا کە بووە هۆی کوژرانی ١٥ شەڕڤانی (YPG) و ١٢ چەکداری داعش، هێزەکانی (YPG) توانیان گوندەکانی ماندیك، خوێدان، خان مامیت و حەمدوون لە دەست چەکدارانی داعش دەربهێنن[٦]. ڕۆژی ١٣ی ئاداریش بە هەمان شێوە شەڕ و پێکدادانەکان بە درێژایی هێڵی پێشەوە بەردەوام بوون کە لە ئەنجامدا ٧ چەکداری دەوڵەتی ئیسلامی داعش و دوو سەربازی سوپای سووریای ئازاد کوژران[٧].

ڕۆژی ١٥ی ئادار، دوای هێرشێکی نوێ لە لایەن هێزەکانی (YPG) و بە پاڵپشتی هێرشی ئاسمانی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، لە قەرە قۆزاق کە بووە هۆی داڕمانی بەرگریی دەوڵەتی ئیسلامی و ناچاریان کرد پاشەکشە بکەن، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی پردی قەرە

١. SYRIA and IRAQ NEWS, 9-3-2015.
٢. SYRIA and IRAQ NEWS, 9-3-2015.
٣. Syrian Observatory For Human Rights, 22-3-2015.
٤. Syrian Observatory For Human Rights, 25.3.2015.
٥. SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3.2015.
٦. Syrian Observatory For Human Rights, 25.3.2015
٧. SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3.2015.

قۆزاقیان تەقاندەوە، بۆ ڕێگریکردن لە هێزەکانی (YPG) لە پەڕینەوە بۆ کەناری ڕۆژئاوای فوڕات. تەواوی چەکدارانی داعش لە خانوویەکی نزیک پردەکە کۆبوونەوە، کە دواتر دەستبەجێ بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی هاوپەیمانان تەقێندرایەوە[1]. ڕۆژی دواتر پشتڕاست کرایەوە کە هەموو ئەو چەکدارانەی داعش کە لە قەرە قۆزاق ماونەتەوە یان کوژراون یان خۆیان ڕادەست کردووە، بەمەش هێزەکانی (YPG) و سوپای سووریای ئازاد بە تەواوی کۆنتڕۆڵی شارۆچکەکەیان کردەوە[2]. لە ماوەی ڕۆژانی ١٣ تا ١٥ی ئادار لە قەرە قۆزاق لانی کەم ٤٥ چەکداری داعش و ٤ شەڕڤانی (YPG) کوژران. دوای سێ ڕۆژ، هاوپەیمانان ئەوەی لە پردی قەرە قۆزاق مابوو خاپووریان کرد، بۆ ئەوەی هێزەکانی داعش نەگەنە سرین. بەمەش هێزە کوردییەکان نزیکەی هەموو ئەو گوندانەیان کۆنتڕۆڵ کردەوە کە پێشتر چەکدارانی ڕێکخراوی داعش لە سەرەتای هێرشەکانیان لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤دا بۆ سەر کانتۆنی کۆبانی دەستیان بەسەردا گرتبوون[3]. لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئیسلامی داعش بەردەوام بوو لە کۆنتڕۆڵکردنی دەیان گوندی بەشی باکووری ڕۆژئاوای پارێزگای ڕەققە و ژمارەیەك گوندی تر لە بەشی باشووری شارۆچکەکە. شیاوی ئاماژەیە کۆبانێ زیاتر لە چوار مانگ بەرەنگار و ڕووبەڕووی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بووەوە، تا ئەو کاتەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و یەکینەکانی پاراستنی ژنان (YPJ) و ژووری گرکانی فوڕات بە پاڵپشتی ئاسمانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و پاڵپشت بە هێزی پشتیوانی لەشکری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان توانیان شارەکە و تەواوی گوندەکانی لە دەست داعش دەربهێنن و کۆنتڕۆڵی بکەنەوە[4].

١. ARA News, 25-3-2015.

٢. ARA News, 25-3-2015.

٣. agathocledesyracuse. com, 4-3-2016.

٤. إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

## پاژی سێیەم: ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕزگارکردنی کۆبانێ

لەشکری پێشمەرگە کە سوپای هەرێمی کوردستانە، دوای ئەوەی لە لایەن تورکیاوە ڕێگەی بۆ کرایەوە، چووە شارەکە و بەشداری لە بەرگریکردن لەو شارە کرد. لە لایەکی ترەوە شەڕڤانە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت سوورییەکانیش کە باوەڕیان بە پڕۆژەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) هەبوو، بەشدارییان لە بەرگریکردنەکانی کۆبانێ و شارە سوورییەکانی تر کرد کە چەکدارانی ڕێکخراوی داعش ئامانجی بوو دەستیان بەسەردا بگرێت[1]. لە ڕاستیدا "ئەم شەڕە خاڵی یەکگرتنەوەی گەلی کورد بوو لەگەڵ پێکهاتەکانی تری سووریا کە ڕازی بوون بەرەنگاری داعش ببنەوە وەك مەترسییەك بۆ سەر ئایندەی هەموو جیهان"[2].

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا بۆ دەنگدان لەسەر پێدانی دەسەڵاتی ناردنی هێزی پێشمەرگە بە سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە شاری کۆبانێ. لەمبارەیەوە ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند "پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە میوانداری مستەفا سەید قادر وەزیری پێشمەرگە دانیشتنێك ئەنجام دەدات، بۆ پێدانی مۆڵەت و ڕێگەدان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی جووڵاندنی هێز بۆ شاری کۆبانێ". هەروەها ئومێد خۆشناو ڕایگەیاندبوو سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێوارەی نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە بۆ ئەوەی بڕیارێک بدات کە ڕێگە بە سەرۆکی هەرێم بدرێت هێزە کوردییەکان بەرەو دەرەوە بجووڵێنێت[3].

ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ کۆبانێ کە لە لایەن داعشەوە گەمارۆ درابوو. نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە گەیشتنە شارەکە و بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی سەربازی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) بە چەکی قورس (تۆپ) بەشدارییان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی داعشدا کرد. ئەو کات جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو، پێشمەرگە پاڵپشتی هێزەکانی (YPG) دەکەن و

١. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.
٢. المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.
٣. فرانس برس، ٢٠١٤/١٠/٢٢.

ژمارەیەك چەكی نیمچە قورسیان پێیە[1]. هاوكات یوسف محەمەد سادق سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە گرتەیەكی ڤیدیۆییدا كە لە لایەن بەشی میدیای پەرلەمانەوە بڵاوكرایەوە ڕایگەیاندبوو: "پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا هێز ڕەوانەی كۆبانێ بكات بە ئامانجی پشتیوانیكردن لە شەڕڤانان و بەرەڤانان و پاراستنی كۆبانێ"[2]. دیارە وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ كرد، سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان نووسراوێكی ئاراستەی پەرلەمان كردبوو بۆ ئەوەی مۆڵەت بدرێت و ڕێگە بە سەرۆكی هەرێم بدات هێز ڕەوانەی شاری كۆبانێ بكات[3].

دوابەدوای دەرچوونی بڕیاری پەرلەمانی كوردستان لە بارەی ناردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بۆ كۆبانێ، ژمارەیەك ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناردنی هێزی پێشمەرگەیان بۆ كۆبانێ بە پێچەوانەی دەستووری عێراق لە قەڵەم دا. ئاشكرایە بڕیارەكەی پەرلەمانی كوردستان لەسەر داوای سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بوو، چونكە ماوەی مانگێك بوو بەرەڤانانی كورد لە كۆبانێ بەرگرییان لە شارەكە دەكرد و بەرانبەر بە چەكدارانی سەختترین ڕێكخراوی سەردەم شەڕیان دەكرد.

سەمیرە موسەوی ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاندبوو، بڕیارەكەی پەرلەمانی كوردستان تەواو نایاسایی و نادەستوورییە، بە تایبەت كە پێشمەرگە پاسەوانی هەرێمە نەك سوپا، هەروەها هێز بە پێی ڕێككەوتنی نێوان وڵاتان دەردەچێت، بەڵام ئەوەی هەرێمی كوردستان دەیكات لە دەرەوەی یاسا و دەستووری عێراقە. عالییە نوسەیف یەكێكی تر بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەخنەی لە بڕیارەكەی پەرلەمانی كوردستان گرتبوو و پێیوابوو بڕیارەكە پێچەوانەی ماددە و بڕگەكانی دەستووری عێراقە، بە شێوەیەك لە ماددەی (٧٨)[4]دا هاتووە كە سەرۆكوەزیران ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە سیاسەتی گشتی وڵات و فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانە. هەروەها ماددەی (١١٠)[5]ی دەستوور دەسەڵاتەكانی حكومەتی فیدراڵی دیاری كرووە، نەخاسمە

١. شفق نیوز، ٢٠٢١/١/٢٦.

٢. فرانس ٢٤/ أ ف ب، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٣. فرانس ٢٤/ أف ب، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٤. المادة (٧٨): رئيس مجلس الوزراء هو المسؤول التنفيذي المباشر عن السياسة العامة للدولة، والقائد العام للقوات المسلحة يقوم بإدارة مجلس الوزراء ويترأس اجتماعاته وله الحق بإقالة الوزراء، بموافقة مجلس النواب.

٥. المادة (١١٠)، تختص السلطات الاتحادية بالاختصاصات الحصرية الاتية:

ئـەوەی پەیوەنـدی بـە سیاسـەتی دەرەوە و ئاسایشـی نەتەوەییـەوە هەیـە. نوسـەیف سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە چوونی پێشمەرگە بـۆ کۆبـانێ دەربـڕی بـوو و پێیوابـوو کـە پێشمەرگە لە بری بەرگریکردن لـە کۆبـانێ، دەبـوو بـەرگری لـە تەلەعفـەر و شـنگال و شـارە عێراقییەکانی تر بکات، کە مەبەستی ئەو شـوێنانە بـوو کـە چەکـدارانی داعـش لـە بـاکووری عێـراق (هـەرێمی کوردسـتان) دەسـتیان بەسـەردا گرتبـوو[1]، هـەروەها سەرسـوڕمانی خـۆی بەرانبەر بە هەڵوێستی حەیـدەر عـەبادی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و بەرپرسـانی تـری بـاڵای حکومەتی عێراق نیشاندا بوو، کـە بەرانبـەر بـە بڕیارەکـەی پەرلـەمانی هـەرێمی کوردسـتان هەڵوێستیان نەبووە. لە لای خۆیـەوە هـەڵگورد حیکمـەت وتـەبێژی وەزارەتـی پێشـمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان سـەبارەت بـە وەڵامـی پرسـیاری ئایـا هەماهـەنگی لـە نێـوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقـدا هەیـە بـۆ نـاردنی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ کۆبانێ؟ ڕایگەیاندبوو، کە بڕیارەکە پێویستی بە ڕەزامەنـدی حکومـەتی عێـراق نییـە. لـە لای خۆیانەوە ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرگرییان لـە بڕیارەکـەی پەرلەمانی کوردستان کرد. لەمبارەیەو شێرکۆ میرزا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق لـە فڕاکسیۆنی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان ڕایگەیانـدبوو تیـرۆر پرسـێکی جیهانییـە و لەسـەر هەموو ئەو هێزانەی کە بەرگری لە ئازادی و ژیانێکی دیموکراسی بۆ گەلان دەکـەن پێویسـتە بەشـداری لـە لـەناوبردنی تیـرۆر بکـەن. نـاوبراو ئامـاژەی بـەوە کردبـوو لـە سـۆنگەی ئـەم تێڕوانینەوە پشتگیری لە کۆبانێ دەکەن، بە تایبەت کە ئەو بابەتە بووەتە بابەتێکی مرۆیـی و گەلێك لەلایەن هێزێکی بەربەری لـە شـاری خـۆی گـەمارۆدراوە و لەسـەر هـەموو خـەڵك و کۆمەڵگەکان پێویست دەکا بـەرگری لـەو گەلـە گـەمارۆدراوە بکـەن. هاوکـات حـاکم زاملـی

---

اولا: رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي والتفاوض بشأن المعاهدات والاتفاقيات الدولية وسياسات الاقـتراض والتوقيـع عليهـا وابرامهـا ورسـم السياسـة الاقتصـادية والتجاريـة الخارجيـة السـيادية.

ثانيا: وضع سياسة الامن الوطني وتنفيذها، بما في ذلك انشاء قوات مسلحة وادارتها لتـأمين حمايـة وضـمان امن حدود العراق، والدفاع عنه.

ثالثـا: رسـم السياسـة الماليـة والكمركيـة واصـدار العملـة ،وتنظيم السياسـة التجاريـة عـبر حـدود الاقاليم والمحافظات في العراق ووضع الميزانية العامة للدولة ورسم السياسة النقدية وانشاء بنك مركزي وادارته.

رابعا: تنظيم امور المقاييس والمكاييل والاوزان.

خامسا: تنظيم امور الجنسية والتجنس والاقامة وحق اللجوء السياسي.

سادسا: تنظيم سياسة الترددات البثية والبريد.

سابعا: وضع مشروع الموازنة العامة والاستثمارية.

تاسعا: الاحصاء والتعداد العام للسكان.

١. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٢٥.

ئەندامی دیاری بزووتنەوەی ئەحرار و نوێنەری سەرەکی ڕەوتی سەدر، ڕایگەیاندبوو، "ناردنی هێزی (کوردی) بۆ سووریا پرسێکی سروشتییە"، هەروەها شەڕکردن لە دژی ڕێکخراوی داعش لە سووریا لە بەرژەوەندی گەلی عێراقە، چونکە گۆڕەپانی عێراق و سوریا یەکن. زاملی ئاماژەی بەوەش کردبوو، کە ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە سوویا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دێتە عێراق و ڕۆڵەکانی گەلی عێراقیش دەکوژێت. شیاوی ئاماژەیە سەرۆك مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ ناردنی ژمارەیەکی دیکەی هێزی پێشمەرگە بۆ شاری کۆبانی ڕاگەیاندبوو و ڕوونی کردبووەوە بەهۆی دووری جوگرافی و گەمارۆدانی شارەکە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، پرۆسەی گەیاندنی هاوکاری بۆ کۆبانێ قورس بووە[1]. هاوکات بەهۆی ئەوەی تورکیا ڕێگەی بە هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دا تا لە ناو خاکی تورکیاوە بچنە کۆبانێ، حکومەتی سووریا ڕەخنەی توندی لە تورکیا گرت و بەرپرسیارییەتی چوونی پێشمەرگەی بۆ ناو کۆبانێ خستە ئەستۆی ئەو وڵاتە. لە لای خۆیەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بە پەڕینەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردبوو لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە بۆ ناو کۆبانێ. هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا کە ئاراستەی گەلی کوردی کردبوو، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشابوو کە بەهۆی دوورەدەستی کۆبانێ و گەمارۆدانی شارەکە لە لایەن چەکدارانی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی گەیشتنی هاوکارییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆك بارزانی جەختی کردبووەوە کە لەگەڵ دۆستەکانی کورد هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی کۆبانێ نەکەوێتە دەست تیرۆریستیان[2]. سەرۆك بارزانی باسی لە ڕۆڵی تورکیاش کردبوو لە پەڕینەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و ڕایگەیاندبوو چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بەبێ ڕەزامەندی تورکیا و بەبێ هەماهەنگی ئەمریکا نەدەکرا. سەرۆك مسعود بارزانی باسی لەوە کردبوو جۆن کیری (John Kerry)[3] وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەمریکا هەوڵ دەدات لەگەڵ تورکیا ڕێکبکەون بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە بە خاکی تورکیادا بچێتە کۆبانێ، ئەوە بوو لە

١. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٢٥.

٢. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٢٥.

٣. John Forbes Kerry: لە دایکبووی ١١ی ئەیلوولی ١٩٤٣ئییە. لە ١ی شوباتی ٢٠١٣ وەك وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستبەکار بوو. ساڵی ٢٠٠٤ کاندیدی دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکی ئەمریکا، بەڵام لە بەرانبەر جۆرج دەبلیوو بووش (George W. Bush) دۆڕا.

ئـەنجامی چەنـد کۆبوونەوەیـەکی دووقـۆڵی و سـێقۆڵی لـە نێـوان بەرپرسـانی ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا و هەرێمی کوردسـتان تورکیـا بـە فـەرمی ڕەزامەنـدی لەسـەر ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دا و بڕیاری دا کارئاسانی بـۆ ئـەم مەبەسـتە بکـات و ئەمریکاش پشتیوانی خۆی بۆ ئـەو هـەنگاوەی تورکیـا نیشـان دا. سـەرۆك بـارزانی ئامـادەیی هەرێمی کوردستانیشی دووپات کردبووەوە کە ئەگەر پێویست بکات هێـزی زیـاتر ڕەوانـەی کۆبانێ دەکات، هەروەها ڕوونی کردبووەوە ئەو هێزەی دەچێتە کۆبانێ هێـزی پشـتیوانییە و لەسەر داوای پـارتی یـەکێتی دیمـوکراتی (PYD) بـووە[1]. وەك پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بـە هەنگاوەکـەی تورکیـا خۆشـحاڵ و بـوو پێشـوازی لـە بڕیارەکەی کرد[2]. لە لای خۆیەوە حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند بڕیاری داوە ڕێگە بـە هێزەکـانی پێشـمەرگەی کـوردی عێـراق بـدات بـە نـاو خاکەکەیـدا تێپـەڕن بـۆ ئـەوەی بچنـە شـاری عەینولعەرەب (کۆبانێ)، ئەمەش وەك وەڵامێکی خێرای ئەمریکا بە دابەزانـدنی ٢٧ کۆنتێنـەر و پاکێتی بارکراو لە چەك و پێداویستییە سەربازییەکان لە کۆبانێ بـۆ ڕێگـەگرتن لـە کـەوتنی شارەکە بە دەست چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش[3].

سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لـە دیمانەیـەکی لەگـەڵ ڕۆژنامـەی (الحیاة)ی لوبنانی وتبووی: "بـە ڕاسـتی چیرۆکێکـی ئـاڵۆز و بـە ئـازار و جـوان و خـەمهێن و دڵخۆشکەریشە، کۆبانێ شارێکی تەواو کوردییە، ناوەکەیان گۆڕی و کردیانە عەینولعـەرەب و دەیانەوێ مۆرك و ڕووخسارە کوردییەکـەی بگـۆڕن، ئەمـە چ شـۆڤێنیەتێکە! کۆبـانێ ٣٠٠کـم لێمانەوە دوورە کە وەك سەری شـنگال وایـە و ناوچەیـەکی دابـڕاوە. ناوچـەکانی قامیشـلۆ و حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، بەڵام پڕۆسەی تـەعریبکردن کۆبـانێ لـە هـەردووکیان دابڕیوە وەك چۆن عەفرینیش بە هەمان دەرد بردراوە. کاتێك کۆبانێ زۆر بـە تونـدی کەوتـە بەر هێرشی داعش لە ڕاستیدا ئازارمان چەشت، بـەڵام چارەسـەرمان نـەبوو و نـەمانتوانی لـە ڕێگـەی وشـکاییەوە بچـین، هـەروەها لـە ئاسمانیشـەوە توانـای گەیشـتنمان نـەبوو. هـەموو ڕێگاکانی گەیشتن بەو شارە بە ڕوومـان داخرابـوو، ئەوەنـدەمان پێکـرا داوای بـەهاناوەچوون بکەین، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پەیوەنـدیمان بـە دۆسـتە ئەمریکییەکانمانـەوە کـرد. ئـەوە بـوو ئەمریکییەکان لە ڕێگەی ئاسمانەوە ئەو کەلوپەلانەی دابینمان کردبوون گەیاندیانـە کۆبـانێ.

١. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٢. فرانس ٢٤/ أف ب، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٣. عربي ٢١، ٢٠٢٢/٦/١٧.

دواتر لە نێوان من و جۆن کیری پەیوەندی تەلەفۆنی دروست بوو. کیری پرسیاری لێم کرد کە ئایا دەتوانن هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بنێرن؟ لە وەڵامدا پێم وت کە ئەگەر ڕێگە لەبار بێت هەموو ئامادەییەکمان تێدایە. کیری بەڵێنی دا پەیوەندی بە لایەنی تورکییەوە بکات بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر. ئەوە بوو تورکەکان پەیوەندیان پێ کردین و پێیان وتین کە ئاسانکاری دەکەن ئەگەر ئێمە ئارەزوو بکەین هێز بنێرین. لە ڕاستیدا هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد تورکەکان ڕێگەمان پێ بدەن بە ناو خاکی ئەواندا بۆ کۆبانێ بپەڕینەوە. هەڵوێستی تورکەکان وەك موژدەیەك وابوو. بە پێی دەستوور من ناتوانم هێز ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکەم بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان. ئەوە بوو پەرلەمان دانیشتنی ئەنجام دا و بۆ ئەو بابەتە ڕایسپاردم. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بە برایان لە کۆبانێ کرد. پێش ئەوە کۆبوونەوەی لایەنە کوردییەکانی کۆبانێ لە دهۆك ئەنجامدرابوو و وتیان: ئێمە پێویستمان بە هێزەکانی پێشمەرگە نییە بۆ شەڕ، بەڵکو پێویستمان بە هێزی پشتیوانی هەیە. ئێمە بە ئەمریکی و تورکەکانمان ڕاگەیاند کە ئامادەین ٣٠٠٠ هەزار پێشمەرگە ڕەوانەی کۆبانێ بکەین، بەڵام بەرپرسانی شارەکە دەڵێن ئێمە تەنیا پێویستمان بە هێزی پشتیوانی هەیە. ئەوە بوو سریەیەکی هێزی پشتیوانیمان بە تەواوی ئامادەکاریی سەربازییەوە بە تایبەت کە تۆپ و چەکی باشیان پێ بوو، ڕەوانەی شارەکە کرد. بێگومان فڕۆکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی هەبوو. سوپاس بۆ خوا داعش لە داگیرکردنی کۆبانێ شکستی هێنا و ڕووبەڕووی دۆڕانێکی سەخت بووەوە. لە کاتی پەڕینەوەی هێزەکانی پشتیوانی پێشمەرگەی کوردستان لە تورکیاوە بۆ کۆبانێ پێشوازییەکی گەرم و برایانەیان لێ کرا. سەرنج بدە تەنانەت گەنجان بەرەو پیری ئۆتۆمبێلەکانی پێشمەرگەوە چوون و ماچیان دەکردن، هەندێکیشیان خاکی بەر پێی کاروانەکانیان ماچ دەکرد"[١].

لە لایەکی ترەوە سەلاح فەیلی شارەزای سەربازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) گوتبووی کە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای شەڕی کۆبانێ ئامادەیی خۆی بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە نیشاندا بوو، بەڵام شەڕڤانانی کورد لە کۆبانێ داوای هێزی شەڕکەر و پیادەی پێشمەرگەیان نەکردبوو، بەڵکو داوایان کردبوو هێزی پشتیوانیان بۆ بنێرن، بەڵام سەرەڕای ئەوە هەر کات و لە هەر شوێنێك داوا بکەن، هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگەیان بۆ ڕەوانە دەکات. ناوبراو ئاماژەی بەوە کردبوو کاروانی یەکەمی هێزەکانی پێشمەرگە ماوەی سێ مانگ لە کۆبانێ دەمێننەوە و پاشان دەگەڕێنەوە

١. حوار رئيس إقليم كوردستان مع صحيفة الحياة، ٢٠١٥/٢/٨.

و دواتر هێزی نوێ دەچێتە شوێنەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە کۆبانێ. فەیلی جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ هیچ کاریگەرییەك بەسەر گۆڕەپانی شەڕەکانی دژ بە داعش لە بەرەکانی هەرێمی کوردستان ناکات، بە تایبەت کە ٣٠٠ بۆ ٣٥٠ هەزار پێشمەرگە و خۆبەخش لە هەموو بەرەکانی هەرێمی کوردستان لە دژی چەکدارانی داعش شەڕ دەکەن، بۆیە ناردنی ١٥٠ پێشمەرگە هیچ کاریگەرییەك بەسەر پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ناکات. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردبوو کە ئەو هێزەی ڕەوانەی کۆبانێ کراوە بەهۆی ئەوەی هێزی تۆپهاوێژن، بۆیە سروشتی ئەرکەکەیان وایە لە هێڵەکانی پشتەوەی شەڕ دەبن و پشتیوانی بەرەکانی پێشەوە دەکەن. سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشا بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە هاوکات مەشق بە شەڕڤانانی کورد دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکی سووك و چەکی قورس و چەکی تر کە بە دەست یەکینەکانی پاراستنی گەلە (YPG)وەیە، هاوکات لەگەڵ ڕاهێنانیان لەسەر کەلوپەل و تفاقی سەربازی و نەخۆشخانەی گەڕۆك[1].

لە ڕاستیدا لە لایەن دانیشتوانی گوندە کوردییەکانی سەر سنووری تورکیا بە گوتنەوەی دروشمی سەرکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان پێشوازییەکی گەرم لە هێزەکانی پێشمەرگە کرا و دروشمی (کۆبانێ دەبێتە گۆڕستانی داعش)یان دەوتەوە[2].

ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ڕادیۆی (BBC)ی بڵاویکردەوە بەشێك لە هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای سووریای ئازاد گەیشتوونەتە تورکیا بۆ چوونە عەینولعەرەب (کۆبانێ). بە گوێرەی لێدوانی وائیل حیجار پەیامنێری (BBC) ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی گەیشتبوونە شاری نسێبین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) ٨٠ پێشمەرگە بوونە و ٧٠ی تریش گەیشتبوونە بنکەی سەربازیی سرووچی تورکیا کە شەوی پێشتر لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیشتبوونە فڕۆکەخانەی شانلی ئورفا.

بە گوێرەی پەیامنێرەکەی (BBC) ئەو پێشمەرگانە هیچ جۆرە چەکێکیان پێ نەبووە، بەڵکو تەنیا جانتایەکی زۆریان پێ بووە. دواتر کە لە فڕۆکەخانەی شانلی ئورفا دابەزیون بە ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ شارۆچکەی سرووچی سنووری تورکیا گوازراونەتەوە و هێزەکانی ئاسایشی تورکیا ئاسایشی ڕێگەی ڕۆیشتنیان پاراستوون و ڕێگەیان بە ڕۆژنامەنووسان نەداوە

١. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٣١.
٢. الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٣١.

بە دوایانەوە بن[1]. هەروەها بەرپرسانی کورد ڕایانگەیاندبوو کە ١٥٠ پێشمەرگە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێریان بەرەو تورکیا بەجێهێشتووە، کە هاوکات چەکی قورسیان لە ڕێگەی وشکاییەوە بۆ دەچێت[2]. لە هەمان کاتدا یەکێك لەو پێشمەرگانەی لە ڕێگەی تورکیاوە بەرەو کۆبانێ ڕۆیشتووە، بە ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز (Reuters)ی گوتبوو، کە ڕۆژی هەینی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق لە ڕێگەی تورکیاوە پەڕیونەتەوە کۆبانێ بۆ یارمەتیدانی شەڕڤانانی کورد بۆ تێکشکاندنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، کە گەمارۆی شارەکەیان دابوو. لە لای خۆیەوە ئاژانسی فرانس پرێس (France-Presse) بڵاویکردبووەوە کاروانێکی ئۆتۆمبێلی سەربازی و مەدەنی لە نێو ئاپۆڕای چەپڵەڕێزانی سەدان کورد بەرەو خاڵی مورشید بیناری سنووری تورکیا و لە ژێر چاودێری ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی تورکیا بەڕێکەوتوون. بە گوێرەی زانیارییەکانی پەیامنێری فرانس پرێس کاروانەکە پێش کاتژمێر ٦:٣٠ی خولەکی ئێوارە شاری سرووچی تورکیایان بەجێهێشتووە، کە دوو ڕۆژ پێشتر گەیشتبوونە شارەکە[3]. ئاژانسەکە سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا بوو کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق لە ژێر پاراستن و چاودێری چڕی هێزە ئاسمانییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانی نێدەوڵەتی دژ بە داعش چوونەتە ناو کۆبانێ. لە لای خۆیەوە ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کردبوو کە زیاتر لە ٢٠ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە و چەکەکانیانی لە تەل شەعیری ڕۆژئاوای کۆبانێ گەیاندووەتە شارەکە. هەر بە گوێرەی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر بەرەکانی شەڕی کۆبانێ دابەش دەکران، کە لە هەمان کاتی گەیشتنی ئەو هێزانەی پێشمەرگەدا، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی چوار هێرشی تریان بۆ سەر چەکدارانی داعش لە باشوور و باشووری ڕۆژئاوای کۆبانێ ئەنجامدا بوو و لەگەڵ گەیشتنی پێشمەرگەش بۆ ئەو ئەو شارە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەردەوام بەسەر شارەکەدا دەسووڕانەوە[4].

هەروەها کەناڵی ئەلعەرەبییە و ئاژانسی ڕۆیتەرز باسیان لەوە کردبوو کە نزیکەی ٤٠ بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلی سەربازی کە هێزەکانی پێشمەرگەیان بە جلوبەرگی کوردییەوە هەڵگرتبوو بنکەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی

---

١. BBC, 29-10-2014.

٢. BBC, 29-10-2014.

٣. رويترز، أ ف ب، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٤. العربية. نت، بيروت – فرانس برس، ٢٠١٤/١١/١.

عێراقیان بەجێهێشت. لەمبارەیەوە دوو ئەفسەری هێزەکانی پێشمەرگە ڕایانگەیاندبوو کە ئەو هێزانە لە هەولێرەوە بە ڕێگەی وشکایی بەرەو خاکی تورکیا دەڕۆن. یەکێك لە ئەفسەرەکان باسی لەوە کردبوو کە ٤٠ بارهەڵگر و ئۆتۆمبێلی سەربازی کە ٨٠ پێشمەرگە و چەندین جۆری چەکیان هەڵگرتبوو، لە ڕێگەی وشکایی پارێزگای دهۆکەوە دەپەڕنەوە ناو خاکی تورکیا، هاوکات ٧٢ پێشمەرگەی تر لە ڕێگەی ئاسمانییەوە دەگوازرێنەوە.

لە لایەکی ترەوە لەسەر ئاستی مەیدانی شەڕەکاندا پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبییە ڕایگەیاندبوو شەڕ و پێکدادانی توند لە ناوچە کوردییەکانی سووریا لە نێوان سوپای سووریای ئازاد و چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە ئارادا بووە. هەر بە گوێرەی کەناڵی ئەلعەرەبییە کاروانی یەکەمی هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ١٥٥ پێشمەرگە پێکدێت و بە ناوچەکانی ڕۆژئاوای نزیك لە تەل شەعیر و ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بڵاودەبنەوە بە مەبەستی پاراستنی دەروازەی سەرەکی مورشید مینار کە چەکدارانی داعش هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەدەن[١]. هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو سەرۆك مسعود بارزانی داوای کرد بە پەلە هاوکارییەکان بگاتە خەڵکی کۆبانێ.

هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٥ی حوزەیرانی ٢٠١٥ پەیامێکی ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بۆ کۆبانێ.

لە یەکەمساڵیادی چوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ و ڕێگریکردنیان لە کەوتنی شارەکە بە دەست چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو بڵاویکردەوە: "ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ ساڵێك بەسەر چوونی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ شاری کۆبانێ تێپەڕ دەبێت کە دیارە سنووری دوو وڵاتیان بڕی بۆ ئەوەی بەرگری لە شارەکە بکەن. لە ڕاستیدا بەر لە چوونی هێزەکانی پێشمەرگە زۆربەی ناوچەکانی شاری کۆبانێ لە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا بوو و زۆری نەمابوو شارەکە بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر دەستی چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە، بەڵام پێشمەرگە بە چوار کاروان گەیشتە شارەکە و بەرگریان لێ کرد و لە ژێر دەستی داعش دەریانهێنا. چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بە فەرمانی مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە و بە

١. قناة العربية - رويترز، ٢٠١٤/١٠/٢٩.

ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بوو. هێزەکانی پێشمەرگە پشتیوانییان لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کرد لە دژی هێرشەکانی داعش. پاشان دوای چوار مانگ لە شەڕ و پێکدادانی بەردەوام، توانرا شارەکە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی کورد و بە تەواوەتی لە چەکدارانی داعش پاك کرایەوە"[١].

بەشداریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای سووریای ئازاد توانی ئەو کەموکووڕی و بۆشاییەی هێزەکانی (YPG) پڕ بکاتەوە کە لەسەر هەر دوو ئاستی مرۆیی و چەك لە میانی بەرگریکردن لە کۆبانێ دووچاری بووبوو، هاوکات بووە هۆی بەرزکردنەوەی ورە و مۆڕاڵی شەڕڤانانی کورد و لەمەوبەدوا هەستیان کرد کە لەو شەڕە چارەنووسسازەدا بە تەنیا نین. هاوکات بەرەڤانی کورد باوەڕی بەوە هەبوو کە بەرگری لە مێژوو و شەڕەفی نەتەوەی کورد دەکات و پێویستە لەسەری هەموو قوربانییەك بە گیانی بدات لە پێناو پاراستنی مێژوو و شەڕەفی نەتەوەکەی[٢]. بەهەندوەرگرتنی شەڕی کۆبانێ لە لایەن ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بووە هۆی ئەوەی کۆبانێ ڕەهەندێکی سیمبۆڵی وەربگرێ لە لای گەلی کورد و سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا. لە ڕاستیدا ئەو خۆڕاگری و نەبەردییەی لە کۆبانێ نیشان درا، کە ١١٢ ڕۆژی خایاند و ڕێگە نەدرا کۆبانێ بکەوێت، بووە یەکێك لە داستان و ئەفسانەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد[٣].

خۆڕاگری و بەرگری کۆبانێ پەیوەندی و دۆستایەتی جیهانی لەگەڵ کورد بەهێز کرد، بە شێوەیەك هەموو گەلانی جیهان هاوسۆزی خۆیان بۆ کۆبانێ دەربڕی و بۆ پشتیوانیکردنی بەرەڤانانی کورد لەو شارە یەکیان گرت. ڕێکخراوی خۆپیشاندانی جیهانی ڕاگەیانراوێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی ١ی تشرینی دووەم وەك ڕۆژی جیهانی هاوسۆزی بۆ کۆبانێ، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە لە ئەفغانستان، ئیکوادۆر، کەنەدا خۆپیشاندانی بەرفرەوان بەڕێوەچوو و لە ٣٠ وڵاتی تریش لە ژێر ناونیشانی "نەفیرعامی جیهانی لە پێناو کۆبانێ و مرۆڤایەتی دژی داعش" ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی بەرگری کۆبانێ دانرا[٤]، کە ئەم ڕووخسار و سیمبۆڵییە مێژووییە وایکرد کۆبانێ ببێتە ناوێکی گەورە و توانی ئەفسانە و دێوەزمەی داعش تێکبشکێنێ.

---

١. Rûdawê, 28-10-2015.

٢. الجزیرة.نت، ٢٠١٥/٢/١.

٣. الجزیرة.نت، ٢٠١٥/٢/١.

٤. شبكة "خبر ٢٤"، ٢٠٢٢/٦/١٧.

## ئۆپەراسیۆنی شای فورات

شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی شوباتی ٢٠١٥ کاروانێکی سەربازانی تورکیا کە پێکهاتبوون لە ٥٧٢ سەرباز، ٣٩ زرێپۆش و ٥٧ تانك پەڕینەوە ناو سنوورەکانی خاکی سووریا بە مەبەستی چۆڵکردنی پاسگەی (Garrison)[١]ی سەربازی تورکیا[٢] کە ٣٨ سەربازی تورکی لەخۆگرتبوو[٣] و ئەرکیان پاسەوانی کردن بوو لە مەزارگەی سلێمان شا[٤]، هەروەها بۆ گواستنەوەی پاشماوەی گۆڕەکەی بۆ شوێنێکی تر[٥]. بەم شێوەیە ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتووی کۆتاییپێهات و پاشماوەی گۆڕەکەی بۆ ناوچەیەکی تری سووریا لە نزیك سنووری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکیا گوازرایەوە و پاشماوەی مەزارگەکەشیان بە تەواوەتی خاپوور کرد. هەر ئەو

١. بریتییە لە کۆمەڵە هێزێك کە لە شوێنێکی دیاریکراودا جێگیرن. بەگشتی پاسگە بە ئەرکی پاسەوانی سەربازی دەوترێ بۆ پاراستنی شارێك یان قەڵایەك یان مۆڵگە و هەر شوێنێکی تر. پاسگە لە سەردەمی هاوچەرخدا بریتییە لە بەرگریکردن لە شوێنێکی ستراتیژی لە لایەن لیوایەك یان فیرقەیەکی سەربازی، پاسگەی لەندەن لە بریتانیا و پاسگەی کەسلا لە سوودان و پاسگەی لاهای لە هۆڵەندا لە دیارترین پاسگەکانی جیهانن. بە گوێرەی نووسەر و مێژوونووسی لوبنانی ناعوم شەقیر پاسگەی کەسلا لە سوودان لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشا خدێوی میسر کاتێك لە ساڵی ١٨٢١ز هێرشی بردە سەر سوودان، چوار هەزار شەڕکەری سوودانی و هەزار سەربازی باشبۆزاق (سەربازی تورکی) و شایەقییە کە خێڵێکی باکووری سوودان بوون پاسگەکەیان دەپاراست و لە لایەن ئیبراهیم ئەدهەم بەگەوە بەڕێوەدەبرا.

٢. BBC. 22-Feb-2015.

٣. Aljaz. 23-feb-2015.

٤. سلێمان شا کوڕی کۆرتۆڵمش باپیری دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای عوسمانی سوڵتان عوسمانی یەکەمی کوڕی ئارتوغڵ. سەرۆکی خێڵێکی بچووك بوو بە ناوی (قایە) کە نزیکەی پێنج هەزار کەس دەبوون و لە بەری رۆژئاواوە بەرەو سووریا ڕۆیشتن بۆ ئەوەی لە لەشکرکێشییەکانی مەغۆلەکان ڕزگاریان ببێت. لە کاتێکدا سلێمان شا لەگەڵ خێڵەکەیدا لە نزیک قەڵای جەعبار لە سووریا خەریکی پەڕینەوە بوون لە ڕووباری فورات، لە ساڵی ١٢٣١ لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی خێڵەکەی لە ڕووبارەکەدا خنکا و تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، بەڵام گۆڕێکی بۆ دروست کرا و گۆڕێکی تر بۆ یەکێک لە وەزیرەکانی لە نزیک بناری رۆژئاوای قەڵای جەعبار دروست کرا. کاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەم دوای شەڕی مەرج دابق لە نزیك حەلەب لە ٨ی ئابی ١٥١٦ سووریای داگیر کرد، گۆڕێکی دروست کرد کە شایەنی باپیری عوسمانییەکان بوو، کە گەشتیاران و سەردانکەران بە مەزارگەی تورکیا ناویان دەبرد. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکی نوێ، و دەستپێکردنی ئەرکی ئینتیدابی فەرەنسا بەسەر سووریادا و بە پێی مادەی ٩ی ڕێککەوتنی ئەنقەرە کە لە نێوان تورکیا و فەرەنسا لە ماوەی دەسەڵاتی فەرەنسا بەسەر سووریادا لە ساڵی ١٩٢١ واژۆ کرا، ڕێککەوتن کرا کە گۆڕی سلێمان لە ژێر سەروەری تورکیادا دەمێنێتەوە و ئاڵای تورکیا لەسەری هەڵدەکرێت، بەڵام ئەو خاکە لە دوای پەیمانی سایکس پیکۆ لە ساڵی ١٩١٦ەوە لە ژێر سەروەری دەوڵەتی سووریادا بووە.

٥. BBC. 22-Feb-2015.

شەوە لە میانی ئۆپەراسیۆنەکەدا سەربازێکی تورکیا کوژرا[١].

لە ڕاستیدا چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هیچ ڕێگری و ئاستەنگێکیان لە بەردەم بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا دروست نەکرد[٢]. هاوکات بەرپرسێکی کوردی سووریا ڕایگەیاندبوو کە کورد ڕێگەیان بە سوپای تورکیا دا بە ناو خاکی ئەواندا بپەڕێتەوە و ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنجام بدات، بەڵام لە لای خۆیەوە ئەحمەد داودئۆغڵوو سەرۆکوەزیرانی تورکیا ئەو هاوکارییەی کوردی سووریای ڕەتکردەوە[٣]. ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) باسی لەوە کردبوو کە سەبارەت بەو ئۆپەراسیۆنە هاوکارییەکی پتەو لە نێوان کورد و سوپای تورکیا هەبوو، بە تایبەت کە پێشوەختە بە بەشداری هەماهەنگیکارانی کوردی سووریا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا پلانێکی باش و لە ئاستێکی بەرز بۆ ئەنجامدان و چاودێریکردنی ئۆپەراسیۆنەکە داڕێژرابوو کە ئەوە بوو بەر لە بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکە هەماهەنگیکارە کوردەکان ئەنقەرەیان بەجێهێشتبوو[٤]. دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە کە بە ئۆپەراسیۆنی شای فوڕات ناسراوە، گریمانەی ئەوە کرا کە ناوچەکە بە تەواوەتی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش[٥].

---

١. BBC. 22-Feb-2015.
٢. Aljaz. 23-feb-2015.
٣. Aljaz. 23-feb-2015.
٤. Why Turkey issued arrest warrant for this Kurdish leader, 28-11-2016.
٥. Aljaz. 23-feb-2015.

## ● بەشی سێیەم: تاوانەکانی داعش و ئاڵۆزی و ناڕەزایەتییەکان

### پاژی یەکەم: ناڕەزایەتییە مرۆییەکان و ئاوەدانکردنەوە

ئاوارەبوونی گەلی کۆبانێ بۆ شاری سرووچ لە تورکیا سەرنجی هێز و لایەنە کاریگەرەکان، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا هەبوو، بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە خەڵکی ئاوارەی کۆبانێ دەستکراوە بن و هاوکارییە مرۆییەکانیان بۆ بنێرن، کە هاوکات تورکیا بەو هەڵوێستەیان خۆشحاڵ نەبوو و تەنانەت نەیاری هەر جۆرە هاوکارییەکی لەم شێوەیە بوو، لە بەرانبەریشدا بزووتنەوەی لایەنگرانی کورد ئارەزووی ئەوەیان دەکرد هاوکارییەکان بە زوویی بگاتە ئاوارەکان[١]. سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٥ سەرچاوە کوردییەکان وردەکاری پێداویستییە مرۆییەکان و پێویستییەکانی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێیان خستە ڕوو. لە ڕاستیدا ئەم دۆخە ئاستەنگی بۆ دروست بوو، چونکە تورکیا قەدەغەی بازرگانی بەسەر سەرجەم ڕێگەکانی گەیشتنی کاروانەکان لە تورکیاوە بۆ ناو سووریا بە تایبەت کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش، سەپاندبوو.

ئەو گەمارۆ و ئابلۆقەیەی لە لایەن چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و هاوپەیمانەکانی خرابووە سەر کۆبانێ، بووە هۆی ئەوەی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤وە[٢] زۆربەی ناوچەکانی شارەکە و دەوروبەری لە ڕووی کارەبا و ئاوی خواردنەوە بێ خزمەتگوزاری بن، بۆیە دانیشتوانەکەی بە ناچاری خزمەتگوزاری کارەبا و ئاوی خواردنەوەی جێگرەوەیان دابین کرد. تەنانەت چەکدارانی ڕێکخراوی داعش بۆریی ئاوی جێگرەوە و کۆگاکانی هەڵگرتنی سووتەمەنی بۆ دابینکردنی کارەبای جێگرەوەیان تەقاندەوە، کە هاوکات بەهۆی پیسبوونی ئاوەوە دانیشتوانی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری کۆبانێ پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی ئاوی لەقووتووکراو، کە بەشی پێویستییەکانی نەدەکردن. لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەوەی چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر کۆگای خۆراکی حکومەتدا گرتبوو، بۆیە خەڵکی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبوونەوە لە دەستخستنی خۆراکی پێویست. لە لایەکی ترەوە بەهۆی شەڕ و پێکدادانە قورسەکان و هێرشە

١. Kurdish Studies Journal, 10-10-2016.

٢. Appeal from the cantonal government of Kobanê to the United Nations and the international community, KurdishQuestion.com, 5-5-2015

ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ سەر پێگە و شوێنی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هەر سێ نەخۆشخانە سەرەکییەکەی کۆبانێ وێران بووبوون و بەشێك لە پزیشکەکان بە شێوەی خۆبەخش لە هەندێك لە خانووەکان کە وێران نەبووبوون، چارەسەری برینداران و نەخۆشەکانیان دەکرد. بە هەمان شێوە کەمی هاوکارییە پزیشکییەکان و نەبوونی کارەبا ئاستەنگی زۆری خستبووە بەردەم چاودێری پزیشکی و تەندروستی. لە ڕاستیدا بارودۆخی ئاوارە و پەناهەندە سوورییەکان لە کامپەکانی تورکیا زۆر خراپ بوو، بۆیە بەشێك لە ئاوارە و پەناهەندەکان لەگەڵ دەرچوونی چەکدارانی داعش لە کۆبانێ گەڕانەوە شارەکەیان، کە ئەمەش وایکرد شارەکە ئەوەندەی تر بکەوێتە ژێر گوشاری کەمی کارەبا، ئاوی خواردنەوە و خۆراك و پێداویستییەکانی تری ڕۆژانەی خەڵك[١].

دوای ڕزگارکردنی شاری کۆبانێ لە دەست چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، چەند وڵات و ڕێکخراوێك بەڵێنیان دابوو کە هاوکار بن لە ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ، بەڵام دوای چوار ساڵ ئەو بەڵێنانە نەکراوەتە کردەیی، بەڵکو ئەوەی پێیان گەیشتووە لە هاوکارییەکان ئەوانە بوونە کە لە دامەزراوەکانی باکووری کوردستان و شارۆچکە ڕزگاربووەکانەوە پێیان گەیشتووە. لە ڕاستیدا خەڵکی کۆبانێ هەر وەك چۆن لە سەرەتای هێرش و پەلامارەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بە تەنیا بوون و پشتیان بە خۆیان دەبەست، لە پرسی ئاوەدانکردنەوەش تا ڕادەیەکی زۆر بە تەنیا بوون و پشتیان بە هێز و ئیرادە و توانای خۆیان بەست، کە ئەمەش سەرکەوتنێکی تریان بوو لە ئاوەدانکردنەوەی شارە وێرانکراوەکەیان، کە ڕووخساری شارەکەیان بە تەواوی گۆڕدرابوو و هێواش هێواش خەریك بوو ژیانی بۆ دەگەڕایەوە.

١. شبكة "خبر ٢٤"، ٢٠٢٢/٦/١٧.

## پاژی دووەم: ئاڵۆزییەکان لەسەر سنووری تورکیا

لە ڕاستیدا زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ هەزار ئاوارەی سووری لە ترسی هێرش و پێشڕەویەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە کۆبانێ بەرەو سنوورەکانی تورکیا هەڵاتبوون، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی تورکیا ڕێگەیان بە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) و خۆبەخشانی تر نەدا بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆن، بۆ ئەم مەبەستەش گازی فرمێسکڕێژ و کەرستەی تریان بەکارهێنا[١]. ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤ ژمارەیەك گولەهاوەن لە ناو خاکی تورکیادا کەوتنە خوارەوە، بەڵام هێزە سەربازییەکانی تورکیا لە وەڵامدا تەقەیان ئاراستەی ناو خاکی سووریا کرد، کە لە هەمان کاتدا زرێپۆشی زیاتریان گەیاندە سەر سنوورەکانی نێوان تورکیا-سووریا بۆ ئەوەی ڕێگە لە هەر جۆرە هێرش و پەلامارێکی تر بگرن[٢]. دیارە بەهۆی کەوتنەوەی ئەو گولە هاوەنانەوە پێنج هاووڵاتی سڤیل لە ماڵەکانی خۆیان لە تورکیا بریندار بوون، بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی تورکیا وەك خۆپارێزی و پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی دوو گوندی سەر سنووری تورکیا-سووریای لە دانیشتوانەکەی چۆڵ کرد[٣]. هەروەها لە کاتی گردبوونەوەیەکی هاووڵاتیانی کورد کە کەناڵی (BBC)ی ڕاستەوخۆ دەیگواستەوە، پۆلیسی تورکیا گازی فرمێسکڕێژی ئاراستەی ئۆتۆمبێلی تیمی کەناڵەکە کرد و بەهۆیەوە پەنجەرەی دواوەی کون کرد و ئاگرێکی بچووك لە ناویدا کەوتەوە[٤].

ناڕەزایەتی لە شارە جیاوازەکانی تورکیا سەبارەت بە نەبوونی پشتیوانی لە کورد لە لایەن حکومەتی تورکیاوە سەریهەڵدا. خۆپیشاندەران لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە بە گازی فرمێسکڕێژ و بوتڵی ئاو وەڵامیان درایەوە کە سەرەتا ١٢ کەس کوژران و لە ناڕەزایەتییەکانی دواتر ٣١ کەسی تر کوژران[٥]. هاوکاتی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند وڵاتەکەی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە هێرش بکاتە سەر چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، مادام هێرش نەکرێتە سەر

١. Cihan News Agency, 3-10-2014.
٢. Daily Sabah, 3-10-2014.
٣. Yahoo News, 6-10-2014.
٤. BBC News, 7-10-2014.
٥. BBC, 7-10-2014.

حکومەتی سووریا بە سەرۆکایەتی بەشار ئەسەد[1].

ڕۆژی ١ی تشرینی دووەم، ڕۆژی نارەزایەتی جیهانی بوو لە پێناو کوردی کۆبانێ. ئەو ڕۆژە پێنج هەزار کەس لە شاری سرووچی تورکیا کە تەنیا ١٠کم لە سەر سنووری تورکیا – سووریاوە دوورە خۆپیشاندانی پشتیوانی بۆ کۆبانێ بەڕێوەچوو، لە هەمان کاتدا پازدە هەزار کوردی شاری دیاربەکر (ئامەد)یش ڕژانە سەر شەقامەکان و پشتیوانی خۆیان بۆ کۆبانێ دەربڕی، لە ئەستەنبۆڵیش نزیکەی ١٠٠٠ کەس ڕێپێوانێکی ئاشتییانەیان ئەنجام دا[2]. ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەم ڕاپۆرتە هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە کچە چالاکوانێکی کورد کە تەمەنی ٢٨ ساڵ بوو بەهۆی گولەی سەربازانی تورکیا لەسەر سنوورەکانی کۆبانێ بریندار کرابوو، کە دیارە ئەو کچە چالاکوانە یەکێك بوو لەوانەی گردبوونەوەیەکی ئاشتییانەیان ئەنجامدا بوو و داوایان لە حکومەتی تورکیا کردبوو ڕێگەیان پێ بدات وەك خۆبەخش بەشداری لە شەڕی کۆبانێ دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش بکەن[3].

ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤، کوردەکانی کۆبانێ ڕایانگەیاندبوو کە خۆکوژێکی داعش بە ئۆتۆمبێلێک لە تورکیاوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو کۆبانی بۆ ئەوەی کاری خۆکوژی ئەنجام بدات، بەڵام تورکیا ئەمەی ڕەتکردەوە. لای خۆیەوە مستەفا بالی، چالاکوانی کۆبانێ ڕایگەیاندبوو کە چەکدارانی داعش لە سایلۆی دانەوێڵە لە دیوی تورکیا پێگەیان گرتووە، هەروەها لەوێوە هێرشیان بۆ سەر دەروازە سنوورییەکانی کۆبانێ دەستپێکردووە[4].

لە لایەکی ترەوە بڵاوکرایەوە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ سنووری تورکیایان بەزاندبوو و هێرشیان کردبووە سەر پێگەکانی داعش لەسەر خاکی تورکیا، پێش ئەوەی بکشێنەوە بۆ سووریا و پاش ماوەیەکی کەم سوپای تورکیا کۆنترۆڵی دەروازەی سنووری و ناوچەی دەوروبەری سایلۆکەی گرتەوە[5]. پاشان ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥، هێزە ئەمنییەکانی تورکیا گازی فرمێسکڕێژیان ئاراستەی ئەو کوردانە کردبوو کە ویستبوویان بە مەبەستی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی ئازادکردنی کۆبانی

١. The Washington Post, 11-10-2014.

٢. Middle East Eye, 2-11-2014.

٣. International Business Times, 7-11-2014.

٤. Yahoo News, 5-12-2014.

٥. بە گوێرەی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ بڵاویکردووەتەوە، لانی کەم ٥٠ چەکداری ڕێکخراوی داعش کوژرابوون، هەروەها دەسەڵاتدارانی تورکیا داوایان لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کردبوو لە دەروازەی سنوورییەوە بگەڕێنەوە ناو خاکی سووریا.

سنوور ببەزێنن[١].

١. Reuters, 27-1-2015.

## پاژی سێیەم: ئاوارەبوونی دانیشتوانی کۆبانێ

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)[1] ڕێکەوتی ١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی "ئاوارەی زیاتر لە کۆبانێ بەرەو باکووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریا هەڵدێن"، کە تێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو زیاتر لە ١٧٢٠٠٠ کوردی سووریا بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکان لە دەوروبەری کۆبانێ هەڵاتوون. کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی ئاوارەکانی دەکرد، بە شێوەیەك لە لایەك دەیبینی کە ژمارەیەکی زیاتری ئاوارە ڕووە و هەرێمی کوردستان دێن، هاوکات بەشێکیشیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا دەگەڕانەوە. کۆمیسیۆنەکە سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا بوو کە لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا کە مەبەستی کۆتاییەکانی ئەیلوولی ٢٠١٤ بوو، زیاتر لە ١٦٠٠ ئاوارەی کوردی کۆبانێ لە کامپی گوڵانی تایبەت بە ئاوارەکان لە سنوورەکانی پارێزگای دهۆك ناوی خۆیان نووسی بوو و داوایان کردبوو جێگەیان بکرێتەوە. بە بۆچوونی کۆمیسیۆنەکە لە هەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا ڕۆژانە لە نێوان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ کوردی سووریا دەگەیشتنە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و داوایان دەکرد لە کامپەکان جێگیر بکرێن، هەروەها پێشبینی کردبوو ژمارەکە بۆ ڕۆژانی دواتر زیاتر بەرز ببێتەوە. زۆربەی ئەوانەی گەیشتبوونە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، باسیان لەوە کردبوو کە ماوەی ١٠ بۆ ١٤ ڕۆژ لە تورکیا لە ناوچەیەکی نزیك شاری ئورفا بوون، بەڵام دواتر بڕیاریاندا کە ناوچەکە بەجێبهێڵن. لە ڕاستیدا ژیان لەو ناوچەیە قورس بوو، نەخاسمە بەشێك لە خەڵك لە ناو مزگەوتەکان دەژیان و هەندێکی تریان تەنانەت لەسەر شەقامەکان و بەبێ نان و ماڵ و حاڵ ژیانیان بەسەر دەبرد. بەشێکیش لەو کوردانەی کۆبانێ لەسەر سنوورەکانی تورکیا داوایان لێکرابوو ئۆتۆمبێل و مەڕوماڵاتەکانیان بەجێبێڵن و بە تەنیا خۆیان ئاودیوی خاکی تورکیا ببن، بۆیە هەندێك لەوانە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو بە تایبەت کە بەشێك لە کەسوکار و نزیکەکانیشیان گەیشتبوونە ناو هەرێمی کوردستان.

ئاوارەکان قسەیان بۆ کۆمیسیۆنەکە کردبوو و باسیان لە مەترسی و زەحمەتییەکانی

١. United Nations High Commissioner for Refugees: پرۆگرامێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بنکەی هەمیشەیی لە شاری ژنێڤی سویسرایە. ئامانجی سەرەکی ئەو دامەزراوەیە پاراستنی پەنابەرانە، دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژمەودایە بۆ گرفتەکانیان و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیماننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٥١ی تایبەت بە پەنابەران.

بەشی یەکەمی کۆچەکەیان کردبوو کە تا بە سەلامەتی گەیشتبوونە تورکیا، نەخاسمە کە بەشێك لە کەسوکار و ئازیزانیان بەهۆی سەختی ڕێگا و تەقینەوەی مین لە بەردەمیان، گیانیان لە دەستدا بوو و مردبوون. هەروەها ئاوارەکانی کۆبانێ بۆ پەڕینەوە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دەبوو ماوەی کیلۆمەتر و نیوێك لە ڕووبار بڕۆن، هەندێکی تریشیان بۆ هەر تاکێك بڕی ٢٥٠ دۆلاری ئەمریکی بە قاچاخچییەکان دەدا بۆ ئەوەی لە سلۆپی تورکیاوە بگەنە شارۆچکەی زاخۆ لە سنووری پارێزگای دهۆك.

هەروەها لە درێژەی گێڕانەوەکانیان باسیان لە کردە تیرۆریستییەکانی چەکدارانی داعش دەکرد کە چۆن خەڵکیان کوشتووە و لە سێدارەیان داون. یەکێك لە پیاوە هەڵاتووەکان باسی لەوە کردبوو کە لە شارۆچکەیەکی سەر بە کۆبانێ بووە و تێیدا چەکدارانی داعش سەری خەڵکیان بڕی بوو، بۆیە لە ترسی ئەو دۆخە شارۆچکەکەی بەجێهێشتبوو. هەروەها پیاوێکی تر باسی لەوە کردبوو کە لە یەکێك لە زیندانەکانی داعش زیندانی کراوە و لە لایەن دادگایەکی کاتی لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شارۆچکەی منبج فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام دواتر لەگەڵ ژمارەیەك زیندانی تر لە ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١٤ توانیویانە هەڵبێن و ڕزگاریان ببێ. هاوکات باسی لەوە کردووە کە خۆی شاهێدی بینینی چەندین کەسی زیندانی بووە کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە و هەندێکیشیان سەریان بڕاوە. سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەو ڕۆژەی لەگەڵ زیندانییەکانی تر توانیویانە هەڵبێن، قوتابخانەکە بۆدوومان کرابوو، تەنانەت چەکدارانی داعش بۆ ترساندنیان سەری ئەو کەسانەیان بە دیوارەکانی باخچەی ناو قوتابخانەکە هەڵواسی بوو کە سەربڕابوون بۆ ئەوەی ئەوان و خەڵکی شارۆچکەی منبج بە ئاشکرا ئەو دیمەنە ترسناکە ببینن! بە داخەوە ئەو پیاوە لە کاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران ئاگاداری ژیان و ڕەوشی هاوسەر و منداڵەکانی نەبوو و نەیدەزانی چارەنووسیان چییە[1].

هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاوارەکانی کۆبانێیان دەگەیاندە کامپی گوڵان کە ماوەی ساڵێك بوو دروست کرابوو بۆ شوێنکردنەوەی ئاوارەکانی پێشووتری سووریا بە تایبەت ئەوانەی لە حەلەب و قامیشلۆوە گەیشتبوونە ناو هەرێمی کوردستان. دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کامپە بەڕێوەدەبات کە نزکەی ٢٥٠٠ کەس لەخۆدەگرێت و لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لە ڕێکخراوەکان خواردن و خواردنەوە و

١. المفوضية السامية للأمم المتحدة لشؤون اللاجئين UNHCR، ٢٠١٤/١٠/١٠.

پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان بۆ دابین کراوە. دوای ئەوەی ئاوارەکان ناونووس دەکران، بەشێکیان لە کامپەکەوە دەچوونە هەولێر بۆ ئەوەی بە کەسوکار و نزیکەکانیان بگەنەوە و لە هەولێر بە دوای دەرفەتی کار دەگەڕان، بەڵام ئەوانەی کەسوکارەکانیان لەوێ نەبوو، هەر لە ناو کامپەکەدا دەمانەوە. هەروەها زۆربەی ئاوارە نوێیەکان ئافرەت و منداڵ بوون، چونکە زۆرێك لە پیاوەکان زێدی خۆیانیان بەجێنەهێشتبوو بەهۆی ئەوەی بەرگری لە خاکەکەیان و پارێزگاری لە موڵك و ماڵەکانیان بکەن. لە ڕاستیدا ئەو کۆمیسیۆنە توانی لە ڕێگەی پڕۆگرامی تایبەتییەوە هاوکاری ئافرەتانی ناو کامپەکە بکات و ڕێنمایی دەروونی و کۆمەڵایەتییان پێ بدات[١].

بە پێی زانیارییەکانی کۆمیسیۆنی (UNHCR) لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک کەس کە لە ناوچەی کۆبانی هەڵهاتبوون، دەگەڕانەوە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا لە نزیک شاری قامیشلۆ. بە شێوەیەك نزیکەی ١٧٥٠ کەس لەو ئاوارانەی گەڕانەونەتەوە لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێکانیان لە شارۆچکە جیاوازەکانی ناوچەی پارێزگاری حەسەکە نیشتەجێن. دیارە کە (UNHCR) لەگەڵ تیمە خۆبەخشەکانیدا کار دەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە ئاوارەی تازە هاتوون و هاوکاریان پێشکەش دەکەن. لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ کەس پەنایان بۆ کەمپی نەورۆز بردووە، کە لە سەرەتادا بۆ یارمەتیدانی ئەو سووریانەی کە بەهۆی شەپۆلی سەرەتایی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە، دامەزراوە، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەشدا میوانداری ٣٨٠٠ ئێزدی عێراقی دەکات کە لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا لە شنگال و دەوروبەری هەڵاتبوون. لە لای خۆیانەوە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا ڕایانگەیاندبوو لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردووی هەر دوو مانگی ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ٢٠١٤دا زیاتر لە ١٧٢٥٠٠ هاووڵاتی سووری لە شار و دەوروبەری کۆبانی هەڵاتوون و چوونەتە ناو خاکی وڵاتەکەیان. لە کاتێکدا زۆرینەیان لە چەند ڕۆژی یەکەمی لێشاوەکەدا هەڵاتبوون، لێشاوەکان بە ڕێژەیەکی بەردەوامی ڕۆژانە کە نزیکەی ٥٧٠ کەس لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەردەوام بوو و لە ڕێگەی دەروازەی سنووری یومورتەلیکەوە گەیشتبوونە ناو خاکی تورکیا. زۆرێک لە پەنابەران لە کۆمەڵگە خانەخوێکان دەژیان و حکومەت و دەزگاکانی یارمەتییان بەسەر ئاوارە و پەنابەرەکان دابەش دەکرد، هاوکات ئاوارەکانی تر لە شوێنە گشتییەکانی وەك قوتابخانە، بازاڕ، ناوەندە وەرزشییەکان، مزگەوتەکان و هۆڵەکانی ئاهەنگ و بۆنە

١. المفوضية السامية للأمم المتحدة لشؤون اللاجئين UNHCR، ٢٠١٤/١٠/١٠.

کۆمەڵایەتییەکان جێگەیان بۆ کرابووەوە و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین دەکرا[١].

١. المفوضية السامية للأمم المتحدة لشؤون اللاجئين UNHCR، ٢٠١٤/١٠/١٠.

## لیستی سەرچاوەکان:

- القران الكريم.

**• سەرچاوە کوردییەکان**

١- موسا ئەحمەد، هەمیشە لەگەڵ ڕۆژئاوا، چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە ڕۆژئاوای کوردستان ٢٠١٣ تا ٢٠٢١، هەولێر.

**• سەرچاوە عەرەبییەکان**

٢- البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الأول ١٩١٦-١٩٤٦، معهد كوردستان وآسيا الصغرى للدراسات الإستراتيجية روسيا الفيدرالية – موسكو – فرع كردستان – أربيل، ٢٠١٧.

٣- د. محمد علي الصويركي الكردي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، المجلد السادس، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.

٤- أدهم الجندي، تاريخ الثورات السورية في عهد الإنتداب، دمشق، ١٩٦٠.

٥- شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، (١٩٩٥). معجم البلدان، دار صادر، بيروت، لبنان، ط٢، ج١، ص٣٠٣.

٦- محمد قباجيق، علاقات إبراهيم هنانو بتركيا في فترة ثورة الشمال، في الندوة التكريمية للزعيم إبراهيم هنانو، إدلب ١٩-٢٠ تشرين الثاني، دمشق، ٢٠٠٩.

٧- رشيد حمو، ثورة جبل الأكراد (حركة المريدين) دراسة حول مقاومة الجبل وحركة المريدين ضد الإستعمار الفرنسي ١٩٢١ – ١٩٤٦، حلب، ٢٠٠١.

٨- أحمد وصفي زكريا، عشائر الشام، ج٢، ط٣، دار الفكر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧.

٩- محمد عبد الحي شعبان، (١٩٨١). الدولة العباسية الفاطميون ١٣٢-٤٤٨هـ دار الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

١٠- د. محمد علي الصويركي الكردي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، المجلد السادس، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.

١١- محمد قباجيق، علاقات إبراهيم هنانو بتركيا في فترة ثورة الشمال، في الندوة التكريمية للزعيم إبراهيم هنانو، إدلب ١٩-٢٠ تشرين الثاني، دمشق، ٢٠٠٩.

١٢- أحمد وصفي زكريا، عشائر الشام، ج٢، ط٣، دار الفكر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧.

١٣- محمد عبد الحي شعبان، (١٩٨١). الدولة العباسية الفاطميون ١٣٢-٤٤٨هـ دار الاهلية

للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
١٤- شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي، (١٩٩٥). معجم البلدان، دار صادر، بيروت، لبنان، ط٢، ج١.
١٥- أحمد وصفي زكريا، عشائر الشام، ج٢، ط٣، دار الفكر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧.
١٦- الملازم الأول محمد طلب هلال رئيس الشعبة السياسية بالحسكة، دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي السياسية - الاجتماعية - القومية، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل، ٢٠٠١.
١٧- البروفيسور الدكتور إسماعيل محمد حصاف، تاريخ كردستان سوريا، الجزء الثالث ١٩٦٣-١٩٧٥.

**• سەرچاوە بیانییەکان**

١٨- Akalin, Müslüm (1997): Urfa'nin Kurtulusuyla Ilgili Belgeler. SUR-KAV. Sanliurfa.
١٩- Callahan, Michael D. Mandates and empire: the League of Nations and Africa, 1914–1931 (Brighton: Sussex Academic Press, 1999).
٢٠- Philippe Gouraud. Le general Henri Gouraud au Liban et en Syrie (1919–1923) (Comprendre le Moyen-Orient). L'Harmattan (1993).
٢١- Williams, Charles. The Last Great Frenchman: A Life of General De Gaulle (1997).

**بەستەرەکان**

٢٢- المفوضية السامية للأمم المتحدة لشؤون اللاجئين UNHCR، ٢٠١٤/١٠/١٠.
٢٣- رويترز، تشرين الثاني ٢٠١٤.
٢٤- إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.
٢٥- الأمانة العامة للمجلس الوطني الكردي في سوريا، ٢٠٢٢/٦/٢٥. في موقع البارتي الطليعي الكردستاني - سوريا.
٢٦- إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.
٢٧- إبراهيم مسلم، قصة (گرێ سپي).. أو تل أبيض بعد تعريبها، ١١ شباط ٢٠١٥، موقع (Basnews).
٢٨- الجزيرة. نت، ٢٠١٥/٢/١.
٢٩- المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٣٠- عربي ٢١، ٢٠٢٢/٦/١٧.

٣١- الإشتراكي، ١٥/١٠/٢٠١٤.

٣٢- المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٣٣- جريدة العرب الإقتصادية الدولية، ٢٠٢١/١/٣٠.

٣٤- فرانس برس – بيروت، ٢٠١٤/١١/٩.

٣٥- المرصد السوري لحقوق الإنسان، ٣٠/١١/٢٠١٤.

٣٦- وزارة دفاع الولايات المتحدة، ٢٧/١٢/٢٠١٤.

٣٧- شفق نيوز، ٢٠٢١/١/٢٦.

٣٨- إذاعة العراق الحر، ٢٥ حزيران، ٢٠١٥.

٣٩- المجلة، ٢٦ آذار ٢٠٢١.

٤٠- فرانس برس، ٢٠١٤/١٠/٢٢.

٤١- فرانس ٢٤/ أ ف ب، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٤٢- الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٢٥.

٤٣- الشرق الأوسط، ٢٠١٤/١٠/٣١.

٤٤- عربي ٢١، ٢٠٢٢/٦/١٧.

٤٥- واي باك مشين موقع Iranian Diplomacy

٤٦- Hürriyet Daily News, 19-7-2020.

٤٧- The Independent, 7-10-2020.

٤٨- "What's happening in Kobane?"، Kurdish Question. 6-7-2015.

٤٩- Swissinfo.ch, 27-6-2015.

٥٠- The New York Times. 28-10-2014.

٥١- VOA, 3-10-2014.

٥٢- SyriaHR, 3-10-2014.

٥٣- Al Akhbar English, 3-10-2014.

٥٤- The Washington Post, 11-6-2015.

٥٥- The Daily Star, 22-9-2014.

٥٦- ARA News, 3-10-2014

٥٧- The Daily Star ،Lebanon, 3-10-2014.

٥٨- Newsweek, 3-10-2014.

٥٩- Newsweek, 3-10-2014.

٦٠- AJE Live Events, 3-10-2014.
٦١- Reuters, 3-10-2014.
٦٢- Cihan News Agency, 3-10-2014.
٦٣- ReuterS, 27-9-2014.
٦٤- The Independent, 28-9-2014.
٦٥- The New Indian Express, 3-10-2014.
٦٦- The Daily Telegraph, 29-9-2014.
٦٧- SyriaHR, 30-9-2014.
٦٨- The Huffington Post, 3-10-2014.
٦٩- ABC News (Australia), 3-10-2014.
٧٠- Bloomberg BusinessWeek, 1-10-2014.
٧١- ARA News, 3-10-2014.
٧٢- The Guardian, 4-10-2014.
٧٣- International Business Times UK, 3-10-2014.
٧٤- Reuters, 5-10-2014.
٧٥- SOHR, 3-10-2014.
٧٦- The Daily Star, 6-10-2014.
٧٧- The Guardian, 3-10-2014.
٧٨- Agence France-Presse, 4-10-2014.
٧٩- Daily Mail, 6-10-2014.
٨٠- US Department of Defense, 5-10-2014.
٨١- Daily Mail, 6-10-2014.
٨٢- BBC News, 4-10-2014.
٨٣- Al-Akhbar English, 6-10-2014.
٨٤- International Business Times, 10-2014.
٨٥- The Daily Star,14-10-2014.
٨٦- Mother Jones, 15-7-2015.
٨٧- Swissinfo.ch, 27-6-2015.
٨٨- BBC News, 26-1-2015.
٨٩- "Islamic State in Syria withdrawing from Kobani outskirts: monitor", Reuters. 2-2-2015.
٩٠- Islamic State kills at least 145 civilians in Syria's Kobani " ،Reuter-٢٦-٦، ٢٠١٥.

٩١- Swissinfo.ch, 27-6-2015.
٩٢- Al-Monitor, 3-10-2014.
٩٣- Reuters, 3-10-2014.
٩٤- Financial Times, 12-10-2014.
٩٥- موقع مشين باك واي. Iranian Diplomacy
٩٦- dailysabah.com. 23 October 2014.
٩٧- BBC, 20-10-2014.
٩٨- Rudaw, 3-10-2014.
٩٩- Al Jazeera, 4-10-2014.
١٠٠- The Washington Po, 2-11-2014.
١٠١- dailystar.com.lb, 7-10-2014.
١٠٢- timesofisrael.com, 15-2-2017.
١٠٣- rudaw.net, 15-2-2017.
١٠٤- al-monitor.com, 8-10-2014.
١٠٥- Al-Arabiya News, 7-10-2017.
١٠٦- BBC, 29-10-2014.
١٠٧- Al-Arabiya News, 15-10-2014.
١٠٨- BBC, 29-10-2014.
١٠٩- The Daily Star, 16-10-2014.
١١٠- BBC, 10-10-2014.
١١١- The Daily Star Newspaper – Lebanon, 22-10-2014.
١١٢- The Daily Star, 5-10-2014.
١١٣- Daily Mail, 4-3-2016.
١١٤- Agence France-Presse, 6-10-2014.
١١٥- Reuters, 7-10-2014.
١١٦- GMA News Online, 7-10-2014.
١١٧- Al Monitor, 2-11-2014.
١١٨- GlobalPost, 7-10-2014.
١١٩- The Washington Post, 12-10-2014.
١٢٠- New york times, 11-10-2014.
١٢١- The Columbian, 8-10-2014.
١٢٢- Al Arabiya, 10-10-2014.
١٢٣- NewsComAu, 11-10-2014.

١٢٤- Syriahr.com, 10-10-2014
١٢٥- Syriahr.com, 10-10-2014
١٢٦- Reuters, 12-10-2014.
١٢٧- Reuters,10-10-2014.
١٢٨- Haaretz, 9-10-2014.
١٢٩- ABC News, 12-10-2014.
١٣٠- Reuters,10-10-2014.
١٣١- BBC News, 11-10-2014.
١٣٢- Syriahr.com, 12-10-2014.
١٣٣- Syriahr.com, 12-10-2014.
١٣٤- Bloomberg BusinessWeek, 11-10-2014.
١٣٥- Middle East Eye, 11-10-2014.
١٣٦- Deccan Chronicle, 12-10-2014.
١٣٧- Reuters, 12-10-2014.
١٣٨- Syriahr.com, 12-10-2014.
١٣٩- The Times of India, 12-10-2014.
١٤٠- Al Jazeera, 10-10-2014.
١٤١- Bloomberg L.P, 13-10-2014.
١٤٢- Daily Mail, 4-3-2016.
١٤٣- Reuters, 24-9-2015.
١٤٤- Syrian Observatory For Human Rights,15-10-2014.
١٤٥- The Huffington Post, 13-10-2014.
١٤٦- Reuters, 24-9-2015.
١٤٧- Syrian Observatory For Human Rights,10-10-2020.
١٤٨- BBC News, 18-3-2016.
١٤٩- Daily Mail, 15-10-2014.
١٥٠- Chicago Tribune ،Reuters, 15-10-2014.
١٥١- Al Jazeera and agencies, 23-10-2014.
١٥٢- BBC News, 4-3-2014.
١٥٣- The Washington Post, 12-12-2020.
١٥٤- Syrian Observatory For Human Rights, 20-10-2014.
١٥٥- Syrian Observatory For Human Rights, 21-10-2014.
١٥٦- The Guardian, 22-10-2014.

١٥٧- U.S. Central Command, 23-10-2014.
١٥٨- Syrian Observatory For Human Rights, 22-10-2014.
١٥٩- The Daily Star Newspaper – Lebanon, 22-10-2014.
١٦٠- The Wall Street Journal, 23-10-2014.
١٦١- The Guardian, 23-10-2014.
١٦٢- The Guardian, 25-10-2014.
١٦٣- Business Insider, 26-10-2014.
١٦٤- Syrian Observatory For Human Rights, 30-10-2014.
١٦٥- CNN, 30-10-2014.
١٦٦- SOHR, 4-11-2014.
١٦٧- Reuters, 3-11-2014.
١٦٨- Syrian Observatory For Human Rights, 3-11-2014.
١٦٩- SAS News Agency, 2-11-2014.
١٧٠- Dicle News Agency, 3-11-2014.
١٧١- The Wall Street Journal, 6-11-2014.
١٧٢- Syrian Observatory for Human Rights, 8-11-2014.
١٧٣- Syrian Observatory for Human Rights, 12-11-2014.
١٧٤- France 24, 11-11-2014.
١٧٥- Syrian Observatory for Human Rights, 11-11-2014.
١٧٦- International Business Times, 13-11-2014.
١٧٧- Syrian Observatory for Human Rights, 13-11-2014.
١٧٨- Reuters, 18-19-2014.
١٧٩- Syrian Observatory for Human Rights, 14-11-2014.
١٨٠- Business Insider, 26-10-2014.
١٨١- Syrian Observatory For Human Rights, 30-10-2014.
١٨٢- CNN, 30-10-2014.
١٨٣- SOHR, 4-11-2014.
١٨٤- Reuters, 3-11-2014.
١٨٥- Syrian Observatory For Human Rights, 3-11-2014.
١٨٦- SAS News Agency, 2-11-2014.
١٨٧- Dicle News Agency, 3-11-2014.
١٨٨- The Wall Street Journal, 6-11-2014.
١٨٩- Syrian Observatory for Human Rights, 8-11-2014.

١٩٠- Syrian Observatory for Human Rights, 12-11-2014.
١٩١- France 24, 11-11-2014.
١٩٢- Syrian Observatory for Human Rights, 11-11-2014.
١٩٣- International Business Times, 13-11-2014.
١٩٤- Syrian Observatory for Human Rights, 13-11-2014.
١٩٥- Reuters, 18-19-2014.
١٩٦- Syrian Observatory for Human Rights, 14-11-2014.
١٩٧- ARA News, 27-2-2015.
١٩٨- ARA News,27-2-2015.
١٩٩- Agathocle de Syracuse, 3.12.2014.
٢٠٠- Syrian Observatory for Human Rights, 25-11-2014.
٢٠١- Syrian Observatory for Human Rights, 10-10-2017.
٢٠٢- Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٢٠٣- Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٢٠٤- Der Spiegel, 2-12-2014.
٢٠٥- Syrian Observatory for Human Rights, 29-11-2014.
٢٠٦- Syrian Observatory for Human Rights, 30-11-2014.
٢٠٧- Syrian Observatory for Human Rights, 30-11-2014.
٢٠٨- Syrian Observatory for Human Rights, 2-12-2014.
٢٠٩- Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٢١٠- Syrian Observatory for Human Rights, 4-12-2014.
٢١١- Syrian Observatory for Human Rights, 13-12-2014.
٢١٢- Rudaw, 2-1-2015.
٢١٣- Daily Star Lebanon, 5-1-2015.
٢١٤- Syrian Observatory For Human Rights,15-1-2015.
٢١٥- Syrian Observatory For Human Rights,15-1-2015.
٢١٦- Syrian Observatory For Human Rights,16-1-2015.
٢١٧- Syrian Observatory for Human Rights, 20-1-2015.
٢١٨- Syrian Observatory for Human Rights, 10-10-2015.
٢١٩- Syrian Observatory for Human Rights, 26-1-2015.
٢٢٠- Daily Mail, 24-1-2015.
٢٢١- Syrian Observatory for Human Rights, 26-1-2015.
٢٢٢- BBC News, 26-1-2015.

٢٢٣- Syrian Observatory For Human Rights, 27-1-2015.
٢٢٤- Business Insider, 26-10-2014.
٢٢٥- Syrian Observatory For Human Rights, 30-10-2014.
٢٢٦- CNN, 30-10-2014.
٢٢٧- SOHR, 4-11-2014.
٢٢٨- Reuters, 3-11-2014.
٢٢٩- Syrian Observatory For Human Rights, 3-11-2014.
٢٣٠- SAS News Agency, 2-11-2014.
٢٣١- Dicle News Agency, 3-11-2014.
٢٣٢- The Wall Street Journal, 6-11-2014.
٢٣٣- Syrian Observatory for Human Rights, 8-11-2014.
٢٣٤- Syrian Observatory for Human Rights, 12-11-2014.
٢٣٥- France 24, 11-11-2014.
٢٣٦- Syrian Observatory for Human Rights, 11-11-2014.
٢٣٧- International Business Times, 13-11-2014.
٢٣٨- Syrian Observatory for Human Rights, 13-11-2014.
٢٣٩- Reuters, 18-19-2014.
٢٤٠- Syrian Observatory for Human Rights, 14-11-2014.
٢٤١- ARA News, 27-2-2015.
٢٤٢- ARA News,27-2-2015.
٢٤٣- Agathocle de Syracuse, 3-12-2014.
٢٤٤- Syrian Observatory for Human Rights, 25-11-2014.
٢٤٥- Syrian Observatory for Human Rights, 10-10-2017.
٢٤٦- Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٢٤٧- Syrian Observatory for Human Rights, 3-12-2014.
٢٤٨- Der Spiegel, 2-12-2014.
٢٤٩- Syrian Observatory for Human Rights, 29.11.2014.
٢٥٠- Syrian Observatory for Human Rights, 30.11.2014.
٢٥١- Syrian Observatory for Human Rights, 30.11.2014.
٢٥٢- Syrian Observatory for Human Rights, 2.12.2014.
٢٥٣- Syrian Observatory for Human Rights, 3.12.2014.
٢٥٤- Syrian Observatory for Human Rights, 4.12.2014.
٢٥٥- Syrian Observatory for Human Rights, 13.12.2014.

٢٥٦- Rudaw,2.1.2015.
٢٥٧- Daily Star Lebanon, 5.1.2015.
٢٥٨- Syrian Observatory For Human Rights,15.1.2015.
٢٥٩- Syrian Observatory For Human Rights,15.1.2015.
٢٦٠- Syrian Observatory For Human Rights,16.1.2015.
٢٦١- Syrian Observatory for Human Rights, 20.1.2015.
٢٦٢- Syrian Observatory for Human Rights, 10.10.2015.
٢٦٣- Syrian Observatory for Human Rights, 26.1.2015.
٢٦٤- Daily Mail,24.1.2015.
٢٦٥- Syrian Observatory for Human Rights, 26.1.2015.
٢٦٦- BBC News, 26.1.2015.
٢٦٧- Syrian Observatory For Human Rights, 27.1.2015.
٢٦٨- CTV News ،Associated Press،, 31.1.2015.
٢٦٩- Rudaw, 17.4.2015.
٢٧٠- Syrian Observatory For Human Rights, 28.1.2015.
٢٧١- Syrian Observatory For Human Rights, 28.1.2015.
٢٧٢- Syrian Observatory For Human Rights, 9.2.2015.
٢٧٣- Yahoo News, 7.2.2015.
٢٧٤- Syrian Observatory For Human Rights, 9.2.2015.
٢٧٥- The Daily Star Newspaper – Lebanon, 8.2.2015.
٢٧٦- Syrian Observatory For Human Rights, 8.2.2015.
٢٧٧- Reuters, 9.2.2015.
٢٧٨- Syrian Observatory For Human Rights, 16.2.2015
٢٧٩- Syrian Observatory For Human Rights, 19.2.2015
٢٨٠- ARA News, 28.2.2015.
٢٨١- SOHR, 1.3.2015.
٢٨٢- EA WorldView, 25.3.2015.
٢٨٣- SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3..2015.
٢٨٤- SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3..2015.
٢٨٥- SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3..2015.
٢٨٦- Syrian Observatory For Human Rights, 22.3.2015.
٢٨٧- Syrian Observatory For Human Rights, 25.3.2015.
٢٨٨- SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3.2015.

٢٨٩- Syrian Observatory For Human Rights, 25.3.2015
٢٩٠- SYRIA and IRAQ NEWS, 9.3.2015.
٢٩١- ARA News,25.3.2015.
٢٩٢- ARA News,25.3.2015.
٢٩٣- agathocledesyracuse.com, 4.3.2016.
٢٩٤- The New York Times, 2.2.2015.
٢٩٥- The New York Times, 2.2.2015.
٢٩٦- BBC, 29.10.2014.
٢٩٧- BBC,29.10.2014
٢٩٨- Rûdawê, 28.10.2015.
٢٩٩- BBC.22.Feb.2015.
٣٠٠- Aljaz.23.feb.2015
٣٠١- BBC. 22.Feb.2015.
٣٠٢- BBC. 22.Feb.2015.
٣٠٣- Aljaz. 23.feb.2015.
٣٠٤- Aljaz. 23.feb.2015.
٣٠٥- Why Turkey issued arrest warrant for this Kurdish leader, 28.11.2016.
٣٠٦- Aljaz.23.feb.2015.
٣٠٧- Kurdish Studies Journal, 10.10.2016.
٣٠٨- Appeal from the cantonal government of Kobanê to the United Nations and the international community, KurdishQuestion.com, 5.5.2015
٣٠٩- Cihan News Agency, 3.10.2014.
٣١٠- Daily Sabah, 3.10.2014.
٣١١- Yahoo News, 6.10.2014.
٣١٢- BBC News,7.10.2014.
٣١٣- BBC, 7.10.2014.
٣١٤- The Washington Post, 11.10.2014.
٣١٥- Middle East Eye, 2.11.2014.
٣١٦- International Business Times,7.11.2014.
٣١٧- Yahoo News, 5.12.2014.
٣١٨- Reuters, 27.1.2015.

## توێژینەوەی دووەم

## نووسینی عەدنان مەجید محەمەد[1]

- **ڕەهەندە سیاسییەکانی پشت ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ**

### پاژی یەکەم: دڵسۆزی و ئینتیمای نەتەوەیی لە نێوان تاکەکان و پارچەکانی کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی پاش دورستبوونی شەڕی ناوخۆ لە سوریا و دەرکەوتنی گروپە تیرۆرستییەکانی وەك (نوسرە و ئەلقاعیدە و کۆمەڵێك گروپی تر)، بەدیاریکراویش پاش سەرهەڵدان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا و شام (داعش)، قۆناغێکی سەخت ڕووی لە سوریا و ڕۆژاڤا کرد و هەموو هاوکێشەکان گۆڕانیان بەسەرداهات. داعش جگە لەوەی وەك هێزێکی سەربازی و عەسکەری تیرۆریست و توندڕەو دەرکەوت، لەلایەکی ترە و ڕەهەندە سیاسییەکەی نەزانراو بوو، واتە دیارنەبوو کە چۆن کاردەکا و چ دەوڵەتێك و ئەجینداییەکی سیاسی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەپشتەوەی ئەم گروپەیە، بۆیە بینیمان لە جیاتی ڕووکردنە دیمەشق و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئەسەد ڕووی کردە شەڕکردن لەگەڵ هێزە کوردییەکان و پەلاماری ناوچە کوردییەکانی دا.

داعش لە ١٣ی ئەیلولی ٢٠١٤ هێرشێکی بەرفراوانی دەستپێکرد بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی شاری کۆبانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کە لەژێر کۆنترۆڵی سەربازی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورددا بوو. ڕێکخراوەکە توانی گوندەکانی دەوروبەری شارەکە داگیر بکات. دواتر لە ١٦ی ئەیلول داعش لە هێرشێکی بەرفراوانتر بەتەواوەتی گەمارۆی سەنتەری شاری کۆبانێی دا . بەم شێوەیە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی کۆبانێی زۆر خراپ بوو، بۆیە لە ١٩ی ئەیلول سەرۆك (مەسعود بارزانی) بانگەوازێکی بەپەلەی بڵاوکردەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە داوای یارمەتی و هاوکاری بەپەلەی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی کرد بۆ کۆبانێ[2]. جگە لەوەش بەپێی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی

---

١. قوتابی دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : زانا بەیکال، Ortadoğu’da Kürtler 2014 "کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ٢٠١٤"، لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە:
https://ormer.sakarya.edu.tr/uploads/files/ortadoguda_kurtler_20141.pdf
بەرواری سەردانیکردن: ١/ ٢٠٢٢/١٢، کاتژمێر ١٩:٠٠.

چەندین چەك و جبەخانە و تەقەمەنی وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ کۆبانێ نێردران، پاشان سەرۆك بارزانی وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی هەوڵەکان و خەمخۆری بۆ پاراستنی کیانی ڕۆژاڤا بەگشتی و کۆبانێ و خەڵکەکەی بەتایبەت، نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ڕەزامەندنی دەربڕین بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ. بەم شێوەیە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ کۆبانێ[١].

لەم بەشەدا، بەشێوەیەکی پوخت باس لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دەکرێت، ئامانجی سەرەکی ئەم بابەتەش بریتیە لە دەرخستنی دڵسۆزی و ئینتیمای نەتەوەیی لە نێوان تاکەکان و پارچەکانی کوردستان، هەروەها هەوڵێکی گرنگی ئەکادیمی دەبێت بۆ تیشك خستنەسەر ئەم هەنگاوە مێژووییە و نەوعیەتی سەرکردایەتی کورد لە پاراستنی پارچەکانی تری کوردستان، چونکە ئەگەر هەتا دوێنێ هێزە نەیارەکانی کورد هێزیان بۆ سەر خاکی کوردستان ناردبێت، ئەمڕۆ کورد هێز دەنێرێت بۆ پاراستنی کیانی خۆی و خاکی خۆی، بۆ نموونە کاتێك هێز و پارتە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان یەکگرتوون، دەتوانن ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دورست بکەن و ناوچەی ئارام بۆ کوردی باشوور بنیات بنێ. هەروەها بە هۆی یەکڕیزی و یەکگوتاری کورد و سەرکردایەتی کورد توانرا مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بچەسپێنرێت، بەهەمان شێوە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی کۆبانێ و ڕۆژاڤا لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و بەنێو خاکی تورکیادا دەستکەوتێکی دیکەی مێژووی و گرنگی کوردە کە بەهۆی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان پارت و لایەنەکانی کوردستان بەدەستهات. کەواتە گرنگە شانازی بە ناردنی هێز بۆ کۆبانێ بکرێت و لە چوارچێوەی پرۆژەو و کاری ئەکادیمیدا خوێندنەوەی جددی بۆ بکرێت و ڕەهەندەکانی شیبکرێتەوە لەم ڕوانگەشەوە لە نێو فەرهەنگی کورددا وەکو دەستکەوتێکی مەزن بۆ نەوەکانی داهاتوو بمێنێتەوە و بخوێندرێتەوە.

---

١. بڕوانە، بڕیاری ژمارە ٢٨ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٢-١٠-٢٠١٤.

## پاژی دووەم: بارودۆخی سیاسی کورد لە سوریا ١٩٦٣ تا ٢٠١١

ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا هاتە سەر دەسەڵات لە سوریا، بەگرنگی دەزانم لەم بەشەدا باسی واقیعی سیاسی کورد بکەم لە سوریا لەکاتی هاتنەسەردەسەڵاتی ڕژێمی بەعس تا ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١.

دەتوانرێت بگوترێت قۆناغی کەمەرشکێن و خاڵە کاریگەرەکان لەسەر پرسی کورد لەسوریا بریتی بوون لە هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات. پارتی بەعسی عەرەبی (حزب البعث العربي) بە فەرمی لە کۆنگرەی دیمەشق لە ساڵی ١٩٤٧ بە سەرکردایەتی میشێل ئەفلەق و سەڵاحەدین بیتار و زەکی ئەرسوزی دامەزرا، لە ساڵی ١٩٥٣ پارتی سۆسیالیستی عەرەبی پێکهێنرا بە سەرکردایەتی ئەکرەم هەڤرانی و پاشان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی و دوای ئەم بەروارەش ئەو پارتە بووە یەکێک لە ئەکتەرە گرنگەکانی سیاسەت لە سوریا[١]. ئامانجی سەرەکی بەعس بریتی بوو لەکۆکردنەوەی عەرەبەکان، دورشمی نەتەوایەتی و یەکگرتنی عەرەب لە ژێر چەتری سۆسیالیزمدا. حیزبی بەعس کە حیزبێکی پان عەرەبییە، بە هۆی ئایدیای کۆکردنەوەی عەرەب لە ژێر چەتری یەک نەتەوەدا، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی یەکگرتوویی لە وڵاتانی عەرەبیدا چالاکیی جۆراوجۆری ئەنجامدا، بەڵام جگە لە سوریا و عێراق نەیتوانی لە وڵاتانی دیکەدا سەرکەوتوو بێ، ئەویش بووە هۆی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی پاوانخوازیی دیکتاتۆر لە هەردوو وڵاتەکەدا[٢].

بەعس لە سوریا لە ساڵی ١٩٦٣ لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە هاتنە سەر دەسەڵات و لەوکاتەوە ڕژێمێکیان لەسەر بنەمای ئایدلۆژیای بەعس و ناسنامەی عەرەبی دروستکرد، چونکە نابێت بیرمانبچێت بەعسییەکان باوەڕییان وابوو کە سۆسیالیزم ئامرازێکی گرنگە بۆ پێکەوەبەستنەوەی نەتەوەی عەرەب، بۆیە میشێل ئەفلەق دەڵێت: سۆسیالیزم ئامرازێکە خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانمان دەکات و لە هەموو باودۆخێکدا توانای کۆکردنەوەی

---

١. Richard Edwards, “Baathism”, The Encyclopedia of the Arab-Israeli Conflict: A Political, Social, and Military History: Volume 1: A-F, Spencer C. Tucker (ed.), (California: ABC CLIO, 2008), p.185.

٢. مسعود شوهرەت، بونیادی سیاسی سوریا “Suriye’nin Siyasal Yapısı”، بڵاوکراوەکانی بێتا، استەمبول، ٢٠١٦، ل٤٩.

ناسنامە و نەتەوەی عەرەبی هەیە[1]. لە سۆنگەی ئەم لێدوانانەوە دەزانرێت لەسەرەتای دروستبوونیەوە سیاسەتی جیاکاری و ڕەشکردنەوەی ئەوانی تر لە فەرهەنگی بەعسدا هەبووە. پاشان لەساڵی ١٩٧٠ پاش ململانێ و پاکتاوکردنی نەیارەکانی ناوخۆی حزب و دەرەوەی حزب، لە کودەتایەکی سپیدا، حافز ئەسەد باوکی بەشار ئەسەدی سەرۆکی ئێستای سوریا، دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت. حافز ئەسەد کە لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧١ بە پاڵپشتی سەربازە باڵا و بۆرژوازییەکان بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، هەر زوو دەسەڵاتی قۆرخ کرد و بوو بە گرنگترین و تاکە ئەکتەری سیاسی وڵات.

حافز ئەسەد کە لە ماوەی ٣٠ ساڵ حوکمڕانی لە سوریادا پارتی بەعسی گۆڕی بۆ حیزبێکی دەوڵەتی، ڕژێمێکی دروست کرد کە دووڕیان و دژایەتییەکانی سوریای قووڵتر کردەوە، چونکە لە کاتێکدا حافز ئەسەد ئاڵای ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیی هەڵدەدا، هەنگاوەکانی بۆ بەدەستهێنانی شکۆمەندی لە جیهانی سەرمایەداریدا ئەنجامدەدا، بۆرژوازی شارستانی خۆی دروستکرد، لە کاتێکدا لەگەڵ دابەشکردنی ئابووریدا بوو، ڕژێمێکی سەربازی بەعسی بنیاتنا لەکاتێکدا سیستەمی پەرلەمانی بە شێوەیەکی ڕوکەش دورستکرد، هاوکات جەختی لەسەر بیرۆکەی یەکێتی عەرەبی دەکردەوە، لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیدا بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بوو بە ناسیۆنالیستێکی ڕاستەقینە، لەکاتێکدا هەوڵی هۆشیارکردنەوەی دەدا، پەیوەندییە خێڵەکی و تائیفیەکانی خۆی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لە پێشینەی کارەکانی دابوو. ئەسەد کە دەوڵەت و ڕژێمی بنیاتنا لەگەڵ نوێنەرانی گروپە کەمینە جۆراوجۆرەکان (عەلەوی عەرەبی، دروز، مارۆنی مەسیحی)، ڕێگەی پێدان دەستیان بە ئەرکە ئیدارییەکان بگات، چونکە پێویستی بە پشتیوانی ئەوان بوو[2].

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەپاڵ حکومەتی حزبی بەعس، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بووەتە یەکێک لەو پایە ئایدیۆلۆژییە سەرەکیانەی کە ڕژێم لەسەری رادەوستێت. بە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەر بنەمایەکی عەلمانی، حزبی بەعس عەرەبیزمی وەک ناسنامەی بنەڕەتی گەلانی سوریا دەبینی و ئامانجی ئەوە بوو کە هەموو تاکێک بەبێ

١. نیهاد ئێرسین، حزبی بەعس Baas Partisi، نامەی ماستەر، زانکۆی ئیستانبول، ئینستیتۆی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ل٦.

٢. ئۆزگان گویکچان، مەسەلەی کورد لە سوریا “Suriye’nin Kürt Meselesinin Tarihsel Seyri ١٩٤٦-٢٠١) گۆڤاری لیکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرگی ٥، ژمارە: ٢، ل ل١٥٩-١٧٢،١٨٩.

گوێـدانە پاشـخانی نەتەوەیـی یـان ئـایینی، ناسـنامەی عەرەبـی و ناسـیۆنالیزم لە ڕێـگەی پەروەردەوە وەربگرێت. ئایدۆلۆژیای بەعس کە کۆمەڵگای سـوریا وەک کـۆیەکی ئۆرگـانیکی دەبینێت، پێکهاتەکـانی خـاوەن شوناسـی نەتەوەیـی و ئـایینی تـر وەک ئۆرگـانێکی نەتەوەی عەرەب دەبینی و مافی ئەوەی پێـنەدا کە ژیـانی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری خۆیـان مومارەسە بکەن. ئەو پێکهاتە نەتەوەیی یان ئایینیانەی کە دەیانەوێت ژیانی خۆیان دابڕێـژن لە دەرەوی ئەو چوارچێوەیە، وەک دوژمنی ناوخۆیی سەیرکراون کە تەحەدا و هەڕەشـەن بـۆ یەکێتی نەتەوەیـی سـوریا و عـەرەب. لـە ئەولەوییاتـەکانی ڕژێمـی بـەعس توانـای ناسـنامەی کوردی بووە لە ڕێگەی ئامرازی جۆراوجـۆر و بەعـەرەبکردنی ناوچـە کوردنشـینەکان. کاتێـک کودەتاکە بە سەرۆکایەتی حزبی بەعس ئەنجامـدرا، لـە لایـەن محەمەد تالیـب ئەلحـیلال لـە ساڵی ١٩٦٣ پلانێکـی سیسـتماتیکی ١٢ خـاڵی بە ئامـانجی بەعەرەبکردنـی کـورد بـەنهێنی لە بەڵگەنامەی دەوڵەتـدا بە نـاوی "لێکـۆڵینەوەیەک لەسـەر پارێزگـای جزیـرە بـە ڕەچـاوکردنی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە" پێشـنیازکرا، لە لایەک بـوونی کوردەکـانی ڕەتکـردەوە کە بە "دوژمن"ی ئێمە پێناسەی کردن، لە لایەکی تریشەوە پلانێکـی بـۆ چـۆنیەتی توانـەوەی ئەو کوردانە خستەڕوو. ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم پلانە بەم شێوەیەن:

١- گواستنەوەی زۆرەملێ، ئەوەبوو نەك لە سوریا لە عێراقیش جێبەجێکرا.

٢- بێبەشکردنی کورد لە خوێندن و قوتابخانە.

٣- دەرکردنی ئەو کوردانەی کە لە تورکیاوە چووبوونە سوریا لە ساڵی ١٩٢٠ و گەڕاندنـەوەیان بۆ تورکیا.

٤- کورد دەبێت خۆیان بە عەرەب لە قەڵەم بدەن و ناسنامەیان بگۆڕن، ئەگـەر نـا جـەنگیان دژ دەکرێت.

٥- زانا ئاینیەکانی کورد دەربەدەرکران و لە شوێنی ئەوان پیاوانی ئاینی عەرەب کە  وەلایان بۆ ڕژێم هەبوو جێگیرکران.

٦- پێدانی زەوی کورد بە عەرەب.

٧- بەسەربازیکردنی ناوچە کوردییەکان.

٨- نەدانی ڕەگەزنامە بە هەر کەسێکی غەیـرە عەرەب کە بیەوێـت لە بـاکوری سـوریا بژیـێ، کورد ناسنامە و ڕەگەزنامەی پێنەدرێت.

٩- دەسپێکردنی پروپاگەندەیەکی گشتگیر دژی کورد.

١٠- نەدانی مافی دەنگدان و هەڵبژاردن بەو کەسانەی کە زمانی عەرەبی نازانن[١].

بەم شێوەیە لە شەستەکان بەعسییەکان رێکاری تایبەتیان بەرانبەر بە کورد گرتەبەر، زمانی کوردی و هەموو بابەتێك کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو لە قوتابخانەکان لابرا، پاشان نەیاندەهێشت خانەوادەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن. سیاسەتی هەڵاوێردن و دوورخستنەوە بەرامبەر بە کورد دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧١ حافز ئەسەد بە سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرا، بوو بە سیاسەتی دەوڵەت.

لەگەڵ پەسەندکردنی دەستووری سوریا لە ساڵی ١٩٧٣ و دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە سوریا کۆماری عەرەبییە و بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب لە پشتێنەی عەرەبیدا و کار بۆ یەکگرتوویی عەرەب دەکات، گرنگترین بنەمای یاسایی بۆ ئینکاری کەمینەی دیکەی دابینکرا، بەتایبەتی کورد. لە درێژەدان بە پڕۆژەی پشتێنەی عەرەبی کە ئیدارەکانی پێشووی بەعس دەستیپێکردبوو دوای ئەوەی بوو بە سەرۆکی دەوڵەت، حافز ئەسەد لە ماوەی نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا حەوت هەزار خێزانی عەرەبی لە ناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێ کرد، لەسەر سنووری تورکیا و سوریا چەکدارکران و جێگا و ڕێگەیان بۆ دابینکرا[٢]. بەڵام دوای ٦ ساڵ لە هاتنە سەرکاری ئەسەد هەنگاوێکی گرنگی نا و ڕایگەیاند کە دەستبەرداری پڕۆژەی پشتێنەی عەرەبی بووە.

دەکرێ بڵێین لە پشت ئەم وازهێنانەوە هۆکارێکی پراگماتیکی هەبوو نەک خواستی ڕژێمی بەعس بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی لێبوردەتر. حافز ئەسەد دەیویست لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیراق و تورکیا کوردانی دانیشتووی عێراق و تورکیا وەک کارتێک بەکاربهێنێت. سیاسەتی پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانی گرتەبەر، بەڵام مەرجی ئەوە بوو کە هیچ داواکاری و چالاکیەك دژی سوریا نەکەن و مەسەلەی کوردانی سوریا نەخەنە نێو گفتوگۆکانیانەوە[٣]. وەڵامدانەوەی

---

١. ئەمیر حەسەن پور، زمان و هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان١٩١٨-١٩٨٥ Nationalism and Language in Kurdistan، دیراساتی کوردی ئاڤێستا، ١٩٩٢سانفرانسیسکۆ، ل١٣٠.

٢. Mustafa Nazdar, “The Kurds in Syria”, A People without a Country: The Kurds and Kurdistan, Gérard Chaliand (ed.), (Londra: Zed Books, 1993), p.200.

٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد عەلی بیرناد، ئاپۆ و پەکەکە، Apo ve PKK, چاپخانەی میللەت، ئیستەمبول، ١٩٩٣، ل١٧٧.

ئەرێنی بزووتنەوە چەکدارە کوردییەکان کە بەدوای پشتیوانی و زەمینەسازیدا دەگەڕان بۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ڕێکخستنەکەیان، بووە هۆی ئەوەی کە ئەسەد تاڕادەیەک ئەو فشارە کەم بکاتەوە کە بۆ کورد لە وڵاتەکەیدا دەخرێتە سەر کورد بۆ ئەوەی کاردانەوەی ئۆپۆزسیۆنی کورد لە تورکیا و عێراقدا ڕانەکێشێت. بە گوتەی چایلاند فاکتەرە ناوخۆییەکان و هەروەها فاکتەرە دەرەکییەکان کاریگەر بوون لە کەمکردنەوەی فشارەکانی حافز ئەسەد بۆ سەر کورد. حافز ئەسەد، کە ئەندامی پێکهاتەی عەرەبی عەلەویە، یەکێکە لە پێکهاتە کەمینەکانی ئەو وڵاتە، ویستی پاڵپشتی پێکهاتە کەمینەیەکی دیکەی کورد بەدەستبهێنێت، بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە خۆی و بۆ ئەو مەبەستەش، چووە سەر سیاسەتێکی نەرمی ڕێژەیی بەرانبەر کورد[1]. حافز ئەسەد کە بەگوێرەی ئەو فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییانەی پێشتر باسمان کرد، وازی لە پرۆژەی پشتێنی عەرەبی هێنا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەشێک لە زیندانیانی کوردیشی ئازاد کرد و دەستی کرد بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ژێرخانی بۆ گوندە کوردنشینەکان[2]. بەڵام ئەم هەنگاوانە زۆر ڕەمزی مانەوە و قەدەغە لەسەر ڕێکخستن و چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی کورد بە درێژایی هەشتاکان و نەوەدەکان بەردەوام بوو. فێرکردنی زمانی کوردی قەدەغەبوو، لە کاتێکدا گروپە کەمینەکانی دیکەی وەک ئەرمەنی و ئاشووری قوتابخانە و کۆمەڵەی تایبەتیان هەبوو کە دەتوانن وەک مافێکی مرۆڤ زمانەکەیان فێربن. منداڵانی کورد لە قوتابخانە حکومییەکان بە مەنهەجێکی تایبەت بە تەعریبکردن پەروەردە دەکران، هەروەها سیستەمێکی چاودێری توند دامەزرا بۆ ئەوەی منداڵان لە ڕێگەی "سیخوڕ"ەوە نەتوانن لە نێوان خۆیاندا بە زمانی کوردی قسە بکەن. حافز ئەسەد، کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە کاری هەندێک ئاغا و خاوەن زەوی و زاری نوێنەرایەتی چینی (ئیستغلالکار) وەسف کرد، ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتی خاوەن زەوییە گەورەکان بوو لە باکووری سوریا، لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە ناوی ناوە چاکسازی کشتوکاڵی. حافز ئەسەد، کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریدا ناوی گوند و شارۆچکەکانی گۆڕی و واژۆی لەسەر ڕێسایەک کرد کە ڕێگری لە تۆمارکردنی منداڵان بە ناوی کوردی دەکرد، گۆرانی وتنی جگە لە عەرەبی لە ئاهەنگی هاوسەرگیری و جەژندا قەدەغە کرد[3].

١. Gérard Chaliand, The Kurdish Tragedy, london: Zed Books, 1994, p.87.
٢. Human Rights Watch, Syria Unmasked: The Suppression of Human Rights by the Asad Regime, (New Haven and London : Yale University Press, 1991, p.96.
٣. David McDowall, The Modern History of Kurds, London, I.B. Tauris, 1996, p.627-628.

دوای کۆچی دوایی حافز ئەسەد لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٠، بەشار ئەسەدی کوڕ کە کورسیی سەرۆکایەتی کۆماری گرتە دەست، وێنەیەکی لایەنگری چاکسازیی بە کاریگەریی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتەکەیدا پیشان دا، وەك هەنگاوێکی گرنگ سەبارت بە پرسی کورد، یەک لەو هەنگاوانە ئەرکی دانوستانی بەشار ئەسەد بوو لەگەڵ هاوپەیمانی دیموکراتی کورد کە لە ساڵی ٢٠٠١ کە پێشتر بە نایاسایی دادەنرا و لەو چوارچێوەیەشدا ویستی زانیاری لەسەر چاوەڕوانییەکانی کورد لە ڕژێم وەربگرێت[١]. هەرچەندە لە کۆبوونەوەکەدا هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بەڵام وەک پێشهاتێکی گرنگ هەژمار کرا کە دەسەڵاتدارانی بەعس دیالۆگێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی کورد دامەزراند.

بەشار ئەسەد هەنگاوێکی کۆنکرێتی دیکەی ناوە و لە ١٨ی ئابی ٢٠٠٢ سەردانی شاری حەسەکەی کرد و ئەم سەردانەش وەک یەکەم سەرۆکی دەوڵەت تۆمارکرا کە دوای ٤٠ ساڵ سەردانی ناوچەیەکی کوردنشینی کرد. جگە لەوەش دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردی عێراق لەدوای لەشکرکێشی بۆ سەر عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، هۆشیارییەکی سیاسی لای کوردانی ڕۆژئاوا دروستکرد و نیگەرانی ئەوەی کە ئەم هۆشیارییە دەتوانێت ببێتە هۆی ناڕەزایەتی جەماوەری نوێ، بەشار ئەسەدی هاندا کە تاڕادەیەک فشارەکانی سەر لایەنە سیاسییە کوردییەکان کەمبکاتەوە. ئەم پارتانە کە بە هۆی نەبوونی یەکپارچەیی جوگرافیای ئەو ناوچەیەی کە کوردەکانی تێدا دەژین، بەرنامە سیاسییەکانیان لەسەر ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیزم لە جیاتی سەربەخۆیی چڕکردەوە، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی ڕێکخستنی کوردانی سوریا لە ساڵانی ٢٠٠٠دا بینی. بەشار ئەسەد لە ساڵانی یەکەمی دەسەڵاتی خۆیدا، لەلایەک نیگەرانی پرسی کورد بوو. لەگەڵ ئەوەی هەنگاوی تاڕادەیەک ئەرێنی دەنا، بەردەوام بوو لە فشارخستنە سەر دامەزراوە و تاکەکان کە داوای مافە بنەڕەتییەکانی کورد دەکەن. کۆمەڵەی ڕۆشنبیری بەدرخان کە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠١ لە ژێر کاریگەری ئەو کەشوهەوای میانڕەوەی لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد سەریهەڵدا لە قامشلی دامەزرا، دوای ماوەیەکی کورت داخرا و بەڕێوەبەرەکانی دەستگیرکران.

ساڵی ٢٠٠٢ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کوردی سوریا بە بیانووی دابەشکردنی بڵاوکراوەی کوردی و بە نهێنی وانەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا دەستبەسەرکران. لە خۆپیشاندانە

١. Gary C. Gambill, “The Kurdish Reawakening in Syria”, Middle East Intelligence Bulletin, Vol. 6, No. 4, 2004, p.13.

نـاڕەزایەتییەکەی پـارتی یەکگرتـووی کـوردی سـوریادا کە لە ١٠ی کـانونی یەکەمـی ٢٠٠٢ لە بەردەم پەرلەمـانی سـوریا ڕێکخرابـوو و بە ئامـادەبوونی ١٥٠ کەس، داواکـاریی بـۆ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکراوەکانی سەر زمان و کولتوور و سیاسـەتی کـوردی و بـۆ یاسای دەسـتووری دەربـڕی لە دانپێـدانان بە نەتەوەی کـورد. ڕۆژێـک دوای خۆپیشـاندانەکە، بانگهێشتی عەلـی حەمـود وەزیـری نـاوخۆی سـوریا بـۆ حەسـەن سـاڵح و مێرڤـان عوسـمان سەرکردەکانی یەکگرتـوو بـۆ کۆبـوونەوە، چاوەڕوانییەکی لای کـورد دروسـتکرد کە ئیدارەی سـوریا هەنگـاوی ئەرێنـی سـەبارەت بە پرسـی کـورد بنێـت، بەڵام چەنـد ڕۆژێـک دوای کۆبـوونەوەکە هەردوو حەسـەن سـاڵح و مێرڤـان عوسـمان بە تـۆمەتی هانـدانی جیاکـاری نەتەوەیی و ئەندامی ڕێکخراوێکی نهێنی دەستگیرکران[١].

دوای ئەوەی بەشار ئەسەد پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگـرت، کەش و هەوای تـاڕادەیەک لەبار بوو سەبارەت بە چارەسەری پرسی کورد لە ماوەیەکی کورتدا، بەڵام سیاسەتی جیاکـاری و دوورخستنەوە بەرامبەر بە ناسنامە و کولتووری کورد بەردەوام بوو. هۆکـاری جۆراوجـۆری ناوخۆیی و هەروەهـا هۆکـارە دەرەکییەکـان لەم دۆخەدا کـاریگەر بـوون. دەکـرێ بڵێـین لە فـاکتەرە ناوخۆییەکـان ترسـی ئەوەی هـەبوو کە گۆڕانکـارییەکی خێـرا دەسـەڵاتی بەعسـی لەرزۆک بکات و ناسەقامگیری بکات، هەروەها ئەو کادیرە دەسەڵاتدارانەی کە لە سـەردەمی حافز ئەسەد ماونەتەوە، بە هـۆی ترسـی لەدەسـتدانی هەژمـوونی خۆیـان لەگەڵ چاکسـازیدا نـەبوون. گـرنگترین هۆکـاری دەرەکـی هێرشـەکانی هـەردوو تـاوەری بازرگـانی بـوو لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ لـە ئـەمریکا. دوای ئەو هێرشـانەی کە باسـی لێـوە دەکرێـت، لەشکرکێشـی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان و پاشان عێراق و هەڕەشـەکردن لە سـوریا کە بە یەکێـک لە وڵاتـانی سەر بە (میحوەری خراپە) وەسـف دەکـرا، نیگەرانییەکـانی بەشـار ئەسـەدی لە سـەقامگیری ناوخۆیی زیاتر کرد و کەشوهەوای مامناوەندی لە سیاسەتی ناوخۆدا برەوپێدا. درێـژەدان بە سیاسەتە چەوسێنەرەکانی ئیدارەی سوریا بە سەرۆکایەتیی بەشار ئەسەد، بووە هۆی یەکێـک لە گەورەترین ناڕەزایەتییەکانی مێژووی هـاوچەرخی سـوریا و خـاڵی وەرچەرخـان بـۆ پرسـی کورد لە مانگی ئازاری ٢٠٠٤. ئەو ڕووداوانەی کە بە دروشمی سیاسی هاوبەش لە کاتی یـاری نێوان تیپی تۆپی پێـی عەرەبـی و کوردەکـان لە شـاری قامیشـلۆ لە بـاکووری سـوریا لە ١٢ی ئـازاری ٢٠٠٤ دەسـتیان پێکـرد، لە مـاوەیەکی کورتـدا گـۆڕا بـۆ ململانـێ، کـورد لە قامیشـلۆ

١. فـەهمي تاشـتەکين، ڕۆژاوا کـاتی کوردەکـان، Rojava Kürtlrn Zamanı، چاپخانـەی پەیوەنـدی، ئیستەمبول، ٢٠١٦، ل٨٤.

دەستیان بە پێکدادان لەگەڵ عەرەب و هێزە ئەمنییەکان کرد، دروشمی (کوردستانی ئازاد)، (ڕاپەڕین تا داگیرکاری تەواو دەبێت) و (پاشکەوتووانی عەرەب دەربچن)یان دەوتەوە[1].

ناڕەزایەتییەکان کە لە ماوەیەکی کورتدا بۆ شارەکانی دیکەی کورد لێی دەژین، وەک عەفرین، عامودە، حەسەکە و حەلەب بڵاوبووەوە، زیاتر لە دوو هەفتەی خایاند. لە ئەنجامی دەستێوەردانی توندی هێزە ئەمنییەکانی سوریا لە دژی خۆپیشاندەران، ٤٣ کەس گیانیان لەدەستدا کە حەوتیان عەرەب بوون، دوو هەزار و ٥٠٠ کەسیش دەستگیرکران و چەندین خوێندکاری کورد کە وا بیردەکرایەوە پەیوەندییان بە خۆپیشاندانەکانەوە هەبوو، لە زانکۆکان دەرکران. هەرچەندە ئەو ناڕەزایەتیانەی لە قامیشلۆ دەستیپێکرد بە دەستێوەردانی توندی حکومەتی سوریا کۆتایی پێهات، بەڵام لەڕووی ڕێکخستنی سیاسی و خەباتی کوردانی سوریا پێشهاتە گرنگەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. لە میانەی ناڕەزایەتییەکاندا، لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە ماوەیەکی زۆردا بۆ یەکەمجار ئیرادەی هەڵسوکەوت و ڕێکخستنیان پیشاندا، هەروەها ڕێگەیان نەدا هیچ هەوڵێک بۆ شاردنەوەی ناوەڕۆکی ناسنامەی کوردانەی ناڕەزایەتییەکان بدرێت. لە لایەکی ترەوە پرۆسەی ناڕەزایەتیەکان وایکرد گروپەکانی تری ئۆپۆزسیۆن دژی ڕژێمی بەعس بە دوای هاوپەیمانی لەگەڵ کورددا بگەڕێن و هانیاندا کە بۆچوونەکانیان لەسەر چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگای دیموکراسی دەرببڕن. لە کۆتاییدا ئەو ناڕەزایەتیانەی دژ بە ڕژێم کە لە قامیشلۆ دەستیپێکرد و تەقریبەن لە هەموو ئەو شارانەی کورد تێیدا دەژی، بوو بە خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ، چونکە کوردانی تورکیا، عێراق و ئێران لە ڕێگەی لێدوان و خۆپیشاندانی گشتییەوە هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ کوردانی سوریا نیشاندا، ئەم هەستە بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی هاوبەش نمایشکرا.

دوای ئەو ناڕەزایەتیانەی کە لە قامیشلۆ دەستیپێکرد و شارەکانی دیکەی گرتەوە و بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت کران، فشارەکان بۆ سەر چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کورد هێندەی تر زیاتر بوو. بەڕێوەبەرانی بەعس، کە زۆرجار دەیانگوت ڕووداوەکان پەیوەندییان بە وەدەستهێنانی مافەکانی پەیوەست بە پرسی کوردەوە نییە، دەیانگوت هیچ پرسێکی کورد لە وڵاتدا نییە، و ڕووداوەکان لەلایەن بیانییەکانەوە هێنراون - بە هاندانی دەوڵەتانی بیانی، گورزێکی جددی بوو لە هیواکانی چارەسەری لە ڕێگەی

١. İbrahim Hamidi, “Syria’s Stability May Well Be In Kurdish Hands”, 06.05.2005, http:// www.dailystar.com.lb/Opinion/Commentary/2005/May-06/95880-syrias-stabilitymay-well-be-in-kurdish-hands.ash , accessed in 28-12-2022.

دیالۆگەوە.

ڕووداوێکی دیکە کە دوای ڕووداوەکانی قامیشلۆ تووڕەیی کوردی بەرامبەر بە ڕژێم توندتر کرد، تیرۆرکردنی شێخ محەممەد مەشوک ئەلحەزنەوی ڕێبەری تەریقەتی حەزنەوی بوو. مەشوق ئەلحەزنەوی* کە کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر کوردانی تورکیا و سوریا هەیە، لە کاتی ڕووداوەکانی قامیشلۆدا سەبارەت بە پێویستی ناساندنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد لێدوانی دا و ئەو لێدوانانە بووە هۆی ناتەبایی لەگەڵ ڕژێم. بەشار ئەسەد بە ئاگاداربوون لە هەڵوێستی ڕێکخراو و توانای نارەزایەتیی کوردانی سوریا لە کاتی ڕووداوەکانی قامیشلۆ لە ساڵی ٢٠٠٤، بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو لە هەڵوێستی بەرەو دامەزراندنی دیالۆگ لەگەڵ کورد، سەرەڕای ژینگەی بێمتمانەیی، بە هۆی نیگەرانییەکانی کە دووبارەبوونەوەی ڕووداوێکی لەو جۆرە بنەمایەک بۆ دەستێوەردانی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات.

گرنگترین هەنگاوی بەشار ئەسەد لەو چوارچێوەیەدا ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ماهیر عیسای برای و مستەفا تلاس وەزیری بەرگریی خۆی ناردە ناوچە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کورد کۆببنەوە و گوێ لە داواکارییەکانیان بگرن. لە میانەی کۆبوونەوەکاندا گەشەپێدانی ئابوری ناوچە کوردیەکان بەتایبەت پێدانی مافی هاووڵاتیبوون بە کوردانی ئێکانیب و مەکتومین خرایە کارنامەی کار و ڕێککەوتن لەبارەی ئەو پرسانە کرا، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە هەرگیز جێبەجێ نەکرا و ئازارەکانی کورد کە مافی هاووڵاتیبوونیان نییە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بەردەوام بوو[1].

دوای ئەوەی بەشار ئەسەد لە ساڵی ٢٠٠٠ هاتە سەر دەسەڵات، هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دیالۆگی سیاسی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد جێگەی خۆی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاشدا گرتەوە کە لەلایەن ویکیلیکسەوە دزەی پێکرا. لە وتارێکدا لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا، کە لەلایەن دیپلۆماتکاری ئەمریکی

* تەریقەتی هەزنەوی لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەلایەن ئەحمەد ئەلحەزنەوی (١٨٨٦-١٩٥٠)ەوە دامەزراوە و لقێکی ڕێکخراوی نەقشبەندییە. دوای دامەزرانی کۆماری تورکیا، ئەحمەد ئەلحەزناوی بە هۆی ئەو سیاسەتە بەرتەسککەرەوەیەی کە لە دژی مەزهەبەکان پەیڕەوی کردبوو، لە گوندی تل مەروفی قامیشلۆی باکووری سووریا نیشتەجێ بوو و لەوێ درێژە بە چالاکییەکانی دا و لە ماوەیەکی کورتدا کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر کوردەکانی سووریادا بەدەستهێنا.

١. تاشتەکین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩-٩٠.

لە دیمەشق، چارڵز هانتەر، لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ بۆ ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەکرابوو، باس لەوە کرا کە بەشار ئەسەد، عیسام یاقوب باغدی، جێگری پێشووی کە خەڵکی حەسەکەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت پەیوەندی بە سەرکردەی کوردەوە بکات، ڕاسپارد. لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا، باغدی لە مانگەکانی تەمموز و ئابی ٢٠٠٩ بە جیا لەگەڵ عەبدولحەکیم بەشار سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا و هەروەها سەرکردەکانی یەکیەتی ئازادی و هاوپەیمانی دیموکراتی کورد کۆبووەوە. لەو پرسیارانەی کە بە ناوی بەشار ئەسەدەوە لە کاتی دانوستانەکاندا کردوویەتی، باغدی پرسگەلێکی وەک پەیوەندیی لایەنە کوردییەکانی سوریا لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی تورکیا و عێراق، هەڵوێستەکانیان لە دژی ڕژێم، تێڕوانینیان بۆ یەکپارچەیی خاکی سوریا، هەروەها ئایا ئەوان ئامادەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئیدارەی سوریا و وەڵامی ئەم پرسیارانە پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە لە ڕێگەی گفتوگۆوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە گرنگە چارەسەری کێشەکان بکرێت[١]. کورد هەمیشە ئامادەبووە بۆ دانوستان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی سیاسیی سوریا بووە بەپێی ئەو واقیع و سیاسەتانەی کە خزمەت بەبەرژەوەندی خۆی دەکات مامەڵەی لەگەڵ کردوون. پاش ئەمە قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا ئەویش شۆڕشی سوریا بوو لە ٢٠١١ نەك تەنیا مەسەلەی کورد، بەڵکو چارەنووس و داهاتووی هەموو سوریای خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

١. Wikileaks, “No Dividend on Sarg-Kurdish Backchannel Talks”, 2009, https:// wikileaks.org/plusd/cables/09DAMASCUS826_a.html.

## پاژی سێیەم: ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی سوریادا ٢٠١١

لە نێـو ئەو گـرژییە سیاسـییەی گەلـی سـووریا لە ئەنجـامی پراکتیـزەی دیکتـاتۆری ستەمکارانەی ڕژێمـی دەسـەڵاتداردا ئەزمـوونی کـرد، ڕەوتـی سیاسـی و فیکریـی کە داوای ئـازادییە گشـتیەکانیان دەکـرد، سـەریانهەڵدا. کـورد وەک ڕێکخـراو و تـاک و حزبـی لە کۆمیتەکـانی بـوژانەوەی کـۆمەڵگەی مەدەنـی و لە کـۆڕ و کۆڕبەنـدە ڕۆشـنبیرییەکان بەشدارییان کرد کە داوای ئازادیی گشتییان دەکرد. ئـازادی لە سـوریا لە دوای سـاڵی ٢٠٠٠ و وەک هەموو سـورییەکان ڕەوتـی بەرەو ئـازادی بـوون بـوو بـە داواکـاریی زۆرینـەی ڕەهـای دەسـتەبژێری ڕۆشـنبیری کـورد کە لە ژێـر دەسـەڵاتی دیکتاتۆرییەتـدا تووشـی سـتەم و چەوسـاندنەوە و گۆشـەگیری و غیـاب بـوون هـاتبوون. هـەروەك باسـکرا، ئەمەش وامـان لێدەکات کە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕەوتە سیاسییەکانی کورد لە شۆڕشی سوریا ئـەنجام بـدەین. ئەم قۆناغە دابەشی دوو قۆناغی سەرەکی دەکرێـت، ئەویش ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی ئاشتییانەی سوریا، قۆناغی دووەم ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی چەکداریی سوریا.

### ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی ئاشتییانە لە سوریا:

### یەکەم: ڕۆڵی ئاراستە سیاسییەکانی کورد لە شۆڕشی ئاشتییانە لەسوریا

بزووتنەوەی ئایندەی کورد وەك ڕەوت و پارتێکی سیاسی نوێ پەیـدابوو، جـگە لەو پـارتە تەقلیـدیانەی کە لە گۆڕەپـانی سـوریادا ئامـادە بـوون. ڕەوتە سیاسـییە تەقلیـدی و ناسیۆنالیستەکان بەشـدارییان لە بـزووتنەوەی جەمـاوەری شۆڕشـی سـوریادا نەکـرد، وەک زۆربەی پـارتە تەقلیـدییەکانی سـوریا و تەنـانەت لایەنە ئۆپۆزسـیۆنەکانیش، بەهـۆی ئەو سەرکوتکردنە توندەی کە ئەو لایەنانە بە درێژایی ئەو سەردەمە دیکتاتۆرییە تووشی بوون، و بەهـۆی ئەوەی پێشـتر لە چوارچێـوەی قـاڵبی ڕێکخراوەیـی ڕەق و تەقلیدیـدا دانرابـوون و بێتوانابوون لە ڕاکێشانی شەقامی سوریا.

لەگەڵ دەسـتپێکی شۆڕشـدا، لایەنە کوردییەکـان بـانگکران، بـۆ ئەوەی بەکـۆمەڵ و ڕێکخراوەیی کاربکەن، بەڵام ئەمە وەڵامێکی گونجاوی وەرنەگرت، چونکە ئەو لایەنانەی کەوا شۆڕشیان دژی بەشار ئەسەد دەکرد، بەشـێکیان باوەڕییـان بـە مافـە سـیاسی و مەدەنییـەکانی کورد نەبوو. هەروەها هەر زوو بۆ دامرکاندنەوەی داواکاریی خەڵك ڕژێمی سوریا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ناسنامە دەدرێتە کورد، بـەڵام کـورد ئـەو مافـەیان بـە مـافێکی شـەرعی دانـاو

ڕێزیان لە بڕیارەکە نەگرت[1]. دەتوانین بڵێین شەقامی دابەشکراوی کوردی، کە پارتە سیاسییەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئیستغلالکردنی شۆڕش و ڕووداوەکانی بە ئاراستەی ناسیۆنالیستی جیابوونەوە، یان داواکاری سیاسی بۆ خۆبەڕێوەبەری، وەک کۆمەڵێک حزبی کوردی خواستیان بۆ دەربڕی بوو[2].

گەلی کورد بە گشتی و لە ڕێگەی کۆمیتەکانی هەماهەنگییەوە، دەستپێشخەری خۆپیشاندان و چالاکیی شۆڕشگێڕانەی کرد و ژمارەیەک کەسی کاریگەر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا تەسفیە کران، وەک شەهید میشال تەمۆ، شەهید ئەنوەر حەفتەر، شەهید جوان قەتانا و مستەفا خەلیل، ژمارەیەکیشیان وەک عوسمان ئەلحسێن لە هەوڵی تیرۆرکردن ڕزگاریان بوو، شەهید ناسر بورهاکیش لە حیزبی پارتیزانەوە تیرۆر کرا، بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو سەرکردانەی کە دەیانتوانی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە بگرنە ئەستۆ لە شەقامی کوردی.

لە کاتێکدا لایەنەکانی دیکە وەک پارتی بەعس و لقە ئەمنییەکانی سوریا چالاک بوون بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی ئاشتیانە، بە سەرۆکایەتی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)، پارتی یەکێتی داوای لە بنکەکانی کرد بەشداریی شۆڕشەکە نەکەن و چووبوون بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕژێم لە بەرامبەر پێدانی کورسی لە مەجلیسی گەل و کورسی لە حکومەتدا. دواجار ژمارەی ئەو پارتە کوردییانەی لە سووریا پێکهێنراون گەیشتووەتە نزیکەی ٤٠ حزب و زۆربەیان بنکەی جەماوەرییان نییە، بۆیە ڕۆڵی ڕاستەقینە لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازانەدا بۆ ئەو ڕەوتە نەتەوەییەی کورد بووە کە سەردانی دەرعایان کرد[3].

### دووەم: ڕۆڵی پارتە سیاسییە کوردییەکان لە شۆڕشی سوریادا

لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی سوریا، ژمارەیەکی زۆر لە پارتە سیاسییە کوردییەکان لە گۆڕەپانی سوریادا هەبوون، کە سوودیان لە کشانەوە و لاوازی ئەمنی ڕژێم لە شوێنەکاندا

---

١. Abdul Hakim Bashar, The Kurdish Democratic Party in Syria (al-Parti), The Kurdish Democratic Party in Syria (al-Parti) - Carnegie Middle East Center - Carnegie Endowment for International Peace (carnegie-mec.org).

٢. علي بدران، دور الكرد و الثورة السورية، المركز الديموقراطي العربي، ٢٠١٦.

٣. مركز ملك فيصل للبحوث والدراسات، مسارات، ما مستقبل المناطق الكوردية في شمال سوريا،٢٠١٨، ص٦.

بینی و سودیان لە بەهاری دیمەشق و دەرکردنی یاسای حزبەکان بینی، بەشێک لەئەوان بە دیفاکتۆ وەک درێژکراوەی لایەنە کوردییەکانی عێراق و تورکیا، یان لە ڕوانگەی نەتەوەیی کوردەوە یان لە ڕوانگەیەکەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسییەکان دامەزران. لە سەردەمی شۆڕشی سوریادا ژمارەی پارتە کوردییەکان گەیشتە نزیکەی چل لایەن و دیارترینی ئەو حزبانە لە گۆڕەپانی سوریادا بریتی بوون لە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) لە سوریا

٢- پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کورد

٣- پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) کە درێژکراوەی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی پارتی کرێکارانی کوردستانە لە تورکیا و عێراق.

٤- پارتی یەکێتی دیموکراتی، بە سەرۆکایەتی محێدین شێخ عەلی

٥- پارتی ئازادی، بە سەرۆکایەتی مستەفا جومعە

٦- پارتی یەکێتی بە سەرۆکایەتی فواد عەلیکۆ

٧- پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد بە سەرۆکایەتی حەمید حاج عەلووش

٨- کوردستانی یەکێتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم بیرۆ

٩- پارتی دیموکراتی کورد بە سەرۆکایەتی حاکم بەشار

١٠- پارتی چەپی کوردی بە سەرۆکایەتی محەمەد موسا[١]

ڕۆڵی پارت و ڕەوتە کوردییەکان لە پشتگیری شۆڕشی ئاشتیانە لە سوریا جیاواز بوو، پارتە سیاسییە کوردییەکان ڕۆڵی دژبەیەکیان لە شۆڕشی سوریادا بینیوە، بەشێکیان هەر لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشەکەوە پاڵپشتیی شۆڕشەکەیان کردووە، هەندێکیان هەڵوێستی بێلایەنییان گرتەبەر، هەندێکیشیان هەڵوێستی دژایەتی شۆڕشیان گرتەبەر، هەریەك لە پارتی ئازادی و پارتی یەکگرتوو و پارتی دیموکراتی کوردستان (سوریا) و پارتی ریفۆرم، هانی کادر و لایەنگیرەکانی خۆیاندا بۆ شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم، بەڵام هەریەکە لە پارتی پێشکەوتنخوازی و چەپی کورد و پارتی یەکێتی دیموکرات هەڵوێستێکی پۆزەتیڤیان بەرانبەر

١. علی بدران، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شۆڕش نەبوو[١].

## ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی چەکداریی لەسوریا:

لەگەڵ زیادبوونی نارەزایەتی خەڵک و لەسەر ئاستی هەموو سوریا و هێرشکردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و مەفرەزە ئەمنییەکان، بۆشایی ئەمنی تەشەنەی کرد و ڕێگا خۆشکرا بۆ سەرهەڵدانی توخمە چەکدارەکان کە دوای ئەو ژمارە زۆر و یەکجار زۆرەی کۆمەڵکوژی بە کۆمەڵ کە لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە لە سەرتاسەری سوریا ئەنجامدرا، چەکیان هەڵگرت، کوردیش بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاوی نا.

### یەکەم: ئاراستە سیاسییە چەکدارییەکان لە شۆڕشی سوری

وا دەرکەوت کە (پەیەدە) لەم قۆناغەدا بە تەواوی بێلایەنە و تێوەگلانی کورد لە چالاکییە سەربازییەکاندا لە دوو ئاراستەوە دەستیپێکرد: ئاراستەی نەتەوەیی جەماوەری کە پاڵپشتی شۆڕشی سوریا دەکات وەک درێژکراوەیەکی سروشتیی شۆڕشی ئاشتیخوازانە کە نزیکەی ساڵێک بەردەوام بوو و ڕەوتی ئایدیۆلۆژیی چەپگەرایی پەکەکە کە وای دەبینی پابەندە بە بێلایەنی و نزیکبوونەوە زیاتر لە شۆڕشی سوریا، دەستیکرد بە دامەزراندنی هێزی سەربازی خۆی لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر، لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترا یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان و دەستیکرد بە بڵاوبوونەوە بەسەر گوند و شارە کوردنشینەکان لە باکوری سوریا کە لە قامیشلۆ و حەسەکە تا عەفرین درێژدەبێتەوە، بە پشت بەستن بە سەرچاوە خۆبەخشەکان و ئیدارەی مەدەنی و هاوکارییە دەرەکییەکان[٢].

لەگەڵ فراوانبوونی گرژی و ناسەقامگیری زیاتر، ئەوانەی مەیلی ئیسلامییان هەبوو، خۆیان دایە پاڵ هێزە رادیکاڵە ئیسلامییەکان، بۆیە زۆرێک لەوانەی کە مەیلی ئیسلامیان هەبوو، ڕوویان کردە بزووتنەوە ئیسلامییە چەکدارەکان، بەتایبەتی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەحرار شام

١. عمر كوش، الاحزاب الكورديه والثوره السوريه، على هذا الربط: https://www.alaraby.co.uk/ تاريخ الزياره ٢-١-٢٠٢٣.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Syria (Rojava or Western Kurdistan) لەم لینکەوە،
https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan

کە لە پلەی یەکەمدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی جەزیرەی سوریادا بڵاوبووەوە. هەروەها لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، مەیلی ناسیۆنالیستی جوداخوازی، تا دەهات لای کوردانی سوریا زیاتر دەبوو. کورد توانیان ناوچەیەکی فراوانی خۆ بەڕێوەبەری و قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان لە باکووری ڕۆژاوای سوریا دابمەزرێنن. دواتر ئەم قەوارەیە توشی ئاڵنگاری زۆر گەورە بوویەوە لەلایەن هێزە چەکدارە ئیسلامییە رادیکالییەکان، بەتایبەت داعش.

### دووەم : ڕۆڵی هێزە چەکدارە کوردەکان

لە سەرەتای شۆڕش و لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکیی چەکداری، گەنجانی کورد دەستپێشخەرییان کرد بۆ پێکهێنانی کوتلەی سەربازیی لە ناوچە کوردنشینەکان وەک بەشێک لە سوپای سوریای ئازاد، سەرەتا لە کەتیبەی ئەحرار عەفرین، ئازادی، یوسف ئەل- ئەزمە، هاوارد، نەورۆز، سوقور ئازادی، کاوەی حەداد و شەهیدانی مەککە، پاشان کەتیبە سەربازییەکان لە گوندەکاندا بڵاوبوونەوە، هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب و لە ناوچەکانی کۆبانێ و ئەلحەسەکە، وەک هێزەکانی دەستێوەردانی خێرا، لیوای میشال تەمۆ، لیوای ئەحرار ئەلکورد، سوپای سەڵاحەدین لە پارێزگای ڕەقە، لیوای داد. هەروەها لەگەڵ دەستپێکردنی پێکهێنانی ئەنجوومەنە سەربازییەکان، ئەنجومەنی سەربازی کورد لە ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بە سەرکردایەتی فەریق محەمەد خەلیل ئەلعەلی و بە ئەندامێتی عەقید محەمەد هەیسەم ئیبراهیم و لیوا عەقید شەوقی حسێن عوسمان و کاپتن بیوار مستەفا و لیوای یەکەم عەدنان ڕەسیم دامەزرا و ئەم ئەنجومەنە سەربازییە و ئەفسەرانی سەربازی دەتوانن سەرکردایەتی چالاکییە سەربازییەکە بگرنە ئەستۆ و دواتر پەیوەندی بە بەرەی ڕزگاری سوریاوە بکەن بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن بۆ دامەزراندنی سوپای نیشتمانی سوریا و دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی سوریا کە دەوڵەتی هاوڵاتیبوونە.

هێزەکانی سوپای ئازاد توانیان بەشی زۆری پارێزگای حەلەب ڕزگار بکەن، ئەنجومەنی سەربازیی کوردیش بەشداری لە ئازادکردنی زۆربەی خاکەکانی حەلەب لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خۆی و چوونە ناو خودی شارەکە کرد، پێویستی پشتیوانی و پارە و تەقەمەنی، پاشان پشتگوێخستنی دارایی فراکسیۆنە سەربازییە کوردییەکان، کە لە پلەی یەکەمدا پشتیان بە پاڵپشتی و خۆپاراستن بەستبوو و ئیدارەیەکی مەدەنییان نەبوو کە بتوانێت سەرچاوەی دارایی دەستەبەر بکات، ئەمەش ئەو کوتلانەی زۆر لاواز کرد بۆ بەرژەوەندیی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان کە بە توندی دەستیان کرد بە دەرکەوتن، وەک ئەحرار شام و نوسرە

و پاشانیش داعش.

دەرکەوتنی داعش وەك هێزیکی رادیکاڵ قۆناغی شۆڕشی سوری و شەڕی ناوخۆی لەو وڵاتە گۆڕی، هێزە کوردییەکان رووبەڕووی ململانێیەکی سەخت و دژوار بوونەوە لەگەڵ ئەم گروپە. بەشێوەیەکی گشتی پەیەدە وەك کاریگەرترین هێزی کوردی دەردەکەوێت کە ئاستی پشتگیری بۆ شۆڕش و رووبەرووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد لاواز بووە و هۆکارەکانیش رەنگە پەیوەندی بە ململانێ ئیقلیمییەکانی ناوچەکە هەبووبێت. وەك ململانێی نێوان تورکیا و ئێران کە تورکیا سەرەتا لەگەڵ روخان و لاچوونی بەشار ئەسەد بوو لە دەسەڵات، ئێرانیش بەهەموو هیزی خۆی یارمەتی مانەوەی بەشار ئەسەدی دەدا، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو هێزەکانی ڕژێم زوو لەسەرەتای دورستبوونی نارەزاییەتییەکانەوە، ناوچە کوردنشینەکانیان جێهێشت، کورد قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی بۆ خۆی دورست کرد، ئامانجی سەرەکیی هێزە چەکدارە کوردییەکان پاراستنی ئەم قەوارەیە بوو لە دژی هێزە رادیکاڵییەکان و داعش، بۆیە گرنگە بزانین سروشتی ئەو قەوارەیە چۆنە؟

**قەوارەی سیاسی ڕۆژاوا**

کورد پاش جێهێشتنی سەربازەکانی ڕژێمی ئەسەد لە باکوری ڕۆژاوای سوریا سیستەمێکی خۆسەری بەڕێوەبردنی تایبەت بەخۆیانی دروستکرد بەناوی فیدراسیۆنی باکوری سوریا (ڕۆژاڤا). لە ڕێکەوتی ١٧ی ئازاری ٢٠١٦، فیدراسیۆنی دیموکراتی باکووری سوریا-ڕۆژاڤا وەک پێکهاتەیەکی ئیداریی سەربەخۆی هاوبەشی ناوچە کوردییەکان و ناوچەکانی تەنیشتی کە بەشێکیان عەرەب بوون، ڕاگەیەندرا[١]. ڕۆژاوا لەسێ کانتۆنی سەرەکی پێکهاتووە کە بەشێکی زۆری لەلایەن هێزەکانی داعشەوە کۆنترۆڵکرابوون، دواتر هێزە کوردییەکان و یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە YPG و یەکینەکانی پاراستنی ژنان یەپەژە (YPJ) بە هاوکاریی هاوپەیمانان توانییان ئەو ناوچانە لەدەستی داعش پاك بکەنەوە[٢]. ڕۆژاوا لەڕووی زمانەوانییەوە زیاتر مەبەست لێی ڕۆژاوای کوردستانی گەورەیە، هەمیشە کورد دژی ئەوە بووە کە جیاکاری لەنێوان پارچەکانی کوردستان بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وشەی ڕۆژ وەربگرین کە بەمانای خۆر دێت هەمیشە خۆر لە ئەفسانە و گێڕانەوە کوردییەکاندا نیشانەی سیمبولی بەرخودان و ژیانەوە بووە، بۆیەش دەبینین خۆرێکی گەورە لە نێو ئاڵای

١. Thomas Schimdinger, Rojava Revolution, War, and the Future of Syria's Kurds, plutu press, pluto press, UK, 2018, p.2 .
٢. Ibid.

کوردستاندا هەیە. زۆر جار کوردستانی سوریا و ڕۆژاڤا لە لایەن بەشێك لە لێکۆڵەرانەوە وەك هاوواتا سەیرکراوە.

ئەنجومەنی یاسادانانی ئیدارەی خۆسەر کە کار لەسەر دروستکردنی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە باکوری سوریا ناسراو بە ڕۆژاڤا دەکات، ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤، "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" (دەستوور)ی پەسەندکرد کە ناوچەکە بەڕێوەدەبات. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکە، لەکاتێکدا ناوچەکە دابەشکرابوو بەسەر سێ کانتۆن، زمانی کوردی، عەرەبی و سریانی وەک سێ زمانی فەرمی وەرگیرا و ڕاگەیەندرا و کانتۆنەکان لکێنراون بە سوریاوە. هێزی چەکداری پەیەدە دەبێتە "سوپای چەکدار". ئەنجومەنی یاسادانان لە شاری ئامودێ لە سوریا بەرامبەر ماردین کۆبووەوە و باسیان لە "مۆدێلی بەڕێوەبردن" و "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" و "یاسای هەڵبژاردن" کرد.

دوای ئەوەی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ ئەنجامدا، ئەنجومەن لێبوردنی بەشەکی دەرکرد. لە هەواڵی سەبارەت بە کۆبوونەوەکە کە لە ماڵپەڕە کوردیەکاندا بڵاوکرابوویەوە، باس لەوەکرا کە "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" (دەستوور)ی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری بە کۆی دەنگ پەسەند کراوە. لە کاتێکدا سوریا لە ڕێککەوتنە نوێیەکەدا وەک "وڵاتێکی دیموکراسی" پێناسە کرا، ڕۆژاڤا کە بەسەر سێ کانتۆندا دابەشکرابوو، وەک بەشێک لە سوریا وەرگیرا و ناوەندەکانی کانتۆنەکان وەک جەزیرە، کۆبانێ و عەفرین دیاریکران. لە کۆنفرانسەکەدا زمانی کوردی، عەرەبی و سریانی وەک زمانی فەرمی دیاریکرا، بەڵام بڕیاردرا هەموو زمانەکانی دیکەی ناوچەکە بخوێنرێتەوە. مۆدێلی بەڕێوەبردن لە ٥١ بابەتی پێکدێت.

سیستەمی کانتۆنی کە لەسەر چوار پایە بنیات نراوە، پێکهاتووە لە ئەنجومەنی یاسادانان، ئیدارە، داد و دەستەی باڵای هەڵبژاردن. لە مۆدێلی بەڕێوەبردن کە تێیدا پشکی ڕەگەزی لەسەدا ٤٠ جێبەجێ دەکرێت، جیاکاریی ئەرێنی لە دژی ئاشوورییەکان و گواستنەوە بۆ سیستەمی هاوسەرۆکایەتی لە هەموو دامەزراوەکاندا پەسەند کراوە. بەس دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ١٥ هەزار دەنگ بەمەبەستی چوونە ناو ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری کە لە ١٠١ کورسی پێکدێت و ئەو لایەنەی زۆرترین دەنگی بەدەست دەهێنێت حکومەت پێکدەهێنێت. بەگوێرەی کۆنووسەکە، قامیشلی بەرامبەر ناحیەی نوسەیبینی ماردین، وەک ناوەندی کانتۆنی جەزیرە دیاری کراوە و ئاماژە بەوە کراوە کە "ئەم کانتۆنە ئیدارەی هاوبەشی کورد و ئاشووری و ئەرمەنی و چیچانی و موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدییە".

جەخت لەوە کرایەوە کە پەیوەندییەکانی نێوان ئیدارە کانتۆنییەکان و ناوەندەکان لەسەر بنەماکانی "خۆسەری دیموکراسی" بنیات بنرێت و هێزی بەرگریش یەپەگە، سوپای چەکداری پەیدە دەبێت.

بەپێی مۆدێلی بەڕێوەبردن، ئەنجوومەنی ١٠١ کورسی پێکدەهێنرێت و کانتۆنەکان بە ٢٠ وەزارەت بەڕێوەدەبرێن و ئەو وەزارەتانەش بەم شێوەیە ڕیزکراون. وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری شەرعی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی داد، هەرێم، شارەوانی، وەزارەتی دانیشتوان و شارنشینی، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی کار و جێگیرکردنی کرێکار، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی کارەبا، پیشەسازی و سەرچاوە ژێرزەمینییەکان، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی ئابووری، وەزارەتی کەسوکاری شەهیدان، وەزارەتی ڕۆشنگەری و پەیوەندییەکان، وەزارەتی گواستنەوە، وەزارەتی لاوان و وەرزش، وەزارەتی گەشتوگوزار و شوێنەوار، وەزارەتی ئاین، وەزارەت ژنان و خێزان و وەزارەتی مافی مرۆڤ.

## سنووری جوگرافیی ڕۆژاوا[1]

لەساڵی ١٩٢٣ و پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەپێ ڕێککەوتنامەی لۆزان[2] نەخشەی

---

١. پاش دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا، ئەم چەمکە بۆ تاکی کوردی مەبەست پێ ی ڕۆژاوای کوردستانی گەورەیە کە کوردستانی سوریایە، هەروەك چۆن بە کوردستانی ئیران دەوترێت رۆژهەڵات و بەکوردستانی تورکیا دەوتریت باکور و بە کوردستانی عێراقیش دەوترێت باشور، کەواتە خەون بینین بە کوردستانی گەورەوە تائیستا لە نێو کلتوری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد دا ئامادەگی هەیە و باوەڕییان پێ هەیە. بەڵام چەمکی رۆژاڤا لەدوای رووداوەکانی سوریا و پاش راگەیاندنی بەرێوبەرایەتی خۆسەر لە چوارچێوەی سیستەمی کانتۆندا وەك چەمکێکی سیاسی کە ئاماژەیە بە ئیدارەی خۆ بەرێوەبەری کورد و ناوچە کوردییەکان لە ناوەندە جیهانییەکان ئاماژەی پێدەکرێت. بۆ زیاتر زانیاري بڕوانە ئەم لینکە: https://mesopotamia.coop/regions/rojava/ بەرواری سەردانیکردن ١٠ – ١٢- ٢٠٢٢ کاتژمێر ١٨:٠٥.

٢. رێککەوتنامەی لۆزان: پەیمانی لۆزان ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بوو؛ لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری لۆزان لە سویسرا لە نێوان تورکیا و بەریتانیا و فەرەنسا واژۆ کرا و لە ١٤٣ مادە پێکهاتبوو کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو وڵاتانەیان لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕێکخستەوە و تورکەکان وەک "بەڵگەنامەیەکی دامەزرێنەر بۆ... کۆماری تورکیا"، وەک جارێک ڕەجەب تەیب سەرۆک کۆماری تورکیا باسی کرد تەماشای دەکەن. لەم رێککەوتنامەیە ئاماژە بەوەدرا کە کارکردن بەرێککەتنامەی سیڤەر هەڵدەوشیتەوە کە رێگەی دەدا بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەن کیانی سەربەخۆی خۆی، ئەمەش نیگەرانییەکانی کوردی زیاتر کرد لەوەکاتەشەوە قەزییەی کوردی بووە هەنگاوی نایە قۆناغیکی ترەوە کە تائێستاش ئەم کێشە و

سنووورێکی هەڕەمەکی بە درێژایی ٨٢٢ کیلۆمەتر لەنێوان دەوڵەتی سوری کە لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسیەکان بوو لەگەڵ کۆماری تورکیا لێدرا، ئەم سنووره بە ڕێڕەوی هێڵی ئاسنی بەرلین-بەغدا لە نێوان جەرابلوس و نوسەیبیندا دەڕوات، بەڵام پاش ئەوەی (هاتای) درا بە تورکیا، درێژی ئەم سنوره بووه ٩١١ کیلۆمەتر. لە باشوری ئەم سنوره سێ ناوچە دورست بوون کە بەچڕی دانیشتوانەکانی کورد بوون.

ڕۆژاڤا بچوکترین پارچەی کوردستانی گەورەیە، ناوچەیەکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، نزیکەی ٢ ملیۆن کەس پێکدەهینن[١]. وشەی "ڕۆژاڤا"، یان "ڕۆژئاوا" لە زمانی کوردیدا، لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتووه. لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆژئاوا، جەزیره هەیە کە سنووری لەگەڵ عێراق دایە، بەشێک لە سنووری ڕۆژهەڵاتی جەزیره لە ڕووباری دیجلە پێکدێت و بەشێکی سنووری باشووری ڕۆژهەڵاتیش لە بناری چیای شنگال پێکدێت کە سەر بە باشووری کوردستانە و زێدی ئێزیدیەکانە[٢]. ناوچەی ناوەڕاستی ڕۆژاڤا کۆبانییە و بنکەکەی لەسەر ڕووباری فورات و بەشەکەی تریش بریتیە لە عەفرین کە هاوسنووره لەگەڵ هاتای و حەلەب. ئەم دوو ناوچەیە لە ڕووی جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوانەوە لە جەزیره

---

دایلەممایە چارەسەر نەکراوە کە بێگومان چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەزییەی کوردی زامنی پاراستنی ئەمن و ئاسایش. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ریککەوتننامەی لۆزان بڕوانە:
https://eipss-eg.org/%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B5-%D8
بەرواری سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٥، کاتژمێر: ٢٣:٠٢.
٢. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:
https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan /
بەرواری سەردانیکردن، ١٣-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر: ١:٤٠.

١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:
https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan /
بەرواری سەردانیکردن، ١٣-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر: ١:٤٠.

٢. شەنگال لە ئێستادا لە ڕوو کارگێرییەوە بەشێك نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو یەکێکە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، یان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بڕوانە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، ماددە ١٤٠، ل ٣٢-٣٣، کە ماددەیەکی دەستوریە تایبەتە بەئاسایکردنەو چارەسەر کردنی کێشەی ئەوناوچانەی کە کێشە لەسەرن وەك کرکوك و بەشێك لە نەینەواو دیالە.

بچووکترن[1]. پاشان چەند ناوچەیەکی تریش بۆ ڕۆژاوا لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیەوە بۆ زیادکرا، وەك دێرزور، منبج و حەسەکە و چەند شوێنێکی تریش[2].




وێنەی ژمارە ١:

نەخشەی سیاسی ڕۆژاوا

سەرچاوە: سایتی ڕووداو لەم لینکەدا بەردەستە:

https://www.rudaw.net/turkish/kurdistan/0511201410

بەرواری سەردانیکردن: ١١-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر ١٩:٢٨.

---

١. ئێرجان ئای بۆغ و ئەوانی تر، Rojava Devrimi: Komünalizim ve Kadın özgürlüğü, savaş va ambargo kıskaçında شۆڕشی ڕۆژاڤا: کۆمۆنیالیزم و ئازادی ژن لە چنگی شەڕ و گەمارۆدا، ل١٧، لەم لینکەدا بەردەستە:
file:///C:/Users/AD4/OneDrive/Desktop/%D9%83%DB%86%D8%A8%D8%A7%D9%٨٦٪D٩٪٨A/RojavaDevrimi%٢٠full%٢٠٧٥dpi.pdf،
بەرواری سەردانیکردن : ١١- ١٢- ٢٠٢٢، کاتژمێر ٢:٤٥.

٢. سەنتەری مەلیك فەیسەل بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە: ئایندەی ناوچە کوردنشینەکان لە باکوری سوریا چییە "ما مستقبل مناطق الکردیه في شمال سوریا" ل١١.

## کانتۆنی عەفرین

عەفرین کە بەشی ڕۆژاوای هەر سێ کانتۆنەکەیە، لە باکوور (پارێزگای کیلیس) و لە ڕۆژئاوا (پارێزگای هاتای) سەربە کۆماری تورکیا دەورەدراوە: هەروەها نیشنگەی عەزاز و تیل ڕیفاتیش دەگرێتەوە کە بە شێهبا ناسراوە. ڕووبەری عەفرین ٢٠٧٠[١] کیلۆمەترە و هەشت قەزای هەیە (بە کوردی لە ڕۆژاڤادا وەک پارێزگا پێناسە کراوە): ناوەندی عەفرین، شێراوە، سەندرێس، ماباتا، ڕاکۆ، بلبیلێ، شییە و شێرا. لە ناوەندی کانتۆنی عەفرین، شاخی کورد (کوردی چیایێ کورد، دشباڵ ئەلئەکراد بە عەرەبی) هەیە کە بەرزییەکەی ١٢٦٩ مەتر دەبێت، کە لە ڕۆژئاوا درێژ دەبێتەوە بۆ سنووری تورکیا و لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕووباری عەفرین دەڕوات. شاری عەفرین لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە کەناری ڕووباری عەفرین وەک یەکتربڕی ڕێگا بازرگانییەکان دامەزراوە. شارۆچکەی عەفرین کە لە ساڵی ١٩٢٩ ژمارەی دانیشتوانی ٨٠٠ کەس بوو، لە ساڵی ١٩٦٨ شوێنی بۆ ٧ هەزار کەس کردەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم ژمارەیە گەیشتە ٣٦ هەزار و ٥٦٢ کەس[٢]. بەپێی خەمڵاندنەکان لە ساڵی ٢٠١١دا ٤٠٠ هەزار کەس لە تەواوی ئەم هەرێمەدا ژیاون کە ٣٦٦ گوندیان تێدایە. ژمارەی دانیشتوانی ئەو کانتۆنە گەیشتە ٨٠٠ هەزار کەس، چونکە کورد لە حەلەب ناچاربوو لە بەهاری ٢٠١٣ لە هێرشە قورسەکانی ڕژێمی سوریا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەڵبێن، لەگەڵ هاتنی ئاوارەکانی ناوچەکانی دیکەی سوریاش. زۆربەی دانیشتوان کوردی موسڵمانی سوننەن. لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەم لە تورکمان لە باکووری عەفرین دەژین، ١٠ هەزار کوردی عەلەوی لە شاری ماباتا کە لە ناوەڕاستی ناوچەکەدایە دەژین. هەروەها ژمارەیەک گوندی ئێزیدیش هەن کە دانیشتوویان لە نێوان ١٠ هەزار بۆ ١٥ هەزار کەسە. بە گوتەی سلێمان کافەر، ڕێکخەری کاروباری دەرەوەی کانتۆن، نزیکەی لەسەدا دەی دانیشتوانی عەرەبن.

عەفرین لە ناوچەی گرد و بەشێکی شاخاوی پێکهاتووە، لە کۆنەوە لەلایەن کۆچەرییەکانەوە کەم بەکارهێنراوە و بۆ هەزاران ساڵە ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی بەردەوام بووە. لەم ڕووەوە عەفرین جیاوازە لە دوو کانتۆنەکەی تر کە لە قۆناغی نێوان جەنگەکاندا

١. Katharina Lange, “Peripheral Experiences: Everyday Life in Kurd Dagh (Northern Syria) during the Allied Occupation in the Second World War,” der. Heike Liebau v.d., The World in World Wars: Perspectives, Experiences and Perceptions from Asia and Africa (Leiden, 2010), 401–28.
٢. https://www.citypopulation.de/en/syria/

جارێکی تر دەستیان بە کاری  کشتوکاڵ کردەوە. کەشوهەوای دەریای ناوەڕاست کاریگەریی گەورەی لەسەر عەفرین هەیە و ساڵانە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ ملم باران دەبارێت. خاکە سوورەکانی دەشتەکانی عەفرین بەهۆی پەمپە ئاوییەکانی بە گازوایل بە چڕی لە کشتوکاڵ کەڵکیان لێوەردەگیرێ. کێڵگەکان زیاتر بریتین لە گەنم، پەتوو، لیمۆ، هەنار، خەڵوز، کەرەوز و هەنجیر، بەڵام بەرهەمی سەرەکی ناوچەکە زەیتونە[١]. لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ عەفرین ئۆتۆنۆمی دیموکراتی ڕاگەیاند، ڕاست دوای دوو کانتۆنەکەی تر[٢]. دواتر لە ساڵی ٢٠١٨ واقیعی سیاسی بەهۆی هەندێك سیاسەتی ناڕوون و هەڵەوە و بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە لە عەفرین گۆڕانی بەسەردا هات.

## کانتۆنی کۆبانێ

کانتۆنی کۆبانی کە ٩٨ کم لە ڕۆژهەڵاتی عەفرین دوورە، بچووکترین کانتۆنی ئەو سێ کانتۆنەیە. کانتۆنی کۆبانی کە لە باکوورەوە سنووری تورکیای هەیە، لە بەرزی تێکڕای نزیکەی ٥٢٠ مەتر لە دەریاوە دامەزراوە. کۆبانی جوگرافیایەکی گرنگە بۆ کشتوکاڵی دانەوێڵە. ڕووباری فورات سنووری ڕۆژئاوای کۆبانی پێکدەهێنێت. لە مانگی نیساندا دەگاتە لوتکەی پڕکردنەوەی ئاوەکەی، ئەمەش دوای توانەوەی بەفر لە باکووری کوردستان. کۆبانی بەهۆی دەوڵەمەندی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمێکی گرنگە.

شاری کۆبانی لە ساڵی ١٨٩٢ دامەزراوە. لە کاتی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا، نیشتەجێبوونی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بووە هۆی دامەزراندنی شارەکە. بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵکراوە کە ناوی کۆبانی لە وەرگێڕانی کوردییەوە بۆ وشەی ئەڵمانی Kompanie [واتە: کۆمپانیا] سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ڕژێمی بەعس لە سوریا لە پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان ناوی کۆبانێیان گۆڕی بە عین - العرب[٣]. لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی کۆچەوە ژمارەی دانیشتوانی کۆبانێ گەیشتە ٤٠٠ هەزار کەس[٤]. لە ١٩ی تەمووزی ٢٠١٢ بووە

١. ئێرجان ئای بۆغا و ئەوانی تر، شۆڕشی ڕۆژاڤا: کۆمۆنیالیزم و ئازادی ژن لە چنگی شەڕ و گەمارۆدا "Rojava Devrimi : Komünalizm ve kadın özgürlüğü savaş ve ambargo kıskaçında"

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Syrian Kurds celebrate Auto Administration الکرد السوریون یحتفلون بذکری تأسیس الادارة الذاتیة YouTube.

٣. ئێرجان ئای بۆغا و ئەوانی تر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤. “Harvey Morris, “Kobanî Under Intense ISIS Attack, Excluded from UN Humanitarian Aid,” Rudaw.net, 17 Temmuz 2014, http://bit.ly/1Qr2Wgr.

یەکەم شار کە ڕژێمی بەعس لە ڕۆژاڤا دەرکرا. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا تەواوی کانتۆنەکە ئازاد کرا. ئەنوەر موسلیم لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە وەک سەرۆکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی کۆبانی هەڵبژێردرا، کە لە ٢٧ی ژانویەی ٢٠١٤ ڕاگەیەندرا. ئەنوەر موسلیم هەریەک لە بێرڤان حسێن و خالید برجیلی وەک جێگر دەستنیشان کرد. کانتۆنی کۆبانیش هاوشێوەی عەفرین بەپێی سیستمی سیاسی ڕژێمی ئێستای سوریا وابەستەی پارێزگای حەلەبە. دوای کۆتایی ساڵی ٢٠١٣، داعش هەوڵیدا دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، بەڵام چەندین جار لەلایەن یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) و یەپەژە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان)، بەرپەرچدراوەتەوە. لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ داعش هێرشێکی گەورەی دەستپێکرد و لە ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لەگەڵ سەربازەکانی گەیشتە شارەکە. کۆبانیی دابڕاو لە عەفرین و جەزیرە لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆدرا، بەڵام شەڕڤان لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٥ بەهاوکاری پێشمەرگەی کوردستان شاری کۆبانییان ئازاد کرد و هەر زوو داعش لە تەواوی کانتۆنەکە دەرکرا. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ کانتۆنەکانی جەزیرە و کۆبانی لە ئەنجامی هەنگاوێکی یەپەگە و بورکان ئەلفیرات لەگەڵ ئازادکردنی گرێ سپی (تل ئەبیاد) یەککرت و گەمارۆی سەر کۆبانی هەڵگیرا. لە گرێ سپی ئیدارەیەکی هاوبەش کە لە کورد و عەرەب و تورکمان پێکهاتبوو پێکهێنرا. گرێ سپی و دەوروبەری وەک قەزایەکی ئۆتۆنۆم بە کانتۆنی کۆبانییەوە بەسترابووەوە. لەگەڵ فیدراسیۆنی دیموکراتیی باکووری سوریا کە لە ساڵی ٢٠١٧ پێکهاتبوو، گرێ سپی گەیشتە پێگەی کانتۆنێکی جیا.

### کانتۆنی جەزیرە

جەزیرە (بە عەرەبی: ئەلجەزیرە، بە سریانی: گۆزارتۆ) گەورەترین کانتۆنی سێ کانتۆنی ڕۆژاڤایە؛ لە نێوان ئەو و کانتۆنی کۆبانی لە ڕۆژئاوا زۆر کەم خەڵک نیشتەجێیە. درێژییەکەی ٣٠٠ کم سنووری لەگەڵ کۆماری تورکیا هەیە. دانیشتوانی شاری جەزیرە لە کورد، ئاشووری، عەرەب و ئەرمەنی پێکدێن. قامیشلۆ شاری ئیداریی کانتۆنەکەیە، بەڵام بەو پێیەی هێشتا هەندێک ناوچەی شارەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدایە، بەشێک لە ئیدارەکەی دەکەوێتە شاری ئامودە. لە ڕاستیدا قامیشلۆ دیوی باشووری شارێکی دابەشبووە. بەشەکەی تری نوسەیبین (بەکوردی: نسێبین)، دەکەوێتە دیوی باکووری سنوورەکە کە سەر بە تورکیایە. کاتێک لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بە درێژایی جەزیرە دەڕۆین، شاخەکانی کودی، باگۆک و ماردین لە تورکیا لە لای ڕاستەوە و شاخی شەنگال لە لای چەپەوە دیارە، واتە بەرەو باشوور، تەنانەت ئەگەر کەمێک دووریش بێت.

جوگرافیای جەزیرە بە کێڵگەی گەنمی بێکۆتایی داپۆشراوە و زۆرێک لە "تیل١٧" بە ناوی زۆرێک لە شارۆچکەکانەوە ناویان لێنراوە: بۆ نموونە تیل کۆچەر، تیل براک، تیل تەمیر. قەبارەی کانتۆنەکە ٢٣ هەزار کیلۆمەتر دووجایە و یەکسانە بە پارێزگای هێسکێی دەوڵەتی سوریا. ژمارەی دانیشتوانی شاری جەزیرە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس بووە. بە واتایەکی تر بە تێکڕا ١ کم دوجا بووە بۆ ٦٠ کەس. بە گشتی ١٧١٧ گوند لێرە هەیە. عەرەبەکان کە ٥٤٪ی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن، لە ١١٦١ لەو گوندانەدا دەژین. هۆکارێک بۆ ئەمەش ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر لە دێرەزۆر و ڕەقە بە هۆی شەڕەوە کۆچیان کردووە بۆ جەزیرە. هۆکاری دووەمیش ئەوەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠١١ عەرەبەکانی جەزیرە زۆر کەمتر لە کورد و مەسیحییەکان کۆچیان کردووە. هۆکارێکی دیکە دروستکردنی زیاتر لە ٤٠ گوندی عەرەبییە لە چوارچێوەی پشتێنەی عەرەبی لە ساڵانی حەفتا.

کورد لە سەدا ٤٢ی دانیشتوانی جەزیرە پێکدەهێنن. ئاشوورییەکان زۆرینەی دانیشتوانی ٥٠ گوندی جەزیرە و نزیکەی ٣%ی تەواوی دانیشتوان پێکدەهێنن. ژمارەی دانیشتوانی ٤٨ گوند بە یەکسانی بەسەر عەرەب و کورد دابەشکراون، سێ گوند عەرەب و ئاشوورین و دوو گوندیش ئاشووری و کوردن. هەر چوار نەتەوە گەورەکە لە ئەنجومەنی یاسادانانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دادەنیشن کە ١٠١ کورسی تێدایە. ئەکرەم حەسۆ کە کورد بوو لە ساڵی ٢٠١٤ وەک یەکەم سەرۆکی کانتۆنی جەزیرە هەڵبژێردرا و حسێن تازە ئەلعەزەم کە عەرەبە و ئەلیزا گاوری کە سریانییە بە جێگری هەڵبژێردران.

لە ساڵی ٢٠١٦ هاوسەرۆکی کانتۆنەکان بریتی بوون لە شێخ حەمدی دەحام کە عەرەبە و هیوا عەربۆ کە ئافرەتێکی کوردە. کانتۆنی جەزیرە، بەپێی سیستەمی کۆنی سوریا، لە چوار قەزا و دوو کانتۆنی (جەزیرە و حەسەکە) و ١٣ قەزا (ویلایەت و ناوچە) بەپێی سیستەمی سیاسی نوێ پێکدێت[١].

## شەڕی داعش بۆ سەر ڕۆژاوا و گەمارۆدانی کۆبانێ

هەروەکو پێشتر باسکرا داعش وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆرستی و توندڕە و دەرکەوت، بەڵام ئەوەی نادیاربوو ئەو ئەجیندا سیاسییە بوو کە لەپاڵ ڕەفتارەکانی داعشەوە بوون، داعش کە دەرکەوت هەوڵی دەدا هەموو ئەو هێزانە قڕبکات کە لە دەرەوەی ڕژێمی بەعس بوون، بۆیەش سەرەتا هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و لاوازکردنی سوپای سوریای ئازادی دا. پاشان رووی

١. Democracy is “Radical” in Northern Syria | Inter Press Service (ipsnews.net) .

کرده ڕۆژاڤا و ناوچه کوردنشینەکان.

له ئەنجامی ئەو هێرشانەی کە لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ دەستیپێکرد، داعش گوندەکانی بۆزتەپە، ساماندەرە و بەهڤارتۆی کۆنترۆڵکرد کە لە دەستی سوپای ئازادی سوریادا بوون. پاشان و لە بەیاننامەیەکدا کە لەسەر ماڵپەڕەی تایبەت بەخۆیان ڕایگەیاند کە ئۆپەراسیۆنێک لە شارۆچکەکانی عەزیز، تەلریفەت و مێرا لە حەلەب ئەنجام دەدرێت. هێزەکانی داعش پێشکەوتنیان بەدەستهێنا لەو ئۆپەراسیۆنەی کە بۆ سەر گوندەکانی تورکمان لە باکووری حەلەب دەستیانپێکرد، لە بەیاننامەیەکدا کە بڵاویانکردەوە، داوایان لە ناوچە کوردستانییەکانی سەر سنوور کردووە خۆیان ڕادەست بکەن[1]. پاشان بەشێوەیەکی گشتی شەڕەکە ڕووبەڕووی هێزە کوردییەکان بوویەوە.

دوای ئەوەی لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٤ داعش دەستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزۆسیون کرد و سوپای سوریای ئازاد، ئەو هێڵەی کە درێژدەبێتەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی وەک ڕەقە و ڕۆژهەڵاتی حەسەکە و حەلەب و هێڵی باکووری ڕۆژهەڵات بەرەو سنووری تورکیا کەوتە دەستی داعش. دوای ئەوە، پێکدادانەکان لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەستی پێکرد بەتایبەت لەگەڵ یەپەگە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر پێگەکانی یەپەگە لە شاری حەسەکە و بەو هۆیەوە زیانی گیانی زۆر بەسەر یەپەگە گەیاند، بەڵام ئەم هێرشە لە شاری مەنجەر ڕاگیرا[2]. دواتر هێزەکانی یەپەگە هێرشیان کردە سەر تەل ئەبیاد کە ناوچەی حوکمڕانی داعشە لەسەر سنوور و بەرامبەر ناحیەی ئاکچالە لە باشووری تورکیا، بەڵام ئەم هێرشەش سەرکەوتوو نەبوو و یەپەگە ناچار بوو بە خەسارەوە بکشێتەوە. لە لایەکی دیکەوە یەپەگە بانگەشەی ئەوەی کرد کە لەم هێرشەدا چەندین چەکداری داعش و هەروەها فەرماندە باڵاکانیان کوشتووە. تا ناوەڕاستی مانگی شوبات، یەپەگە بە پشتیوانی عەشیرەتی شەممەری عەرەب هێرشی کردە سەر تەلحەمیس و سەرەڕای ئەمەش نەیتوانی دەست بەسەر ئەو شوێنە نیشتەجێبوونەدا بگرێت. لە میدیاکانی لایەنگری پەکەکەدا هەواڵ

---

١. Nuri YAZICI, KOBANİ (AYN EL-ARAP) KUŞATMASI BAĞLAMINDA ULUSLARARASI İLİŞKİLERE BİR BAKIŞ, Avrasya Sosyal ve Ekonomi Araştırmaları Dergisi (ASEAD) Eurasian Journal of Researches in Social and Economics (EJRSE) ISSN:2148-9963, 2015, pp59-77(61).

٢. For more detail see this link; https://www.govinfo.gov/content/pkg/CHRG-114shrg30358/html/CHRG-114shrg30358.htm, accessed in 1-02-2023, 5:50 am .

بڵاوکرایەوە کە زۆرێک لە چەکدارەکانی داعش کوژراون و دەست بەسەر تەقەمەنی سەربازیدا گیراوە. یەپەگە لە ۲۳ی شوبات هێرشی کردە سەر تەل بێراک و سەرکەوتوو بوو لە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە، بەتایبەتی بەو پاڵپشتییەی کە لەلایەن هۆزە عەرەبە ناوخۆییەکانەوە وەریگرت و لە ۲٦ی شوباتدا ڕایگەیاند کە کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی هێناوە. دوای ئەوە شەڕ و پێکدادانەکان لە تەل ئەبیاد و کۆبانێ و باکوری حەلەب دەستیپێکرد و لەویشەوە یەپەگە دەستیکرد بە هاوکاری لەگەڵ هەندێک گروپ دژی داعش. بەتایبەت بەدرێژایی هێڵی ڕووباری فوڕات لە کۆبانێ، لە جەرابلوسەوە لەسەر سنووری تورکیا تا ئەو هێڵەی کە پردی قەرەزوکی لێیە لە باشوور، شەڕ و پێکدادانی توندوتیژ سەخت دەستیپێکرد، باس لەوە دەکرا کە خەڵکی سڤیلیش لەم ململانێیانەدا زیانیان بەرکەوتووە و بەتایبەتی هەندێک خێزانی کورد ئەم شوێنەیان بەجێهێشت[١]. تا کۆتایی مانگی ئازار، داعش سەرکەوتوو بوو لە دوورخستنەوەی یەپەگە لە تەل ئەبیاد تا ڕادەیەکی زۆر و لە هێڵی ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆی کۆبانێی دا.

بەم شێوەیە تا سەرەتای مانگی نیسان، داعش سەرکەوتوو بوو لە گەمارۆدانی کۆبانێ لە سێ لاوە (لە جەرابلوس لە باکوورەوە تا سارین لە باشوور، و تەل ئەبیاد لە ڕۆژهەڵات). لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا، پەیەدە ناچار بوو داوای هاوکاری نێودەوڵەتی بکات. لە مانگی ئایاردا هەندێک شەڕ و پێکدادانی کەم لە نێوان یەپەگە و داعش لە نزیک ڕاس ئەلعەین ڕوویدا. هاوتەریب لەگەڵ پێشڕەوییەکانی لە عێراق، داعش لە سەرەتای مانگی حوزەیرانەوە هێرشێکی نوێی بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکرد و شارۆچکەکانی زورمەگار و ئەلزەیارە و بەیادییەی گرت، دواتر لە ۹ی حوزەیران جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتەوە هێرشی کردە سەر هێزەکانی یەپەگە. گوندەکانی وەک عەبدی، کێوی، کەندالی گرت و زیانی گیانی زۆری بە هێزەکانی یەپەگەدا گەیاند[٢].

دوای ئەم پێشهاتانە، یەکێک لە پێشهاتە هەرە گرنگەکانی مانگی تەمموزی ۲۰۱٤، بەگژداچوونەوەی نێوان داعش و یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) بوو کە قۆڵی چەکداری پەیەدەیە: ئەم پێکدادانانە کە لە ۳ی تەمموزەوە لە شارۆچکەی جەرابلوس و کۆبانی سەر سنووری تورکیا دەستیپێکرد، توندوتیژی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

---

١. CAN ACUN and HÜSEYİN ÖNER, IŞID-PYD çatışmanın sıcak cephesi : Kobani " بەرەی گەرمی ململانێی داعش و پەیەدە: کۆبانی"، ڕوانگەی سێتا، ژمارە ۷۷ , ۲۰۱٤ , ل٤.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

هێزەکانی داعش هەوڵیاندا دەست بەسەر دەڤەری کۆبانی بگرن، ئەمەش دەبـووە هـۆی پچڕانی پەیوەندی نێوان ناوچەکانی تل ئەبیاد و جەرابلوس لە باکوور و لە باشوورەوە دەبـووە هۆی پچڕانی پەیوەندی ڕەقەی پایەختیان و حەسەکە، پێگە و جیوپۆلەتیکی کۆبانێ بۆ داعش زۆر گرنگ بوو. بۆیـەش داعـش هەوڵیـدا زۆربـەی گونـد و ناوچـە جیاوازەکـانی دەوروپشـتی کۆبانێ کۆنترۆڵ بکات[١]. لە ناوەڕاستی ٦ی تەممووزدا، داعش جارێکی دیکە هەنگـاوی نـاوە و توانی ١٠ گوندی دیکە لە دەوروبەری کۆبـانێ بگرێـت، بەڵام هێزەکـانی یەپەگە توانیـان ئەم هێرشە بوەستێنن. داعش لێرەدا زیانێکی گەورەی بەرکەوت. هێرشی کۆتایی داعـش لە مـانگی ئەیلول دەستپێکرد و نزیکەی هەموو گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێی کەوتنە ژێر کـۆنترۆڵی داعــش. لە بەرامــبەر هێرشــە تونــدەکانی داعــش، ســەرکردایەتی پەیەدە داوای پاڵپشــتی نێودەوڵەتیان کرد و داوای هاوکاری چەکیان لە ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد کە دژی داعش شەڕ دەکەن. شەپۆلی نوێی هێرشەکان کە دوای گرتنی پردێکی ستراتیجی بەسەر فوڕات لە ١٧ی ئەیلول دەستپێکرد، لەگەڵ پێشڕەوی خێرای داعـش بەردەوام بـوو لە کاتێکدا ئەو چەکە قورسانەی لە عێراق و سوریا بەدەستی هێنابوو داعشی زیاتر چالاکتر کـرد. تا ١٩ی ئەیلـول، هێزەکـانی داعـش ٣٩ گونـدی دیکەیـان گـرت و بە دووری ٢٠ کیلـۆمەتر لە کۆبانێ نزیکبوونەوە. هێزەکـانی یەپەگە کە نەیـانتوانی پێشـڕەوی خێـرای داعـش بوەسـتێنن، ناچار بوون پاشەکشە بکەن بە لەدەستدانی ٦٤ گوند تا ٢١ی ئەیلول، لە کاتێکدا داعش تا ١٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی شاری کۆبانێ نزیک بووەوە. بەردەوام بوو لە پێشڕەوی خۆی بە چوونە ناو مەودای ١٣ کیلۆمەتر لە باشوور و ڕۆژهەڵات.

هاوکات ژمارەی ئەو پەنابەرانەی کە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و پەنایان بـردە بەر تورکیا سەد هەزار کەسی تێپەڕاند[٢]. پاش ئەم بارودۆخە سەختە هەوڵی لایەنە کوردییەکان بـۆ شکاندنی گەمارۆی سەرکۆبانێ دەسـتپێکردوو هاوکارییـەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان دوای هەوڵەکانی سەرۆك بـارزانی گەیشـتنە کۆبـانێ. لـە لایـەکی تـرەوە نارەزایـەتی کـوردی لـە هەموو دونیـا و خۆپیشـاندانی پەنابـەرە کوردییـەکان و جوڵانـدنی ڕای گشـتی دونیا بەرانـبەر نەکەوتنی کۆبانێ یارمەتیـدەرێکی بـاش بـوو بـۆ ئـەوەی هاوپـەیمانی نێودەوڵـەتی دژی داعـش

١. Buddhika 'Jay' Jayamaha, A Daunting Triangle: Turkey, the Kurds, and the ISIL Threat, Combat Terosisim center at west point CTC sentinel, NOVEMBER/DECEMBER.2014 . Vol 7 . Issue 11, p5.

٢. Thousands of Syrian Kurds Flee Islamic State Fighters Into Turkey, https://www.wsj.com/articles/thousands-of-syrian-kurds-flee-islamic-state-fighters-into-turkey-1411151657 .

هێرشە ئاسمانییەکان بۆسەر بنکە و پێگەکانی داعش چڕتر بکەنەوە، بەم شێوازە هەوڵەکانی داعش لە کۆبانێ بۆ کەوتنی کۆبانێ شکستی هێنا و کورد توانیان بەخوێن بەرگری لەوڵات و خاکی خۆیان بکەن.

ئەوەی لەم بابەتە بۆ هەموو کوردێك گرنگ بوو، هەماهەنگی هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا و ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بۆ کۆبانێ بەنێو خاکی تورکیادا، ئەمەش گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان و دبلۆماسییەتی سەرکردایەتی کوردی دەرخست کە توانیان بەشێوەیەکی عەقڵانی هەستی نەتەوایەتی خۆیان بپارێزن و بەرگری لەبراکانیان بکەن لە کۆبانێ، بۆیە پاش ئەو باکگراوندە دوورودرێژە بینیمان کورد لەسەردەمی ڕژێمی ئەسەدی باوك و کوڕ لە چ ناهەمووارییەك بوون، هەروەها ئێستاش هەوڵی قڕکردنی کورد دەدرێ، بۆیە پشتگیری هەرێمی کورستان وەك تاکە قەوارەی سیاسی دەستوری کوردی جێی بایەخە و هەرێمی کوردستانیش نەك جێگەی ئومێدی کوردی باشوورە، بگرە جێگەی ئومێدی پارچەکانی تری کوردستانیشە، لەبەرئەوەی لەخوارەوە باس لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین بۆ کۆبانێ و گرنگی ئەو بڕیارە و ڕەهەندەکانی ئەو بڕیارە و چۆنیەتی تێگەیشتن لەو بڕیارە باس دەکرێت.

## ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ

پاش ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر ڕۆژاڤا و کۆبانێیدا هات، دڵی هەموو کوردێك لای ئەوە بوو کە کۆبانێ نابێت بکەوێت، لەم ڕوانگەیەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە خاڵە ناکۆکەکان، بەتایبەت سەرۆك بارزانی وەك ڕێبەریکی گەورەی کورد و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا زیاتر هەستی بە گرنگی یەکگرتوویی و یارمەتیدانی ڕۆژاڤا کرد. بێگومان ئەمە بووە هۆی ناردنی هیزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، کورد لەخەونی ئەوەدا بوو کە ڕژێمەکانی ناوچەکە لاواز بن و بتوانرێت قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد دابین بکرێت، کاتێك پاش ڕووداوەکانی سوریا ئەم هەلە بۆ کورد دەڕەخسێت، خەونێکی بچووك بۆ کوردان دورست دەبێت، ئەویش ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاڤا، سەرەڕای هەموو تیبینییەکان، بەڵام ئەم ئیدارەیە بۆ کورد گرنگ بوو، سەرکردایەتی کوردیش لە هەرێمی کوردستان لە هەوڵی یەکریزی نێومالی کوردا بوون لە ڕۆژاڤا، بۆیە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستکەوتێکە کە دەکرێت چیرۆکی گەورەی لەسەر بنیاتبنرێت و بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە هێمای ئیلهامی خۆشەویستی و یەکڕیزی کوردان و بەرگریکردن

لەخاکی کوردان و زیادبوونی ئینتیمای نەتەوەیی و پرۆسەی نەتەوەسازی. لە چوارچێوەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و پشتگیریی ڕۆژاڤا پێش ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕۆژاڤا، هەرێمی کوردستان توانی نزیکەی ٦٠٠٠٠ پەنابەری سوری کە زۆرینەیان کورد بوون بگرێتە خۆ و خزمەتی تایبەت و جیاوازیان پێشکەش بکات و لەبەشێك لە کەمپەکانی نزیك دهۆك و هەولێر جێگەیان بۆ بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە بەرمەبنای نیگەرانییەکی قوڵی دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمر ڕاگەیاندراوێکی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ بەژمارە تایبەت سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەرانی ڕۆژاوا و بێباکی حکومەتی ناوەندی عێراق لە بەهاناوەچوونی پەنابەران و کەمتەرخەمی ڕێکخراوە جیهانییەکان و لاوازی ئەدای میدیا کوردی و جیهانییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕازی خەڵکانی سیڤیلی ئاوارە بۆ ڕای گشتی ناوخۆی و جیهانی بڵاوکردەوە، کە داوای بەهانەوەچوونی زیاتری ئاوارەکانی دەکرد و داوای ئەوەی دەکرد یارمەتییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بگاتە خەڵکی ڕۆژاو و لێقەوماوان لە ناوخۆی ڕۆژاوا[1]. کەواتە پێش ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەرێمی کوردستان چ لە ڕێگەی وەرگرتنی پەنابەر و چ لەڕێگەی کۆمەك و یارمەتییەوە هاوکاری ڕۆژاڤا بووە[2]. ئەمە وەکو هاوکاری مرۆیی وەکو لایەنی سەربازی و عەسکەری و سیاسیش، هەرێمی کوردستان هاوکارێکی باش بووە بۆ ڕۆژاوا لە ڕێگەی کوکردنەوەی لایەنە جیاوازەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ لە ڕێککەوتننامەی دهۆك-یەك و دهۆك-دوو دا کە دواتر بەوردی باسیان دەکەین، کەواتە پاراستنی قەوارە و کیانی ڕۆژاڤا لە کارە لەپێشینەکان و هەرە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بووە لەو قۆناغەدا، بۆیە کە کار دەگاتە سەر کەوتنی کۆبانێ و قەوارەی ڕۆژاڤا هەرێمی کودرستان بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە دەنێرێت بۆ پاراستنی کۆبانێ و پشتگیری شەڕڤانان.

---

١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە نوسراوی دەزاگای خێرخوازی بارزانی ژمارە : تایبەت لە بەرواری ١٥- ٠١-٢٠١٣ بەناونیشانی بانگەوازێك لە دەزگای خێرخوازی بارزانییەوە، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، ڕێکخراوی UN و رای گشتی کراوە.

٢. بۆ زانیاری دەربارەی کاروچالاکییەکان و یارمەتییەکان کە لە هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بەڕۆژاوا کراوە بەتایبەت لەڕێگەی دەزگای خیرخوازی بارزانی نەمرەوە بڕوانە: موسا ئەحمەد، هەمیشە لەگەڵ ڕۆژاوا: چالاکییەکانی دەزگای خیرخوازی بارزانی لە ڕۆژڤای کوردستان، چاپخانەی رۆکسانا، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی، هەولیر، ٢٠٢٢.

**بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ**

کۆبانێ ڕۆژبەڕۆژ لە کەوتن نزیك دەبوویەوە، بەمەش ڕای گشتی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کۆبانێ بەرزبوویەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نیگەرانییەکانی سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبوو، بەتایبەت نیگەرانییەکانی سەرۆکی هەرێم کە ڕێبەری کوردە و جێگەی ئومێدی پارچەکانی تری کوردستانە، زیاتر بوو. لە ڕێگەی ئەو پێگە و توانا دیبلۆماسییەی هەیانبوو، هەوڵیدەدا چی لەتوانادا هەیە بکرێت بۆ پاراستنی کۆبانێ، وەکو سەرکردەیەکی کاریزمی هەوڵیدەدا دەریچە گونجاوەکان و بڕیارە ورد و یەکلاکەرەوەکان بەشێوازێکی گونجاو بدات بۆ پاراستنی کۆبانێ، بۆیە لە ڕاگەیاندراوێکدا لە ١٩ی ئەیلولی ٢٠١٤ سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای بەهاناوەچوونی بەپەلەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و هێزەکانی ئەمریکا کرد بۆ کۆبانێ، وەکو کەسی خۆی بەشێوەیەکی چڕ لەگەڵ هەموو لایەنەکان ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر خەت بوون بۆ هاوکاریی کۆبانێ و ڕێگەنەدان بە کەوتنی کۆبانێ[١].

ئەم داواکارییە و ڕاگەیاندنەی سەرۆکی هەرێم، کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ناوخۆی بەدوای خۆیدا هێنا و پێشوازییەکی زۆری لێکرا لەلایەن هێزە مرۆڤدۆستەکان و ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەوە. پاش ئەمە بەشێوەی فەرمی و نافەرمی سەرۆك بارزانی یارمەتی پێشکەش بە ڕۆژئاڤا کردووە و چ یارمەتی ماددی چ یارمەتی سەربازی وەك ناردنی چەك و تەقەمەنی و هاوکاری تر. هەروەها لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی نێوان بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکادا بیروڕا لەبارەی هەڕەشەکانی تیرۆریستان بۆ سەر ڕۆژئاوا و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ و چۆنیەتی یارمەتیدانی کۆبانێ و پاراستنی لە هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش ئاڵوگۆڕ کرا[٢].

دواتر بەشێوەیەکی فەرمی و پاش خوێندنەوەی هەموو ئەگەرەکان و قسەکردن لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بەشێوەیەکی فەرمی سەرۆك بارزانی نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆئەوەی ڕەزامەندی دەربڕن بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك جەعفەر ئیمنیکی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمان لە خولی چوارەم، ٢٣-٠١-٢٠٢٤، کاتژمێر: ٠٣:٣٠.

٢. بڕوانە سایتی هەرێمی کوردستان.
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=hfRXPytZauA. =

کوردستان ڕەوانەی ڕۆژاڤا و کۆبانێ بکرێت. لەبەرئەوە لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە کۆی دەنگ بڕیاریدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕەوانەی کۆبانێ بکرێت، دەقی بڕیارەکە:

**بڕیاری ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٤**

**پاڵپشت بە خوکمی بڕگە (یەک) لە مادەی (٥٦)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە پێی بڕگەی یانزدەیەم لە مادەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٢-١٠-٢٠١٤ ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم: ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرگری لە کۆبانێ.**

**دووەم: لەسەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و لایەن پەیوەندارەکان پێویستە، حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.**

**سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە لە ٢٢-١٠-٢٠١٤ جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**هۆیەکانی دەرچواندن**

**لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە پێی بڕگەی (یازدەیەم) ی مادەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە بۆ جوڵاندنی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لە مەترسییەکانی تیرۆر بەتایبەت کردەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێکن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاری تیرۆر، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٢٤) لە ١٥-١٠-٢٠١٤ ئەم بڕیارە دەرچوێنرا[١].**

**یوسف محەمەد سادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٢-١٠-٢٠١٤**

---

١. بڕوانە سایتی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ناوبراو.

پاش دەرچوونی ئەم بڕیارە سەرۆکی پەرلەمان پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کرد و هەنگاوەکەی زۆر بەهەنگاوێکی گرنگ وەسفکرد، لەلایەکی ترەوە وەزیری پێشمەرگە (موستەفای سەید قادر)[١*] کە ئەو کات وەزیری پێشمەرگە بوو ڕاگەیاند کە ئەوان ڕێکاری پێویست بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جۆری ئەو چەك و تەقەمەنییەی کە پێویستە لەگەڵ خۆیان ببەن و چەندێکیش لە کۆبانێ بمێننەوە و کاتی گەڕانەوەیان بۆ دیاریبکرێت[٢].

بەم شێوازە ئەم بڕیارە مێژووییە دراو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان نێردرا بۆ کۆبانێ. لەو ڕاگەیاندراوە، سەرۆک مەسعود بارزانی، هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ ئەمریکا و تورکیا و پەیدەش کردووە، جگە لەوەش ڕۆڵی سەرۆکی حکومەت (نیچیرڤان بارزانی) ڕۆڵێکی تەواو ئیجابی بووە لە قەناعەت پێکردنی تورکیا بۆ ناردنی هێزی پیشمەرگە[٣].

لە ڕێکەوتی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، بۆ پاڵپشتیی شەڕڤانانی یەکینەکانی پارستنی گەل YPG هێزێکی پێشمەرگە کە لە ١٥٠ پێشمەرگە پێکهاتبوو، بە چەکی قورسەوە گەیشتە شاری کۆبانێ ڕۆژئاوای کوردستان.

جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا ڕایگەیاندبوو کە پێشمەرگە پشتگیری یەکینەکانی پاراستنی گەل دەکا و ژمارەیەک چەکی نیمچە قورسی هەیە، پاش گەیشتنی هێزی پیشمەرگە بۆ کۆبانێ هاوسەنگی هێز گۆڕدرا لەبەرژەوەندی کورد و ٨٥٪ ناوچەکانی ژێر دەستی داعش کۆنترۆڵکرانەوە. ئەم هێزە بە ڕێگای زەمینی بەنێو خاکی تورکیا و بە ئاڵای کوردستانەوە گەیشتنە کۆبانێ، پاشان لە ٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، سەد و پەنجا پێشمەرگەی تر لەڕێگەی فرۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتنە روها و پاشان لەوێشەوە گەیشتە کۆبانێ. هیزەکان بریتبوون لەهێزی پشتیوانی ١ کۆ

---

*. بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە زۆر هەوڵدرا چاوپیکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاك (موستەفای سەید قادر) وەربگیرێت، چ وەك وەزیری پێشمەرگەی ئەو کات چ وەکو ڕوانگەی بزوتنەوەی گۆران بۆ بابەتەکە بەڵام دیاربوو بەهۆی سەرقاڵی بەڕێزیانەوە نەکرا چاوپێکەوتن ئەنجام بدریت، هەوڵدراوە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی لایەنەکانی تریش ئەنجام بدات بەڵام پاش هەوڵدان و پەیوەندی کردن دیاربوو ڕێك نکەوت لەبەر ئەوەی وەڵامی پەیوەندییەکان نەدرانەوە.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.dengiamerika.com/a/٢٤٩٢٤٦٩.html.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك جەعفەر ئیمنیکی، سەرچاوەی پیشوو .

٢ سەر بەهێزەکانی ٧٠ و ٨٠ بوون[١]. دواجار سەرۆك بارزانی ڕاگەیاند کە تەنیا "هێزی پشتیوانی و چەک" ڕەوانەی کۆبانێ کراوە، بارزانی گوتی، "ئەگەر مەرجەکانی بەرەکە بگۆڕدرێن یان ئەگەر داوای هێزی زیاترمان لێبکرێت و مۆڵەتیان پێبدرێت، درێغی ناکەین لە ناردنی پێشمەرگە بۆ شکستپێهێنانی تیرۆریستان لە ناوەوەی. "باکووری سوریا و بەرگریکردن لە براکانمان لە کۆبانێ"[٢].

پاش ئەوەی کۆبانێ بەتەواوەتی ئازاد کرا، پێشمەرگەکان گەیشتنەوەی هەرێمی کوردستان و سوپاس بۆ خوا زیانی ماددی زۆر گەورە ڕووبەرووی پێشمەرگەکان نەبوویەوە، بەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەکی قارەمان گیانی لەدەستدا بەناوی شەهید (زێرەڤان)[٣]، پاشان بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بەڕێز وەزیری پێشمەرگە پێشوازییەکی گەرمیان لەو پیشمەرگانە کرد کە گەڕابوونەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٦ی ١ی ٢٠١٥ تایبەت بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، کە سوپاسی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات، ئەم دەستکەوتەشی بەدەستکەوتی هەموو نەتەوەی کورد دانا و پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان کرد[٤].

لە ٩ی ١کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ لە سەلاحەدین، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمێکی تایبەت و بە ئامادەبوونی مستەفا سەید قادر وەزیری پێشمەرگە و ئەنوەر حاجی عوسمان بریکاری وەزیری پێشمەرگە و ژمارەیەك لە بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە، بە مەبەستی بەخێرهێنانەوەیان پێشوازی لەو پێشمەرگانە کرد کە پاش بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لە کۆبانێ گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارەکەدا سەرۆك بارزانی گوتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا بە گەرمی بەخێرهاتنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کرد کە دوای بەجێگەیاندنی ئەرك و ڕاسپاردە سەربازییەکان بە سەرکەوتوویی بۆ هەرێمی کوردستان گەڕاونەتەوە. سەرۆك بارزانی ئەرکی پێشمەرگەی لە

---

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك هەڵگورد حیکمەت، وتەبێژی پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ١٩-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر: ٠٩:٣٠.
٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
https://www.aa.com.tr/tr/dunya/pesmerge-turkiyenin-yardimiyla-kobaniye-girdi/106251
٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2201201532
٤. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=PhvlLyRNyE8. =

کۆبانێ بە پیرۆز و بەرز وەسف کرد و گوتی: "ئێوە سەروەرییەکی گەورەتان بۆ خۆتان و خانەوادە و وڵاتەکەتان تۆمار کردووە، شەرەفی یارمەتیدانی خوشك و براکانمان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان بەر ئێوە کەوتووە و ئەوە سەروەرییەکی زۆر مەزنە". سەرۆك بارزانی ئەوەی بە پێشمەرگەکان گوت کە جێگەتان لە دڵی میللەتی کوردە و سەری ئێمەتان بەرز کردەوە و دەستتان خۆش بێت. سەرۆك بارزانی ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەو پێشمەرگانەی دەچنە کۆبانێ و بەرگری لە خوشك و براکانیان دەکەن، نوێنەری هەموو پێشمەرگە و هەموو کوردستانییەکی دڵسۆزن و ڕایشیگەیاند کە چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دوژمنی تووشی نائومێدی کرد و دەستکەوت و سەرکەوتنی مەزن لە کۆبانێ بەدیهات[1].

یارمەتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ و ڕۆژاوا تەنیا لایەنی سەربازی نەبوو لایەنی سیاسی و ئابوریش هەوڵدرا خزمەت بە ڕۆژاوا بکرێت، هەوڵی لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان درا لە ڕێککەوتننامەی دهۆك. بەشێوەیەکی گشتی و بەو شێوازە پاش ڕزگارکردنی کۆبانێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە.

## ڕێککەوتنامەی دهۆك چی بوو

لە چوارشەممەی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە شاری دهۆك بە ئامادەبوون و سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەنگاوێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا ڕێککەوتنی دهۆك لەنێوان سەرکردایەتیی تەڤدەم و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان واژۆ کرا.

دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتی سەرۆك بارزانی لەپێناو کۆتایهێنان بە ناکۆکییەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سەرکردایەتیی تەڤدەم و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد پێکهاتووە و لەشاری دهۆك و بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە، ماوەی نۆ ڕۆژە دانوستاندن لە نێوان لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامە و سەرئەنجام گەییشتنە ڕێککەوتن و ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ لە شاری دهۆك بە ئامادەبوون و سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنەکە واژۆ کرا. لە مەراسیمی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی دهۆك سەرۆك بارزانی گوتەیەکی پێشکەش کرد و

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=QDuQfXfLqOQ. =

ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژێکی مێژوویی و پیرۆز وەسف کرد. سەرۆك بارزانی ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم ڕێککەوتنە دەستپێکی سەرکەوتنی گەلی کوردە لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها هاووڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان کرد و دەستخۆشیشی لە لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژئاوا کرد و هیوای ئەوەشی خواست کە ئەم ڕێککەوتنە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێت.

سەرۆك بارزانی جەختی لەوەش کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئەوەی لە دەستی بێت بۆ پاڵپشتیکردنی ڕۆژئاوا دەیکات و ئاماژەشی بە خۆڕاگری و قارەمانێتیی کۆبانێ دا و سڵاو و درودی خۆی بۆ کۆبانێ قارەمان نارد. لە درێژەی قسەکانیدا سەرۆك بارزانی ئەوەی خستەڕوو کە سەرکەوتنی کورد لە هەر شوێنێك سەرکەوتنی گەلی کوردە. سەرۆك بارزانی یەکڕیزیی نێوان لایەنە کوردییەکانی بەرز نرخاند و هێمای بەوەدا کە جێگەی سەرفیرازییە لەو کاتەی دوژمنان دەیانەوێ وەزعی گەلی کوردستان تێك بدەن، هێزە کوردییەکان بەرەو یەکڕیزی و یەکبوون و هاوکاری بچن. وەڵامی ڕاست و دروست بۆ دوژمنان ئەوەیە کە هەموومان بەیەکەوە بین[1] لە ڕێککەوتننامەکەدا سێ خاڵی سەرەکی واژووی لەسەر کرا، ئەوانیش:

یەکەم: مەرجەعییەتێکی سیاسی کوردی: پێکهێنانی مەرجەعییەتێکی سیاسی کە لەهەردوو چوارچێوە پێکهاتبێت لە بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی و ئەنجوومەنی نەتەوەیی کورد لەلایەك و لە حیزب و چالاکە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی ئەو دوو چوارچێوە لە لایەکی دیکەوە.

دووەم: ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی: چۆن پارتەکانی ئەنجومەن پەیوەست بوون بە ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی دوای پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی مەرجەعییەت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی چڕ لەگەڵ ئیدارەی ئێستا سەبارەت بە هەندێک گۆڕانکاری لە گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبردن، بەجۆرێک شەراکەتی ڕاستەقینە تێیدا بەدی بهێنرێت و گەشە و پەرەپێدانی فۆرمی ئێستای ئیدارەی ناوچە کوردستانییەکان بەرەو یەکخستنی لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە، و کارکردن بۆ بەڵگەنامەکردنی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگا و ئیدارەکە.

سێیەم: پاراستن و بەرگری، دۆزینەوەی میکانیزمێک کە لە ڕێگەیەوە، لە ئەگەری هەبوونی

١. بڕوانە سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان،
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=gYNpDOOKv/8 . =

یەکەیەکی سەربازیی سەر بە ئەنجومەن، ئەرکی خۆیان بۆ بەرگریکردن لە "ڕۆژاڤا" جێبەجێ بکەن، لە ڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشەوە کە لە مەرجەعییەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مومکین نییە زیاتر لە هێزێکی سەربازی لە ڕۆژاڤا هەبێت، بەڵام تەنها یەک هێزی سەربازی سەر بە ئیدارەی خۆسەری دیموکراتیک هەبێت[١].

ئەم خاڵ و مەرجانە فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ بەهێزی ڕۆژاوا و بەرگری لە خۆیان کە دیسانەوە دەستپێشخەری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام بە هۆی سیاسەتی خۆسەپێنی و ڕەفزکردنی ئەوانی تر و جۆرێك لە هەبوونی ئەجێندای دەرەکی ئەم ڕێککەتننامەیە وەکو خۆی جێبەجێنەکرا، ئێستاش لیکۆڵەران و دڵسۆزان پێیان وایە بۆ بەهێزبوونی پێگەی سیاسی ڕۆژاڤا، گرنگە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ریککەوتننامەیە و ریککەوتننامەی دهۆك جێبەجێبکرێت.

هەروەها دوای ئەوەی کۆبانێ ئازادکرا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەی بوو:

**بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**ئەمڕۆ هەواڵی ڕزگارکردنی کۆبانێ خۆڕاگرمان پێگەیشت. ئەم هەواڵە دڵی هەموو کوردستانی و ئازادیخوازێك شاد دەکات. بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە مەزنە پیرۆزبایی لە تێکڕای گەلی کوردستان دەکەم. ئەو سەرکەوتنە سەرکەوتنی هەموو گەلی کوردستانە، سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە بەسەر وەحشیگەریی تیرۆریستان.**

**شانازییە بۆ گەلی کوردستان بە درێژایی ١٥٠٠ کیلۆمەتر لەبەرانبەر دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی وەستا و تووشی شکستی کرد. خۆڕاگریی و ڕۆڵی قارەمانانەی شەڕڤانان و پشتگیریی هێزی پێشمەرگەی قارەمان بۆ خوشك و برایانیان لە کۆبانێ زۆر بەرز دەنرخێنم و دەست و چاویان ماچ دەکەم.**

**بەپێویستیشی دەزانم بە ناوی خۆم و گەلی کوردستان سوپاسی هاوپەیمانان بکەم کە بە پشتیوانیی بەردەوامی هێزی ئاسمانیی خۆیان، ڕۆڵیان لە خۆڕاگریی شەڕڤانان و ئەو دەستکەوتە پیرۆزە بۆ خەڵکی کوردستان هەبوو. هەروەها سوپاسی وڵاتی تورکیایش دەکەم کە ڕێگەیدا هێزی پشتیوانیی پێشمەرگە بگاتە کۆبانێ بۆ ئەوەی یارمەتیی شەڕڤانان بدات.**

**لەدەستدانی چەند گوند و شار و گەڕەکێك نابێتە شکست، شکست ئەو کاتەیە کە ئیرادەی**

---

١. ما هي بنود اتفاقية دهوك؟
https://hawarnews.com/ar/haber/ma-hy-bnwd-atfaqyh-dhwk-d89f-h35312.html.

مانەوە و خۆڕاگری بشکێت. کۆبانێ قارەمـان بـۆیە نەکەوت چـونکە ئیـرادەی نەشـکا و خۆڕاگر بوو. من لەوە دڵنیا بووم کە بوونی پاڵپشتیی گەلی کوردستان و یارمەتیی دۆستانی گەلی کوردستان و خۆڕاگریی کۆبانێ وا دەکـات ئیـرادەی گەلـی کوردسـتان لە بەرانـبەر دڕندەیی تیرۆریستان نەشکێت و کۆبانێش نەکەوێت و بە سەربەرزی بمێنێتەوە.

قوربانیدان لەپێناو خاك و نیشتیمان شەرەفێکی مەزنە و ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە شەڕی دژی تیرۆریستاندا بە قوربانیدانی خۆیان قارەمانێتیی بێ وێنەیـان نوانـد. شـەهیدبوونی (زێرەڤان)ی خەڵکی باشوور و پێشمەرگەی هێزی پشتیوانیی لە کۆبانێ و شـەهیدبوونی (نێچیرڤان)ی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا لە شەڕی ئازادکردنی دەڤەری ئەسکی موسڵ ئەویش لە یەك ڕۆژدا، هێمای برایەتی و یەکێتی و یەکدەنگیی گەلی کوردستان بـوو و نیشـانیدا کە تێکڕای گەلی کوردستان خاوەنی یەك دۆزی هاوبەشن.

سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

٢٦ی ١ی ٢٠١٥

## پاژی چوارەم: ڕەهەندەکانی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ

ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ چەندین ڕەهەندی هەیە و لە چوارچێوە و دیدگای جیاوازەوە دەکرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لەوانە ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە و دەستکەوتێکی مێژوویە بەنیسبەت ئێمەی کوردە و کە وەك شانازییەکی مێژوویی بۆمان دەمێنیتەوە، هەروەها ڕەهەندی سیاسی هەیە و پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێشەوە برد و هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەکو یەکەیەکی نادەوڵەتی جیاواز دەرکەوت بەجۆرێك هەولێر بووە سەنتەر و بەغداش بووە لایەن یان تەرەف. لە ڕووی سەربازییشەوە پێگەی سەربازی هەرێمی کوردستان بەڕادەیەك بەهێز بوو، کە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند، لەکاتێکدا هێزە عێراقی و هێزە جیاوازەکانی سوریا توشی شکستی زۆر گەورە بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش.

### ڕەهەندی نەتەوەیی

کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە کە پاش ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بەسەر چوار دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دابەشکرا، یەکێك لە نەهامەتییەکانی ئەم نەتەوەیە نەبوونی دەوڵەتە. پاش ئەم ڕووداوانەی کە لە کۆبانێ روویاندا، کورد لە هەرێمی کوردستان و لە هەموو جیهان پێکەوە بەیەك شعور و هەستی نەتەوەیی داوایان لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد کە یارمەتی کوردانی سوریا بدەن بەتایبەت کۆبانێ. پاش ئەمە ئەو بڕیارە کە دراو هەماهەنگی نێوان ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستان و گوتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەنگی یەکڕیزی و زوڵاڵی کوردی بۆجیهان دووپاتکردەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لەلایەن کوردانی باکوری کوردستان و ڕۆژاواوە لە پیشمەرگە کرا، شانازییەکی گەورەی بە هەر تاکێکی کورد بەخشی.

جگە لەوەش ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ پەیامێکی گرنگی تێدایە، ئەویش لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە، بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان یەکسانە بە بەهێزبوونی پارچەکانی تر، یان بەهێزبوونی هەموو کوردێك، نەبوونی دەوڵەت کارەساتێکە و سەرچاوەی هەموو ئەو قەیرانانەیە کە بەسەر میللەتەکەمان دا هاتووە، پاش خەباتێکی دوور و درێژ و خوێنڕشتنی سەدان گەنج و لاوی ئەم وڵاتە و بەیەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییەکان قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان وەك باشترین قەوارە و ئەزموونی

کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا دامەزرا، گرنگە بۆ خەڵك روونبکرێتەوە کە پاراستن و زەرورەتی ئەم قەوارەیە پاراستنی شکۆی نەتەوەیەکە، دەبێت خەباتەکەمان بەردەوام بێت، تا بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، نەك بەداخەوە لەبەر بیرکردنەوەی تەسکی حزبی هەندێك ململانێی لاوەکی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم قەوارەیە بکرێت، من بەوانە دەڵێم وەرن با بەگفتوگۆ و رەخنەی بنیاتنەرانە ئەم قەوارەیە بەهێز بکەین، پرسیارێك ئەگەر ئەم قەوارەیە نەبووایە و هێزی پێشمەرگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەریم نەبوونایە کێ هێزی ڕەوانەی کۆبانێ دەکرد، کێ نەك لە ڕۆژاوا بەڵکو لە هەرێمی کوردستان شەڕی دژی داعش دەکرد، پێتان وانییە کە ئەم قەوارە و کیانە نەبووایە هاوشێوەی موسڵ و ئەنبار و ناوچە سونیەکانی تر بەئاسانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆکێش تەسلیم بەداعش دەکران، بۆیە گرنگە ئەم پەیامە کە لەناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ کۆبانێ دەردەکەوێت هەستی دڵسۆزی و نشتیمانپەروەریمان تۆختر بکاتەوە.

پەیامێکی تر هەروەك لە ڕاگەیاندراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و بەڕێز جەنابی سەرۆکدا هاتووە، سەرەڕای جیاوازبوونمان ئێمە براین و پێویستە پشتگیری لەیەك بکەین، بۆیە دەبێت ئێمە نەوەکانی خۆمان وا پەروەردە بکەین بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بابەتی خاك و پاراستنی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان و بابەتی ئاڵا و ئینتیما بۆ دامەزراوەکان جیابکەنەوە لە فۆرم و شێوازی حکومڕانی.

### ڕەهەندی سیاسی

هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی نادەوڵەتی کە دورست دەبێت بەتایبەت لە دوای ٢٠٠٥ەوە، هەولێدا پێگەی سیاسی خۆی لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی هەرێمی ونێودەوڵەتی بەهێز بکات، بیرمان نەچێت مامەڵە یان یەکەی سەرەکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەوڵەتە، کەواتە لێرەوە ئیشکالییەتە سەرەکییەکە بۆ هەرێمی کوردستان و نەتەوەی کوردیش دروست دەبێت، ئەویش نەبوونی دەوڵەتە. جگە لەمەش هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی دیار و راستەخۆ لە ساحەی نێودەلەتی پشتگیریکەری نییە ئەوەی لە ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێ دەوترێت Patron-Client وەك ئەوەی تورکیا بەرانبەر قوبرسی تورکی و ئازربایجان دەیکات، یان ئەوەی ئێران بۆ ئەرمینیا و پشتگیریکردنی ڕژێمی ئەسەد و گروپە شیعییەکانی نزیك لەخۆی لە عێراق دەیکات، ئەو پشتگیرییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کراوە لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی کۆمەڵێك دەوڵەت بووە، ئەمەش هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیووە، واتە دەوڵەتێکی دیاریکراوی بەهێز بە تەواوی

پشتگیری هەرێمی کوردستانی نەکردووە، جگە لەوەش جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر نییە بۆئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەردەوام بێت.

هەوڵدانی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی خۆی لە چەند خاڵێکی بنەڕەتی سەرچاوەی گرتووە، ئەویش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە جیاواز بێت لە بابەتەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و حکومڕانی، زۆر جار هەرێمی کوردستان بە عێراقێکی تر ناوبراوە، ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ پاراستنی پێگەی سیاسی خۆی، دواتر کە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هەڵبژاردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بەرەو لاواز بوونەوە دەچێت، هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد بیریان لەوەکردەوە کە تەنیا بابەتەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەس نین بۆ ئەوەی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت، بیر لەوەکرایەوە کە دەوڵەتان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بهێنرێنە کوردستان و بەرژەوەندییان لە کوردستان هەبێت، لەبەر ئەوە لە بڕیارێکی بەجێدا بیر لەوە کرایەوە کە نەوتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی دەرەوە بکرێت و هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی شوێن بگرێت، بەمەش دەوڵەتان ببنە خاوەن بەرژەوەندی لە هەرێمی کوردستان، نابێت بیرمان بچێت بڕیاری فرۆشتنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ، بریارێکی بەجێ و باش بووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر بۆ نموونە تورکیا یان دەوڵەتانی دونیا بەرژەوەندییان لە هەرێمی کوردستان نەبووایە، نەوت بۆ دەرەوە نەچووبایە دەیانهێشت قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان هەناسەبدات! چ جای بگات بەوەی هێز بنێریت بۆ پارچەکانی تر. ئایا ئەگەر هەرێمی کوردستان نەبووبایە جێی بایەخی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، نەدەکرا ئەزموونی ڕۆژئاوا لێرە دووبارە بووبایەتەوە، کەواتە ناردنەدەرەوەی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ هەنگاوێکی عەقڵانییە و نابێت هەرێمی کوردستان دەستبەرداری ببێت، ئەوەی تر کە گرنگە داهاتەکەیەتی کە چۆن بەشێوەی شەفافانە لە خزمەتی خەڵکی کوردستان سەرفبکریت[1]. ئەم بابەتەش پەیوەندی هەیە بە بابەتی ناردنی هێزی پیشمەرگە بۆ کۆبانێ و رازیبوونی تورکیا و پشتگیریکردنی هێزە هاوپەیمانەکان.

خاڵێکی تر کە گرنگ بوو بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێم و بەهێزبوونی پێگەی سیاسی هەرێم، دەرکەوتنی داعش و رووبەرووبوونەوەی پێشمەرگە بوو لە بەرانبەر داعش، لەکاتیکدا داعش زۆر بەئاسانی توانی هێزە عێراقییەکان تێکبشکێنێت و تا نزیکی بەغدا بڕوات.

---

١. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عدنان مجید محمد، هەولێر لە نێوان بەغداو ئەنقەرە، لەسایتی باس نیوز لەم لینکە: https://www.basnews.com/so/babat/658882.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وەك هێزێکی پۆڵاین و ڕێکخراو ڕووبەڕووی ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییە بوونەوە و نەیانهێشت کەرکوك بکەوێت و شوێنی هێزە عێراقییەکانی پڕبکەنەوە، بۆیە هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی گرنگ بەشداربوو لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، هەموو چاوەکان لەسەر هەرێمی کوردستان بوون و ئەم پێگەیە بەهێزتربوو کاتێك کە پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە کۆبانێ، هەولێر بووە سەنتەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ نموونە لە ماوەی شەڕی داعشدا، هەولێر ترافیکێکی قورسی دیپلۆماسی بەخۆیەوە دیت و بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا، بەتایبەتی وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی دژی داعش و باڵیۆزی ئەو دەوڵەتانە لە عێراق، سەردانی کوردستانیان دەکرد و لەگەڵ سەرۆک بارزانی کۆ دەبوونەوە. لەوانە: ئەمەریکا، بریتانیا، فەڕەنسا، کەنەدا، ئیتاڵیا، بەلژیکا، نەمسا، چیک، هەنگاریا، سوید، نەرویج، ژاپۆن و ئەوانی تریش.

ئەگەر لەو کوردانەی لە وڵاتانی ئەوروپا دەیانخوێند لەو کاتەدا، یان لە پەنابەرانی کورد بپرسی کە چۆن ناوبانگی هێزی پێشمەرگە و کورد لەو وڵاتانە بڵاوبوویەوە؟ وەڵامەکەی ئەمەیە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکان وێنەی پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی و ناو و پێگەی هەرێمی کورستان بڵاودەکرایەوە، کوردەکانی ئەو وڵاتانە باس لەوە دەکەن کە لەو کاتەدا شانازییەکی گەورەبوون بۆ ئێمە، بەئاشکرا کورد هەنگاوێکی گەورە چووە پێشەوە لە سەنگ و ساحەی نێودەوڵەتی.

هەروەها لە ڕووی ئیقلیمیەوە پەیوەندیی سێ قۆڵی نێوان هەرێمی کوردستان ئەمریکا و تورکیا، ڕۆڵێکی بەهێزی هەبوو لە لاوازبوونی پێگەی ئێران لە عێراق و تەنانەت لە سوریاش. ئەمەش پەسەندبوو لەلایەن ئەمریکا و تورکیاشەوە.

لەلایەکی ترەوە، بەهۆی کاریزمای سەرۆك بارزانییەوە، هەولێر بووە ناوەندێك و چەقی بڕیاردانی سیاسی بۆ کورد، ئەوە بوو بەسەرپەرشتی سەرۆك بارزانی لایەنە ناکۆکەکانی ڕۆژاڤا لە هەولێر و دهۆك کۆکردەوە و ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی لەنێوان لایەنەکان دورست کرد و سەرەنجام ڕێککەوتننامەی دهۆك واژووکرا.

### ڕەهەندی سەربازیی

ڕەهەندی سەربازیی ڕەهەندێکی ترە بۆ تێگەیشتنی لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ. هەروەك باسکرا، پێشمەرگە بە بەهێزی دەرکەوت و شەڕی داعشی

کرد، لە رووی سەربازییەوە بووە هۆی ئەوەی یارمەتی سەربازیی هێزە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی باش بگاتە دەستی پێشمەرگە و لێرەشەوە دەگەیشتنە دەست شەڕڤانان لە ڕۆژاڤا. هەروەك هەڵگورد حیکمەت گوتی شکاندنی داعش لە هەرێمی کوردستان و ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، لەڕووی پێگەی سیاسی و نێودەولەتییەوە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ پێشمەرگە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چەك و جبەخانەی سەربازی بگاتە دەستمان، ئەمەش ورە و شکۆ و ئیرادەیی پێشمەرگەی پۆلاینتر کرد، بۆیە دەبینین کە کاپتن کێڤن لیڤینگستن، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردستان٢٤، گوتی: داعش هێشتا هەڕەشەیەکی جددیە لە ناوچەکەدا. گوتیشی: راستە سەرچاوەی داراییان بە دەستەوە نەماوە، بەڵام بیری توندڕەوی لەناو نەچووە و هێشتا ماوە. ئاماژەی بەوەشدا، لەگەڵ هاوبەشەکانیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی سوریای دیموکرات کار دەکەن بۆ ئەوەی رێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش بکرێت. کاپتن کێڤن لیڤینگستن، هەروەها گوتی: تەنیاساڵی رابردوو زیاتر لە ٣٣٠ ئۆپراسیۆنی سەربازی دژی داعش ئەنجامدراون و ٦٠٠ چەکداری داعش کوژراون. لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا، کاپتن کێڤن لیڤینگستن، گوتی: لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بەشێکی تایبەت هەیە بە ناوی گروپی راوێژکاریی سەربازی و هێزی پێشمەرگە ئەندامە لەو گروپە. جەختیشیکردەوە، دوای هەر ئۆپراسیۆنێك، بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان تاوتوێ دەکرێن و هەوڵی بەهێزکردنی خاڵە بێهێزەکان دەدرێت[١]. بۆیە دەبینین ڕۆڵی پێشمەرگە وەك هێزێکی ئاشتیخواز و شەرعی دەرکەوت بووە جێی متمانەی هێزە نێودەوڵەتییەکان.

---

١. بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.kurdistan24.net/ckb/story/231173-

## پاژی پێنجەم: ڕۆڵی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ

بەشێوەیەکی گشتی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ بڕیارێکی نیشتمانی نەتەوەیی بوو، کۆدەنگی هەموو حزبە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی لەسەر بوو، بەڵام ڕۆڵی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بەهۆی هەبوونی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان تەواو جیاواز بوو، هەروەك لە دۆکۆمێنت و ئەو بابەتانەی سەرەوە باسکران، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بزانرێت ڕۆڵی دامەزراوەکان لە ناردنی ئەم هێزە چۆن بووە.

### ڕۆڵی سەرۆکایەتی هەرێم و کاریزمای سەرۆك مەسعود بارزانی

ڕۆڵی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤ بووە، یەکەمیان پەیوەندی بەخودی سەرۆك بارزانی و کاریزمای سەرۆك بارزانییەوە هەبووە، دووەمیان پەیوەندی بەو یەکڕیزی و یەکگوتارییە بووە کە لەنێوان لایەن و حزبە سیاسییەکان هەبووە، بەتایبەتی لەربارەی پرسی ناردنی هێزی پیشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ.

هەروەك باسکرا چۆن باس لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرێت، هەموو هەنگاوەکان لای سەرۆك بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەستیان پێکردووە، بۆ ئەمەش دەکرێت دوو فاکتەر هەبێت، یەکەمیان کاریزمای سەرۆك بارزانی وەك ڕێبەرێکی نەتەوەیی کاریزمی، دووەمیان ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە سەرۆکی هەرێم هەیەتی وەك سەرکردەی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، بەڵام خاڵی یەکەمیان لەم بابەتە یەکلاکەرەوە بووە، بۆیە لێرەدا دەمەوێت بەوردی باسی سەرکردەی کاریزمی بکەم کە چەند گرنگن بۆ یەکپارچەیی و سەقامگیری وڵات.

لە هەندێک قۆناغدا گرنگی کاریزمای سیاسی دەردەکەوێت کە یارمەتی کۆمەڵگا بدات و لە حاڵەتی روخان و لێکترازان رزگاری بکات، هەروەها یارمەتیدەریش دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراسی ڕێگە راستەکەی خۆی بگرێت و ماف و ئازادییەکان لە کۆمەڵگا پارێزراو دەکات. سەرکردەی کاریزمی هەوڵدەدات بۆ گەیاندنی کۆمەڵگا و وڵاتەکەی بۆ کەنارێکی ئارام و خۆشگوزەران هەمیشە باشترین هەڵبژاردە هەڵدەبژێرێت. سەرکردەی کاریزما ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەسەندن و تەنمییەی کۆمەڵگادا هەیە لە میانەی ئەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆ

و مەعنەوییەی کە لەسەر خەڵك هەیەتی، لە میانەی چاندنی کۆمەڵێك لە بەها و بیروباوەڕی تایبەت بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی.

ماکس فیبر پێیوایە سەرکردەی کاریزمی بریتیە لەو سەرکردەیەی شەرعییەتی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە خەڵك پێیوایە ئەو سەرکردەیەیە کە خاوەنی روئیای تایبەت بەخۆیەتی، سەرکردەیەکی ئازاو بوێرە، بڕیارەکانی هەمیشە عەقڵانین لە بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگادایە، ئەمەش لە میانەی ئەزموونێکی دوورودرێژ و قووڵ و توانایی و کارامەیی تایبەتەوە بۆی ماوەتەوە.

بۆ نموونە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا جاری وا هەبووە کاتی بڕیاردان و خاڵی وەرچەرخان بووە، پێویستی بە بڕیاری قورس و بوێرانە هەبووە، بەهۆی ناکارامەیی سەرکردەی سیاسییەوە ئەو هەلە لەدەستچووە و کۆمەڵگا توشی قەیرانی گەورە و ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی گەورە بوونەتەوە، بۆیە پاش ئەو باکگراوندەی باسمان کرد، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناغی گواستنەوە و پێشڤەچووندان، لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بەسەرکردەی خاوەن بڕیار هەیە، بەڵام زۆرێك لە سەرکردەکان بەهۆی کەسانی چواردەوری خۆیانەوە نەیانتوانیوە بڕیاری بوێرانە و ئازایانە بدەن و کۆمەڵگا رزگار بکەن. سەرەنجتان بۆ لای مولێری شانۆنووسی فەرەنسایی رادەکێشم کە لە شانۆی (گەمبۆلان) باسی ئەوە دەکات چۆن ئەو کەسانەی دەوروپشتی سەرکردە دەبنە قورسایی بەسەر سەرکردەوە و لیناگەڕێن سەرکردە بڕیاری قورس و یەکلایکەرەوە بدات[1]، بۆیە ئەگەر سەرکردەی سیاسی بەتەواوی بکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسانی تر، چ ڕای شارەزایان بێت یان کەسانی تر، بەبێ ئەوەی ڕۆڵی یەکلایی خستنەوەی خۆی لە دورستکردنی بڕیاردا بنوێنێت، لە گرنگترین ئەرك و وەزیفەی خۆی غافڵ بووە.

کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی لەسەر سەرکردە هەیە، سەرکردە لە بڕیارەکانی وا خۆی دەبینێتەوە کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری ڕای گشتی، بەڵام ئەو راگشتییە زۆربەی کات غافڵە، زانیارییەکانی ڕای گشتی کەم و لاوازن، هەروەك سەرۆکی بۆسنی عەلی عیزەت بیگۆڤیچ دەڵێت "عەوام شێتە"، عەوام لێرەدا مەبەست لە زۆرینەیە، بەڵام حکومەت یان کەسانی خاوەن بڕیار زانیاری فراوان و بەڵگەی بەهێزیان لایە بۆئەوەی بڕیار بدەن کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوانتر دەکات. بۆ نموونە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی ڕای گشتی ئەمریکا

١. شێرزاد نەجار، چۆن سیاسییانە بیربکەینەوە، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل٨٣.

لەسەر ئەوە بوو کە نابێت ئەمریکا بەشداریی جەنگ بکات، بەڵام سەرۆك رۆزفلت، دەیویست ئەو جەنگە بکات و نەکەوێتە ژێر ڕای گشتی، کە ئەو زانیارییانەی لای سەرۆك هەیە لای ڕای گشتی نییە، سەرۆك دەزانێت چ شتێك پێویستە هەنگاوی بۆ بنێت و چ شتێکیش واز لێبهێنێت، پێویستە دەوڵەتمەدار و سەرکردە جڵەوی کارەکان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لێرەدا دوو مەترسی سەرهەڵدەدەن ئەوانیش:

مەترسی ناوخۆ: کە زۆرجار بەهۆی بڕیارەکانی دەوڵەتمەدارەوە، ڕای گشتیی پێچەوانە دورست دەبێت و حکومەت و دەوڵەت دەکەونە ژێر فشاری گروپەکان و هێز و پارتە نەیارەکان، بۆیە دەبێت سەرکردەی کاریزمی بە توانا حیسابێکی ورد بۆ ئەم بابەتە بکات و وابکات کە کاریگەری بخاتە سەر ئەو گروپانە، چونکە دەکرێت ئەم خاڵە ئاسایشی ناوخۆ بشێوێنێ.

مەترسی دەرەکی: زۆرجار بەهۆی بڕیارێکەوە وا لە دەوڵەتی بەرانبەر دەکرێت کە هەڵوێست وەرگرن و تەنانەت جەنگی سەربازیش رابگەیەنن، بۆیە دەوڵەتمەدار و سەرکردە زۆر بەوریاییەوە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم خاڵەشدا بکات.

گرنگیشە لەپاڵ هەبوونی ئەو مەترسیانەش روئیای سەرکردەی وڵات ڕوونبێت، دەستبەرداری بیروبۆچونەکانی نەبێت کاتێك بەپێی داتا و زانیارییەکانی دەزانێت چ هەنگاوێك لە بەرژەوەندیی خەڵك و وڵاتەکەیەتی.

ئەو پێشەکییەی سەرەوە، بۆ ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بزانین ڕۆڵی سەرکردەی کاریزمی چییە، بەتایبەت لەوکاتانەی کە نەیارەکانمان گرە و لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەن، سەرکردەی کاریزمی دێت و بڕیارێکی بوێرانە و چارەنوسسازانە دەدات هەموو ئەو پلانانە شکست پێدەهێنێت. کاك مەسعود لە زۆر رووەوە بڕیاری یەکلاکەرەوەی داوە و ئیدارەی قەیران و ئاڵنگاری زۆر گەورەی کردووە، سەرۆک مەسعود بارزانی لەبەر چەند فاکتەرێکی گرنگ وەکو سەرکردەیەکی کاریزمی دەردەکەوێت:

١- شەرعییەتێکی قووڵ و گەورەی شۆڕشگێڕیی هەیە.

٢- سەرۆکێکە دەتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات.

٣- لەسەرۆکایەتی هەرێمدا بوو، پێگەیەکی جیاوازی بە چوارچێوەی قەوارەی سیاسی هەرێم بەخشیبوو، ئەویش لەبەر ئەو دووخاڵەی سەرەوە و لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و سەقامگیری لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکان هەبووە.

نامەوێت ئەو شتانە باس بکەمەوە کە پێشتر باسمان کرد سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی، بەڵام پرسیارەکە، ئەمەیە ئایا ئەگەر سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێم نەبووایە ئەو کات دەتوانرا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێردرێتە کۆبانێ؟ ئایا چۆن تورکیا قەناعەتی پێدەکرا کە پێشمەرگەی کوردستان بە ئاڵای کوردستانەوە بە ناو وڵاتی تورکیا تێبپەڕێت؟ بۆ نموونە دەوڵەت باهجەلی سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکی ڕەخنەیەکی زۆر لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و داود ئۆغلو دەگرێت کە ئاسانکارییان کرد بۆ بارزانی و مامەڵە لەگەڵ بارزانی دەکرێت وەك ڕیبەرێکی گەورەی کورد[1]. ئمانەوێت یان نا سەرۆك بارزانی کە سەرپەرشتی شەڕی دژ بە داعشی دەکرد و پێشمەرگەی کوردستان بەسەرۆکایەتی ئەو ئەفسانەی داعشی تێکشکاند، ئایا ئەگەر سەرۆك بارزانی نەبووایە ئەو ڕۆحییەتە لای پێشمەرگەی کوردستان دروست دەبوو؟ لە کاتێکدا دەزانین کە پێگەی سەرۆك بارزانی بەهۆی پشتگیرییە بەردەوامەکانی لە پێشمەرگە چەند خۆشەویست بووە لای پێشمەرگەی کوردستان. ئایا هەر ئەو پێگەیە نەبووە، بووەتە چەترێکی کۆکەرەوەی لایەنەکان، لە ڕۆژاوا باشوری کوردستان.

سەبارەت بەناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ ئەگەر چاوێك لەو دۆکۆمێنتانە بکەینەوە کە پێشتر باسکران، دەزانین ڕۆڵی جەنابی سەرۆك بارزانی چیبووە، ئەوە جگەی لەو ڕۆڵەیان لەبارەی ئاشتەوایی و پرۆسەی ئاشتی کە بەشێوەیەکی کاریگەر سەرۆك بارزانی ڕۆڵی بینی لە لێکنزیککردنەوەی کورد لەباکوور و دەسەڵاتی تورکیا.

ڕۆڵی سەرۆك بارزانی تەنیا لە ڕوانگەی سیاسیی و عەسکەرییەوە نەبووە بۆ کۆبانێ، بەڵکو هەوڵیان داوە هەموو یارمەتی و هاوکارییە مرۆییەکان بگەنە کۆبانێ، پاش ئازادکردنەوە ڕۆڵ ببینن لە دووبارە بنیاتنانەوە کۆبانێ، بۆیە سەرۆك بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە لە ٦ی ئاداری ٢٠١٥ بۆ یارمەتی و کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ کۆبانێ، دەقی پەیامەکە بەم شێوازە بوو:

**بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**جەماوەری سەربەرزی کوردستان**

**لە سایەی خۆڕاگری و قارەمانی شەڕڤانان و هێزەکانی پێشتیوانی پێشمەرگە کۆبانێ بەخۆڕاگری مایەوە و نەکەوت و تیرۆریستانی داگیرکار تووشی شکستێکی گەورە هاتن و کۆبانێ سەرکەوت. لە ئەنجامی پەلاماری زاڵمانەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کۆبانێ قارەمان ژمارەیەکی زۆر لە خوشك و برایانمان لەم شارە خۆشەویستە ئاوارە بوون و ماڵ و**

---

١. Devlet Bahçelı, Turkiye gündemı ve 26 Ekim 2014 Tarihli Genelge کارنامەی تورکیا و بڵاوکراوەی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤. p.10 ,٢٠١٤ .,

**حاڵی خۆیان جێهێشت و، بەهۆی شەڕ و دڕەندەیی و وەحشیگەریی تیرۆریستان بەشی هەرەزۆری کۆبانێ وێران کراوە.**

**تیرۆریستان بەنیازبوون بە تێکدان و خاپوورکردنی شارەکە کۆتایی بە بوونی کورد و ژیان لەم شارەدا بهێنن، بەڵام کوردستان بە خۆڕاگری و گیانفیدایی خۆی ڕێگەی نەدا ئەم پیلانەی تیرۆریستان سەر بگرێت. دوای ئازادبوونی ئەم شارە پێویستە ژیان سەرلەنوێ لە کۆبانێ دەست پێبکات و ئاوەدان بکرێتەوە و خۆشك و براکانمان بە سەربەرزی بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە.**

**هاوکاریکردن و پێشکێشکردنی یارمەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ و دەستپێکردنی دووبارەی ژیان لەم شارەدا ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەموومانە. داوا لە گشت کوردستانیانی خۆشەویستی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە خێرخوازییەکان و خەڵکی چاکەخواز و دامودەزگەی فەرمی هەرێمی کوردستان دەکەم، هەرکەسەو بە پێی توانا لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ بەشدار بن. هەروەك چۆن لە کاتی پەلاماری تیرۆریستان، هەموومان بە دڵ و بە گیان لەگەڵ کۆبانێ بووین و چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ هێمای یەکدەنگی و هاوسۆزی نەتەوەیی بوو، پێویستە ئێستاش لە قۆناغی بنیاتنانەوەی ژیان و ئاوەدانکردنەوەدا بە هەموو توانایەك لەگەڵ کۆبانێ بین و ئەو پەیامە بەهێزە بگاتە هەموو جیهانیان کە گەلی کورد خاوەنی یەك دۆزی هاوبەشە و لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا یەکدەنگ و یەکگرتوون[1].**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٦ی ٣ی ٢٠١٥**

بەرپرسیارییەتیکەی مێژوویی گەورە لەسەر شانی سەرۆك بارزانی هەبوو، ئەو تەحەدییانەش هیچ ئاسان نەبوون، بەشێوازێکی عەقڵانی و حەکیمانە و ڕۆڵی کەسی سەرۆك بارزانی توانرەوە ئەو هەنگاوانە بهاوێژرێن و یارمەتیی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بدرێت و پەناگەیەکی گەورە و ئارام بێت بۆ پارچەکانی تریش.

---

١. بڕوانە سایتی سەرۆکایەتی هەرێم، لەم لینکە:
https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=lkXslbx/eRA =

## ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان

ڕۆڵی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان بەگشتی ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ بوو، هەر لەگەڵ گەیشتنی نامەی بەڕێز سەرۆک بازانی، پەرلەمانی کوردستان هەروەك باسکرا تاوتوێی دانیشتنی بەپەلەی پەرلەمان کراوە. لەگەڵ دانیشتنی پەرلەمان کە بڕیاری لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دا بۆ کۆبانێ، بەکۆی دەنگ پەسەند کراو، هیچ کەسێك دژ نەبوو. ڕۆڵی پەرلەمان ڕۆڵێکی کاریگەر بوو، شەرعییەتی بەخشیە ئەو پرۆسەیە، جگە لەوەی پێویستییەکی قانونی بوو، ڕۆڵی پهرلەمان تەنیا بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو پشتگیری هەر پرۆسەیەکیان دەکرد کە پشتگیری ڕۆژاوا بکات. بۆنموونە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ٢٤ی دەرکرد تایبەت بە پشتگیریی ڕۆژاوا و ئیدارەی خۆسەر کە ئەم خاڵانەی تێدابوو:

یەکەم: پەرلەمانی کوردستان پشتگیری دەکات لە ئیرادەی گەلی ڕۆژاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆبەڕێوەبردندا بێت، پێویستە حکومەتی هەرێم بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

دووەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی توانای خۆی هاوکاری دارایی پێشکەش بە ڕۆژاوای کوردستان بکات.

سێیەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

چوارەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حکومەکانی ئەم بڕیارە بێت.

پێنجەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت[١].

کەواتە پەرلەمانی کوردستانیش هاوکارێکی باش بووە لەوکاتەدا و ئەوەی گرنگیشە ئەوەیە هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەکۆی دەنگ بڕیارەکانیان دەرچوواندووە.

---

١. بڕوانە سایتی پەرلەمانی کوردستان.
https://www.parliament.krd/media/٤٠٧٢/%D8%A8%DA%95%DB%8C%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%.

## ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە

ڕۆڵی سەرۆکی حکومەتی هەرێم (نێچیرڤان بارزانی) ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ بووە، بەتایبەت لە بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە و ڕۆڵە دیبلۆماسیەی هەیبووە، بەتایبەت لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا، هەروەها کاك نێچیرڤان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕۆژاڤا هەبووە و بەبەردەوامیش تا ئێستا پەیوەندییەکی باشی هەیە، بۆ نموونە کاك نێچیرڤان بارزانی لە سەردەمی کۆرۆناش هاوکارییەکی باشی ڕۆژاوای کردووە و چەندین تاقیگەی بۆ پشکنین بۆ ڕۆژاوا ناردووە[١].

ئەوەی پەیوەندیی بە وەزارەتی پێشمەرگەشەوە هەبووە، لە ڕێکخستن و چۆنیەتی ناردنی هێزی پێشمەرگە و ئاڵوگۆڕکردنی وەجبەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و هەماهەنگی تەواو لە نێوان هێزەکان هەبووە، بەتایبەت هێزەکانی ٧٠ و ٧٠، هەروەها وەزیری پێشمەرگەی خکومەتی هەرێمی کوردستان مستەفای سەید قادر ڕاگەیاند کە ئەوان سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەکە دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی گونجان و یەکرِیزییەکی تەواوی لایەنە کوردستانییەکان و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە، ئەمەش زیاتر پێگەی هەرێمی کوردستانی بەهێزکردبوو.

---

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك جەعفەر ئیمنیکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## پاژی شەشەم: چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی دەوڵەتان

ناوبانگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر لە جیهاندا بەربڵاو نەبوو، تا شەڕی داعش دەستیپێکرد، لە کاتی شەڕی داعش، هەروەك باسکرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێگەیەکی نیودەوڵەتی وەرگرت، نەك تەنیا ناوەندە سیاسییە حکومییەکان، بەڵکو دەنگۆی ئازایەتی و قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە گەیشتە نێو کۆڵان بە کۆڵانی ئەوروپا و ئەمریکا، زۆرینەی سەنتەرەکانی توێژینەوە و ناوەندە فیکری و ئەکادیمییەکان بە دەیان توێژینەوە و سیمیناریان لەبارەی پێگەی هەرێمی کوردستان و پیشمەرگە ئەنجام دا. پێشمەرگە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە یارمەتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە پرۆسەی روخاندنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی یاساکانی هەرێم سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی هەرێمیش فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە. پێشمەرگە بەپێی یاسا هێزێکی ناوخۆییە بۆ بەرگری لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ناردنە دەرەوەی بۆ کۆبانێ زیاتر پەیوەندی بە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە کەسییەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت هەبوو.

پێشمەرگە وەکو بەشێك لە سیستەمی بەرگری و ئاسایشی عێراق چاوی لێدەکرێت، پێشمەرگە هێزێکی ڕێکخراوە و زۆر جیاوازە لە میلیشاکان، میلیشیا گروپێکی چەکدارن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت و یاسا بەرکارەکان کاردەکەن و پابەند نین بە فەرمانەکانی دەوڵەت، بەزۆری بە شێوازی شەڕی گەریلا و لە ژێر فەرمانی ئەو سەرکردانەدا کاردەکەن کە دوورن لە نۆرم و نەریتی سەربازی و مەرجەکانی ڕاهێنان و چەکدارکردن بە مەبەستی گەیشتن بە بەرژەوەندییە تەسکەکانیان و بۆ ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ئەجێندا سیاسییەکانیان پێکهێنراون. میلیشیاکان زۆرجار کەسانی منداڵ و خوار تەمەن ١٨ ساڵ بۆ مەرامەکانی خۆیان چەکدار دەکەن. هێزی پێشمەرگە بە بەشێک لە سیستەمی ئاسایش و بەرگری عێراق دادەنرێت کە سەربازییەکی بەرگری دەستوری و یاساییە، وەک لە مادەی (١٢١)ی دەستووری عێراق لە بڕگەی پێنجەمدا هاتووە (حکومەتی هەرێم بۆی هەیە هێزی تایبەتی هەبێت کە بۆ ئیدارەی هەرێم پێویستە، و بەتایبەتی دامەزراندنی و ڕێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بۆ هەرێم، وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانانی هەرێم). دامەزراندن لە هێزی پێشمەرگە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانە و منداڵان و تەمەنی خوار ١٨ ساڵ ناتوانن وەکو پێشمەرگە دابمەزرێن. لەسەر ئەو بنەمایەش هێزە نیودەوڵەتییەکان وەك فەرەنسا،

ئەمریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا و بەریتانیا راستەخۆ یارمەتی پێشمەرگەیان داوە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، ئەڵمانیا و بەریتانیا بەشدارییان کردووە لە پلانێکی تۆکمەی ٥ – ١٠ساڵی بۆ یارمەتیدان و راهێنانی هێزی پێشمەرگە.

بۆ تێگەیشتن لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە یاسای نێودەوڵەتییەوە، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت لە یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەت سەنتەرە، هەرێمی کوردستانیش دەوڵەت نییە، هەروەها بەپێی یاسای نیودەولەتی هەر جووڵەیەك لە هەر ئۆرگانێکی ناودەوڵەتی دیاریکراو بە جووڵەی ئەو دەوڵەتە حیساب دەکرێت، هەروەکو باسمان کرد پێشمەرگەش سەر بە مەنزومەی بەرگری عێراقە، کەواتە عێراق بەرپرسە لە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، لە کاتێکدا دەزانین حکومەتی عێراق هەر پرسی پێنەکراوە[١]، و پێشی ناخۆش بووە و لێدوانیان داوە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەفیعلی عێراق دەوڵەتە[٢]، چۆن لەوکاتەدا هەرێمی کوردستان دەیتوانی لەگەڵ عێراق رێکبکەوێت، لەکاتێکدا عێراق سێ بەشی خاکەکەی خۆی لەدەست دابوو. هەندێك کات ئەمری واقیع و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕۆڵ دەگێڕێت لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەقە یاساییەکان. دواتر شەڕەکانی پێشمەرگە دەچێتە خانەی بەرگری لەخۆکردن نەك هێرش کردن، دواتر شەڕەکە لەگەڵ ئەکتەرێکی تری نادەوڵەتی کراوە کە هێزێکی بەربەری بووە. لەکاتێکدا پێشمەرگە هێزێکی دەستورییە و پابەندی یاسای نێودەوڵەتییە. لەلایەکی ترەوە شەرعییەتی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی دەبینییەوە لە رێکەوتنامەکان کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ ڕێککەوتننامەکان، ڕێککەوتنامەکانی نێوان دەوڵەتان بە سەرچاوەیەکی گرنگی یاسای گشتی نێوەدوڵەتی دادەنرێت، ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی ڕێککەوتنامەیەکی نیودەوڵەتی، یاخود بڵێین سێ قۆڵی نێوان ئەمریکا و تورکیا و هەرێمی کوردستان بوو، دوو دەوڵەت لەگەڵ ئەکتەرێکی نادەولەتی فەرمی دانپێدانراو، کەواتە ناردنی هێزی پێشمەرگە لەرووی یاسای نێودەوڵەتییەوە هیچ کێشەیەکی نەبووە. هەروەك باسمان کرد هەندێك بارودۆخ تەفسیراتی جیاواز بۆ دەقە یاساییەکان دەهێنێتە پێشەوە، جگە لەوەش سەنگی هەرێمی کوردستان وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و دیفاکتۆیەك لە هەرێمێکی فیدراڵی زیاتر

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك هەڵگورد حیکمەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢. بۆ زیاتر زانیاری بروانە ، عەدنان مەجید محمد، ئاڵەنگارییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراق، سایتی پێنوس، لەم لینکەدا:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1435-2019-01-31-09-١١١-٥٥

بوو، هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتێك مامەڵەی دەکرد و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. دواتر ڕێککەوتنەکان لەسەر ئەوەبوو ئەو هێزەی کە پەلەماری کۆبانێی داوە هێزیکی بەربەرییە و دژی مافەکانی مرۆڤە و ملکەچی هیچ ڕێسا و یاسایەك نییە، ئەم هێزەی کە دەنێردرێت هێزێکە بۆ پاراستنی شکۆی ئینسان و پاراستنی خەڵکی سیڤیل و ژن و منالانی بێتاوان. جگە لەوەش خاڵێکی بەهێز ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەفەرمی و بەڕەزامەندی عێراق بەشداربووە لە هاوپەیمانییەتێك بەناوی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەم هاوپەیمانییەتییەوە هێزی پێشمەرگەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش هەنگاوبنێت، کەواتە ناردنی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕۆژاڤا هیچ کێشە و کەموکورتییەکی یاسایی نییە لەچوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە.

هەڵوێستی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەڵوێستیکی باش بوو، ئەمەش لەبەر سێ هۆکار، هەرێمی کوردستان تاکە ئەکتەری ناوچەکە و پێشمەرگە تاکە هێزی ناوچەکەبوو توانیان ئەفسانەی داعش تێکبشکێنن، لەکاتێکدا داعش زۆر بەئاسانی بە سوریا و عێراقدا بڵاوبوویەوە. خاڵێکی تر، هەرێمی کوردستان نەك لە ٢٠٠٣ەوە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٢وە باوەڕی بە بەها دیموکراسییەکان و پرەنسیپی پێکەوەژیانی نێوان ئاین و ئاینزا جیاوازەکان هەبووە. هەروەها پاش فرۆشتن و دەرهێنانی نەوت، هەرێمی کوردستان توانی لە زنجیرەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە خۆی بهێنێتە پێشەوە، ئەگەر نا ئەو پشتگیریی نێودەوڵەتییە ئەستەم بوو لە هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان بکرێت.

هەرچی لەبارەی هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیقلیمیشە، ئێران نیگەران بوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو پەرچەکردارێکی کاریگەری هەبێت، لەبەرئەوەی ئێران لە هەوڵی مانەوەی بەشار ئەسەددا بوو، پەیوەندیەکانیشی بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ پەیەدە باشبوو، بە حوکمی باشی پەیوەندییەکانی پەیەدە و ڕژێمی بەعس. لەلایەکی ترەوە ئێران لە عێراقیش توشی کێشەی گەورە بووبوویەوە عیراق و بەغداش مەترسی گەورەیان لەسەر بوو، بەڕای هەندێك لە لێکۆڵەران ئەگەر داعش ئاراستەی شەڕەکانی بەرەو هەولێر و هەرێمی کوردستان نەگۆڕیبا، دەکرا بەغدا بکەوێتە ژێر مەترسییەکی گەورەوە.

هەڵوێستی تورکیا، بە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی و پەیوەندییەکانی سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی و فشاری ئەمریکا و فشارەکانی ڕای گشتی جیهان ئیجابی بوو، هەروەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێدا، ئەگەر تورکیا نەبووایە ئەو شاکارە مەزنە مەحاڵ بوو. تورکیاش دەیویست ڕۆڵی ئێران و هێزە ئێرانییەکان لەناوچەکە کەمتر بکاتەوە، بەمەش تاکە ڕێگە

هەولێر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر بوو لەوکاتەدا. نابێ بیرمان بچێت کە تورکیا ڕاگەیاند ئەوان ئامادەن هێز بنێرن بۆ پاراستنی کۆبانێ، بەڵام پەیەدە ڕازی نەبوون، هۆکارەکەشیان ئەوەبوو ترسیان لەوە هەبوو کە تورکیا پاش کەوتنی داعش پاشەکشێ بە هێزەکانی نەکات، ئەوانیش داوایان کرد کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بنێردرێتە ئەوێ، تورکیاش لە دواجار ڕازی بوو.

حکومەتی عێراق ناڕازیبوو بە ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، بەڵام حکومەتی عێراق لەو ئاستە نەبوو هیچ ڕێکارێك بگرێتەبەر، چونکە شتێك نەمابوو بەناوی دەوڵەتی عێراق، ئەوان پێیان وابوو کە بابەتەکە نادەستورییە، بۆیە وەزیری پێشمەرگە کاك مستەفای سەید قادر گوتی هەڵوێستی حکومەتی عێراق هەرچۆنێك بێت ئێمە بڕیارمان داوە هێز ڕەوانەی کۆبانێ بکەین.

حکومەتی سوریاش وەزعی لە حکومەتی عێراقی باشتر نەبوو، ڕەزامەندی ئەو یان نارازیبوونی هیچی لە بابەتەکە نەدەگۆڕی، چونکە بەشار ئەسەد تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو کە خۆی بمێنێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە نارازیبوو لەسەر ئەوەی هێزەکانی تورکیا بچنە نێوکۆبانێییەوە، پەیوەندییەکانی تورکیا و سوریا لەوکاتەیە زۆر خراپ بوو، تورکیا بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مانەوەی ئەسەد نەبوو. ئەویش مەترسی ئەوەی هەبوو کە هێزەکانی تورکیا پاش روخانی داعش یارمەتی سوپای ئازاد و ئۆپۆزسیۆنی سوریا بدەن، لەکاتێکدا پەکەکە و پەیەدە لەگەڵ ڕژێمی سوری پەیوەندییان باشبوو، لە هەندێک وێستگەدا هاوشانی هێزەکانی ئەسەد دژی سوپای ئازاد و ئۆپۆزۆسیونی سوری شەڕیان کردووە، ئەمەش فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی دواتر تورکیا نیگەران بکات و ڕۆژاڤا بە هەرەشە بۆخۆی بزانێت، چونکە نابێت بیرمان بچێت تورکیا چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ڕۆژاڤا و پەیەدە ڕووبەڕووی ئەسەد ببنەوە و خۆیان لە پاشکۆیەتی پەکەکە رزگار بکەن. هەرێمی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆك هەوڵیاندەدا کە سەقامگیری تەواو بۆ ڕۆژاڤا دابین بکرێت، ئەوەبوو ڕێککەوتننامەی دهۆك ئیمزاکراو، دواترش جێبەجێنەکرا و بارودخی ڕۆژاواش خراپتر بوو.

## ئەنجام

١- کوردی ڕۆژاڤا، وەکی پارچەکانی دیکەی کوردستان، چەندین ساڵ لەژێر دەستی ڕژێمی ئەسەد لە نەهامەتی و توندوتیژی جەستەیی و کلتوری دابوون، بۆیە بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەوەی کورد ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری بۆخۆیان دوروست بکەن.

٢- پاش ئەم قۆناغە و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەکان، بەتایبەتی داعش توشی ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە و زەحمەت بوونەوە و هەموو کیانی ڕۆژاڤا نزیك بوو لە ڕووخان.

٣- وەکو بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی، هەرێمی کوردستان بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی دەرکرد بۆ کۆبانێ و ڕۆژاوا.

٤- سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو کاتدا وەکو سەرکردەیەکی کاریزمی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە ناردنی هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتن بەسەر گروپە تیرۆرستییەکان لە ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستان.

٥- ئەم قۆناغە وایکرد سەنگ و پێگەی هەولێر لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابورییەوە زیاد بکات.

٦- ناردنی هێزی پیشمەرگەی کوردستان بەهۆی یەکڕیزی کورد بوو و هەموو لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان پشتگیرییان کردووە.

٧- سیاسەتی فرۆشتنی نەوت و بەرژەوەندیی وڵاتان ڕۆڵیان هەبوو لە پشتگیری نێودەوڵەتی و ڕازیبوونی تورکیا کە پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا بڕوات.

٨- بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان بە قازانجی پارچەکانی ترە، بۆ نموونە نەك تەنیا لەوکات ئێستاش پاش ئەوەی لە ٦ی شوباتی ٢٠٢٣ بومەلەرزەیەکی بەهێز باکوور و ڕۆژاڤای هەژاند یارمەتی و فریاگوزاری بەپەلە لە ڕێگەی دامەزراوەی خێرخوازی بارزانییەوە گەیشتە ڕۆژاڤا و باکوری کوردستان، کە بینیمان چۆن پێشوازییەکی گەرم و گوڕ لە ڕۆژاوا و باکوری کوردستان لە تیمە فریاگوزارییەکان کرا. لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە ئاماژەی ئاشتیخوازی و برایەتی و پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستانی دووپاتکردەوە بۆ هەموو لایەك.

٩- ئەگەر پێشمەرگە و ئەو قەوارە سیاسییە نەبووایە بێگومان هەولێر و دهۆك و سلێمانیش بە ئاسانی دەکەوتنە بەردەست داعش.

١٠- سەرۆك بارزانی، وەك سەرۆك و ڕێبەری کورد بەردەوام بەردەوام پاڵپشتیی کۆبانێی کردووە، چ لەکاتی هێرشکردنە سەر کۆبانێ، چ لەکاتی رزگارکردنیدا و چ بۆ ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێ، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبووە.

١١- ناردنی هێزی پێشمەرگە وەك شانازییەکی نەتەوەیی بۆ هەموو تاکێکی کورد دەمێنێتەوە.

## چی بکرێت؟

١- داستانەکانی پێشمەرگە لە شکاندنی شکۆی داعش و ئەفسانەی داعش بەتایبەت بابەتی ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، لەوانەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە لە قۆناغە جیاوازەکان جێبکرێتەوە، بۆئەوەی منداڵ و قوتابیانمان ئاشنا بن بەم دەستکەوتە کە بێگومان دەبێتە هۆی زیادکردنی ئینتیمای نشتیمانپەروەری، خۆشویستنی ئاڵا و وڵات و یەکگرتوویی کورد لە ناخی قوتابیاندا دەچێنێت، ئەمە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە خەم لەم بابەتە بخوات.

٢- لایەنە ناکۆکەکانی ڕۆژاڤا هەوڵبدەن یەکڕیزبن لە نێوان خۆیان و گرنگی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی دهۆك بدرێت.

٣- کونگرەیەکی نەتەوەی تایبەت بە ئاڵنگانگارییەکانی سەر ڕۆژاڤا و هەرێمی کوردستان و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان ئەنجام بدرێت.

٤- لەبەر ئەو جیوپۆلەتیکە دژوارەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوای تێدایە، پێویستە گرنگی بە دوو خاڵ بدرێت، ئەوانیش أ- شەرعییەتی ناوخۆیی و یەکڕیزی و حوکمڕانی باش و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، ب- پشتگیریی نێودەوڵەتی، هەوڵدان بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژاڤا زیادبکرێ و گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و هەڵبژاردنی بێ خەوش بدرێت، کە ببێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریمان بکات. ئەم دووخاڵە زامنی پاراستنی قەوارەی سیاسی هەردوو کیانەکە دەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زانا بەیکال، Ortadoğu'da Kürtler ٢٠١٤ "کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٠١٤"، لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە: بەرواری سەردانیکردن : ١/ ١٢ / ٢٠٢٢، کاتژمێر: ١٩:٠٠.

https://ormer.sakarya.edu.tr/uploads/files/ortadoguda_kurtler_20141.pdf

٢- بڕیاری ژمارە ٢٨ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٢- ١٠ - ٢٠١٤.

٣- Richard Edwards, "Baathism", The Encyclopedia of the Arab-Israeli Conflict: A Political, Social, and Military History: Volume 1: A-F, Spencer C. Tucker (ed.), (California: ABC CLIO, 2008).

٤- مسعود شوهرەت، بونیادی سیاسی سوریا ,"Suriye'nin Siyasal Yapısı"، بڵاوکراوەکانی بێتا، ئستەمبول، ٢٠١٦، ل٤٩.

٥- نیهاد ئێرسین، حزبی بەعس Baas Partisi ، نامەی ماستەر، زانکۆی ئیستانبول، ئینستیتۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ل٦.

٦- ئۆزگان گویکچان، مەسەلەی کورد لە سوریا "Suriye'nin Kürt Meselesinin Tarihsel Seyri (١٩٤٦-٢٠١) گۆڤاری لیکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرگی ٥، ژمارە: ٢.

٧- ئەمیر حەسەن پور، زمان و هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان ١٩١٨-١٩٨٥ Nationalism and Language in Kurdistan، دیراساتی کوردی ئاڤێستا، ١٩٩٢سانفرانسیکۆ.

٨- Mustafa Nazdar, "The Kurds in Syria", A People without a Country: The Kurds and Kurdistan, Gérard Chaliand (ed.), (Londra: Zed Books, 1993).

٩- بۆ زانیاری زیاتر بروانە : محمد عەلی بیرناد، ئاپۆ و پەکەکە، Apo ve PKK , چاپخانەی میللەت، ئیستەمبول ، ١٩٩٣.

١٠- Gérard Chaliand, the Kurdish Tragedy, London: Zed Books, 1994.

١١- Human Rights Watch, Syria Unmasked: The Suppression of Human Rights by the Asad Regime, (New Haven and London : Yale University Press, 1991.

١٢- David McDowall, The Modern History of Kurds, London, I.B. Tauris, 1996.

١٣- Gary C. Gambill, "The Kurdish Reawakening in Syria", Middle East Intelligence Bulletin, Vol. 6, No. 4, 2004, p.13.

١٤- فەهمي تاشتەکین، ڕۆژاوا کاتی کوردەکان، Rojava Kürtlrn Zamanı، چاپخانەی پەیوەندی، ئیستەمبول، ٢٠١٦.

١٥- İbrahim Hamidi, “Syria’s Stability May Well Be In Kurdish Hands”, 06.05.2005, http://www.dailystar.com.lb/Opinion/Commentary/2005/May-06/95880-syrias-stabilitymay-well-be-in-kurdish-hands.ash , accessed in 28-12-2022.

١٦- Wikileaks, “No Dividend on Sarg-Kurdish Backchannel Talks”, 2009, https:// wikileaks.org/plusd/cables/09DAMASCUS826_a.html.

١٧- Abdul Hakim Bashar, The Kurdish Democratic Party in Syria (al-Parti), The Kurdish Democratic Party in Syria (al-Parti) - Carnegie Middle East Center - Carnegie Endowment for International Peace (carnegie-mec.org).

١٨- علي بدران، دور الكرد و الثورة السورية، المركز الديموقراطي العربي، ٢٠١٦.

١٩- مركز ملك فيصل للبحوث والدراسات، مسارات، ما مستقبل المناطق الكوردية في شمال سوريا،٢٠١٨، ص٦.

٢٠- عمر كوش، الاحزاب الكورديه والثوره السوريه، على هذا الربط: https://www.alaraby.co.uk/ تاريخ الزياره ٢-١-٢٠٢٣.

٢١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : Syria (Rojava or Western Kurdistan) لەم لینکەوە، https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdista

٢٢- Thomas Schimdinger, Rojava Revolution, War, and the Future of Syria’s Kurds, plutu press, pluto press, UK, 2018,

٢٣- : https://mesopotamia.coop/regions/rojava/ بەرواری سەردانیکردن ١٠ – ١٢- ٢٠٢٢ کاتژمێر ١٨:٠٥.

٢٤- : https://eipss-eg.org/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٩%٨٦%D٨%B٥-%D٨ بەرواری سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٥، کاتژمێر : ٢٣:٠٢.

٢٥- https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan/ بەرواری سەردانیکردن، ١٣-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر ١:٤٠.

٢٦- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan/ بەرواری سەردانیکردن، ١٣-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر ١:٤٠.

٢٧- ئێرجان ئای بۆغ و ئەوانی تر، Rojava Devrimi: Komünalizim ve Kadın özgürlüğü, savaş va ambargo kıskaçında شۆڕشی ڕۆژاڤا: کۆمۆنیالیزم و ئازادی ژن لە چنگی شەڕ و گەمارۆدا، لاپەڕە ١٧، لەم لینکەدا بەردەستە: file:///C:/Users/AD4/OneDrive/Desktop/%D9%83%DB%86%D8%A8%D8

%A7%D9%86%D9%8A/RojavaDevrimi%20full%2075dpi.pdf ، بـــــــەرواری سەردانیکردن : ١١- ١٢- ٢٠٢٢، کاتژمێر ٢:٤٥.

٢٨- سەنتەری مەلیك فەیسەڵ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە: ئاینـدەی نـاوچە کوردنشـینەکان لە باکوری سوریا چییە "ما مستقبل مناطق الكرديه في شمال سوريا".

٢٩- Katharina Lange, “Peripheral Experiences: Everyday Life in Kurd Dagh (Northern Syria) during the Allied Occupation in the Second World War,” der. Heike Liebau v.d., The World in World Wars: Perspectives, Experiences and Perceptions from Asia and Africa (Leiden, 2010), 401–28.

٣٠- ئێرجان ئای بۆغا و ئەوانی تر، شۆڕشی ڕۆژاڤا: کۆمۆنیالیزم و ئازادی ژن لە چنگـی شـەڕ و گەمـارۆدا " Rojava Devrimi : Komünalizm ve kadın özgürlüğü savaş ve ambargo kıskaçında".

٣١- بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: Syrian Kurds celebrate Auto Administration الكـرد السوريون يحتفلون بذكرى تأسيس الادارة الذاتية YouTube

٣٢- “Harvey Morris, “Kobanî Under Intense ISIS Attack, Excluded from UN Humanitarian Aid,” Rudaw.net, 17 Temmuz 2014, http://bit.ly/1Qr2Wgr.

٣٣- Democracy is “Radical” in Northern Syria | Inter Press Service (ipsnews.net) .

٣٤- Nuri YAZICI, KOBANİ (AYN EL-ARAP) KUŞATMASI BAĞLAMINDA ULUSLARARASI İLİŞKİLERE BİR BAKIŞ, Avrasya Sosyal ve Ekonomi Araştırmaları Dergisi (ASEAD) Eurasian Journal of Researches in Social and Economics (EJRSE) ISSN:2148-9963, 2015.

٣٥- For more detail see this link ;

٣٦- https://www.govinfo.gov/content/pkg/CHRG-114shrg30358/html/CHRG-114shrg30358.htm, accessed in 1-02-2023, 5:50 am .

٣٧- CAN ACUN and HÜSEYİN ÖNER, IŞID-PYD çatışmanın sıcak cephesi : Kobani “بەرەی گەرمی ململانێی داعش و پەیەدە: کۆبانی”, ڕوانگەی سێتا, ٧٧ ژمارە, ٢٠١٤

٣٨- Buddhika ‘Jay’ Jayamaha, A Daunting Triangle: Turkey, the Kurds, and the ISIL Threat, Combat Terosisim center at west point CTC sentinel, NOVEMBER/DECEMBER 2014 . Vol 7 . Issue 11.

٣٩- Thousands of Syrian Kurds Flee Islamic State Fighters Into Turkey, https://www.wsj.com/articles/thousands-of-syrian-kurds-flee-islamic-state-fighters-into-turkey-1411151657.

٤٠- موسا ئەحمەد، هەمیشە لەگەڵ ڕۆژاوا: چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە ڕۆژاڤای کوردستان، چاپخانەی رۆکسانا، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی، هەولێر، ٢٠٢٢.

٤١- چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك جەعفەر ئیمنکی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری پێشووی سەرۆکی پەرلەمان لە خولی چوارەم، ٢٣-٠١-٢٠٢٤، کاتژمێر ٠٣:٣٠ .

٤٢- ماڵپەری سەرەکی سەرۆکایەتی هەریم:

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=mxqci+jGIOQ=

٤٣- بڕوانە سایتی هەرێمی کوردستان:

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=hfRXPytZauA =

٤٤- بڕوانە سایتی پەرلەمانی کوردستان، بڕیاری ناوبراو:

٤٥- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.dengiamerika.com/a/2492469.html.

٤٦- سەرچاوە: سایتی سەرۆکایەتی هەرێم:

٤٧- https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=i2VH3tiiA =P0

٤٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك هەڵگورد حیکمەت، وتەبێژی پێشووی وەزارەتی پێشمەرگە، لە ١٩-١٢-٢٠٢٢، کاتژمێر: ٠٩:٣٠.

٤٩- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

https://www.aa.com.tr/tr/dunya/pesmerge-turkiyenin-yardimiyla-kobaniye-girdi/106251

٥٠- https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2201201532

٥١- سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=PhvlLyRNyE8

٥٢- :https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=QDuQfXfLqOQ.

٥٣- سایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=gYNpDOOKv/

٥٤- ما هي بنود اتفاقية دهوك؟

https://hawarnews.com/ar/haber/ma-hy-bnwd-atfaqyh-dhwk-d89f-h35312.html.

٥٥- عدنان مجيد محمد، هەولێر لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە، لە سایتی باس نیوز لەم لینکە:

.https://www.basnews.com/so/babat/٦٥٨٨٨٢

٥٦- https://www.kurdistan24.net/ckb/story/231173-

٥٧- شێرزاد نەجار، چۆن سیاسییانە بیربکەینەوە، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل٨٣.

٥٨- Devlet Bahçelı, Turkiye gündemı ve 26 Ekim 2014 Tarihli Genelge کارنامەی تورکیا و بڵاوکراوەی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤، ل١٠.

٥٩- سەرۆکایەتی هەریم، لەم لینکە:

https://presidency.gov.krd/krp/kurdish/articledisplay.aspx?id=lkXslbx/eRA =

٦٠- بروانە سایتی پەرلەمانی کوردستان:

https://www.parliament.krd/media/4072/%D8%A8%DA%95%DB%8C%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%.

٦١- عەدنان مەجید محمد، ئاڵەنگارییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە عێراق، سایتی پێنوس، لەم لینکەدا:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1435-2019-01-31-09-11-55

## توێژینەوەی سێیەم
## نووسینی د. سەنگەر حاجی

- **قۆناغەکانی چوونی هێزی پێشمەرگە و چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەکان**

### پاژی یەکەم: قۆناغەکانی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ

قۆناغی یەکەمی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانی: پاش ئەوەی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان فەرماندە سیهاد بارزانی و هەردوو هێزی پشتەوانیی یەک و دوو و ئیدارەی میرەی ڕاسپارد تا هێزێک ئامادە بکەن بۆئەوەی ڕەوانەی کۆبانیان بکەن، وەزارەتی پێشمەرگە ١٧٠ پێشمەرگەی لەگەڵ ٥٦ ئۆتۆمبێلی سەربازیی پڕ چەک و تەقەمەنی ئامادەکرد. لەو ١٧٠ پێشمەرگەیە، ١٠٠یان لەڕێی فڕۆکەوە لە شەوی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ بەرەو خاکی باکووری کوردستان بەڕێکەوتن، تا لەوێوە بچنە ناو خاکی ڕۆژئاوای کوردستان و ٧٠ پێشمەرگەکەی دیکەش لەگەڵ ئەو چەک و جبەخانەیەی ئامادەکرابوو لە ڕێگای وشکانییەوە بە ڕێکەوتن.

بەڕێکەوتنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ بووە کەرنەڤاڵ و ڕووداوێکی مێژوویی گەورە، چونکە هەر لە هەولێرەوە تا سلۆپی و لەوێشەوە تا سنووری کۆبانێ خەڵک هاتبوونە سەر شەقامەکان و پێشوازییان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرد. ئۆتۆمبێلەکانی پێشمەرگە بە ئاڵای کوردستانەوە چوونە ناو خاکی باکووری کوردستان و خەڵکی باکووریش بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازیی لێکردن، ئەمە دیمەنێکە هەموو کوردێک ئاواتەخوازە ببیبنێ و هەموو کوردێک دڵی پێخۆشە و ئومێدێکی گەورەی پێ دەبەخشێ. خەڵکی باکووری کوردستان هێندە تامەزرۆی ئەو ساتە و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بوون، بەپێی گێڕانەوەی ئەو پێشمەرگانەی بەرەوکۆبانێ بەڕێکەوتبوون و بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆییانەی لەمبارەیەوە لەبەردەستن، خەڵکی باکووری کوردستان پێشمەرگەیان گوڵباران و ماچ باران کرد، تەنانەت کوردی وا هەبوو ئەو ئۆتۆمبێلانەشیان ماچ دەکرد کە پێشمەرگە و چەکیان دەگواستەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە سەدان گەنج داوایان لەو هێزە پێشمەرگەیە دەکرد کە بەرەو کۆبانێ لە ڕێگا بوون، داوایان دەکرد ئەوانیش لەگەڵ خۆیان ببەن، تا بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن.

ئەمەی لەسەرەوە باسکرا، یەکخستنەوە و یەکانگیرکردنەوەی خەڵکی کوردستان بوو لە ڕووی کۆنەستی کۆمەڵگەی کوردییەوە، بوژاندنەوەی ئەو فیکرە بوو کە کورد لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایە بن، یەکن و پاڵپشتی و بەرگری لەیەک دەکەن و بۆ ئەمەش ئامادەن مەحاڵ بکەن بە کارێکی کردەنی.

پێشمەرگەی کوردستان کە بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوتن ئەم چەک و جبەخانەیان پێبوو:

- یەك ملیۆن و پێنج سەد فیشەکی کلاشینکۆف

- ٥٠٠ هەزار چەکی بیکیسی

- ٥٠٠ هەزار قازیفە

- لە چەکەکانی ١٢٠ملم و ٥٧ ملم و کاتۆشا ١٠٧ ملم و ڕاجیما ١٠٦ ملم و تۆپی ١٠٦ ملم و ئیسپینجا، هاونی ١٢٠ملم و هاونی ٦٠ ملم و هاونی ١٨٠ملم و گوللە تۆپ و ١٢ملم و ٢٣ملم پێکدەهات.

- نارنجۆکی تێدابوون

- هەزاران فیشەکی دۆشکە

- گازوایل و چەك و تەقەمی و چواردە لۆری ئازوقە.

کۆی هەموو پارچە چەکەکان جگە لە فیشەکی کلاشینکۆف و دۆشکە پێنج هەزار پارچەی تێپەڕاند. دەبێ ئەوە وەبیر خوێنەرانی ئەم کتێبە بێنینەوە کە دابینکردنی ئەو هەموو چەکە قورسە بۆ هێزی پێشمەرگە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لە باشوور هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی هەزار و چوارسەد کیلۆمەتر لە شەڕێکی سەختدابوو لەگەڵ تیرۆرستانی داعش و دەسکەوتنی چەکیش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە پێشمەرگە خۆی نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ چەک بکڕێت و حکومەتیش عێراقیش وەک هەمیشە پاڵپشتییەکی ئەوتۆی ئەو هێزەی نەدەکرد کە تاقانە هێز بوو دلێرانە بەرەوڕووی تیرۆرستان وەستابووەوە و بەرگری دەکرد، تەنانەت ئاستەنگیشی بۆ دروست دەکرد.

پێشمەرگەی کوردستان کاتژمێر دوازدە و نیوی شەو لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەرەو ئورفا بەڕێکەوت و هەمان شەو لە ئورفاوە ئۆتۆمبێل و ئەمنیەت و ئاسایش و پۆلیسی تورکیا هاتن و هەمان شەو پێشمەرگەیان بەرەو سروجە برد کە نێوان ئورفا بۆ سروجە نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر دەبێ و کاتژمێرێکی پێویست بوو تا پێشمەرگە دەگاتە ئەوێ و سروج

شوێنێکی گونجاوبوو، چونکە تەنیا ١٠ کیلۆمەتر لە کۆبانێ دووربوو.

لە سوریج پێشمەرگە چاوەڕوانی ئەو چەك و تەقەمەنیان کرد کە لەڕێی وشکانییەوە نێردرابوو، تا دەگاتە دەستیان. ئەو پێشمەرگانەی لە ڕێی وشکانییەوە دەهاتن، دوو ڕۆژیان پێچوو تا گەیشتنە سوریج و ئەوانەی لە سوریجیش بوون ئەو دوو شەو و ڕۆژە لە هۆڵێک چاوەڕوانی پێشمەرگە بوون تا گەیشتن.

لە ڕێکەوتی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاری خۆ ئامادەکردن و ئامادەکردنی چەک و تەقەمەنی دا تا لەوپەڕی ئامادەباشیدبن و چاوەڕوانی سەعاتی سفر بکەن بۆ چوونە ناو خاکی کۆبانێ.

کاتژمێر ١٢ی شەوی ٣١ لە سەر ١ی تشرینی دووەمی ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سورجی بەرەو کۆبانی بەڕێکەوت. لە نێوان ئەو پێشمەرگانەی لە سورجی بوون و ئەو پێشمەرگانەی لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانان بوون، پەیوەندیی بەردەوام هەبوو، ئەمەش هاوکار بوو تا لە ئاسمانەوە فڕۆکەی هاوپەیمانان پشتەوانی پێشمەرگە بن و چاودێری جموجوڵەکانی داعش بکەن. پێشمەرگە کاتژمێر ٢ی شەو گەیشتنە کۆبانێ و دیاربوو داعش ئاگاداری هاتنی پێشمەرگە بوو، بۆیە هەر زوو چەند هاوەنێکیان ئاراستەی پێشمەرگە کرد، بەڵام هیچ زیانێکی نەبوو.

ئەو ڕۆژەی پێشمەرگە گەیشتە کۆبانێ، شەڕڤانانی یەپەگە لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دابوون و خەریک بوو جبەخانەیان تەواو دەبوو و داعشیش بەشی هەرە زۆری کۆبانێی گرتبوو. کاتێک پێشمەرگە گەیشتە ئەوێ، هێمناییەک گەڕایەوە دڵی شەڕڤانان و پێشمەرگەش دڵنەوایی دانێ کە هەم چەکی قورس و فیشەک و چەندین جۆر تۆپ و هەم ئازووقەی زۆریشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. پێشمەرگە دەڵێن کە ئێمە دەستمان بە دابەشکردنی چەک و فیشەک کرد، شەڕڤانانی یەپەگە گوتیان ئێمە قەناعەتمان هاتووە کە تازە نابەزین و بە پشتەوانی ئێوە دوژمن دەوەستێنین.

شکستی داعش هەر لە هەفتەی یەکەمی چوونی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دەستیپێکرد و پێشمەرگە توانی لە ڕێی تۆپبارانکردنی مۆڵگەکانیان، زەبری کوشندە لە داعش بدا و ئەو زەبر لێدانە لە هەفتەی دووەم و سێیەمیش بەردەوام بوو.

وەجبەی یەکەمی پێشمەرگە ٣٩ ڕۆژ لە کۆبانێ مایەوە و توانیان سەرکەوتنێکی ئێجگار مەزن بەسەر تیرۆرستانی داعشدا تۆماربکەن. ئەو ڕۆژەی پێشمەرگە چووە کۆبانێ زیاتر لە

%٨٥ی خاکی کۆبانێ لە دەست چەکدارانی داعشدا بوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی وەجبەی یەکەمی پێشمەرگە کۆبانێی بەجێهێشت %٦٠ی خاکی کۆبانێ بە ئازادکراوی لەدەست پێشمەرگە و شەڕڤانان دابوو، ئەمەش ئامارێکی گەورەیە و مەگەر هەر پێشمەرگە و گەورەیی پێشمەرگە بتوانن ئەو ئامارە گەورانە تۆمار بکەن و سەرکەوتنی وا گەورە وەدەستبێنن.

ئەم سەرکەوتنانە هێرشی بەردەوامی داعش و خۆکوژەکانیان و تۆپبارانەکانیان نەیوەستاند، بەڵام پێشمەرگەش بێ زیان نەبوون. لەماوەی ئەو ٣٩ ڕۆژەی وەجبەی یەکەم شازدە پێشمەرگە بریندار بوون کە زۆربەیان لەلایەن تیمی پزیشکیی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە چارەسەر دەکران.

قۆناغی دووەمی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ: لە قۆناغی دووەمدا شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە کەم ڕوویداوە، چونکە لە قۆناغی یەکەمی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، بەشی زۆری کۆبانێ ڕزگار کرا و تا قۆناغی سێیەم داهات کە دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت لەگەڵ چەکدارانی داعش لە گوندەکانی دەوروبەری کۆبانێ دەستپێکردەوە.

قۆناغی سێیەمی چوونی پێشمەرگە: لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ وەجبەی سێیەمی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئامادەکرابوون تا بنێردرێنە کۆبانێ، لە میرەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە کۆکرانەوە و بە فڕۆکە بەرەو باکووری کوردستان بەڕێکەوتن. هێزی پێشمەرگە لە ئورفا دابەزین و دواتر چوونە سورجی و پاشان لە ڕێی سورجییەوە چوون بۆ کۆبانێ. پێشمەرگەکان دەڵێن ئێمە ویستمان هەر ئەو شەوەی گەیشتینە ئەوێ ڕاستەوخۆ بچینە ناو شاری کۆبانێ، بەڵام داعش ئاگاداربوو کە ئێمە هاتووین، بۆیە پلانی خۆمان و ڕێگای چوونە ناو شارمان گۆڕی و دواتر چووینە ناو شار. هەڤاڵانی پێشمەرگە کە لە وەجبەی دووەم لەوێ بوون، شەوێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی وەجبەی سێیەم مانەوە و تەواوی ئەو زانیارییەیان پێدان کە پێویست بوو.

کاتێک وەجبەی سێیەمی پێشمەرگە چوونە کۆبانێ، لە چواردە گەڕەکی کۆبانێ هەشتیان لە دەست پێشمەرگە بوون و ٦ گەڕەک لە دەستی چەکدارانی داعشدا مابوون و گردی مشتەنوریش کە گردێکی ستراتیژییە و دەڕوانێتە سەر کۆبانێ هێشتا لە دەست داعشدا مابووەوە و ئازاد نەکرابوو.

پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ١٨ تا ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ خەریکی ئامادەکاریی بوون بۆ

داڕشتنی پلان بە مەبەستی ئازادکردنی تەواوی شاری کۆبانێ و گردی مشتەنوور و گوندەکانی دەوروپشتی و بۆ ئەم مەبەستەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە هەبوو. بڕیار وا درا کە یەپەگە لە هەر شوێنێک هەست بە لاوازی بکا، داوای هاوکاری لە پێشمەرگە بکا و یەپەگە لە چەپەرەکانی پێشەوە بوون و پێشمەرگەش لە چەپەرەکانی دواوە و بەیەکەوە هەوڵی ئازادکردنی چوار گەڕەکی کۆبانێیان دا.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر گردی مشتەنوور و گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب

ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بە پێی پلانی سەربازی، لە گەڕەکی کانیا کوردان و گەڕەکی لای حەلەب و گەڕەکێك لە بن مشتەنور هەبوو هێرش دەستی پێکرد تاکو ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ هەموو ئەو شوێنانەمان ڕزگارکرد و ئەمەش ورەی پێشمەرگە و شەڕڤانانی زۆر بەرزکردەوە و داعشیش بەرەو پاشەکشێ و شکان بوو.

پێشمەرگە و شەڕڤان لە هەڵمەتەکانیان بەردەوام بوون و شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ هێرشیان کردە سەر گردی ستراتیژیی مشتەنوور و دوای شەڕێکی سەخت دوای نیوەڕۆی ڕیکەوتی ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ گردی مشتەنوور بە تەواوی ئازادکرا و بە ئازادبوونی مشتەنووریش تەواوی ناو شاری کۆبانێ پاککرایە و لەدەستی تیرۆرستانی داعش دەرهێنرا.

دوای ئازادکردنی گردی مشتەنوور پێشمەرگە و شەڕڤانان دەستیان بە ئاهەنگێڕان و گوتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب کرد و بۆ یەکەمجار هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاڵای کوردستانی لەسەر گردی مشتەنوور هەڵدا و مێژوویەکی دیکەی بۆ مێژووە پڕ سەروەرییەکەی خۆی زیاد کرد.

لەشەڕی ڕزگارکردنی مشتەنووردا وێڕای شەهیدبوونی چەند شەڕڤانێک، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پێشمەرگەیەکی لێ شەهید بوو بە ناوی (زێرەڤان ئەکرەم مۆکی). شەهیدبوونی زێرەڤان داخێکی گەورەبوو، بەڵام سەلمێنەری ئەوەیە کە هەر کات هەر پارچەیەکی کوردستان پێویستی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووبێ، پێشمەرگە دەست لەسەر سنگ و بەوپەڕی ورەوە ئامادەی بەرگریکردن بووە.

گردی مشتەنوور گردێکی ستراتیژی بوو و هەم بەسەر کۆبانێدا زاڵبوو و هەم بەسەر گوندەکانی دەوروپشتی، بۆیە هەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەم شەڕڤانانیش چەک و جبەخانەیەکی بەرچاویان بردە سەری، تا لە ئازادکردنی گوندەکانی دەوروبەریدا کەڵکی

لێوەربگرن. ئیدی وردە وردە دەست بە ئازادکردنی گوندەکان کرا و پێشمەرگە بەسەر سێ میحوەردا دابەشکرا کە بریتی بوون لە میحوەری ڕۆژهەڵات و میحوەری ڕۆژئاوا و میحوەری باشووری کۆبانێ و ئەرکەکەش ئاسان نەبوو، چونکە ئەو شوێنانەی پێویست بوو ئازادبکرێن گوند بوون و دوژمن دەیتوانی بە ئاسانی هاتوچۆ بکا و کون و خەندەق لێبدا و هێرشی پێچەوانە بکا.

**ئازادکردنی گوندەکانی میحوەری ڕۆژئاوای کۆبانێ**

لە میحوەری ڕۆژئاوا تاکو فورات ٢٢ کیلۆمەتر بوو بەرانبەر جرابلس، بە شێوازێك و پلانێکی تۆکمە و سەربازی پێشمەرگە لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە توانی هەموو گوندەکان ئازاد بکا.

ناوی هەندێک لەو گوندانەی ئازادکران بریتین لە (تەل شەعر و مەزرەعە عبروش و عەلبلور و منازە و ئەلئیزاعە و چولی بگ و میناس و ترمیك و ماميك و گولميت و قەوالی و یدقومی و روڤی و تەڤشو و تەل غەزال و سەپیك و شکفتی و دۆلی و سوسان و بۆتان و قرەقو و خورخورە و گورعەلی و چارقەلی و قرانە و جبنە و زەکەریا و گابلك و قوچەلێ و مشکۆ و بیاسیە و زۆرمغارە و شیوخ فەوقانی و شیوخ تەحتانی).

لە کۆبانێوە تا سەر ڕووباری فوڕات ٢٥ کیلۆمەترە و پێشمەرگە و شەڕڤانان توانییان تەواوی ئەو گوندانەی دەکەونە سنووری ئەو میحوەرە ئازادبکەن، تا گەیشتنە گوندی قەرەقۆزێ کە گۆڕی یەکێک لە سوڵتانەکانی عوسمانی لێیە، لەوێدا سوپای تورکیا بڕیاریدا کە خۆیان ئەو گوندە لە دەستی چەکدارانی داعش دەربێنن، بەڵام بە هەموو هێزیانەوە نەیانتوانی ئەو کارە بکەن، کەچی بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەپەگە گوندەکە ڕزگار کرا و دواتر جەندرمەی تورک هاتن گۆڕەکەیان گواستەوە و ئەوەی جێی سەرنج بوو ئەوەبوو چەکدارانی داعش گۆڕەکەیان خاپوور نەکردبوو!

گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ بریتی بوون لە (مەکتەل و حەلنج و شێران و دهابگ و شاهنجیگ و علشان و چۆم عەلی و کورپندار و مەزرەعە داود و عەین بت و تیری داخلی و بیرناس و سولاڤ و زوخر و قەرتەل و کۆچکەر و بێشك و خەمیر و بوغا و دەڤەرا چەلەبی و قوبلە و موزیك و تیڤرك و جرن و بعدیك و گرێ سوور و قرتەك و کەندال و حورپە و کوپرلك و ئەحمەدی و سەر زۆر و یاپیشە و چیای سیپان و گۆران و عیدانیە و ئاخ باش)، نیوەی گوندەکان زیاتر ناوی کوردیان لە سەر بوو و تاکو دەوروبەری گرێ سپی

پێشمەرگە لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگەدا بوون و ئەو گوندانەیان لە دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار کرد.

## ئازادکردنی گوندەکانی باشووری کۆبانێ لە میحوەری سێ

ئەو گوندانەی پێشمەرگە و شەڕڤان لە باشووری کۆبانێ ئازادیان کردن بریتی بوون لە گوندەکانی (گولمت و قرە مەزرعە و شێخ چوپان و چەمچران و سمایل و خراب گورە و خراب بان و خوارنگەیا سۆلاڤ و هۆلا نەورۆز و تورخزالی بچووك و تورخزالی گەورە و ئوتەبشوو و توگرد و کارگەی سمیك باباج) کە بە دوورایەتی ٢٣ کیلۆمەتر لە باشووری کۆبانێ بوو و تیرۆریستانی داعشی تێدا بوون و هاوپەیمانان بە فڕۆکە مۆڵگەکانی داعشیان خاپوور کرد و ئەوجا پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە ناوچەکەیان لە تیرۆرستان پاککردەوە.

وەجبەی سێیەم ١٢٨ ئەفسەر و پێشمەرگە بوون کە لەو ١٢٧ پێشمەرگانە ١٠٢ پێشمەرگە ئەسناد و ٣ پزیشك و ٣ هەواڵگری و ٥ ئەفسەر کە هەماهەنگیان لەگەڵ هاوپەیمانان هەبوو و ١٣ شوفێری ئالیات و ٢ پێشمەرگەی ئیدارەی میرە.

چەکەکانی وەجبەی سێیەم ئەمانە بوون:

١- راجیمە کاتیوشا(١٠٧)ملم.

٢- تۆپی ١٠٦ملم.

٣- هاوەنی جۆراوجۆر (١٢٠ملم و ٨١ ملم و ٦٠ ملم).

٤- تۆپی ٥٧ملم.

٥- تۆپی ٢٣ملم .

٦- ڕەشاشی ١٤,٥ ملم لە سەر ئۆتۆمبێلی جێب.

٧- ڕەشاشی ١٦ ملم لە سەر ئۆتۆمبێلی جێب.

٨- تۆپ SBG

٩- ڕەشاش BKC

١٠- چەکی قەناس و کلاشینکۆف و نارنجۆک.

قۆناغی چوارەمی چوونی پێشمەرگە: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧ی شوباتی ٢٠١٥ وەجبەی چوارەمی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەرەو ئورفا بەڕێکەوت و پێشمەرگە بە شەو گەیشتنە ئۆرفا و لەوێوە لەلایەن لەشکری تورکەوە ڕێنوێنی کران تا گەیشتنە کۆبانێ. کاتێک ئەوان گەیشتن هێشتا پێشمەرگەکانی وەجبەی سێیەم لەوێ بوون و شەوێک زیاتر مانەوە تا تەواوی ئەو زانیارییانەی پێویست بوون بۆ ئاگاداربوون و خۆپاراستن بە وەجبەی چوارەم بڵێن.

کاتێک وەجبەی چوارەم گەیشتە کۆبانێ، کۆبانێ خۆی و نزیکەی چوارسەد گوندی دەوروبەری ڕزگار کرابوون، بۆیە شوێنی مانەوەی وەجبەی چوارەم لە نزیک گوندی تەرمیک بوو و دواتر لەسەر داخوازیی پێشمەرگە خۆیان کەمێک لە ئاوەدانی دوورکەوتنەوە. لە قۆناغی چوارەمدا شەڕ کەم ببوو و زۆربەی ناوچەکان ڕزگارکرابوون.

ژمارەی شەهیدان و برینداەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانەکان لە ڕۆژی( ١٥-٩-٢٠١٤ تاکو ٢٨-٢-٢٠١٥) هەتا وەجبەی ٣ بەمشێوەیە بووە:

١- یەپەگە و یەپەشە یەکەی پاراستنی گەل ٤٣٦ شەهید.

٢- پێشمەرگە یەك شەهید و ١٤ بریندار.

ژماری کوژراوانی داعش لە کۆبانێ بەمشێوەیە بوو:

١- ژمارەی کوژراوان لە تیرۆریستانی داعش ٣٧٧٨.

٢- ژمارەی تەرمی داعش کە کەوتبوونە بەردەست ٣٨٩.

٣- ژمارەی ئۆتۆمبێلی کە تیرۆریستی داعش تەقاندیانەوە ١٤٨ .

٤- ژمارەی ئۆتۆمبێلی ئینتحاری داعش١٤٣.

٥- ژمارەی هێرشی تیرۆریستی داعش ٤٣٦.

ژمارەی ئالیاتی (المدمرە) تیرۆریستانی داعش کە کەوتە دەستی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە لە کۆبانێ  بەمشێوەیە بوو:

١- ژمارەی ئۆتۆمبێلی عەسکەری ٩٣.

٢- ژمارەی تانک ١٦.

٣- ژمارەی هەمەر ١٢.

٤- ژمارەی دۆشکە ٢٦.

٥- ژمارەی هاون ١٤.

٦- ژمارەی مدرعە ٦.

٧- ژمارەیەکی زۆر چەکی سوك و مامناوەندی  و گران.

ئەو چەکە قورسانەی کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە کە سوودیان لێ وەردەگرتەوە بۆ شەڕ بریتی بوون لە:

١- ژمارەی مدرەعە ٢.

٢- ژمارەی هەمەر ٣.

٣- ژمارەی کاتۆشا ٢.

٤- ژمارەی هاوەنی منوع ١٢.

٥- ژمارەی دوشکەی ٤.

٦- ژمارەی مدفع ٥٧ملم ٢.

٧- ژمارەی مدفع ٢٣ملم ٣.

٨- ژمارەی ئۆتۆمبێلی عەسکەری ٨.

ژمارەی چەکی سووك و مامناوەندی کەوتە دەستی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەکە:

١- ژمارە کلاشینکۆڤ  ٦٩٦.

٢- ژمارەی  BKC  ٦٩.

٣- ژمارەی  RBG ٧٦ .

٤- ژمارەی قەناس  ١٦.

٥- ژمارەی هاون  ١٢.

٦- ژمارەی نازور  ٢٥.

٧- ژمارەی برنۆ  ١٣.

٨- ژمارەی ئامێری بێتەل  ٢٨.

٩- ژمارەی مینی دەستی ١٠٢.

١٠- ژمارەی پشتێنی خۆکوژی ١٨.

١١- ژمارەی کارەبایی ١١٦.

دوای ئازادکردنی کۆبانێ بە تەواوی و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازییان لێکرا و ئەو وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێم دەستخۆشی لێکردن.

## پاژی دووەم: ڕۆژژمێری ئازادکردنی کۆبانێ لە بیرەوەریی پێشمەرگەیەکدا[1]

ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەمەیە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٣ هەر لە کاتژمێر ٣ی بەیانی تاکو ٢ی پاش نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو.

لە میحوەری ڕۆژئاوای کۆبانێ لە گوندی (مەزرەعە عەبدوش) هێزی پشتیوانی پێشمەرگە زۆر بە توندی بەرەنگاری هێرشی دوژمن بووەوە و زیانێکی گەورە بە تیرۆریستانی داعش کەوت و تەرمی کوژراو و برینداری داعش بینراوە و مۆڕاڵی پێشمەرگە زۆر بەرزە و هێزی پێشمەرگە بێ زیان بوون. فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ئەمڕۆ (مەزرەعە عەبدوش)یان بۆمباران کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٥ بە شەو هەڤاڵانی یەپەگە بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگە توانیان یەك دۆشکە و یەك قەناس تێکبشکێنن و تەرمی تیرۆریستانی داعش بینراون و لە لایەکی تریشەوە لە سەر ڕێگای حەلەب -کۆبانێ هەڤاڵانی یەپەگە بە هۆی تەقینەوە توانیان ٢ ئۆتۆمبێلی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن و سەرنشینەکانیان بکوژن و ماوەیەکی زۆر تەرمی تیرۆریستانی داعش لە بەردەستی شەڕڤانانی یەپەگە بوون و هەروەها لە هەمان ڕۆژ سەر لە ئێوارە تۆپخانەی پێشمەرگە بۆمبارانی مولگەکانی تیرۆریستانی داعشیان کرد لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ کە خەریکی کۆبوونەوە بوون و خەسارەتی زۆر گەورە بە تیرۆریستانی داعش کەوتووە.

شەوی پێنجشەممە ٦ لە سەر ٢٠١٤/١١/٧ تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە هێرشیان کردە سەر مولگەکانی تیرۆریستانی داعش لە بەرەی ڕۆژهەڵات نزیك چوارگۆشەی ئەمنی و توانیان ٣٠ خانوو لە دەستی تیرۆریستانی داعش دەربخەن و لەهەمانکاتدا تیرۆریستانی داعش بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی خۆیان و کەمکردنەوەی فشار لە سەر بەرەی ڕۆژهەڵات هێرشیان کردە سەر شەڕڤانانی یەپەگە و لە هەردوو بەرەی ٤٨ و ڕۆژئاوای کۆبانێ لە سەر ڕێگای حەلەب، بەڵام بە پشتیوانی تۆپخانەکانی هێزی پێشمەرگە توانییان هێرشەکانیان تێکبشکێنن و زەربەی باشیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند و ئەو شەو ٤ جار فڕۆکەکانی هاوپەیمان چوار مولگەی تیرۆریستانی داعشیان بۆمباران کرد، زۆر کوژراو و برینداری داعش هەبوون.

---

١. ئەمانە بیرەوەری دکتۆر لیوا میقداد پیندرۆیین و لەکاتی چوونی بۆ کۆبانێ تۆماری کردوون.

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٧ کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە توانیان تانکێکی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین و ئەمیرێکی داعش بەدیل بگرن بە ناوی ئەبو هەمزە کە خەڵکی سعودیە بوو و ٧ تەرمی تیرۆریستانی داعش کەوتنە دەست شەڕڤانانی یەپەگە و هەروەها ئەمڕۆ کاتژمێر ١و نیوی دوای نێوەڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان مولگەکانی داعشیان تۆپارانکرد کە نزیك ئیزاعەی کۆبانێ بوو و زیانی گەورەیان لە تیرۆرستان دا.

شەوی هەینی ٧ لەسەر ٨/ ٢٠١٤/١١ لە کاتژمێر ١ی دوای نیوەشەو شەڕوپێکدان لە نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەك و تیرۆیستانی داعش لە لایەکی ترەوە دەستی پێکرد لە هەر دوو میحوەری ڕۆژهەڵات نزیك چوارگوشەی ئەمنی و میحوەری باشوور، پێشمەرگە بە تۆپخانە مولگەکانی داعشیان بۆمباران کرد، شەڕ تاکو ٥ی بەیانی بەردەوام بوو و خەسارەتێکی گەورە بەر داعش کەوت و ٣٢ کوژراویان هەبوو و ١٩ تەرمی داعش کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە کە زۆربەیان خەڵکی بیانی بوون. هەر هەمان ڕۆژ کاتژمێر ٤و نیوی ئێوارە تیرۆیستانی داعش ویستیان هێرشێك بکەنە سەر شەڕڤانانانی یەپەگە لە نزیك چوارگۆشەی ئەمنی، بەڵام تۆپخانەکانی پێشمەرگە گورزێکی گرانیان لە تیرۆریستانی داعش دا و ناچارکران بەرەو پاشەوە بگەڕێنەوە و بە پێ زانیارییەکانی هێزی پێشمەرگە کوژراو و برینداریان هەبوو.

هەر ئەمڕۆ ٢٠١٤/١١/٩ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ٤ مۆڵگەی تیرۆریستانی داعشیان لە گەڕەکی کانی کوردە و ڕۆژهەڵات نزیك چوار گوشەی ئەمنی و ڕۆژئاوای کۆبانێ تۆپباران کرد، داعش زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و کوژراو و برینداریان زۆرە.

شەوی ٩ لەسەر ١٠ی /٢٠١٤/١١ کاتژمێر ٨ی شەو شەڕڤانانی یەپەگە بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی پێشمەرگە و بۆمبارانکردنی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان توانییان چەند سەد مەترێك لە گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ لە چوارگۆشەی ئەمنی کۆبانێ لە تیرۆیستانی داعش پاك بکەنەوە و تاکو ئێستا شەڕ بەردەوامە و هەروەها تەرمی کوژراوی داعش کەوتووەتە دەست شەڕڤانان و چەند پارچە چەکی BKS و RBG کەوتووەتە دەست شەڕڤانانی یەپەگە. شەڕ تاکو ٤ی بەیانی بەردەوام بوو و شەڕڤانان گەیشتوونەتە چوارگۆشەی ئەمنی و هەروەها لە باشووری کۆبانێ شەڕڤانی یەپەگە بە پاڵپشتی تۆپخانەی پێشمەرگە و فڕۆکەی هاوپەیمانان توانیان ٣٠ تا ٤٠ خانوو لە دەستی تیرۆیستانی داعش دەربهێنن و نزیکەی ١٥ تەرمی کوژراوەکانی داعش بەجێمان و دەستکەوتەکان بریتین لە: ٢ بی کەی سی و ٨

کلاشینکۆف و لە سەر تەرمەکانی داعش یەك قەناس و ٢ ئارپیچی هەڵگیرا و هەتا سەر ڕێگای حەلەب ٥١٠ مەتر پێشڕەوی کراوە و تاکو نزیك نەخۆشخانەی گشتی کۆبانێ چوون.

هەروەها شەوی ١٠لە سەر ٢٠١٤/١١/١١ لە بەرەی باشووری کۆبانێ سەر ڕێگای حەلەب هێزی کوردی بەرەو پێشەوە چوون و ٤ شەقام لە تیرۆریستانی داعش پاککرانەوە و ئەم دەسکەوتانە هەبوون: ٨ تەرمی داعش لەبەردەستدایە، ٤ کلاشینکۆڤ و یەك ئارپیچی و ٢ دەمانچە.

ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممەیە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/١١ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ، داعش تۆپبارانی هێزی پیشمەرگەی کرد، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە پێشمەرگە هەمووی ساغ و سەلامەت بوون و لەهەمانکاتدا تۆپخانەکانی پێشمەرگە بەرپەرچی تۆپبارانی تیرۆریستانی داعشیان دایەوە و توانیان تۆپبارانیان پێ ڕابگرن. لە بەرەی ڕۆژئاوای کۆبانێ هێزی پێشمەرگە بە چەکی ٥٧ ملم هێرشی کردە سەر گوندی عەبدوش کە تیرۆریستانی داعش تێدا بوون، بەڵام زەرەر و زیانی دوژمن نەزانراوە. هێزی پێشمەرگە بە هۆی تەقینەوەی گوللە تۆپی ٥٧ ملم لە ناو دەستی برایانی پێشمەرگە ٣ پێشمەرگە بە سوکی بریندار بوون کە سەر بە هێزی پشتیوانی یەك بوون.

شەوی ١١لە سەر ٢٠١٤/١١/١٢ شەڕڤانانی یەپەگە بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە و بە بەرنامەیەکی داڕێژراو توانیان هێزێکی زەمینی بە شێوەیەکی نهێنی ڕەوانەی سەر گردی مشتەنور بکەن لە باشووری شاری کۆبانێ.

ئەمڕۆ چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/١٢ داعش بۆ گرتنەوەی گردی مشتەنور و دەرکردنی هێزی کوردی لەم گردە هێرشێکی بەربڵاوی چەند قۆڵی کردە سەر ئەم هێزە، بەڵام بە پاڵپشتی تۆپخانەی پێشمەرگە و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان توانیان شکست بە هێرشی تیرۆریستی داعش بهێنن و زەرەر و زیانێکی زۆریان پێبگەیەنن و پاشەکشێیان پێ بکەن و هەر ئەمڕۆ چوارشەممە داعش ٣ی هاوەنی گرتە کەمپی پەنابەران لە سەر سنوور کە بووە هۆی بریندار بوونی ٢ منداڵ لە کەمپەکە و هێزی پێشمەرگە بێ زەرەر و زیان بوون.

شەوی پێنجشەممە لە سەر هەینی ڕێکەوتی ١٣ لەسەر ١٤ی ٢٠١٤/١١/ کاروانێکی تیرۆریستانی داعش کە لە ڕەقەوە دەهاتن بۆ کۆبانێ بۆ پشتیوانی هێزەکانی داعش، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان تۆپبارانی ئەم کاروانەیان کرد و زەرەر و زیانی زۆر بەر تیرۆریستانی داعش کەوت. هەروەها ئەمڕۆ کاتژمێر ٧ی بەیانی تیرۆریستانی داعش لە میحوەری

ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ هێرشێکی گەورەیان هێنایە سەر هێزە کوردییەکان، بەڵام بە پشتیوانی تۆپخانەی پێشمەرگە توانییان هێرشەکەیان تێکبشکێنن و بۆ پشتەوە ڕاویان بنێن. هەر بەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر ٥ی بەیانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە باشووری کۆبانێ نزیك گوندی هەلەج مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعشیان بە ئامانج گرت و زەرەر و زیانی گەورە بە تیرۆیستان گەیاند و لە لای ترەوە ئەمڕۆ تیرۆریستانی داعش کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بە هاوەن هێزەکانی پێشمەرگەیان تۆپباران کرد، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە هێزی پێشمەرگە بێ زەرەر و زیان بوون.

ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/١٥ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە میحوەری چوارگۆشەی ئەمنی باکووری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ لە تیرۆیستانی داعشیان دا، زەرەر و زیان بەر داعش کەوت. هەروەها ئەمڕۆ دیسان فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کامیۆنێکی داعشیان کردە ئامانج و زەرەر و زیانی زۆری پێ گەیاند و هەروەها بەپێی ئەو هەماهەنگییەی کە لە نێوان فڕۆکەکانی هاوپەیمانان و تۆپخانەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە هەیە ئەو شوێنەی کە فڕۆکە یان تۆپخانەی پێشمەرگە تۆپباران دەکات، پێویستە شەڕڤانانی یەپەگە ئەم شوێنە کونترۆڵ بکەن و دواتریش بیپارێزن. هەر ئەمڕۆ دووبارە کاتژمێر ٥:٢٠ ئێوارە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ و دەوروبەری چوارگۆشەی ئەمنی تۆپبارانی مۆڵگەکانی داعشیان کرد و زەرەر و زیانی پێ گەیاندن، هەروەها ٢ ئەمیری داعش بە ناوی (ئەبو عەلی عەسکەری و ئەبو محەمەد میسری) لە گەڵ ١٥ تیرۆریستی داعش هاتنە کوشتن.

شەوی ١٥ لە سەر ٢٠١٤/١١/١٦ تیرۆریستانی داعش کاتژمێر ٣ و نیوی شەو دەستیان بە هێرش کردن کرد لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆبانێ نزیك چوارگوشەی ئەمنی، بەڵام هێزی کوردی بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی پێشمەرگە و فڕۆکەی هاوپەیمانان هێرشەکەیان تێکشکاند و توانیان دوو شارع لە دەستی تیرۆیستانی داعش پاك بکەنەوە و برایانی شەڕڤانی یەپەگە ٢ شەهیدیان هەبوو، هێزی پێشمەرگەش سوپاس بۆ خوای گەورە ساغ و سەلامەت بوون شەڕ تاکو کاتژمێر ٥:٢٠ بەیانی بەردەوام بوو.

ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەمەیە ڕیککەوتی ٢٠١٤/١١/١٧ تیرۆریستانی داعش ویستیان هێرشێکی بەربلاو بکەنە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی کوردی کاتژمێر ٣:١٥ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ لە میحوەری ڕۆژئاوا لە کانیا کوردا نزیك چوارگوشەی ئەمنی، بەڵام هێزی کوردی بە پاڵپشتی تۆپخانەی پێشمەرگە و فڕۆکە هاوپەیمانان هێرشەکەیان تێکشاند و و تیرۆریستانی

داعش كوژراو و برینداربیان زۆرە.

شەوی ١٧ لە سەر ٢٠١٤/١١/١٨ كاتژمێر ٨ی شەو فڕۆكەكانی هاوپەیمانان چەند مۆڵگەیەكی تیرۆریستانی داعشیان لە كۆبانێ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەكە نزیك چوارگۆشەی ئەمنی كردە ئامانج و گوزرێكی كوشندەی بە تیرۆریستان گەیاند و هەمان شەو كاتژمێر ٤ی بەیانی و ٤و نیوی بەیانی بۆ جاری دووەم و سێیەم فڕۆكەكانی هاوپەیمانان چەند مۆڵگەیەكی داعشیان لە بەشی ڕۆژهەڵات نزیك كانیا كوردا و بەشی باشووری شارەكە لەسەر ڕێگای حەلەب و دەوروبەری شارەوانی كۆبانێ بۆمباران كرد و هەروەها تۆپخانەی پێشمەرگە بە هاوكاری زانیاری شەڕڤانانی یەپەگە چەند شوێنێكی تیرۆریستانی داعشیان تۆپباران كرد و زەرەر و زیانی گەورە بە تیرۆریستانی داعش گەیشت و لە ئەنجامدا ئەو دەسكەوتانە بەدەست هات: كوشتنی زیاتر لە ٢٨ تیرۆریست و ٣ تەرمیان كەوتە دەست هێزی كوردی و كوشتنی دوو ئەمیری داعش بە ناوی (ئەبو سەیفولا و ئەبو حارس)، هەروەها دەستكەوتنی ٢ ئارپیچی و ٨ گوللەی ئارپیچی و یەك بیكەیسی و ٥ شریتی فیشەك و ٦ كلاشینكۆڤ و ٣٥ مخزن، ٨٠ نارنجۆک، یەك دووربینی شەو، ٢ دەمانچە و ٢ سەندوقی فیشەكی بیكیسی.

ڕۆژی چوارشەمە ڕێككەوتی ٢٠١٤/١١/١٩ كاتژمێر ٥ی بەیانی تیرۆریستانی داعش بە هێرشێكی بەرفراوانەوە ویستیان لە بەرەی شەڕی بەشی ڕۆژهەڵات نزیك چوارگوشەی ئەمنی بێنە پێشەوە، بەڵام هێزی كوردی بە پشتیوانی تۆپخانەی پێشمەرگە توانرا هێرشەكەیان تێكبشكێنن و زەرەر و زیانێكی گەورە لە تیرۆریستانی داعش بدەن و تیرۆریستان كوژراو و برینداریان زۆرە، هەروەها تۆپخانەی پێشمەرگە هەر ئەمڕۆ كاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ تۆپێكی ١٢٠ ملمی تیرۆریستانی داعشی تێكشكاند. لەلایەكی ترەوە ئەمشەو كاتژمێر ٥:٥٠ دەقیقە فڕۆكەكانی هاوپەیمانان بۆمبارانی چەند مۆڵگەیەكی داعشیان كرد لە بەشی ڕۆژئاوای كۆبانێ سەر ڕێگای حەلەب و زەرەر و زیانی لە داعش دا و كوژراو و برینداریان زۆرە. بە پێی سەرچاوەكان و هەر ئەمڕۆ تۆپخانەی پێشمەرگە كاتژمێر ٣و نیوی پاش نیوەڕۆ هەردوو گوندی مەحیت و مەنازی تۆپباران كرد و زەرەر و زیانی گەورە بە تیرۆریستانی داعش گەیاند.

ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٠ كاتژمێر ١١ و نیوی پێش نیوەڕۆ فڕۆكەی هاوپەیمانان لە بەشی ڕۆژئاوای كۆبانێ چەند مۆڵگەیەكی تیرۆریستانی داعشیان بۆمبارانكرد و زەرەر و زیانی گەورەی پێگەیاندن و هەروەها كاتژمێر ٥ و نیوی ئێوارە دووبارە فڕۆكەكانی هاوپەیمانان لە

بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆبانێ نزیك شارەوانی کۆبانێ مولگەیەکی تری داعشیان بۆمبارانکرد و زەرەرێکی گەورەیان لێدان. هەر ئەمڕۆ تیرۆریستانی داعش لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە کرد، بە هۆی ئەم تۆپبارانە پێشمەرگەیەك بریندار بوو بە سوکی بە ناوی ر.ع هوجان فەقو عەبدوڵلا و لە لایەن تیمی پزیشکی پێشمەرگەوە تیمارکراو و ڕەوانەی سروج کرا بۆ نەشتەرگەی پێویست، هەر ئێستا لە کاتی نووسینی ڕاپۆرتەکەم فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ نزیك چوارگۆشەی ئەمنی چەند مۆڵگەیەکی تیرۆریستانی داعشی بە توندی بۆمباران کرد کە کاتژمێر ٦:٢٠ دەقیقەی شەوە.

ئەمڕۆ ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٢١ کە دەکاتە ڕۆژی هەینی لە کاتژمێر ١١:١٥ نیوەڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆبانێیان بۆمباران کرد لە نزیك چوارگوشەی ئەمنی و شارەوانی کۆبانێ و زەرەر و زیانی گەورەیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند، هەروەها تیرۆریستانی داعش لە کاتژمێر ٩ و نیو بۆ ١٠ی بەیانی بە چەند گوللە هاوەنێك ناوچەی بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ کە پێشمەرگە لە سەنگەردا بوو بۆردومان کرد، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە پێشمەرگە بێ زەرەر و زیان بوون و هەروەها کاتژمێر ٤:٤٠ دەقیقەی ئێوارە فڕۆکەی هاوپەیمانان بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێیان بۆمباران کرد کە بووە هۆی کوشتنی ٧ تیرۆریستی داعش و شەڕڤانانیش ٤ پارچە چەکی کلاشینکۆفیان دەستکەوت بوو و ئەمشەو جارێکی تر لە کاتژمێر ١٠:١٥ دەقیقە فڕۆکەی هاوپەیمانان بۆ جاری سێیەم مولگەکانی تیرۆریستانی داعشیان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیك شارەوانی کۆبانێ بۆمباران کرد.

ئەمڕۆ ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٢٢ ڕۆژی شەممە کاتژمێر ٩ی بەیانی تیرۆریستانی داعش بە ٤ گوللە هاوەن شوێنەکانی پێشمەرگەیان تۆپباران کرد، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە هێزی پێشمەرگە بە بێ زەرەر و زیان بوون. هێزی پێشمەرگە بە هاوەنی ١٢٠ ملم بەرپەچی تیرۆریستانی داعشیان دایەوە ونزیکەی ١٢ هاوەنیان تێگرتن و زەرەروزیانیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند و ناچاریان کردن تۆپبارانەکەیان ڕابگرن. هەروەها پاش نیوەڕۆ تۆپخانەی پێشمەرگە بە تۆپی ١٢٠ ملم کاتیوشا و ٢٣ ملم پێگە و مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعشیان تۆپباران کرد و نزیکەی ٤٠ کاتیوشا و تۆپی ١٢٠ ملم لە مۆڵگەی تیرۆرستان دا و زەرەرێکی زۆریان لێدان. هەمان ڕۆژ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەند مولگەیەکی داعشیان بۆمباران کرد لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕێگای حەلەب و هەروەها بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە نزیك شارەوانی کۆبانێ و چوارگۆشەی ئەمنی زەرەر و زیانێکی گەورەی بە

تیرۆریستانی داعش گەیاند و ١٣ تەرمی کوژراوی تیرۆریستانی داعش کەوتە دەستی هێزی کوردی و سوپاس بۆ خوای گەورە هێزی کوردی بێ زەرەر و زیان بوون.

شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ /٢٠١٤/١١ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ١٠و نیوی شەو مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعشیان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ بۆمباران کرد و هەروەها بەیانی ئەمڕۆ ڕێککەوتی ١١/٢٣ /٢٠١٤ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە بەشی باشووری سەر ڕێگای حەلەب مۆڵگەیەکی تری تیرۆریستانی داعش بۆمباران کرد و زەرەر و زیانێکی گەورەی گیانیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاند، دوژمن کوژراو و بریندارى زۆره.

شەوی ٢٣ لەسەر ٢٠١٤/١١/٢٤ کاتژمێر ٥:٣٠ پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە بە پاڵپشتی فڕۆکەی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی داعش لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە کە نزیك چوارگۆشەی ئەمنییە. فڕۆکە لە بۆمبارانی یەکەمدا کاتژمێر ٨:٢٠ دەقیقەی شەو و لە بۆمبارانی دووەمدا لە کاتژمێر ٨:٤٠ دەقیقەی شەو و لە بۆمبارانی سێیەمدا کاتژمێر ٩:٢٥ دەقیقەی شەو تاکو ٧:٣٠ بەیانی بەردەوام بوو لە بۆمبارانکردنی مۆڵگەکانی داعش کە دەسکەوتەکان بریتی بوون لە: گرتنی ٤ شەقام و پاککردنەوەی لە تیرۆریستانی داعش کە بە پانی ٤٥٠ مەتر درێژی و ١٥٠ مەتر بۆ ناوەوە مەزەندە دەکرێت. زیاتر لە ٤٢ تەرمی کوژراوی تیرۆریستی داعش کەوتنە بەر دەستی هێزی کوردی. هەروەها ٢٣ کلاشینکۆف و ٦ ئارپیچی و یەك دووربینی شەو و ١٥ قازیفەی ئارپیچی و یەک بێتەلی موترولا و٢ عبوەی محەلی و ٢ سندوقی فیشەکی کلاشینکۆف و ٢ شریتی بیکەیسی و هەندێك کەل و پەلی سەربازی دەسکەوتی هێزە کوردییەکان بوون.

ئەمڕۆ ڕێککەوتی ٢٠١٤/١١/٢٤ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ٤و نیوی ئێوارە بۆمبارانی بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ کرد لە گوندی مەناز داعش کوژراو و بریندارى هەیە. فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ٥:١٠ دەقیقەی ئێوارە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ نزیك شارەوانی بۆمبەباران کرد کە داعشی زۆری تێدا کوژراوە.

شەوی ٢٤ لە سەر ٢٠١٤/١١/٢٥ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ٨:٤٠ دەقیقەی شەو لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کۆبانێ نزیك چوارگۆشەی ئەمنی مۆڵگەکانی داعشیان بۆمباران کرد و ٤ کوژراو و ٣ بریندارى لێکەوتەوە، پاشان هێزی تیرۆریستان ١٥ تاکو ٢٠ کەس دەبوون بۆ رزگارکردنی بریندارەکان هاتبوون، ئەوانیش کوژراو و بریندارىان لێکەوتەوە و بۆمبارانکردن لە ناو قوتابخانەیەك دا بوو نزیك چوارگۆشەی ئەمنی و بۆ جاری دووەم فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆمبارانی تیرۆریستانی داعش کرد و هەموویان کوژران و کەسیان لێ دەرباز

نەبوون، واتە خەسارەتی دوژمن کوژرانی ٢٧ تیرۆریستی داعش بوو.

شەوی ٢٤ لە سەر ٢٠١٤/١١/٢٥ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ٢:٥٠ دەقیقەی شەو بۆمبارانی مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعشیان کرد لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ نزیك شارەوانی و جاری دووەم لە کاتژمێر ٤:١٥ دەقیقەی شەو فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەند مۆڵگەیەکی تیرۆریستانی داعشیان بۆمباران کرد لە بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ لە سەر ڕێگای حەلەب.

ئەمڕۆ ٢٠١٤/١١/٢٥ کاتژمێر ٥:٤٥ دەقیقەی ئێوارە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەند مۆڵگەیەکی داعشیان کردە ئامانج لە بەشی گەڕەکی ٤٨ لە سەر ڕێگای حەلەب. جێگای باسکردنە لەم بۆمبارانەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر مۆڵگەکانی تیرۆریستانی داعش زۆر کوژراو و بریندار لە ڕیزی چەکدارانی داعش هەن.

شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦ /٢٠١٤/١١ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کاتژمێر ٩:١٥ شەو بەشی باشووری کۆبانێ لەسەر ڕێگای حەلەب و کاتژمێر یەکی شەو بەشی باشوور لە گەڕەکی٤٨ لە شارەکە بۆمباران کرد، هەروەها لە کاتژمێر ١:١٥ دەقیقەی هەمان شەو فڕۆکە بۆمبارانی مۆلگەکانی تیرۆریستانی داعشی کرد کە دەستکەوتەکان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە ئەمانەی خوارەوە بوون:

٢ ئارپێچی و ١٢ بیکەیسی و ٢ کلاشینکۆڤ و ٢٥ قازیفەی ئارپێچی و ٤٠ نارنجۆک و ٢ دووربینی شەو و یەك دووربینی ڕۆژ و ٣ هەزار فیشەکی کلاشینکۆڤ و ٢ هەزار فیشەکی بیکەیسی و ١٤ کوژراو لە تیرۆریستانی داعش.

ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٧ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە بەشی باشووری کۆبانێ لە گەڕەکی ٤٨ کاتژمێر ٢:٤٥ دەقیقەی پاش نیوڕۆ بۆمبارانی چەند مۆڵگەیەکی تیرۆریستانی داعشیان کرد. بەهەمانشێوە کاتژمێر ٢:٤٥ دەقیقەی ئێوارە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە بەشی ڕۆژئاوا لەسەر ڕێگای حەلەب بۆمبارانی چەند مۆڵگەیەکی تیرۆریستانی داعشیان کردەوە کە لە ئەنجامی ئەم بۆمبارانەدا ٣٥ تەرمی تیرۆریستان کەوتە دەست هێزی کوردی، هەروەها تیرۆریستانی داعش هەر لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تاکو ٥ی ئێوارە بەردەوام تۆپبارانی بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ و شوێنی هێزی پێشمەرگە و ئاوارەکانی دەکرد و نزیکەی ٢٦ هاوەن کاتیوشای گرتە هێزی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە زۆر بە توندی وەڵامی تۆپخانەی دوژمنی دایەوە و پێشمەرگە و ئاوارەکان سەلامەت بوون، ٢ هاوەنی تیرۆریستانی داعش لە ناو خاکی باکووری کوردستان کەوتن و کوژراوی داعش کە تەرمیان لە بەردەستە ٩ کوژراو بوون. هەروەها

ئـەمڕۆ لـە بەشـی باشـووری کۆبـانێ یەپەگە فڕۆکەیـەکی کۆکردنـەوەی زانیـاری داعشی ـ خستەخوارەوە.

ئـەمڕۆ ڕۆژی هـەینی ڕێککـەوتی ٢٠١٤/١١/٢٨ کـاتژمێر ٩ی بـەیانی تـاکو ٥ی ئێـوارە تیرۆریستانی داعش بەشی ڕۆژئاوای کۆبانێ و تەل شەعیر و شوێنی ئاوارەکان و پێشمەرگەی تۆپبـاران کـرد و نزیکـەی ٣٠ تۆپیـان هاویشـت و تۆپخانەکانـەکانی پێشـمەرگە بـە تونـدی بەرپەرچیان دایەوە و ناچار کران کە تۆپبارانەکەیان ڕاوەستێنن. هەمـان ڕۆژ کـاتژمێر ٢:٣٠ی دوای نیـوەڕۆ فـڕۆکەی هاوپەیمانـان بۆمبـارانی مۆڵگـەکانی تیرۆریسـتانی داعـش کـرد لـە دەرەوەی شاری کۆبانێ سەر ڕێگـای حەلـەب بـە دووری ٥ کیلۆمـەتر، بـە پێـی زانیارییـەکان فڕۆکەکان بۆمبارانی کاروانێکی تیرۆریستانی داعشیان کردووە کە لە حەلەب بـەرەو کۆبـانێ دەهاتن و زەرەر و زیانێکی زۆری بـە تیرۆریسـتانی داعـش گەیانـدووە و کـوژراو و برینـدار زۆرە.

بەیانی ئەمڕۆ، ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٩ کاتژمێر ٤:٣٠ تیرۆریستانی داعـش لـە سـێ قـۆڵی ڕۆژهەڵات و باشـووری ڕۆژهەڵات و باشـوور هێرشـێکی بـەربڵاویان کـرد و تیرۆریستان خۆیان بە ٥ ئۆتۆمبێلی بـۆمبڕێژکراو لـە بەشـی پێشـەوەی سـەنگەرەکانی هێـزی کـوردی تەقانـدەوە کـە بـە داخـەوە نزیکـەی ٢٣ شـەهید و چەنـد برینـدار لـە برایـەکانی شەڕڤانانی یەپەگە و لە بەشی باشوور خۆکوژێك خۆی تەقاندەوە، بەڵام تیرۆریستان لـە هـیچ میحوەرێـك نـەیانتوانی چەپـەرەکانی هێـزی کـوردی بشـکێنن و سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە پێشمەرگە بە بێ زەرەر و زیان بوو.

شـایانی باسـە تۆپخانـەکانی پێشـمەرگە ئـەمڕۆ هـەر لـە کـاتی دەسـتپێکردنی هێرشـی تیرۆریستانی داعش، زیاتر لە ٥٥ گوللـە هـاوەنی ١٢٠ ملـم و زیـاتر لـە ١٥ گوللـەی کاتیوشـا ئاراستەی تیرۆریستان کران و فڕۆکەی هاوپەیمانان ئەمڕۆ کـاتژمێر ٨:١٥ دەقیقـەی بـەیانی و ١٠:١٥ دەقیقەی بەیانی و ٢:٣٠ دەقیقـەی پـاش نیوەڕۆانـە چەنـد مۆڵگـەیەکی تیرۆریسـتانی داعشیان بۆمباران کرد و زەربەی گەورەیان لە تیرۆریستانی داعش دا کە کوژارو و برینـداری زۆریان هەن. هەروەهـا یـەك تـانکی تیرۆریسـتان بـە تـۆپی پێشـمەرگە تێکشـکاوە و لـەکار کەوتووە و هەروەها یەك تانکی تیرۆریستان لە بۆمبارانی فڕۆکەی هاوپەیمانان تێکشکاوە.

هەر ئەمڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان زیاتر لە ٩ جار بۆمبـارانی مۆڵگـەکانی تیرۆریسـتانی داعشی کردووە لـە نـاو شـاری کۆبـانێ و دەوروبـەری و لـەو شـەڕەدا زیـاتر لـە ٩٠ گوللـەی ڕاجیمە و ١٢٠ ملم و ٨١ ملم و ٥٧ ملم و ١٠٦ ملم بەکارهاتووە، هەروەها تیرۆریستان زیاتر

لە ٧٥ كوژراویان هەیە لە بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕێگای سەر سنوور.

شەوی ٢٩ لەسەر ٢٠١٤/١١/٣٠ كاتژمێر ٧:١٠ دەقیقەی شەو فڕۆكەی هاوپەیمانان مۆڵگەكانی تیرۆریستانی داعشیان لە بەشی باشووری كۆبانێ بۆمباران كرد و هێزی كوردی بە بەرنامەیەكی داڕێژراو توانییان چەند خانوویێك لە باشووری كۆبانێ لەسەر ڕێگای حەلەب لە تیرۆریستانی داعش پاك بكەنەوە و ١٠ تەرمی داعش و چەند پارچەی چەك و كەلوپەلی سەربازیی كەوتە بەردەستی ئەوان.

ڕێكەوتی ٢٠١٤/١١/٣٠ فڕۆكەی هاوپەیمانان هەر لە بەیانی ئەمڕۆ بۆ ٧ جار بۆردومانی چەند مولگەیەكی داعشیان كرد لە دەوروبەری كۆبانێ و زەرەر و زیانی گەورە بە تیرۆریستان گەیاندووە و داعش ١٣ كوژراو و زیاتر لە ٢٥ برینداری هەیە.

ئەمڕۆ لە ٢٠١٤/١٢/١ تیرۆریستانی داعش لە بەشی ڕۆژهەڵات لە كاتژمێر ١٠ی بەیانی هێرشیان كردە سەر سەنگەرەكانی هێزی كوردی و لە نزیك دەریێ سنووری شەڕ بەردەوامە، بەڵام تیرۆریستانی داعش نەیانتوانی پێشڕەوەی بكەن و بە پشتیوانی تۆپخانەكانی پێشمەرگە زەرەر و زیانەكانی هەردوولا نەزانراوە، هەروەها فڕۆكەی هاوپەیمانان ئەمڕۆ بەیانی كاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقە و ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارە و ٦:٣٠ دەقیقەی شەو بۆمبارانی مولگەكانی داعشیان كرد لە بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات.

تیرۆریستان ئەم شەو ١ لەسەر ٢ی ٢٠١٤/١٢/ لە دوو میحوەر هێرشیان كردە سەر هێزی كوردی لە باشووری ڕۆژهەڵات و فڕۆكەی هاوپەیمانان كاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی و ١٠:٥٥ دەقیقەی بەیانی و ١١:٣٠ دەقیقە لە باشووری جادەی ٤٨ بۆمبارانی مولگەكانی داعشیان كرد و تاكو ئێستا كە كاتژمێر ١١ی شەوە بەردەوامە و ٣٥ تەرمی تیرۆریستانی داعش بینراون بە كوژراوی و هێزی كوردی پێشڕەویان كردووە ١٠ شەهید و چەند برینداریێكیان هەیە و تیرۆریستانی داعش ئەمیرێكیان بە ناوی (ئەسعەدوڵا شیشانی) كوژراوە.

ئەمڕۆ كە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٢ یە شەڕ نەبوو، بەڵام فڕۆكەی هاوپەیمانان كاتژمێر ٤:١٠ دەقیقەی ئێوارە و ئەم شەو كاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقە لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات زەرەر و زیانی گەورەیان بە تیرۆریستانی داعش گەیاندووە و ئەم شەو تیرۆریستان لە بەشی ڕۆژهەڵات ئۆتۆمبێلێكی بۆمبڕێژكراویان تەقاندەوە و فڕۆكەی هاوپەیمانان كاتژمێر ٨:١٥ دەقیقە لە بەشی ڕۆژهەڵات چوارگۆشەی ئەمنی بۆمبارانی تیرۆریستانی داعشیان كرد. بۆ

شەوەکەش کاتژمێر ١:٤٥ دەقیقە فڕۆکە موڵگەکانی داعشیان لە باشوور و کاتژمێر ٣:٢٥ دەقیقەی شەویش لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ بۆمباران کرد.

ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ فڕۆکەی هاوپەیمانان کاتژمێر ١١:٢٥ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات گەڕەکی ٤٨ی بۆمباران کرد و داعشیش بە چەند تۆپێك شوێنی پێشمەرگەی تۆپباران کرد و پێشمەرگەش وەڵامی نەبوو.

ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٤ بەیانی کاتژمێر ١٠:٢٠ دەقیقە لە ناو خاکی کۆبانێ دەربازی ناو خاکی باکووری کوردستان بووین و کاتژمێر ١:٢٠ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بە فڕۆکە لە شاری ئورفا بۆ شاری هەولێر گەڕاینەوە و سوپاس بۆ خوای گەورە کە تیمەی پێشمەرگە بە سەلامەتی گەڕاینەوە ناو کەسوکاری خۆمان.

**پاژی سێیەم: ڕۆڵی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە هاوکاریکردنی خەڵکی کۆبانێ**

**٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ بەرەو کۆبانێ، بڕینی سێ سنووری دەستکرد، (موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی)[١].**

تا دەهات گەشەی داعش زیاتر دەبوو، دۆخی هاوڵاتیانی کوردستان لەو ناوچانەی کەوتبوونە دەست داعش، دۆخێکی خراپ بوو، ئەگەر چی ئەو کات ڕووداوەکانی داگیرکارییەکەی شنگال لە لایەن داعشەوە، ئەرکی ئێمەی قورس کردبوو، لە شنگال و دەوروبەری، خەڵکی ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتبوو، پێویستیان بە کۆمەکی زۆر هەبوو، لە لایەکی تریش لە ناوەند و خوارووی عێراق، تا دەهات خەڵکی زیاتر ئاوارە دەبوون و هەرێمی کوردستانیان وەك لانەی ئارامی و خەوانەوە هەڵدەبژارد و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبوو. دەبوایە دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەك ئەرکی هەمیشەیی، یارمەتییەکانی خۆیانیان پێبگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەش پرسی ڕۆژئاوا، پرسێکی هەستیار و جێگەی بایەخی ئێمە بوو. بە هۆی دۆخی خراپی ڕۆژئاڤا و هاتنی داواکارییە زۆرەکانی خەڵکی ڕۆژئاوا بە گشتی و عەفرین و کۆبانێ بە تایبەتی، ناچار بووین فۆکس بخەینەوە سەر ڕۆژئاڤا و پلانی تۆکمە بۆ یارمەتیدانیان داڕێژین.

بیرمە لە یەکەم کاروانی پەنابەرانی ڕۆژئاڤا لە سەر سنووری تورکیا، کە دەیانخواست بپەڕنەوە باکووری کوردستان، لە وەشانێکی زیندووی کەناڵی (TRTKurdi) پەیامنێرەکە لە یەکێك لە پەنابەرەکانی پرسی: (داواکاریتان چیە؟) لە وەڵامدا گوتی: "داخوازیێ لە دەزگەها بارزانی دکەین بهێنە هاریکاریا مە". دەستمان بە ئامادەکارییەکان کرد و پلانمان داڕشت بۆ ئەوەی بچینە کۆبانێ، دانیشتوانی ناوچەکە لە بارودۆخێکی ئێجگار سەختی ئابووری دەژیان، هاوکارییەکانمان ئامادەکردن و پاش هەوڵدانێکی زۆر، دەرفەت ڕەخسا و بەڕێکەوتین، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کەوتینە هاموشۆ و ئامادەکاری تەواو کرابوو بۆ ئەوەی لە ڕێگای تورکیاوە ئەو هاوکارییانە بگەیەنینە کۆبانێ، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکە جگە لە ڕێگەی تورکیا نەبوو.

لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کۆنسوڵخانەی تورکیا ڕێکەوتین، بۆ ئەوەی (ئافاد) هاوکاریمان بکات تا لە (سروج) دەرباز دەبین، کاروانی

---

١. لە ساڵی ٢٠١٤ بەڕێز موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بوو و ئێستا سەرۆکی دەستەکەیە.

هاوکارییەکانمان گەیشتە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، ڕاستەوخۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیمان لە بارەی ئامادەکارییەکان و بڕی هاوکارییەکان و چۆنیەتی گەیاندنیان ساز کرد، دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسەکە، هەستمان کرد (ئافاد) لە بەڵێنەکەیان (کە بڕیاربوو کێشەی بازگەکان لە ئیبراهیم خەلیلەوە تا سروج چارەسەر بکەن) پەشیمان بوونەتەوە! سەرەتا تیمەکانی سەرپەرشتی بارهەڵگرەکان ڕێگەی پەڕینەوەیان پێنەدرا.. ئەوان لە ئیبراهیم خەلیل گیریان خواردبوو، بەردەوام لە گەڵ (ئافاد) لە هاموشۆبووین، کاتێکیش ٢٤ کاتژمێر لە چاوەڕوانی تێپەڕی، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەما، ناچار بووین بە شێوازێکی تر لەگەڵ (ئافاد) قسە بکەین! پێمانگوتن: (ئەگەر بۆتان ناکرێت لە دەربازکردنی بارهەڵگرەکانمان یارمەتیمان بدەن، ئەوا ناچارین بگەڕێینەوە و لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەڤانیدا هۆکارەکەی بخەینەڕوو. پاش گفتگۆیەکی زۆر، گوتیان: (تا کاتژمێر ١٠ی بەیانی چاوەڕوانمان بکەن، بەڵکو ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین)، بۆ شەوی هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاك شێروان، بەو پێیەی پێشووتر بەرپرسیاری پەیوەندییەکانی(PYD) بوو کەوتینە گفتوگۆ، پەیوەندیمان بە ڕایەدارانی کۆبانێیوە کرد. شێروان لە دروستکردنی پەیوەندی بەردەوامی ئێمە و ڕایەدارانی کۆبانێ، ڕۆڵێکی باش بینی. هەر هەمان شەو پەیوەندیمان بە (ئەنوەر موسلیم)ەوە کرد، کە ئەو کات لە ڕۆژئاڤای کوردستان سەرۆکی کانتۆنیی کۆبانێ بوو. پێمانڕاگەیاند، کە ئێمە لە (روها-ئورفە)ین و هاوکاریەکانیش نزیك بوونەتەوە، لە بەرانبەر زۆر دڵخۆش بوو، گوتی: بەڕاستی کارێکی بێوێنەتان کردووە، کە بەسەر ئەو هەموو ئاستەنگانەدا سەرکەوتوون، سبەی ئێمە لە خزمەتانداین، ئێوە نازانن خەڵکی کۆبانێ لەم ساتەوەختە، چەند پێویستی بەو هاوکارییە هەیە، بەتایبەتیش لە ڕووی مەعنەوییەوە. ئەو شەوە لە بەر زۆری میوان و پەنابەران، لە (روها) شوێنێکی گونجاومان بۆ مانەوە دەستنەکەوت، هوتێلێکمان دۆزییەوە، لە هوتێلەکە ژوورێکیان پێداین بە حیساب ژوورێکی هەرە باشی هوتێلەکەیە، لە ژوورەکەی من و کاك (عەلی هالۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان) و کاك ئاوات مستەفا ئەندامی دەستەی کارگێڕی دەزگای خێرخوازی بارزانی) بووین، پێخەفەکەی کاك ئاوات ئاوی لێدەچۆڕا، بەیانی زانیمان ئاوی زێرابی گەرماوی ژوورەکانی سەرەوەیە! چیرۆکی ئەو شەوە، بۆ خۆی پڕ بوو لە خەون و ئیرادە، وێڕای خراپی ژوورەکە، بەڵام گفتوگۆی جدی و چاوەڕوانی هەڵاتنی ئاسۆی بەیانی، کە ئێمە و یارمەتییەکانمان دەگەیەنینە کۆبانێ، دڵخۆشی دەکردین.. ئەو شەوەی روها، ئەگەر بنووسرێتەوە، بە خۆی چیرۆکی کتێبێکە!

بەیانی گەیشتنە سروج سەردانی قائیمقامیەتمان کرد و وەرگێڕێك لە نێوان ئێمە و قایمقام

ئاخافتنەکانی وەردەگێڕا، قائیمقام دوای بەخێرهاتنی ئێمە زۆر بە کورتی گوتی: (بە نیازن بچن بۆ کوێ؟)، گوتم: (کۆبانێ)، گوتی: "دەزانن لە کۆبانێ شەڕە و خەڵکی تێدا نەماوە؟" (مەبەستی ئەو بوو کە هاوکاری بۆ خەڵکی چەکدار دەبەین؟). منیش زۆر بە کورتی گوتم: "لە کوردستانی عێراقەوە هاتووین و دەمانەوێت ئەو هاوکارییانە ببەینە کۆبانێ. ڕێگامان بدەن مەمنوون دەبین، ڕێگامان نەدەن دەگەڕێینەوە"، گوتی: "مەبەستم ئەوە بو زانیاریتان هەبێ، هەر بۆ زانیاریتان ئێوە یەکەم بارهەڵگرن لەو سنوورە تێدەپەڕن!" سوپاسمان کرد و بەرەو دوا خاڵی سنوور بەڕێکەوتین. لەوێ زۆر لە ڕۆژنامەنووسان لێمان کۆبوونەوە.. بەرپرسانی دوا بنکەی سەربازی گوتیان: "دەبێت سەرجەم کەلوپەکان بپشکنین". ئەمە کاتێکی زۆری ویست، بۆیەش تیمەکانی ئێمەیان بۆ نان خواردنێکی سەربازی بانگهێشتکرد، پاش زیاتر لە سێ کاتژمێر ڕاگرتن و پشکنینی بارەکان، ڕێگەیان پێداین.

گەیشتینە سنوور، دیمەنێکی تراژیدی، تەلبەندێك سەربازانی تورك و شەڕڤانانی کوردیان لە یەکدی جودا دەکردەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی چاوەڕوانی وەرگرتنی کارتی مۆڵەتی پەڕینەوە بوون. ترس، چاوەڕوانی، بێهیوایی و بێورەیی لە ڕووخساری خەڵکی دەبینرا، دەنگی تۆپ و تەقە و بۆنی باڕووت ئەو ناوەی تەنی بوو. دیمەنێك بوو لە فیلمەکانی هۆلیوود دەچوو، ئەو فیلمانەی کە حیکایەتی ماڵوێرانی جەنگی جیهانی دووەم و هۆلۆکۆست دەگێڕنەوە. کاتێکیش خەڵکمان دەدواند، ئەوانەی لە سەر سنوور لە ژێر ڕەحمەتی وەرگرتنی کارتی مۆڵەتی پەڕینەوە و جێهێشتنی نیشتمان لە چاوەڕوانیدا بوون، بە دڵپڕی و حەسرەتەوە دەیانگوت: "ئەگەر تا ماوەیەکی کەم چەك نەگاتە هێزە بەرگریکارەکان، شار دەکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش"، شایەتحاڵەکان چیرۆکی بەرخودانیان دەگێڕایەوە و دەیانگوت: "داعش هێرش لە دوای هێرش دەکەن، بەڵام تا ئێستا هەڤاڵان بەرخودانێکی بەهێز دەکەن".

دیمەنەکان سات دوا سات تراژیدیتر دەردەکەوتن، سەربازەکانی تورکیا هەڵسوکەوتیان زۆر جیاوازتر لە هەڵسوکەوتی پێشووتریان دەهاتە بەرچاو، زۆر توندوتیژتر دەرکەوتن و مامەڵەیەکی ناشرینیان دەکرد، ئەو کات کەسێکمان لەگەڵ بوو خەڵکی سلۆپی بوو، خۆبەخشانە لە سلۆپییەوە لە گەڵمان هات و ناوی (ئەحمەد عومەر)بوو، بە (ئەحمێ سلۆپی) ناسرا بوو، پێمگوت کە قسەیان لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی کەمێك هەڵسوکەوتیان بگۆڕن، (ئەحمێ سلۆپی) تا ئەو کات ڕۆڵێکی کاریگەری لە تێپەڕاندنی کاروانی بارهەڵگرەکان لە بازگەکانی تورکیا هەبوو، گوتی: "ئەمانە جیاوازن و قسەیان لەگەڵ ناکرێت

هەر هەموویان(میت)ن". لەوبەریش، ئەوان لە سەر دیسپلینە سەربازییەکانیان بەردەوام بوون و وێڕای ئەوەی پێشتر قسەمان لەگەڵ (ئەنوەر موسلیم) سەرۆکی کانتۆنی کۆبانێ کردبوو، کەچی توند دەرکەوتن و داوای لیستی هەموو تیمەکانی ئێمەیان لەگەڵ ژمارەی ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکانیان دەکرد. ئێمە هەموو ڕێنماییەکانی ئەوانمان بەجێگەیاند، هیچ پاساوێکمان بۆ جێنەهێشتن، کەچی لەوبەر وەڵام هات ئاگاداریان کردینەوە، کە بە هیچ شێوەیەك ڕیگا نادەن پەیامنێری کەناڵی (ڕووداو) بپەڕێتەوە و سنوور ببەزێنێت. ئەو کات پەیامنێری ڕووداو (سیماخان)مان لەگەڵ بوو، کە هەواڵەکەی پێدام، سەرم سوڕما، بە داخەوە هەستێکی وام بۆ دروستبوو کە ئەوان بە گەیشتنی هاریکارییەکان دڵخۆش نین، لەگەڵ ئەوەش ئەم گەرموگوڕییەی لە ئەنوەر موسلیم)مم بینی، لەویم نەبینی، دامان بە خۆدا گرت و بەرەو خەونە گەورەکە کە گەیشتنی یارمەتییەکان بوو بۆ کۆبانێ، هەنگاومان نا.

هەرچۆنێک بێت، گەیشتینە نێوکۆبانێ، وێڕای ئەوەی کۆبانێ بۆنی مەرگی لێدەهات، کەچی هەستمان بە ئیفتیخارێکی زۆر گەورە کرد. پێمخۆشبوو یەك بە یەکی ئەو خەڵکە لە باوەش بگرم، سەرەتا زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام دواتر بە هۆی ساردوسڕی ڕایەدارانی ئەوێ، تووشی شۆك بووم. ئەوان زۆر بە ساردی گوتیان کە ئاگاداری هاتنی ئێمە نین! ئەمە لە کاتێکدا بە دەیان کرێکار ئامادەکرابوون و لە دەوری بارهەڵگرەکان کۆببوونەوە بۆ هێنانە خوارەوەی هاوکارییەکان! کەمێك چووینە پێشتر، (ئاسیا خان)ی هاوسەرۆکی (PYD) لەگەڵ دوو پەرلەمەنتاری (HDP) کە لە باکوورەوە هاتبوونە کۆبانێ، وەستا بوون. پەرلەمانتارەکانی (HDP) بە خێرهاتن و دەست خۆشیان لێ کردین، بەڵام (ئاسیا خان) نوقەی نەکرد! بەو هەڵوێستەی ئەوان، خوالێخۆشبوو (شێخ عەزیز) سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەو هەڵکشانەی تەمەنیەوە و کاك (عەلی هالۆ) ئەندامی ئەو کاتی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی شاندی دەزگا و تیمی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەموومان سارد بووینەوە. (شێروان) کە ئەو دیمانانەی بینی دەستی بە جنێودان کرد، هەندێ قسەی ناشرینی کرد، ئاخر (شێروان بەلەنگاز) بەڵێنی پێدابووین بە گەیشتنمان بە کۆبانێ، هەموو ئامادەکارییەکی باش کرابێت، کەچی نەمانزانی پرۆسەکە تەواو پێچەوانەیە و دەموچاوێکی دۆستانە نابینین! زۆر هەوڵمدا (شێروان) کۆنترۆڵ بکەن کە هەم لە ناخی خۆیدا نارەحەت بوو و هەمیش لە بەرانبەر ئێمە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد.. بەهەرحاڵ لەو ساتەوەختەدا کەسێکی بەرنیاس پێشوازی لێنەکردین.

ماوەیەکی پێچوو تا کەلوپەلەکانیان داگرتن، دواتر گەنجێك هات و گوتی: "من بەرپرسی

ڕێکخراوەییم و هاتووم پێتان بڵێم دەستان خۆش، ئینجا ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە"، پێمگوت: "یەکەم ئێمە کۆمەڵێك ڕۆژنامەڤانمان لە گەڵدان و دەبێت لە سەر باردۆخی کۆبانێ هەندێک قسەیان بۆ بکەین، دووەمیش دەمانەوێت بە نێو شاردا بگەڕێین". پێیگوتین: "هەڤاڵ ڕەوش پڕ خرابە شەڕ گەلەك نزیکە" بەڕاستیش وابوو، ڕەوشەکە زۆر خراپ بوو، دەنگی چەکی سووك و قورس زۆر بە نزیکی دەهاتە بەرگوێ، بەڵام گوێمان بەوە نەدا و پێمگوت: "ئەوانەی لە نێو شاردان وەك ئێمە و ئێوە مرۆڤن، گیانی ئێمە لە ئەوان پیرۆزتر نییە، هاتین دەنگی مەزڵومیەتی ئێوە بگەیەنین و دەچینە ناو خەڵك". دواتر کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیمان ئەنجامدا و پاشان بڕیاری گەڕانەوەمان دا.

کاتێک بەرەو باکووری کوردستان بەڕێکەوتین، (شێروان) هاتە لام و گوتی: "زۆر شەرمەزرام، هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە خراپەی ئەوانم نەدەکرد، سوپاست دەکەم کە دانتان بە خۆداگرت و بەو پەڕی بەرپرسیاریەتییەوە هەنگاوتان نا، نایشارمەوە من لە شوێنی ئێوە بام دەگەڕامەوە، هەرگیز ئەو ئیهانەیەم قەبووڵ نەدەکرد". پاشان لە قسەکانی بەردەوام بوو، بەشەرمەوە گوتی: "هەر بۆ زانیاریت، من خۆم (ئەنوەر موسلیم)م بینی دەیویست بێتە لامان، بەڵام ئاسایشێك دەستی گرت و نەیهێشت". من (ئەنوەر موسلیم)م لە نزیکەوە نەدەناسی، بۆیە پێمگوت: "یەکەم ئەوانە بەر لە هەر شتێك ئیهانەی خۆیان کرد، نە ئیتیکی کاری مرۆڤی وایە، نە کلتووری کورد ڕێگە بەو جۆرە هەڵسوکەوتەی خاوەن ماڵ و میوان دەدات، دووەم: بە داخەوە، هەر بەڕاستی ئێمە چاوەڕوانی هەڵوێستی لەو جۆرەمان لەو برادەرانە کردبوو، بۆیەش خۆمان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی لە هەڵوێستێکی وادا خۆڕاگر بین. سێیەمیش: ئێمە لە پێناو خزمەتکردنی کوردستانیان هەموو شتێك قەبووڵ دەکەین".

گەڕاینەوە (روها)، لەوێ دوو ڕۆژی دیکە ماینەوە، خۆراکی ئامادە و بەتانیمان پاکێج کردن و بەسەر پەنابەرانمان دابەشکرد. هەر لەو دوو ڕۆژەدا چەند جارێك چووینە سەر بەرزاییەکانی سەر سنووری کۆبانێ، کە ڕۆژنامەڤان بۆ ڕووماڵکردن و خەڵکی کۆبانێش بۆ وەرگرتنی هەواڵ لە سەر ناوچەکەیان کۆ دەبوونەوە، لەوێ (سەنگەر عەبدولڕوحمان)ی پەیامنێری ڕووداوم بینی کە ڕووماڵی ڕووداوەکانی دەکرد، ئەو لە سەر زاری ئەو خەڵکانەی تازە لە کۆبانێوە هاتبوون پێگوتم (ڕەوشی کۆبانێ دژوارە و لە سەر لێواری کەوتنە، ئەگەر تا دووسێ ڕۆژی دیکە، پێشمەرگە بە هانایانەوە نەچن، کۆبانێ دەکەوێت)، هەر ئەو کات بوو پەرلەمانی کوردستان لە سەر داوای سەرۆك بارزانی، بڕیاری ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ دا.

ئێمە کارەکانمان تەواو بوو، گەڕاینەوە هەرێمی کوردستان، لە سنووری ئیبراهیم خەلیل

دۆستێکمان بینی بە ناوی (مەسعود)، خەڵکی سلۆپی بوو، لەوپەڕی کەیف خۆشیدا بوو، گوتی: "هاتووین پێشوازی لە پێشمەرگە بکەین"، گوتمان: "سوپاس بۆ هەموو هاوکارییەك و سوپاسی زۆرمان بگەیەنە (ئەحمێ سلۆپی) کە بەڕاستی هیمەتێکی کوردانە کرد، لە هاریکاریکردنمان بۆ گەیاندن و دەربازکردنی تیمی کاروانی بارهەڵگرەکان ماندوو بوون".

بەم شێوەیە، ئێمە گەڕاینەوە، لە کاتێکدا کە خەریك بوو کۆبانێ بکەوێت، بەڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی و بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە چەك و تفاق و پێداویستیی پزیشکییەوە، بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوتن و هاوسەنگی هێز لە کۆبانێ گۆڕدرا و نەهێڵدرا بکەوێت.

**لیستی ناوی هەر چوار کاروانی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ**

لە چوار وەجبە کە لە لایەن لیوا ئەحمەد گەردی ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەك پاراستبوو و سوودمان لێ وەرگرت کە بە خۆی فەرماندەیەکی بەشداربووی کۆبانێ لە وەجبەی یەکەم بوو.

**ناوی کاروانی یەکەمی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەك بۆ کۆبانێ، لە ( ٢٨-١٠-٢٠١٤) بەرەو کۆبانێ بەڕێکەوت و لە (٥-١٢-٢٠١٤) گەڕانەوە:**

١. لیوا- عەبدولقەهار مەجید حاجی- بەرپرسی کاروانی یەکەم

٢. ن.ض- عسمەت حەسەن ڕەمەزان

٣. ن.ض- عسمەت خەلیل مەجید

٤. ن.ض- بەکر سەعدی شەمزین

٥. ن.ض- جەمال ئێغبال عەلی

٦. عریف- شڤان تەحسین محەمەد

٧. عمید- ئەحمەد عوسمان محەمەد گەردی- هەواڵگری

٨. پ.م- میکائیل محەمەد تاهر

٩. پ.م- عمران عەبدولجەبار عیسا

١٠. پ.م- هۆشیار فەیسەل حەسەن

١١. پ.م- فاخر موسا حاجی

١٢. عەقید- تۆفیق محەمەد تۆفیق- بەرپرسی مووشەکی کاتیوشا (١٠٧)ملم

١٣. مولازم اول- ڕەمەزان جەمیل بیرموس

١٤. ن.ض- مللەت فەتحی داود- فەسیل

١٥. عەریف- ڕزگار سەلیم ئەحمەد

١٦. ر. ع- گەلوان ئیسماعیل زینەدین

١٧. ر.ع- سەگڤان شەعبان خالد

١٨. ن.ع- زێرەڤان داود یوسف

١٩. ن.ع- سەردرا عەباس عەبدولقادر

٢٠. ج.اول- ڕێبەر عومەر حاجی

٢١. ن.ض- ڕامین زەکەریا بابەکر- دۆشکە ١٤,٥ +١٢,٥

٢٢. ر.ع- بەژدار ئیزبات سەفوەت

٢٣. ر.ع- جەعفەر ئەنوەر زۆبێر

٢٤. عریف- هۆشیار محەمەد ساڵح

٢٥. ر.ع- هوجام فەقو عەبدوڵا

٢٦. پ.م- ڕیڤینگ خدر یوسف- دۆشکە

٢٧. ر.ع- ئەحمەد تاهر تاها- چێشتلێنەر

٢٨. ن.ع- منیر عەبدال شیر- چێشتلێنەر

٢٩. پ.م- نەهرەبان شەفیق ڕەشید- چێشتلێنەر

٣٠. مقدم رکن- سالم ڕەمەزان حەمو کوچەر- بەرپرسی هاوەنی ١٢٠ملم +٨١ملم + ٨٢ ملم

٣١. رائد- ڕەمزی حسێن سادق

٣٢. ن.ض- عسمەت محەمەد عەبدولوەهاب

٣٣. ن.ض- عەبدولقادر خورشید خدر

٣٤. ن.ض- خالد حاجی بەهدین

٣٥. ن.ض- سەباح مەحمود خەنجەر

٣٦. ن.ض- عەدنان حەسەن عەلی

٣٧. ن.ض- سەعید حاجی یوسف

٣٨. ن.ض- ڕەجەب عومەر عەبدولڕەحمان

٣٩. ن.ض- سامی ڕەشید جبو

٤٠. ن.ض- کیوی محەمەد حاجی

٤١. ن.ض- مللەت بیرموس مەحمود

٤٢. ن.ض- ڕێبەر تەیب موسا

٤٣. ر.ع- بەژدار ئەحمەد ئیسماعیل

٤٤. عریف- ڕەمەزان محەمەد عەلی

٤٥. ن.ع- شەریف ئەحمەد عوسمان

٤٦. ن.ع- محەمەد ئەحمەد خالد

٤٧. ن.ع- بەهزاد فەریق ئەحمەد

٤٨. نقیب- فاتح تاهر عەلی- بەرپرسی مەدفەعی ١٠٦ ملم

٤٩. ن.ض- جەواد حسێن حەسەن

٥٠. ن.ض- شێروان فەیزولڵا ڕەزاق

٥١. ن.ع- هۆشیار ئیبراهیم عەلی

٥٢. ن.ع- ڕەسوڵ قادر شێخ

٥٣. ن.ع- هەڤال خالد مەحمود

٥٤. ن.ع- سەنگەر کەمال حاجی

٥٥. ن.ع- جەعفەر عەلی سەعید

٥٦. ن.ع- شێروان ئەنوەر شەعبان

٥٧. نقیب- بەهرەم عەبدولڵا سادق

٥٨. ن.ض- محەمەد ئەکرەم خدر

٥٩. ن.ض- فەرعو ئیسماعیل تۆفیق

٦٠. عریف- سەمیر تاهر مەحمود

٦١. ن.ع- یوسف مستەفا ڕەزاق

٦٢. ن.ع- هیوا عەلی سەیدا

٦٣. ن.ع- نەوزاد قادر ئەحمەد

٦٤. عقید- میقداد فەیسەل تاها- یەکەی تەندروستی

٦٥. رائد- تاهر عوبێد عەلی

٦٦. رائد- عزەدین مستەفا

٦٧. نقیب- سەنگەر ئیسماعیل کرین

٦٨. ن.ض- دلێر ئەحمەد مراد

٦٩. رائد- محەمەد برایم محەمەد- بێتەل

٧٠. ن.ض- سامان کەریم ئەحمەد

٧١ . ر.ع- ئەحمەد محەمەد ئەحمەد

٧٢. ر.ع - سەنگەر عەزیز حەمید- شوفێر

٧٣. ر.ع- سەعید ساڵح مستەفا

٧٤. ر.ع- شوان عومەر حەمید

٧٥. مقدم- کاوەن نەجمەدین مۆختار- هەماهەنگی

٧٦. مقدم رکن- سەیفەدین عەلی ئەمین

٧٧. نقیب- عەدنان عومەر عەلی

٧٨. نقیب- کامیران عەبدولکەریم عومەر

**ناوی کاروانی دووەمی پێشمەرگەکانی ئیدارە و میرەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، لە ( ٣-١٢-٢٠١٤) و لە (١٧-١-٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١. رائد- محەمەد ئیسماعیل حسێن

٢. ن.ض- زانا ئیسماعیل مستەفا

٣. ن.ض- شێروان عەلی فەرەج

٤. ن.ض- نەژاد ئیسلام محەمەد

٥. ن.ض- گۆران بەهجەت کانەبی

٦. ن.ض- تەحسین یاسین ئەنوەر

٧. ن.ض- ئەحمەد شاکر عەلی

٨. ن.ض- محەمەد دلشاد موتەلب

٩. ر.ع- ئیبراهیم سابر ڕەسوڵ

١٠. ر.ع- عەبدولسەمەد حاتەم تاهر

١١. ر.ع- شەریف محەمەد حەمەد

١٢. ر.ع- هوکار سەعید ساڵح

١٣. ر.ع- سەیوان عومور عەبدوڵا

١٤. پ.م- شوان عەبدولخالق نادر

١٥. پ.م- سۆران تۆفیق حەمەد

١٦. پ.م- ئەحمەد یوسف ئەحمەد

١٧. پ.م- ئاراس عوسمان ئەحمەد

١٨. پ.م- تەیب خالد عەبدولڕەحمان

**ناوی کاروانی سێیەمی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەك بۆ کۆبانێ، لە ( ١٥-١-٢٠١٥) و لە (١-٣-٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١- عمید- موسلح محەمەد مستەفا حسێن- فەرماندەی وەجبەی سێیەم

٢- نقیب- ڕەمەزان محەمەد جاسم- بەرپرسی چەکی ١٠٦ملم

٣- نقیب- هونەر محەمەد عەبدوڵا محەمەد- کاتیوشا ١٠٧ ملم

٤- نقیب- سلێمان خدر حسێن- بەرپرسی هاون ١٢٠ ملم

٥- نقیب- ڕزگار بەهرام عەزیز- بەرپرسی هاون ١٢٠ ملم

٦- ن.ع - عادل جەواد شین- چەکی ١٠٦ملم

٧- ن.ع- سەمیر ئەمیرخان

٨- ن.ع- ڕزگار ستار حاجی

٩- ن.ع- سەرهەلدان لەزگین عەزیز

١٠- ن.ز.د١- سابر ڕەشید سەعید

١١- ن.ع- ڕێباز محەمەد عەبدوڵا

١٢- ن.ز.د.٨ - چەکدار محەمەد شاکر

١٣- پ.م- جەنگاوەر جەوهەر قادر- دوشکە

١٤- ن.ز.د.٦- سەفەر عەلی ئەحمەد عەلی

١٥- عریف- شەعبان ئیسرافیل شێخ زۆبێر

١٦- ن.ز.د.٤- زێرەڤان ئەکرەم عەبدولجەبار سەعید- یەکەم شەهیدی کۆبانێ

١٧- ر.ع- ریدور نایف محەمەد مستەفا

١٨- ن.ز.د.٨- میهەن مامەند فەتحی شێخ

١٩- ن.ع- جومعە محەمەد تەمەر حەسەن- کاتیوشا ١٠٧

٢٠- ن.ع- سەباح سەمەد مەلازادە عەبدولڕەحمان

٢١- ن.ع- بەدەل عەزیز ساڵح حەسەن

٢٢- ن.ز.د.٣- جیایی ئیدریس زۆبێر بەدەل

٢٣- ج.اول- ئیڤان عەبدولعەزیز محەمەدئەمین سەلیم

٢٤- ن.ع- خورشید ڕەشید ئەحمەد شێخ- شوفێر

٢٥- پ.م- فارس عەزیز محیەدین سەلیم

٢٦- ن.ع- شێرزاد جەمال مەعروف محیەدین

٢٧- ن.ع- جەبار مەحمود جەبار مەحمود

٢٨- پ.م- نێچیرڤان عارف ڕەشید

٢٩- ن.ز.د١- فەیسەل قادر محەمەد- هاوەن ١٢٠ملم

٣٠- ن.ز.د٦- دلشاد مەولود سوفی

٣١- ن.ز.د٦- ئەمین عەبدوڵا ئەحمەد

٣٢- ر.ع- ڕزگار ئەحمێ خالد

٣٣- عریف- مولان یوسف محەمەد

٣٤- ن.ع- زیرەك تەحسین مستەفا

٣٥- ن.ع - میران سلێمان سەید

٣٦- ن.ع- دەلیل عەلی عەبدوڵا

٣٧- ن.ع- ناسح مستەفا عەبدوڵا

٣٨- ن.ع- بەدران ئەحمەد عەبدولمەناف

٣٩- ن.ع - ئەردەوان فەرهاد محەمەد

٤٠- ن.ع- دیار سامی عومەر

٤١- ن.ع- سەروان خەتاب میرخان

٤٢- ن.ع- کارزان هاشم عەزیز

٤٣- ن.ز.د٥- ئیبراهیم حسێن قادر حسێن- پاسەوانی فەرماندە

٤٤- ن.ز.د٨- ئەیاد عەبدوڵا سەعید مستەفا- پاسەوانی فەرماندە

**کاروانی سێیەمی پێشمەرگە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، لە ( ١٥-١-٢٠١٥) و لە (١-٣-٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١- نقیب- بەرزان مەولود عەبدولڕەحمان- مخابرەی وەزراەتی پێشمەرگە

٢- م. اول- گۆران مارف کەریم

٣- ر.ع- مەریوان محەمەد مەحمود

٤- مقدم- کاوە- وەرگێڕ

٥- مقدم- هیوا محەمەدئەمین- هەماهەنگی

٦- رائد- خالد ئیسماعیل نەجات

٧- ئارام سابر مەعروف

٨- رائد- عزەدین مستەفا عەلی تحو طبابە پزیشك

٩- نقیب- شاخەوان ئەنوەر عەلی

١٠- ن.ض- سەرکەوت ماهر تاهر

١١- ن.ض.د٧- شێروان عەبدولکەریم محەمەد ئیدارە و میرەی وەزارەتی پێشمەرگە

١٢- ن.ض.د٧- تەنیا جەبار کەریم

١٣- سەرکەوت حسێن خزر

١٤- ن.ض.د٧- سیروان سابر حامد

١٥- ن.ض.د٧- ڕائد قادر ساڵح

١٦- ن.ض.د٧- زانا جەلیل خالید

١٧- ن.ض.د٧- سۆران بەدرخان قادر

١٨- ن.ض.د٧- سامان ڕەشاد حەمەد

١٩- ن.ض.د٧- گۆران عەبدوڵا کەریم

٢٠- ن.ض.د٧ - ئۆمید یونس عەبدوڵا

٢١- ن.ض.د٦- زریان عوسمان خورشید

٢٢- ن.ض.٦د- حەمید ئەحمەد عەلی

**ناوی کاروانی سێیەمی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی٢ بۆ کۆبانێ، لە ( ١٥-١-٢٠١٥) و لە (١-٣-٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١. عمید- دحام ئیبراهیم قادر محەمەد

٢. ر.ع- هاشم موله عگله

٣. ج اول- یەحیا جەلال تاهر بابە ڕسوڵ

٤. س.خ- عەدنان مەحمود عەلی عەزیز

٥. ج.اول- ئەحمەد مەحمود شەکر عەبدولڕەحمان

٦. نقیب- تارق ئەحمەد عەلی

٧. ر.ع- دابان ئیسماعیل عەبدولڕەحمان

٨. ر.ع- سەرباز تۆفیق ڕەسوڵ

٩. عریف- نازم ڕەسوڵ ئەحمەد

١٠. ن.ز.د٨- شاخەوان مەحمود عەبدوڵا مەحمود

١١. ن.ع- هەرێم شاکر عومەر

١٢. ر.ع- ئەکرەم خجر ڕەمەزان

١٣. ملازم- هەلو فەریق محەمەد

١٤. ج.اول- پشتیوان عوسمان عول

١٥. ج.اول- جەلیل مەحمود سایخان

١٦. ج.اول- ڕێبوار عەبدولسەمەد

١٧. ج اول- ڕێکەوت محمود قادر محەمەد

١٨. نقیب- قەهرەمان نەریمان ئیسماعیل

١٩. ن.ض- شاخەوان حسێن سابر

٢٠. ن.ض- فەرهاد ئەحمەد محەمەد

٢١. ن.ض- شالاَو عەلى محەمەد

٢٢. ن.ض- ڕێباز  تاهر ئەحمەد

٢٣. ر.ع- حاكم عەبدولسەلام حەمەتال

٢٤. ر.ع- عەلى محەمەد محەمەد

٢٥. ر.ع - مەريوان عەلى محەمەد

٢٦. ن.ع- هەلو نازم ڕەئووف

٢٧. ن.ع- كارزان حەوێز حەمەد

٢٨. ن.ع- سەرحەد جەلال خزر

٢٩. ج.اول- سامان ناسح تاهر

٣٠. مولازم- ڕائد حەسەن ئيبراهيم

٣١. ن.ع- بەرهەم حەبيب ساڵح قادر

٣٢. ج.اول- حەسەن فەرمان مراد

٣٣. ج.اول- عەباس حەسەن خەلەف

٣٤. ن.ع- بەرزان عەباس عەبدولاَ حەسەن

٣٥. ن.ع- ئيهاب حەميد حسێن ئەلياس

٣٦. ج.اول- شامل كشحم حسێن ئەلياس

٣٧. ج.اول- شاباز كامەران عەبدولاَ

٣٨. نقيب ركن- شكار سەعيد حەسەن

٣٩. ر.ع- جەمال محەمەد سابر

٤٠. عەريف- شڤان جەزا حەمەئەمين

٤١. ج.اول- شاخەوان كەمال فەقى

٤٢. ج.اول- فرياد عادل ئەحمەد

٤٣. ج.اول- عەبدولاَ عومەر ڕەمەزان

٤٤. ج.اول- نەشوان محەمەد ساڵح

٤٥. س.خ- محەمەد نەبی محەمەد

٤٦. رائد- فایق حەمید ڕەشید عەبدوڵا

٤٧. ن.ض- ئەیوب عەلی ئەمین ئەحمەد

٤٨. ر.ع- ئاکۆ عەبدولجەبار عەبدوڵا ئەحمەد

٤٩. ر.ع- یوسف مەجید یاسین تۆفیق

٥٠. عەریف- محەمەد عەسکەر عومەر عەبدوڵا

٥١. ن.ع- هەلو ساڵح محەمەد ساڵح

٥٢. ن.ع- بەرزین سەمەد کەریم محەمەد

٥٣. ن.ع- ئاراس مستەفا حەسەن ڕەسوڵ

٥٤. ج.اول- یەحیا تەحسین عەلی موهەنەد

٥٥. ج.اول- سامان ڕزگار ڕەشید ئەحمەد

٥٦. ج.اول- ڕێبوار ئیبراهیم فەرحان ائیبراهیم

٥٧. ج.اول- جوتیار جەوهەر ڕەسوڵ سادق

٥٨. س.خ- ئاراس عەلی ساڵح

**ناوی کاروانی چوارەمی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەك بۆ کۆبانێ، لە ( ٢١-٢-٢٠١٥) و لە (٢٩-٤ -٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١. عمید- تەلعەت ساڵح خزر- فەرماندەی وەجبەی چوارەم

٢. ن.ض.د٧- ئەمیر سابر ڕەشید مەولود

٣. ن.ض.د٧- فەرمان شەهاب مەولود

٤. رائد- پشتیوان عەبدوڵا ئەحمەد     بەرپرسی هاونات

٥. رائد- سەرهەنگ مەحسن یاسین

٦. ن.ض.د٣- جەعفەر خالد ساڵح

٧. ن.ض.د٣- عزەدین ڕەحمان عوسمان

٨. ن.ض.د٧- هادی سەعدی قادر

٩. ن.ض.د٧- هەرێم ڕەشۆ مەولود

١٠. ر.ع- ڕۆژگر ئەحمەد حسێن

١١. ر.ع- ڕێزان موسا عەبدوڵا

١٢. ر.ع- زانا قادر محەمەد

١٣. ر.ع- سامی زۆبێر فازڵ

١٤. ر.ع- سەردار حاجی عەلی

١٥. ر.ع- سەروان جەوهەر تاها

١٦. ر.ع- نیشتمان محەمەد سەلیم

١٧. عریف- نایف خەلیل سەیفەدین

١٨. ن.ع- ئاری محەمەد عەرەب

١٩. ن.ع- مزگین عەبدولسەلام عەلی

٢٠. رائد- سەباح سابر حەمەد

٢١. ن.ض.د ٤- حەیدەر خوداد ئەکرم عەلی

٢٢. ر.ع- جەعفەر عەلی سەعید

٢٣. ر.ع- شێرزاد محەمەد تاهر

٢٤. ر.ع- عەشقی سەعید کەریم

٢٥. ر.ع- ڕەنجبەر مستەفا ئەحمەد

٢٦. ر.ع- موحسن موسا وەلی

٢٧. ر.ع- بیشوار سەلیم محیەدین

٢٨. ر.ع- ڕەسوڵ قادر شێخە

٢٩. رائد- سەگڤان فەیزی نەعمەت- بەرپرسی کاتیوشا ١٠٧

٣٠. ن.ض.د.م- نیهاد عەبدوڵا خالد

٣١. ن.ض.د١- سلێمان سەلام خالد

٣٢. ن.ض.د٦- هوگر سەلیم محەمەدئەمین

٣٣. ر.ع- حەمزە جەعفەر یاسین

٣٤. ر.ع- عەنتەر ئەحمەد تاهر

٣٥. نقیب- عەلی فارس عەزیز- بەرپرسی دۆشکە

٣٦. ن.ض.د٣- ئیحسان تیرۆ شەعبان

٣٧. ن.ض.د٧- سادق لەتیف عەبدولکەریم

٣٨. ن.ض.د٨- یوسف مهاجر عەبدولکەریم

٣٩. ن.ض.د٨- بەڕۆژ عەباس سەعید

٤٠. ن.ض.د٨- دیندار خورشید سەلیم

٤١. ر.ع- باقی سلێمان حەدو

٤٢. ن.ض.د٦- وشیار عەبدولقادر حسێن

٤٣. ن.ض.د٦- هێمن بایز خورشید

٤٤. ن.ض.د٧- ئەیاز میکائیل قادر

٤٥. ر.ع- ئەرکان عەبدولقادر حسێن

٤٦. ر.ع- ئازاد خزر عەزیز

**ناوی کاروانی چوارەمی پێشمەرگەکانی سەر بە فەرمانـدەیی هێزەکـانی پشـتیوانی ٢ بـۆ کۆبانێ، لە ( ٢١-٢-٢٠١٥) و لە (٢٩-٤ -٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١. عمید- یاسین غەریب عەبدولڕەحمان

٢. رائد- مژدە حسێن عەبدوڵا قادر

٣. نقیب- شێردل شێرزاد مورشید

٤. ملازم- ڕێبەر کاکە حەمە عەلی

٥. ملازم- ئەحمەد جەبار محەمەد

٦. ملازم- ڕەنج جەمال عەلی حەمە ڕەشید

٧. ن.ض- ڕێبوار خەلیل مەحمود

٨. ن.ض- عادل عەبدولخالق محەمەد

٩. ن.ض- پشتیوان حید ئەحمەد

١٠. ن.ض- کامەران عەبدوڵا حەمە ڕەزا

١١. ن.ض- سیروان جەلال ساڵح

١٢. ن.ض- فەواز ئیسماعیل موحسن

١٣. ن.ض- سەیفەدین نەسرەدین کەریم

١٤. ن.ض- سەفەر جبرائیل حەسەن

١٥. ن.ض- خەلیل عەبداولقادر ئەحمەد

١٦. ن.ض- جەبار قاسم حسێن

١٧. ر.ع- ڕەحمان حەمە گول حەمە ڕەزا

١٨. ر.ع- ئاسو مزحمود محەمەد

١٩. ر.ع- کاروان عەبدولڕەحمان عالی

٢٠. ر.ع- دلشاد محاماد کاریم

٢١. ر.ع- باختیار عارف عەبدولکەریم

٢٢. ر.ع- فەرمان ڕەزا ڕەئوف محەمەد

٢٣. ر.ع- عەلی باپیر ڕۆستەم

٢٤. ن.ع- سەمیر ڕەمەزان ڕەشید ئەحمەد

٢٥. ن.ع- گۆران عەبدولڕەحمان عومەر

٢٦. ن.ع- موحسن عومەر موحسن عومەر

٢٧. ن.ع- سەمیر محەمەد حسێن سلێمان

٢٩. ن.ع- سەلام بەهادین عەزیز قادر

٣٠. ن.ع- عیسام عەدنان سەعدون محەمەد

٣١. ن.ع- محەمەد کەمال عەبدوڵا

٣٢. ن.ع- حەسەن عەزیز فەتاح مەلك

٣٣. ن.ع- محەمەد کەمال عەبدوڵا

٣٤. ن.ع - بەرزان حەسەن ئەحمەد حەسەن

٣٥. ن.ع- زامن حەسەن ئەمین فەتاح

**ناوی کاروانی چوارەمی پێشمەرگەکانی سەر بە ئیدارەی میرەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، لە ( ٢١-٢-٢٠١٥) و لە (٢٩-٤ -٢٠١٥) گەڕانەوە بۆ کوردستان:**

١. ج.اول- بلند ئەحمەد مەحمود ئەحمەد

٢. ج.اول- بەرهەم عومەر حەمە ڕەشید محەمەد

٣. ج.اول- کامەران نیهاد حەمید

٤. ج.اول- دلشاد محەمەد یەحیا حسێن

٥. ج.اول- محەمەد شوکر ئیبراهیم محەمەد

٦. ج.اول- مەریوان قادر حەمە ساڵح

٧. ج.اول- بڕیار ئەسعەد عەلی عەبدوڵا

٨. ج.اول- شیڤان مەحمود ساڵح

٩. ج.اول- محەمەد حسێن ئەحمەد

١٠. ج.اول- کامیار محەمەد حسێن

١١. ج.اول- حیسام سامر ئیسماعیل

١٢. ج.اول- محەمەد عیماد عەبدولڕەحمان

١٣. ج.اول- بەرهەم حسێن مەجید قادر

١٤. ج.اول- سۆران عەبدولخالق جەبار

١٥. پ.م- مستەفا مەحمود کەریم

١٦. پ.م- فوئاد ماهود تۆفیق ئەلیاس

١٧. پ.م - ڕەنجدەر خەلیل ئەحمەد

١٨. پ.م- هاودین عەبدولکەریم عەبدوڵا

١٩. پ.م- خدر عەبدوڵا مەحمود ڕەسوڵ

٢٠. پ.م- هەردی محەمەد حەسەن نەزیف

٢١. پ.م- ئاراس عوسمان محەمەد فەرەج

٢٢. پ.م- سەمیر عەبدولکەریم فەتاح ئیبراهیم

٢٣. پ.م- کاروان ئەحمەد محەمەد فەتاح

٢٤. پ.م- هاوڕێ لهتیف حسێن

٢٥. مقدم- ئەسوەد محەمەد کەریم عوسمان- مخابره

٢٦. نقیب- عوسمان وەهاب محەمەد

٢٧. ن.ض.د٧- بێستون عزەدین حسێن

٢٨. ملازم اول- سەربەست عەباس محەمەد عەلی- هەماهەنگی

٢٩. معاون طبی- سامان محەمەد ڕەشید- مەفرەزەی پزیشکی

٣٠. معاون طبی- حەمید لەتیف تاها

٣١. ن.ض.د٧- سەعید تاها سەعید- ئیدارە و میرە

٣٢. ن.ض.د٨- بەشیر محەمەد تاهر

٣٣. ن.ض.د٨- ڕابەر ئیبراهیم سەلیم

٣٤. ن.ض.د٨- ڕزوان عەبدوڵا حەمەد

٣٥. ر.ع- ئیبراهیم مەحمود مستەفا

٣٦. ر.ع- بێستون جەوهەر پیرداود

٣٧. ر.ع- توانا حاتەم محەمەد

٣٨. ر.ع- سانا شەمسەدین حەمەد

٣٩. ر.ع- عەبدولڕەحمان عەولا سەعید

٤٠. ر.ع- جێگر تاهر عەزیز

٤١. پ.م- ئاری ڕۆستەم ئەحمەد

٤٢. پ.م- سەفین عیسا مستەفا

٤٣. پ.م- ڕزگار محەمەد عەبدوڵا

٤٤. پ.م- هوزان نادر حسێن

## لیستی چاوپێکەوتنەکان:

بۆ نووسینی ئەم تەوەرە و چۆنیەتی ناردنی هێز و ناوی ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی لە هەر چوار قۆناغی شەڕی کۆبانێ بەشداربوون، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەم بەڕێزانەی خوارەوە کردووە:

١- فەرماندە سیهاد بارزانی، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی یەک.

٢- لیوا ئەحمەد گەردی

٣- لیوا قەهار مەجید حاجی

٤- لیوا موسڵح زێباری

٥- لیوا میقداد فەوزی

٦- لیوا شەوکەت عەبدوڵا حەسەن

٧- عەمید تەلعەت ساڵح

٨- رائد پشتیوان عەبدوڵا

٩- رائد ڕزگار بەهرام شێروانی

١٠- رائد سەباح سابیر حەمەد زراری

١١- رائد سەنگەر محسن یاسین

١٢- رائد فاتح تاهیر عەلی

١٣- رائد محەمەد عەزیز

١٤- رائد هونەر ئاکرەیی

١٥- موقەدەم خالد ئیسماعیل نەجمان

١٦- ن. ز. د. ٢ جەعفەر ساڵح خالد

١٧- جەواد حسێن بێدارونی

١٨- هەرێم ڕەشۆ سورچی

١٩- میهەن مامەند فەتحی

# ئەلبۆمی وێنە



كۆبوونەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی-سەرۆكی هەرێمی كوردستان و حزبە كوردییەكانی سوریا لە بارەی ناردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بۆ كۆبانێ




کۆبونەوەی ڕێکەوتی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ی پەرلەمانی کوردستان



پەسەندکردنی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبانێ



ئامادەکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پێش بەڕێکەوتن بەرەو کۆبانێ



ئامادەکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پێش بەڕێکەوتن بەرەو کۆبانێ



بەڕێکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو کۆبانێ



بەڕێکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو کۆبانێ




پەڕینەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری وڵاتی تورکیا




پەڕینەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری وڵاتی تورکیا



ڕێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەنێو خاکی وڵاتی تورکیادا



ڕێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەنێو خاکی وڵاتی تورکیادا



هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە چاوەڕوانی پێشوازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە چاوەڕوانی پێشوازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان




پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان




پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشواوی ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان




پێشوای ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



پێشوای ئاپۆرای هاوڵاتیانی باکووری کوردستان (تورکیا) لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان



بەرەو کۆبانێ



بەرەو کۆبانێ




گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دەروازەی شاری کۆبانێی کوردستانی ڕۆژئاوا (سوریا)




ڕێڕەوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەولێرەوە تا کۆبانێ

وەرگیراو لە تۆڕی هەواڵی (ڕووداو)



بۆردومانی شاری کۆبانێ



بۆردومانی شاری کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ




بەرگری و بەرخودانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ



هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای ئازادکردنی شاری کۆبانێ




هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای ئازادکردنی شاری کۆبانێ



هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای ئازادکردنی شاری کۆبانێ




ئارامگەی شەهید زێرەڤان ئەکرەم مزووری، یەکەم شەهیدی پێشمەرگە لە شەڕی ئازادکردنی کۆبانێ



دیدار و پێشوازی سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوای گەڕانەوەیان لە شەڕی ئازادکردنی کۆبانێ



دیدار و پێشوازی سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دوای گەڕانەوەیان لە شەڕی ئازادکردنی کۆبانێ



# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA